تصوير ابو عبدالرحمن الكردي



بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی [١٥]

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی



منتدي اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

تەفسیری ڕەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی شانزەیەم

نووسینی
مەلا مەحموودی گەلاڵەیی

جزمی (٣٠)



- تەفسیری رەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان.
- نوسینی : مەلا مەحموودی گەلاڵەیی.
- چاپی یەکەم.
- چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک.
- تیراژ: (٥٠٠) دانە.
- ژمارەی سپاردن: (٣٦٩)ی ساڵی ٢٠٠٢
- مافی چاپکردنەوەی پارێزراوەو تەنها هی نووسەرە.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (النبأ)

ئەم سورەتە ناونراوە بە سورەتی (النبأ) چونکە سەرتای سوڕەتەکەی بە ئایەتی ﴿ عم يتساءلون عن النبأ العظيم﴾ دەست پێ کردوە؛ ژمای ئایەتەکانی چل ئایەتە..

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین: کە ئەم جزمە هەمووی: جگە لە سوڕەتی (البينة، النصر) هەموو سوڕەتەکانی تری مەککین، هەمووشیان کورتە سورەتن، هەرچەندە کورتییەکەیان جودا وازییان هەیە، وەلێ هەموو سوڕەتەکان بە شێوەیەکی گشتی وبەتێکڕا ئوسلوب وشێوازیان، سێبەرو تارماییان مەوضوع وناوەڕۆکیان، تەوجیهو خیطابیان لێك دەچێ، وەختە بلێین: وەحدەی مەوضوعییان هەیە.

هەموو سورەتەکان خیطاب ئاڕاستەی دڵەکان دەکەن ولێکدان لێکدان لەدەرگایان دەدەن وتێیان رادەخوڕن و هاواریان لێدەکەن، نقوڕچیان لێدەگرن، لەخەوی بێداری راستیان دەکەنەوە، چاوی مەستە خەوو دڵی مردوویان هۆشیار دەکەنەوە، جزمەکە هەمووی تەقولبابی دەرگای دڵەکان دەکاو بەهێز رایان دەتلەقێنێ، بەدەنگی بەرز بانگی نوستوو بێئاگا و سەرخۆشەکان دەکا، تێیانەوە دەژەنێو ختوکەیان دەدا، بۆ ئەوەی سەرخۆش و خەوالوەکان راپەڕێنێ، هاواریان لێدەکاو دەڵێ: رابن، لەخەو هەڵسن، سەیر بکەن و وردببنەوە، بزانن خودایەك هەیە ئەم بونەوەرەی بەدی هێناوە، بە ویستی خۆی هەڵی دەسوڕێنێ، نەخشەو پلانی بۆ داناوەو ئەندازەی گرتووە، بێهودە وەدی نەهێناوە، تاقیکردنەوەو لێپرسینەوەی هەیە، عەزاب و نیعمەتی هەیە. جار دوا جارو خێرا خێرا

ئاگاداریـــان دەکاتـــەوە، وادەزانـــی نوســـتووەکان چـــاو هــــەڵدەێن و سەرخۆشەکان صەحوەیەك رویان تێدەکاو خـــێرا خـەو دایـان دەگرێتـەوەو مەستی‌یەکەیان لیّ تازە دەبێتەوە، ئیتر خێرا دەستێکی بەهێزو دەنگێکی بەرز سەر لە نویّ دەیان هەژێنێتەوە بانگیان لیّ دەکاتەوە. جـار جاریش نوستووەکان و مەستەکان بەئاگا دێنەوە، بۆ ئـەوەی سـوربوونی خۆیـان و سـەررەقی خۆیـان دوبـارە بکەنـەوەو قسـەی رەق و ناشـرین ئاراسـتـەی ئـەو کەسـە بکـەن: کـە دڵســۆزە بۆیـان ودەیـەویّ لـە خـەوی غەفڵەت وەئاگایان بێنێتەوە .

جزمەکـە هـەمووی دیمەنـەو رایـاندەنوێنیّ، هـەمووی حـەقائیقن و دەیـاننوێنیّ، دیمـەنی بونـەوەرو سروشـت، دیمەنـەکانی رۆژی قیامـەت دیمەنەکانی دونیا وێرانبون و گۆڕانی سروشت، بەڵکوو تێکچونـی هـەموو بونەوەرو رابونی قیامەت.

ئەگەر سەرنجێکی ئەم سورەتە بدەین، دەبینین میحوەرەکەی چەسپاندنی رابونی قیامەتـە لەروانگـەی بەڵگـەی جـۆراو جـۆرەوە، بۆیـە سـەرەتای سورەتەکەی بەباسی پرسیار کردنـی موشـریکەکان لـە هـاتنی قیامـەت دەسـت پـیّ دەکـا. باسـی روداوو کارەسـاتەکانی رۆژی قیامـەت دەکـاو هەڕەشە لە موشریکەکان دەکا لەسـەر ئـەوە ئینکـاری هـاتنی قیامـەت دەکەن و بڕوایان بەزیندو بونەوەنیە.

ئەمجار بەڵگەی جۆراو جـۆر دەهێنێتـەوە لەسـەر رابوونـی قیامـەت و زیندو بوونـەوە. پاشـان جۆرەکـانی سـزا بـۆ تاوانبـاران و نیعمەتـە زۆرو هەمـە جۆرەکـــانی خـــودا بـــۆ خوداپەرســـتان رادەنوێنـــیّ. کۆتـــایی سورەتەکەش بەوە دەهێنیّ: کە رۆژی قیامەت هەردیّو گومان لە هـــاتنی دانیـە، لـەو رۆژەدا کافرەکـان ئاواتـە خـوازی ئـەوەن کەلـە نـــاوبچن و ببنەوە بە خۆڵ.

هەواڵی رابوونی قیامەت وبەڵگە لەسەر هاتنی ئەو رۆژە

بسم الله الرحمن الرحيم

عَمَّ يَتَسَاءَلُونَ ﴿١﴾ عَنِ النَّبَإِ الْعَظِيمِ ﴿٢﴾ الَّذِي هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ ﴿٣﴾
كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ﴿٤﴾ ثُمَّ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ﴿٥﴾ أَلَمْ نَجْعَلِ الْأَرْضَ مِهَادًا ﴿٦﴾
وَالْجِبَالَ أَوْتَادًا ﴿٧﴾ وَخَلَقْنَاكُمْ أَزْوَاجًا ﴿٨﴾ وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا
﴿٩﴾ وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاسًا ﴿١٠﴾ وَجَعَلْنَا النَّهَارَ مَعَاشًا ﴿١١﴾ وَبَنَيْنَا
فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا ﴿١٢﴾ وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا ﴿١٣﴾ وَأَنزَلْنَا
مِنَ الْمُعْصِرَاتِ مَاءً ثَجَّاجًا ﴿١٤﴾ لِّنُخْرِجَ بِهِ حَبًّا وَنَبَاتًا ﴿١٥﴾ وَجَنَّاتٍ
أَلْفَافًا ﴿١٦﴾

سورەتەکە بە پرسیارێکی سەرنج راکێش و سەر سورهێنەر دەست پێدەکاو دەفەرموێ: ﴿ عمَّ يتساءلون عن النبأ العظيم﴾ ئەوە ئەو موشریکانە لەناو خۆیاندا لەچی پرسیار دەکەن؟ دەمە قاڵێو دەمەدەمێی چیانە؟ پەروەدگار خۆی وەڵام دەداتەوەو دەفەرموێ: پرسیارەکەیان لە هەواڵێکی گەورەیە. پرسیارەکەیان دەربارەی روداوێکی گەورەو گرنگە.
﴿ الذين هم فيه مختلفون ﴾ ئەو روداوەی ئەوان تێیدا دوو بەرەکین، واتە: ئادەمیزادەکان خۆیان کەوتوونە کێشەوە دەربارەی رابوونی قیامەت: هەیانە بڕوای بە هاتنی قیامەت هەیەو هەیانە بەدرۆی دەزانێ. هەیانە

سووره لەسەر کوفرو هەیانە ئیمانی هێناوە. کافرەکان پێیان وابــوو ژیــان هەر ژیانی دونیایەو دوای مــردن زیندووبونــەوە نیــە؛ وەکــوو پــەروەدگار لەســەر زوبــانی ئــەوان دەفــەرموێ: ﴿**ان هـي الا حياتنـا الدنيـا، نمـوت ونحيا، وما نحن بمبعوثين**﴾(المؤمنون/٣٧) .

سەرەتای سورەتەکە بە پرســیارێکی ئینکــار ئــامێز دەســت پێدەکــا. دەڵێ: جێگای سەر سورمانە: کە ئەوانــە پرســیار لــەوە بکــەن و لــەوەدا بکەونە شك و گومانەوە.

﴿ **کلا سيعلمون، ثم کلا سيعلمون**﴾ نەء با پەشێمان ببنــەوە، نــابێ لەشتی وادا شك و گومانیان هەبێ، نــاگونجێ ئەوانــە دەربــارەی رابوونــی قیامەت گومانیان هەبێ، چونکە هاتنی قیامەت حەقیقەتێکەو گومــانی تێدانیە، لەوە بەولاوە ئەوانەی بڕوایان بە هاتنی ئەو ڕۆژە نیە ســەرنجامی ئــەوبێ بڕوایی‌یــەی خۆیــان دەزانــن. دەی کەوایــە بــا ئەوانــــە واز لـــەو هەڵوێستە نادروستەی خۆیان بــهێنن چونکــە لــە ئێســتا بــەولاوەو پــاش کەمێکی تر ئاکامی بیرو باوەڕی خۆیان بۆ رون دەبێتــەوەو دەزانــن چــەند بەدبەخت و چارە رەشن چییان بەسەردێ!

ئــەمجار پــەروەدگار هــەندێ دیــاردەی دەســەڵاتی بـــەرفراوانی خـــۆی رادەنوێنێ، ئاوڕێك بە مەردوم دەداتەوە بەلای هەندێك لــەو شــتانەی لــە بونەوەردا نیشانەی میهرەبانی پەروەدگارن، ســەرنجیان رادەکێشــێ بــەلای دیاردەی دەریایی رەحم وفەضلی بێ پایانی زاتی پاکی خودای بــە توانــاو خاوەن دەسەڵات بەسەر هەموو شتێك دا بەرابوونی قیامەتیشەوە.

دەفەرموێ: ﴿ **ألم نجعل الارض مـهاداً، والجبـال أوتـاداً**﴾ ئێــوە بــەچ عەقڵێکەوە ئینکاری زیندو بوونەوە دەکەن؟ خــۆ ئــەوەتا بــەچاوی خۆتــان نیشانەی دەسەڵاتی رەهای پەروەدگار دەبینن. ئایا ئێمە زەویمان بـــۆ بــڵاو نەکردونەوەو وامان لێ نــەکرد بەئاســانی بەســەریدا بێــن وبچــن؟ وامــان

لی‌کردوه ده‌ڵێی بێشکه‌یه تێیدا ده‌خه‌ون و ئارام ده‌گرن. ئایا کێوه‌کانمان نه‌کردوه به میخ و به‌زه‌ویمان دا نه‌کوتاون تا له‌نگه‌ر بگرێو گیانله‌به‌ران بتوانن به ئاسانی له‌سه‌ری هه‌ڵسوڕێن و ژیانی له‌سه‌ر به‌سه‌ر به‌رن. پێداویستی ژیانی تێدا به‌ده‌ست بێنن.

﴿وخلقناكم أزواجا﴾ ئێوه‌مان دروست کردوه به دو ره‌گه‌ز، واته: به‌نێرو مێ، بۆ درێژه دان به ژیان و رێکخستنی خێزان و پێکهێنانی کۆمه‌ڵ و په‌روه‌رده کردنی منداڵ رژاندنی تۆوی خۆشه‌ویستی له نێوان ژن و مێردو باوك و دایك و منداڵ و خزم و که‌س و کاردا وه‌کوو له ئایه‌تێکی تردا ئاماژه به‌و مانایه ده‌کاو ده‌فه‌رموێ: **﴿ومن آياته ان خلق لكم من انفسكم ازواجاً لتسكنوا اليها وجعل بينكم مودة ورحمة، ان في ذلك لآيات لقوم يتفكرون﴾**(الروم/٣١) .

﴿ وجعلنا نومكم سباتا، وجعلنا الليل لباساً﴾ نوستنمان بۆ کردون به مایه‌ی حه‌سانه‌وه‌و ئارامگرتن؟ به‌راستی خه‌و به‌هره‌یه‌کی زۆرگه‌وره‌و به‌نرخه، بۆ هه‌موو گیانله‌به‌رێك، به‌تایبه‌تی بۆ ئاده‌میزاد: که له‌هه‌موو شه‌ووڕۆژێك دا به‌هۆی هه‌وڵدان بۆ دابینکردنی بژێوو خوێندن و ده‌رس گوتنه‌وه‌و لێکۆڵینه‌وه‌و بیرکردنه‌وه‌و گه‌لێ ئیش و کاری تره‌وه جه‌سته‌ی ماندوو شه‌که‌ت ده‌بێو مێشکی کول ده‌بێ، له ئه‌نجامی نوستنی چه‌ند سه‌عاتێك به‌تایبه‌تی ئه‌گه‌ر له شه‌ودابێ، ماندوی ده‌حه‌سێته‌وه، هێزو توانای تازه ده‌بێته‌وه، عه‌قڵ و هۆش و بیری تیژ ده‌بنه‌وه، به‌نیشات و وزه‌یه‌کی تازه‌وه سه‌رله‌نوێ ده‌ست به‌کاره‌کانی ده‌کاته‌وه!!

شه‌و به‌تاریکی خۆی سروشت داده‌پۆشێ، واته: وه‌کوو چۆن پۆشاك جه‌سته داده‌پۆشێو له سه‌رماو گه‌رما ده‌یپارێزێ، شه‌ویش ئاوا به‌تاریکی خۆی ئاده‌میزادو گیانله‌به‌رانی تر له ناحه‌زانیان ده‌پارێزێ، هه‌ر که‌سێك بیه‌وێ کارێکی خۆی به‌نهێنی ئه‌نجام بدا، شه‌و باشترین کاته بۆ

ئـەنجام دانـی، ئـەو زینـدەوەرەی لـە رۆژدا لـە ترسـی دوژمنـی، خـۆی حەشاردابێ، لـە ژێـر پـەردەی تـاریکی دا دەتوانـێ خـۆی رزگـار بکـاو پێداویستی‌یەکانی ژیانی دابین بکا.

﴿وجعلنـا النـهار معاشـاً﴾ رۆژمـان گـێڕاوە بـە کـاتی گونجـاو بـۆ تێدا هەڵسوڕان و هەوڵدان بۆ دەستە بەرکردنی بژێوو پێداویسـتی ژیـان. وەکوو چۆن شەو کـاتی گونجـاوە بـۆ ئـارامگرتن و نوسـتن و حەسـانەوە، رۆژیش کاتی گونجاوە بۆ تێدا هەڵسوڕان و هەوڵدان بۆ کارو کاسبی.

﴿وبنینا فوقکم سبعاً شداداً، وجعلنا سراجاً وهاجاً﴾ دروستمان کردوە لـە ژوورتانـەوە حـەوت ئاسمـانی تۆکمـەو پتـەو، تـابڵێی مەحکـەم و قایم و بەهێزن. ئاسمانی دونیامان بە ئەسـتێرەکان رازاندۆتـەوە، خۆرمـان کردووە بە چرایەکی درەخشان و پڕتەو بەخش، بـەروناکی خـۆی بوونـەوەر روناك دەکاتەوەو گەرمی دەبەخشێ بەزەوی و مایەی ژیانی خۆتان و ئاژەڵ و کشت وکاڵ بەروبومتانـە، سـەرچاوەی هـێزو وزەی هـەموو زینـدەوەرو درەخت و روەکێکە. چونکە تیشکەکەی روناکی‌و گەرمی دەبەخشێ. هـەر بەهۆی گەرمی خۆیەوە شی‌ۆ تەڕی لە زەوی و دەریا هەڵدەمژێ‌ۆ بۆ ژوروی کێش دەکاو هەور پەیدا دەبێ ...

﴿ وأنزلنا من المعصرات ماءً ثجاجاً﴾ نازڵمان کردوە لـە هەورەکانـەوە کە بەهۆی بای بارانەوە دەیانگوشین و بارانیان لێ دەبارێ؛ بارانی بە خوڕو لێزمە دەبارێنین ، ﴿ لنخرج به حباً و نباتـاً وجنـات ألفافـا﴾ بـۆ ئـەوەی زەوی وزاری پێ ئاو بدەین، کشت وکاڵ و درەخت ورەوەکـی پێ‌دەڕوێنـین، دانەوێڵەو بەرومومی پێ پێ‌دەگەیەنین، باران دەبـارێنین بـۆ ئـەوەی زەوی سەر لەنوێ زینـدوو بکەینـەوە گژوگیـاو روەك ودرەختـی پـێ بڕوێنـین و سروشتی پێ ئارایش بدەین و بەجۆرەها دیمەن زەوی برازێنێتـەوە جۆرەهـا دانەوێڵەو بەروبوم و میوە جات بۆ ئێوە دابین بکەین. باخ و باخاتی چڕوپڕ

بهێنینه دیو گــەش و نمایــان تــێ بكــەوێ، وەكــوو لــە ئایــەتێكی تــردا دەفــەرموێ: ﴿وفي الارض قطع متجاورات وجنـات مـن اعنـاب، وزرع ونخيل صنوان وغير صنوان يسقى بماء واحد ونفضل بعضها على بعض في الأكل، ان في ذلك لآيات لقوم يعقلون﴾(الرعد/٤) .

چۆنیەتی رۆژی قیامەت ونیشانەكانیو جۆری عەزاب

إِنَّ يَوْمَ ٱلْفَصْلِ كَانَ مِيقَـٰتًا ﴿١٧﴾ يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ
فَتَأْتُونَ أَفْوَاجًا ﴿١٨﴾ وَفُتِحَتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتْ أَبْوَٰبًا ﴿١٩﴾ وَسُيِّرَتِ
ٱلْجِبَالُ فَكَانَتْ سَرَابًا ﴿٢٠﴾ إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا ﴿٢١﴾ لِّلطَّـٰغِينَ
مَـَٔابًا ﴿٢٢﴾ لَّـٰبِثِينَ فِيهَآ أَحْقَابًا ﴿٢٣﴾ لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا
﴿٢٤﴾ إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا ﴿٢٥﴾ جَزَآءً وِفَاقًا ﴿٢٦﴾ إِنَّهُمْ كَانُوا۟
لَا يَرْجُونَ حِسَابًا ﴿٢٧﴾ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا كِذَّابًا ﴿٢٨﴾ وَكُلَّ شَىْءٍ
أَحْصَيْنَـٰهُ كِتَـٰبًا ﴿٢٩﴾ فَذُوقُوا۟ فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا ﴿٣٠﴾

لەوه پێش ئەوەی راگەیاند: كە خودا دونیا وێران دەكاو جیهانێكی تــر دێنێتە كایەوە، ئەمجار باسی رۆژی قیامەت دەكاو چۆنیەتی رابوونــی ئــەو رۆژەو دیمەنه سامناكەكانی بەیان دەكــاو دەفــەرموێ: ﴿ ان يـوم الفصـل كان ميقاتاً﴾ بێگومان رۆژی قیامەت كاتی زیندوكردنــەوەو كۆكردنــەوەی هەموو ئادەمیزادە هەر لەیەكەم فەردیانەوە تــادوا كەســیان، لــەو رۆژەدا هەرچی لە دونیادا وادەیان پێ دراوە، دێتەدیو دەیاندرێتێ. خواپەرستان

بەنازو نیعمەتی خودا دەگەن و بەهەشتی رازاوەیان دەدرێتێ، تاوانبارانیش سزای سەختی دۆزەخیان پێ دەبڕێ. ڕۆژی قیامەت بە (یوم الفصل) ناونراوە چونکە لەو ڕۆژەدا خودا حەق و بەتاڵ لێك جیا دەكاتەوە، بە بڕیاری عادڵانەی خۆی بەهەشتیو دۆزەخی لێك هەڵدەهاوێژێ .

﴿یوم ینفخ فی الصور، فتأتون أفواجاً﴾ ڕۆژی قیامەت ئەو ڕۆژەیە: كە ئیسرافیل فوو بە شاخی صوردا دەكا، ئێوە ئەی ئادەمیزادینە؛ لە گۆڕەكانتان ڕاست دەبنەوەو پۆل پۆل و كۆمەڵ كۆمەڵ بەرەو سارای مەحشەر دێن. هەموو گەل ونەتەوەیەك لەگەڵ پێغەمبەرەكەیان دا دێنە ناو گۆڕەپانی مەحشەرەوە. وەكوو لە ئایەتێكی تردا ئاماژە بەو مانایە دەكاو دەفەرموێ: ﴿**یوم ندعو كلّ اناس بامامهم**﴾(**الإسراء/ ٧١**) .

ئیتر ئەو ڕۆژە هەموو كەسێك چاوی بە كردەوەی خۆی دەكەوێو بەری هەوڵ و كۆششی دونیای دەبینێ، پاداشی چاكەو سزای خراپەی خۆی وەردەگرێتەوە .

﴿وفتحت السماء فكانت أبواباً ﴾ ئاسمان شەق و پەق دەبێو هەمووی دەبێ بە دەرگاو كۆلان و فریشتەی پێدا دێنە خوار! وەكوو لە ئایەتێكی تردا ئاماژە بەم مانایە دەكاو دەفەرموێ: ﴿**ویوم تشقّق السماء بالغمام ونزل الملائكة تنزیلاً**﴾(**الفرقان/٢٥**). لەو ڕۆژەدا دەستورو یاسای ئاسمان تێكدەچێ، هێزی كێشندە نامێنێ، ئەستێرەكان و زەوی خولگەو جەمسەریان نامێنێ، پەرت و بڵاودەبن و دەبنە تەپ و تۆزو سەر لە بەربوونەوەر گۆڕینی بەسەردا دێ.

﴿ وسیرت الجبال فكانت سراباً﴾ كێوەكان لە بێخ هەڵدەكەندرێن و وردو خاش دەكرێن و دەكرێنە تەپ و تۆزو بە هەوادا دەڕوا.. سەرەتا دونیا وێرانبوون بەلێكدان و پیامالینی زەوی دەست پێدەكا! وەكوو لەئایەتێكی تردا دەفەرموێ: ﴿**وحملت الارض والجبال فدكّتا**

دكة واحدة ﴾(الحاقة/١٤) دوایی زەوی و كێوەكانی وەكوو لۆكەی كراوەیان لیٚدێ. وەكـــوو دەفـــــەرمویٚ: ﴿وتكـون الجبـال كالعـهن المنفـوش﴾ (القارعة/٥) ، ئەمجار هەموویان وردوخاش دەبن، وەكوو لەئایەتێكی تـــردا دەفـەرمویٚ: ﴿اذا رجت الارض رجا وبست الجبال بساً فكـانت هبـاءً منبثـا ﴾(الواقعـة/٤-٦) ئـــەمجار دەبنـــە تـــەپ وتـــۆز بەهــــەوادا دەڕوا وەكـوو لەئایـەتێكی تـردا دەفـــەرمویٚ: ﴿ ویسـألونك عـن الجبـال فقـل ینسفها ربی نسفاً﴾(طه/١٠٥) .

ئەمجار پەروەدگار باسی ئـەو عـەزاب و ناڕەحەتیـە دەكـا: كـە توشـی كافرەكان دەبیٚ، دەفەرمویٚ: ﴿ ان جهنم كانت مرصـاداً للطـاغین مآبـاً لابثین فیها أحقاباً﴾ بێگومان دۆزەخ چاوەڕوانی ملهوڕو ستەمكارانە، لـــە بڕیارو حوكمی خودا دا ئامـــادە كـراوە بـۆ تاوانبـاران، ئاكـام و شـوێنی حەوانـەوەی ملــهوڕو ســـتەمكارو یـــاخی بووەكانـــە، ڕۆژی قیامـــەت بەریسـوایییەوە تـۆڕ دەدرێنـە نـاوی وچـەندەها هـەزار سـاڵ و زەمـانی دورودرێژ تیٚیدا دەمێننەوە: كـە ئـەو مـاوە دورو درێژانـە تـەواو بـوون، ماوەی تریان بۆ دیاری دەكریٚ بۆ هەتا هەتایە.

﴿ لایذوقون فیها برداً ولاشراباً﴾ بەدرێژایی ئەو ماوە بیٚ كۆتایییـەی لە ناو دۆزەخ دا دەمێننەوە فێنكایییەك ناچەژن گەرماییان لەســـەر كـەم بكاتەوەو تاوێك بحەسێنەوە، ئاوێك ناخۆنەوە ساردبیٚو تینوەتی بشكێنیٚ.

﴿ الا حمیمـاً وغسـاقاً، جـزاء وفاقـاً﴾ جگـە لـەئاوی كـولاّوو كێـم و زوخاوێكە لە جەستەی دۆزەخیەكان دەتكیٚ، ئەو عـەزابـە سـەخت ودژوارە پڕاوپڕی كردەوە خراپەكانیانـــە، هیـچ تـاوانێك لـە هـاوەڵدانان بـۆ خـودا گەورەترنیە، هیچ سزایەك لە سزای دۆزەخ بە ئازارتر نیە، ئەوان لە ژیـانی دونیایان دا هاوەڵیان بۆ خودا داناوە، بۆیە بە ئاگر سـزا دەدرێـن. سـزای دۆزەخ سەر بەسەری تاوانەكانیانە.

﴿ انهم کانوا لایرجون حساباً، وکذبوا بأیاتنا کذاباً﴾ بیگومان ئـەو بەد بەختانە جۆرەها کردەوەی ناشرینیان ئـەنجام داوە، جۆرەهـا تاوانیـان کردوە، چونکە ئەوان بەتەما زیندو بونەوە نـەبوون، چـاوەڕوانی پـاداش و ترسی سزایان نەبوو، ئیمانیان بە هاتنی رۆژی قیامەت نەبوو، بێدین و بێ باوەڕ بوون، پەیامی قورئانیان رەتکردەوە، هەر بەڵگەو نیشانەیەکیان لـە سەر تاك و تەنهایی خوداو رابونی قیامەت بۆ بهێنرایەوە، ئەوان بەدرۆیان دەزانـیو ئینکارییـان دەکـرد. تەنانـەت ئینکـاری حـەقیان کـردو پێغەمبەرانیان بە درۆ خستەوە.

﴿ وکل شيء أحصيناه کتاباً﴾ ئێمـە ئاگـاداری هـەموو کردەوەیـەکی ئادەمیزاد بوویـن و لەسـەرمان تۆمـار کـردون، هیـچ شـتێکی ئـەوانمان فەرامۆش نەکردوە، بە گوێرەی کردەوەکانیان سزاو پاداشتیان دەدەینـەوە؛ چاکە بە چاکە وخراپە بە خراپە.

﴿ فذقوا فلن نزیدکم الا عذاباً﴾ بە دۆزەخیـەکان دەگوتـرێ: بچێـژن ئەو عەزابەی وان لە ناوی‌دا، دڵنیابن ئێمە جگە لە عـەزاب هیچـی ترتـان بۆ زیاد ناکەین، سات دواسات عـەزابیان لە سەر گران دەکەین.

حاڵ و وەزعی بەختەوەران

إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا ﴿٣١﴾ حَدَآئِقَ وَأَعْنَـٰبًا ﴿٣٢﴾ وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا ﴿٣٣﴾ وَكَأْسًا دِهَاقًا ﴿٣٤﴾ لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّٰبًا ﴿٣٥﴾ جَزَآءً مِّن رَّبِّكَ عَطَآءً حِسَابًا ﴿٣٦﴾

لەوە پێش حاڵ ووەزعی دۆزەخیەکانی بەیان کـرد، ئـەمجار دێتـە سـەر باسی بەختەوەران و بە مراز گەیشتوەکان: کە لە ئـاگری دۆزەخ رزگاریـان

بووەو خراونــە نــاو بەهەشــتی رازاوەوە، لــە نیعمەتــە جــۆراو جۆرەکــانی لەززەت وەردەگرن. دەفەرموێ:

﴿ان للمتقين مفازاً﴾ بێگومان چی پیرۆزیو بەمرازگەیشتن و لەززەت و خۆشــی هەیــە بــۆ ئــەو کەســانەیە: کــە خۆیــان لــە تــاوان دەپـــارێزن و هەمیشــە ترســی خودایـــان لـــە دڵ دایـــە. لـــەززەت و خۆشـــییەکانی بەهەشت زۆرەو هەمە جۆرن.

﴿حدائق وأعناباً﴾ لەززەت وەرگرتن لە باخ و باخاتی رازاوەو پۆشناخ و هەموو جۆرە ترێیکی بەتام و لـــەززەت . ﴿وكواعـب أترابـاً﴾ هـەروەها لەززەت وەرگرتن لە کچانی تازە مەمك خڕکردوی هاوتەمەن، کە مەمیان شل نەبوەو شۆڕ نەبۆتەوە.

﴿وكأساً دهاقاً ﴾ هەروەها لەززەت وەرگرتن لــە پیاڵــەی پــڕ لەمــەی. وەلیٚ ئەو مەیە سەرخۆشکەر نیە، عەقڵ و شعور نابا، نابێتە هۆی چەقــە چەق و ئاژاوەو شەڕە جنێوو ناکۆکی، لە ئاکامی ئەو مەی خواردنەوەدا.

﴿لايسمعون فيها لغواً ولاكذاباً﴾ لــە بەهەشــت دا قســەی پــڕو پــوچ نابیستن کەس درۆ ناکاو کەس کەس بە درۆ ناخاتــەوە،کــەش و هەواکــەی پاك و خاوێنە، قسەیەکی وای تێدا ناکرێ هەست و شــعور برینــدار بکــا، بــە پێچەوانــەی حــاڵی دونیــا: کــە رۆژانــە بــە گوێــرەی خــۆت جۆرەهــا قسەی ناخۆش و پــڕو پــوچ دەبیســتی، هەســت و شــعور برینــدار دەبــن. قسەی بیٚ سودی تێدا ناکرێ، هــەمووی ئاشــتیو برایەتییــە. بــەم جــۆرە پاداشتی چاکان دەدرێتەوە.

﴿ جزاء من ربك عطاءً حســاباً﴾ پاداشــتەکە لــە خــوداوەو عــەطاو بەخششێکە بە فەضل وئیحسانی خۆی لە پاداشی کردەوە باشــەکانیان دا پیٚی بەخشیون، پاداشتێکی کافی و وافییە.

گەورەیی خوداو جەختکردنەوە لەسەر هاتنی رۆژی قیامەت و هەرەشە لە موشرکەکان

رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلرَّحْمَٰنِ لَا يَمْلِكُونَ
مِنْهُ خِطَابًا ﴿٣٧﴾ يَوْمَ يَقُومُ ٱلرُّوحُ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ صَفًّا لَّا يَتَكَلَّمُونَ
إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا ﴿٣٨﴾ ذَٰلِكَ ٱلْيَوْمُ ٱلْحَقُّ فَمَن
شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ مَـَٔابًا ﴿٣٩﴾ إِنَّآ أَنذَرْنَٰكُمْ عَذَابًا قَرِيبًا يَوْمَ
يَنظُرُ ٱلْمَرْءُ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ وَيَقُولُ ٱلْكَافِرُ يَٰلَيْتَنِى كُنتُ تُرَٰبًۢا ﴿٤٠﴾

دوای هەڕەشە لە کافرەکان و وادەدان بە خودا پەرستان، باسی گەورەیی و شکۆمەندی خۆی دەکا، باسی رەحمەتی بەر فراوان و لەبن نەهاتووی خۆی دەکا، ئەمجار ئەوە رادەگەیەنیٚ: کە رۆژی قیامەت حەقەو گومان لەهاتنی دا نیە، لەو رۆژەدا ئادەمیزاد دەکرێن بەدوو تاقم و لێك جیادەکرێنەوە کۆمەڵێك لە خودا دوورن و دۆزەخین، تاقمێکیشیان لە خودا نزیکن وبەهەشتین، دەفەرمویٚ:

﴿رب السموات والارض وما بینهما الرحمن لا یملکون منه خطاباً﴾ پاداشتی باش و تەواو بۆ خودا پەرستان لەلایەن خودایەکەوەیە : کەخاوەنی ئاسمانەکان وزەویو ئەوەی لە ناویان دایە، خودای بوونەوەرو بەدیهێنەری هەموو شتێکە، خودایەکی خاوەن رەحم وبەزەیی‌یە، میهرەبانی بەشی هەموو کەس وهەموو شتێك دەکا، وێڕای ئەو میهرەبانی‌یەی لەبەر شکۆمەندیو هەیبەت وجەلالی لەو رۆژەدا کەس

ناتوانێ بە بێ‌ئیزن وەرگرتن لیێ خیطابی ئاراستە بکا، هیچ کەس لە دانیشتوانی ئاسمانەکان و زەوی دارای ئەوەی نیە بەبێ ئیزن شەفاعەت و تکاکاری بکا..

ئەمجار ئەم مانایە جەخت دەکاتەوە دەفەرموێ: ﴿ یوم یقوم الروح و الملائکة صفاً لایتکلمون الا من أذن لە الرحمن وقال صواباً﴾ گەورەیی‌و شکۆمەندیی پەروەدگار عەظەمەت وجەلالی خودا لە رۆژی قیامەت دا بۆ ئادەمیزادەکان دەردەکەوێ، تەنانەت جوبرائیل و هەموو فریشتەکان ریزیان بەستووەو دەستەو نەظەر وەستاون، وێڕای رێزو قەدریان لای خودا، ناتوانن لەو رۆژەدا ورتەیان لە دەمەوە بێ بە دوو مەرج نەبێ:

١- رێگەی شەفاعەت و تکاکردن لە خوداوە بدرێ ، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ من ذا الذی یشفع عندە الا بأذنە﴾ (البقرة/٢٥٥).

٢- تکاکار قسەی بەرێ وجێ‌بکا، ئەگەر ئیزن دانەکە بۆ شەفاعەتکاربێ. یان ئەو کەسەی شەفاعەتی بۆ دەکرێ، لە ژیانی دونیای دا ئەهلی تەوحید بووبێ، شایەتومانی هێنابێ، ئەگەر ئیزنەکە بۆ شەفاعەت بۆ کراوبێ .

هەردوو ماناکە وێچون، هەر چەند مانای یەکەم واتە: ئیزنەکە بۆ شەفاعەتکار بێ - لەگەڵ سیاقەکەدا گونجاوترە-.

﴿ذلك الیوم الحق، فمن شاء اتخذ الی ربە مآباً﴾ ئەو رۆژەی جوبرائیل و فریشتەکان بەو شێوە تێیدا ریز دەبەستن و ورتەیان لەدەم دەرنایە، رۆژێکی حەقەو شك لەهاتنی دا نیە، جا کەسێك دەیەوێ سەرفرازی ئەو رۆژە بێ و لە تاقمی رزگار بوان بێ، با رێگەی هیدایەت بگرێتە بەرو هانا بۆ خودای خۆی بەرێ ،

تۆبه له تاوانه‌كانی بكاو روبكاته خوداپه‌رستی، بۆ ئه‌وه‌ی له‌و رۆژه‌دا خودا له‌ره‌حمه‌تی خۆی نزیكی بكاته‌وه‌و له‌سزاو عیقابی خۆی بیپارێزێ ئه‌مجار ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆسه‌ر هه‌ڕه‌شه‌كردن له‌كافره‌كانی مه‌ككه‌و وێنه‌كانیان، ده‌فه‌رمۆێ:

﴿انا انذرناكم عذابا قريبا، يوم ينظر المرء ما قدمت يداه، ويقول الكافر يا ليتني كنت ترابا﴾ ئه‌ی ئه‌هلی مه‌ككه‌و هه‌موو ئه‌وانه‌ی كافرو بێ بڕوان؛ ئێمه ئێوه‌مان ترساند له عه‌زابێكی نزیك په‌یدابوو؛ كه عه‌زابی رۆژی قیامه‌ته. بێگومان له‌به‌ر ئه‌وه‌ی رابونی قیامه‌ت سه‌د ده‌ر سه‌ده، بۆیه هاتنه‌كه‌ی به‌نزیك دانا، گوتراوه: (كل ماهو آت قريب) وه‌كوو له ئایه‌تێكی تردا ئاماژه به‌وه ده‌كاو ده‌فه‌رموێ: ﴿كأنهم يوم يرونها لم يلبثوا الا عشية اوضحاها﴾ (النازعات/٤٦) .

له‌و رۆژه نزیك په‌یدابووه‌دا، هه‌موو ئاده‌میزادێك سه‌یری كرده‌وه‌كانی خۆی ده‌كا، چاكه‌و خراپه‌ی خۆی دێته‌وه پێشی، وه‌كوو له ئایه‌تێكی تردا ده‌فه‌رموێ: ﴿يوم تجد كل نفس ما عملت من خير محضراً وما عملت من سوء تود لو أن بينها وبينه امداً بعيداً﴾(آل عمران/٣٠) .

ئه‌و رۆژه كافره‌كان له‌به‌ر سه‌ختی عه‌زاب وناخۆشی حاڵیان ده‌ڵێن: خۆزگه سه‌د خۆزگه هه‌ر گڵ و خۆڵ بوینایه‌و زیندونه‌كرایناینایه‌وه یان خۆزگه وه‌كوو ئاژه‌ڵ ببوینایه‌وه گڵ، چونكه حه‌یوانات دوای دادگایی كردن و تۆڵه ستاندنه‌وه لێیان بۆیان ده‌بنه‌وه به گڵ.[1]



(١) ته‌فسیری ئیبنو كه‌ثیر ج/٤-١٩٨٥.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (النازعات)

ئەم سورەتە ناونراوە سورەتی (النازعات) چونکە سەرەتای سورەتەکە بە سوێند خواردنی خودا بە (النازعات) دەستی پێ کردوە. (النازعات) ئەو فریشتانەن کە روحی ئادەمیزادن دەکێشن، گیانی خودا پەرستان بەهێدی ولەسەرە خۆیی دەکێشن، گیانی کافرەکان بە توندوتیژی دەکێشن.

پەیوەندی ئەم سورەتە بە سورەتی پێشوویەوە لە چەند رویەکەوەیە:

١- ناوەرۆکی هەردوك سورەتەکە لێك دەچن، سەرەتای هەردوکیان باسی رابونی قیامەت وزیندو بونەوە دەکەن. باسی سەرەنجامی خودا پەرستان و ئاکامی تاوانباران دەکەن

٢- سەرەتاو کۆتایی هەردوك سورەتەکە لێك دەکەن. سورەتەکە بە شێوەیەکی گشتی باسی بنەماکانی عەقیدە دەکاو گرنگی بە تەوحیدو پێغەمبەرێتی و زیندو بوونەوە دەدا .

جەختکردنەوە لەسەر رابونی قیامەت وحاڵ و وەزعی موشریکەکان لەو رۆژەدا

بسم الله الرحمن الرحيم

وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرۡقٗا ﴿١﴾ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا ﴿٢﴾ وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبۡحٗا
﴿٣﴾ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبۡقٗا ﴿٤﴾ فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرٗا ﴿٥﴾ يَوۡمَ تَرۡجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ

﴿٦﴾ تَتْبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ ﴿٧﴾ قُلُوبٌ يَوْمَئِذٍ وَاجِفَةٌ ﴿٨﴾ أَبْصَـٰرُهَا
خَـٰشِعَةٌ ﴿٩﴾ يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِى ٱلْحَافِرَةِ ﴿١٠﴾ أَءِذَا كُنَّا
عِظَـٰمًا نَّخِرَةً ﴿١١﴾ قَالُوا۟ تِلْكَ إِذًا كَرَّةٌ خَاسِرَةٌ ﴿١٢﴾ فَإِنَّمَا هِىَ زَجْرَةٌ
وَٰحِدَةٌ ﴿١٣﴾ فَإِذَا هُم بِٱلسَّاهِرَةِ ﴿١٤﴾

ده‌فه‌رموێ: ﴿ والنازعات غرقاً﴾ سوێند به‌و فریشتانه‌ی به توندی گیانی کافر ده‌کێشن وهی خوداپه‌رستان به هێدی‌و له‌سه‌ره‌خۆیی. یان سوێند به‌و ئه‌ستێرانه‌ی به درێژایی ڕۆژگار دێن وده‌ڕۆن و هه‌ڵده‌خولێن، له ته‌وه‌ری خۆیاندا ده‌سوڕێنه‌وه .

﴿ والسابحات سبحاً﴾ سوێند به‌و فریشتانه‌ی وه‌کوو مه‌له‌وان به‌ئاسانی‌و به خێرایی بۆ به‌جێ هێنانی فه‌رمانی خودا به‌ناو بونه‌وه‌ردا دێن وده‌چن. یان سوێند به‌و ئه‌ستێرانه‌ی که‌له بۆشایی‌دا مه‌له‌ده‌که‌ن.

﴿ والناشطات نشطاً﴾ سوێند به‌و فریشتانه‌ی به خێرایی بۆ ته‌نفیذکردنی فه‌رمانی خودا له ئاسمانه‌وه داده‌به‌زن، یان سوێند به‌و ئه‌ستێرانه‌ی : که هه‌ر یه‌که‌یان له‌که‌لوو (برج)ێکه‌وه ده‌گوێزێته‌وه بۆ برجێکی تر، هه‌ر شه‌وه له‌شوێنێکه‌وه هه‌ڵدێن.

﴿ فالسابقات سبقاً﴾ سوێند به‌و فریشتانه‌ی پێشبڕکێ ده‌که‌ن بۆ خێرا بردنی گیانی موسوڵمانان بۆ به‌هه‌شت. یان سوێند به‌و ئه‌ستێرانه‌ی له گه‌ردو خولیاندا هه‌ندێکیان پێش هه‌ندێکیان ده‌که‌ون.

﴿ فالمدبرات أمراً﴾ سوێند به‌و فریشتانه‌ی کاروباری ناو بونه‌وه‌ر جێبه‌جێ ده‌که‌ن، باسی حه‌ڵاڵ وحه‌رام به نیگا ده‌هێنن بۆ پێغه‌مبه‌ران، به‌ر پرسی باوو بارانن، هه‌روا هه‌ر کارێك که‌له‌لایه‌ن خوداوه

پێیان پسپێردرێ. یان سوێند به‌و ئه‌ستێرانه‌ی ته‌دبیری کاروباری هه‌ندێ له جیهانیان پێ‌ئه‌نجام ده‌درێ وه‌کوو مانگ که له‌ئاکامی هه‌ڵسوڕانی‌دا دوانزه مانگه‌و وه‌رزه‌کانی ساڵی لی‌پەیدا ده‌بێ و مه‌دو جه‌زری ده‌ریاو گه‌لێ شتی تر، ئه‌وه جگه له مانگه شه‌وه‌که‌ی که‌زۆر که‌ڵکی هه‌یه بۆ گژوگیاو روه‌ك ... هتد .

هه‌روه‌ها خۆر، که به‌هۆی هاتوچۆی له بورجه‌کانی‌دا وه‌رزه‌کانی ساڵ پێك دێ، هه‌موو زینده‌وه‌رێك پێویستی به‌تیشکی خۆر هه‌یه. هه‌ندێ مه‌عنای تریش بۆ ئه‌م پێنج شته سوێنده پێ خوراوانه هه‌یه. جوابی سوێنده‌کان مه‌حزوفه. واته: ده‌فه‌رموێ: سوێند به ئه‌و شتانه‌ی باس کران ئێوه ئه‌ی ئاده‌میزاده‌کان دوای مردنتان زیندو ده‌کرێنه‌وه.

﴿ يوم ترجف الراجفة، تتبعها الرادفة﴾ ئه‌و رۆژه‌ی زه‌وی ده‌که‌وێته له‌رزه‌و کێوه‌کان شه‌قه‌تۆڵه‌یان پێ ده‌که‌وێ، وه‌کوو له ئایه‌تێکی تردا ده‌فه‌رموێ: ﴿ يوم ترجف الارض والجبال﴾(المزمل/١٤) ئه‌مجار ئاسمان شه‌ق ده‌بێ‌و ئه‌ستێره‌کان هه‌ڵده‌وه‌رن.

﴿ قلوب يومئذ واجفة، أبصارها خاشعة﴾ چه‌ند دڵ ودەرونێك له‌و رۆژه‌دا ترس وله‌رزیانه، کاتێك روداوه سامناکه‌کانی ده‌بینن، ده‌که‌ونه هه‌له‌که سه‌ماو دڵه کوته، چاو شۆڕو زه‌لیل و ریسوا، چونکه کافربون و له‌سه‌ر کوفر گیانیان ده‌رچووه‌و ئیمانیان به زیندوبونه‌وه نه‌بووه.

﴿ ويقولون: أئنا لمردودون في الحافرة، أئذا كنا عظاماً نخرة، قالوا: تلك اذاً كرة خاسرة﴾ موشریکه قوره‌یشیه‌کان و هاووێنه‌کانیان: که بڕوایان به زیندو بونه‌وه نیه، ئه‌گه‌ر پێیان بگوترێ: ئێوه دوای مردن زیندو ده‌کرێنه‌وه، به‌گاڵته‌و لاقرتێوه ده‌ڵێن: ئایا که ئێمه مردین ده‌گێڕدرێینه‌وه بۆ ژیانێکی ئاسایی وه‌ك ژیانی پێش مردنمان؟ ئایا ئێمه: که بووین به ئیسقانه رزیو، چۆن زیندو ده‌کرێینه‌وه؟ بێ بڕواکان به‌گاڵته‌وه وتیان: ئه‌گه‌ر راست بێ زیندو بوونه‌وه هه‌یه، ئه‌وه ئێمه خه‌سارەتمه‌ندین، چونکه

ئێمه پێغه‌مبه‌رمان به درۆخستۆته‌وه ئه‌و ده‌مه ئـه‌وه‌ی موحه‌مـه‌د پـی‌ی راگه‌یاندوین توشمان ده‌بـی‌و سـزامان لی ده‌سـه‌ندری، له‌هـه‌مان کـات دا به‌درۆش ده‌که‌وێنه‌وه.کـه‌ده‌ڵێین: زیندوبونـه‌وه نیـه. به‌شـێوه‌یه‌کی گاڵتـه ئامێز ئه‌م قسانه ده‌که‌ن.

﴿فانما هي زجرة واحدة، فـاذا هـم بالسـاهرة﴾ رابوونـی قیامـه‌تتان بـه‌لاوه دوور نـه‌بی،ئـه‌وه بۆخـودا کـارێکی ئاسـانه، رابوونـی قیامـه‌ت ته‌نهابریتییه له ده‌نگێك که‌په‌یدا ده‌بی، له فوکردنێك بـه شـاخی صـوردا که نه‌فخه‌ی دووه‌مه، له پڕێکا ده‌بینی مه‌خلوقات هـه‌موویان لـه سـارای مه‌حشه‌ردا کۆده‌بنه‌وه؛ هه‌موو ئاده‌میزاد زیندو کراونه‌وه‌و ئاماده‌کراون بۆ حیساب ولێکۆڵینه‌وه. (الساهرة) زه‌وی سـارای مه‌حشـه‌ره، زه‌وییـه‌کی ده‌شتی سپی بی که‌ندو له‌ند، بۆیـه نـاونراوه (السـاهرة) چونکـه کـه‌س له‌سه‌ری ناخه‌وی، که‌س نوستنی پی‌ناکری.

هه‌ڕه‌شه له کافره‌کان به گێڕانه‌وه‌ی چیرۆکی حه‌زره‌تی موسا عليه السلام

هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ مُوسَىٰ ﴿١٥﴾
إِذْ نَادَاهُ رَبُّهُ بِالْوَادِ الْمُقَدَّسِ طُوًى ﴿١٦﴾ اذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَىٰ ﴿١٧﴾
فَقُلْ هَل لَّكَ إِلَىٰ أَن تَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَأَهْدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخْشَىٰ ﴿١٩﴾ فَأَرَاهُ
الْآيَةَ الْكُبْرَىٰ ﴿٢٠﴾ فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ ﴿٢١﴾ ثُمَّ أَدْبَرَ يَسْعَىٰ ﴿٢٢﴾ فَحَشَرَ
فَنَادَىٰ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَىٰ ﴿٢٤﴾ فَأَخَذَهُ اللَّهُ نَكَالَ الْآخِرَةِ وَالْأُولَىٰ
﴿٢٥﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّمَن يَخْشَىٰ ﴿٢٦﴾

لەوەپێش پەروەدگار باسی کافرەکانی قورەیش و سوربونیان لەسەر ئینکاریکردنی زیندو بوونەوەو گاڵتەکردنیان بە پێغەمبەرﷺ کرد، ئەمجار بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەرﷺ و تەسەللا هاتنەوەی چیرۆکی حەزرەتی موساو بەربەرەکانی فیرعەونی ملهوڕو ستەمکاری گێڕایەوە، هەڕەشەی لە کافرەکان کرد بەوەی ئەگەر واز لەسەر رەقی خۆیان نەهێنن دوورنیە خودا بە عەزابی سەختی خۆی ئەوانیش ریشە کێش نەکا. دەفەرموێ:

﴿ هل أتاك حديث موسى، اذ نادى ربه بالوادى المقدس طوى﴾ ئەی موحەممەد! ئەوە چیرۆکی موساو فیرعەونت بۆ نەهاتووە؟ واتە بەڕاستی ئەو سەرگورشتەت بۆ هاتووەو پێت گەیشتووە کە پەروەدگار موسای کرد بە پێغەمبەرو موعجیزەی گەورەی پێ بەخشین، کاتێك خودا لەشەودا بانگی لە موسا کرد لەشیوی پاك وپیرۆزی (طوى) کەلە دامینی (طورى) سینایە. لەوێ ئاخاوتنی لەگەڵ دا ئەنجام دا، ئەرکی پێغەمبەرایەتی خستە ئەستۆی و پێی فەرموو:

﴿ اذهب إلى فرعون انه طغى﴾ بڕۆ بۆ سەر فیرعەون و دارو دەستەکەی، بێگومان فیرعەون لەرێ دەرچووەو لە تاوان و ستەمکاری‌دا زێدە رەوی کردوە، خۆی بەسەر نەتەوەی ئیسرائیل دا سەپاندوە و لافی خودایەتی لێ دەدا .

﴿ فقل: هل لك إلى أن تزكى، وأهديك إلى ربك فتخشى﴾ بەفیرعەون بڵێ: دەتەوێ خۆت لە تاوانی کوفرو ستەمکاری پاك بکەیتەوە؟ من شارەزاییت بکەم بۆ ناسینی خوداو تاك تەنهایی و عیبادەت بۆ کردنی، ئیتر لەسزای سەختی خودا بترسی و پابەندی فەرمان و جڵەوگیرییەکانی بی؟ خودا فەرمانی بە موساکرد؛ بەم جۆرە بانگەوازی بکاو شێوەی نەرم ونیانی لەگەڵ دا بەکاربێنێ، چونکە ئامۆژگاری ئەو جۆرە ملهوڕانە بە ئوسلوبی ئاوا نەرم ونیان گاریگەرترە.

پتر هیوای ئەوەی لیٚ دەکریٚ ئامۆژگاریکراو بە خۆی دابچیٚتەوە، وەکوو لە ئایەتیٚکی تردا دەفەرمویٚ: ﴿ **فقولاله قولاً لینا، لعله یتذکر او یخشی** ﴾ (طه/٤٤).

کاتیٚك حەزرەتی موسا چووەلای فیرعەون بەم شیٚوە پەیامی پەروەدگاری پیٚ راگەیاند، ئەویش بڕوای پیٚ نەکرد، ﴿ **فأراه الایة الکبری** ﴾ حەزرەتی موسا ﷺ موعجیزەی گەورەی نیشانی فیرعەون دا، موعجیزەی عەصاکەی: کە بووە ئەژدیهاو ماریٚکی گەورەو چست وچالاك و هەموو مارە درۆزنەکانی ساحیرەکانی قوت دان، هەروا چەند موعجیزەی تری بۆ نواندن، کە هەموویان بەڵگەبوون لەسەر راستی پیٚغەمبەرایەتی یەکەی.

﴿ **فکذب و عصی، ثم أدبر یسعی** ﴾ فیرعەون حەزرەتی موسای بەدرۆ خستەوە، پەیامی حەق و راستی رەتکردەوە، لەخودا یاخی بوو، ئەمجار پشتی هەڵکردو روی لە ئیمانهیٚنان وەرگیٚڕا،دەستی کرد بەئاشوب نانەوەو فەساد بڵاوکردنەوەو بەر بەرەکانی پەیامی حەزرەتی موسا بەهەموو جۆریٚك.

﴿ **فحشر فنادی، فقال انا ربکم الاعلی** ﴾ دارو دەستەی خۆی خڕکردەوە بۆ راویٚژو بڕیاردان دەربارەی پەیامی موسا، یان ساحیرەکانی کۆکردەوە بۆ بەر بەرەکانی وبەگژدا چونەوەی موعجیزەکانی حەزرەتی موسا، ئەمجار لە شویٚنی کۆبوونەوەکەدا بانگی هەڵداو وتی: من خودای باڵا دەست و فرمانڕەواو خاوەن دەسەڵاتی رەهاتانم، جگە لە من خودای ترتان نیەو هیچ خودایەك نیە لە ژوور منەوەبیٚ!

﴿ **فأخذه الله نکال الاخرة والاولی، ان فی ذلك لعبرة لمن یخشی** ﴾ پەروەدگار لە تۆڵەی ئەو خۆبەزلزانیو لوتبەرزیو خۆبە خودا زانییەی گرتی بەلام گرتن! تۆڵەی لیٚ ستاند بەشیٚوەیەك بوو بەپەندی دونیاو قیامەت، جیٚگای ئەوەیە هەموو یاخی بوو لوتبەرزیٚك عیبرەتی

لیّوه‌ربگریّ، هه‌ر که‌سیّك ئه‌و هه‌والّه ببیسیّ په‌ند ئامیّزببیّ، بیّگومان له‌چیرۆك و سه‌ر گورشته‌ی فیرعه‌ون دا عیبره‌تی گرنگ هه‌یه بۆ که‌سیّك له‌خودا بترسیّ و بیه‌ویّ خۆله عه‌زابی خودا بپاریّزیّ.

چه‌سپاندنی رابوونی قیامه‌ت له روانگه‌ی دروستکردنی ئاسمانه‌کان و زه‌وی یه‌وه

ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُ بَنَىٰهَا ﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّىٰهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَىٰهَا ﴿٢٩﴾ وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾ أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَىٰهَا ﴿٣١﴾ وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا ﴿٣٢﴾ مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ ﴿٣٣﴾

له‌وه پیّش چیرۆکی حه‌زره‌تی موساو فیرعه‌ونی سته‌مکاری گیّرایه‌وه، ئه‌مجار خیطاب ئاراسته‌ی ئه‌وانه ده‌کا: که ئینکاری زیندووبونه‌وه ده‌که‌ن، به‌لّگه له‌سه‌ر راستی رابوونی قیامه‌ت ده‌هیّنیّته‌وه، ده‌فه‌رمویّ:

﴿ أأنتم أشد خلقاً أم السماء بناها، رفع سمكها فسواها﴾ ئه‌ریّ خه‌لّکینه، دروستکردنه‌وه‌ی ئیّوه دوای مردنتان سه‌ر له‌نویّ به مه‌زنده‌ی ئیّوه قورستره یان دروستکردنی ئاسمان؟! زیندوکردنه‌وه‌ی ئیّوه گرانتره یان به‌دیهیّنانی ئاسمان!؟ بیّگومان دروستکردنی ئاسمانه‌کان له زیندو کردنه‌وه‌و دروستکردنه‌وه‌ی ئیّوه گرانتره، هه‌ر چه‌نده لای خودا هه‌موو شتیّك ئاسانه، به‌لاّم به پیّوه‌رو مه‌زنده‌ی ئاده‌میزاد دروستکردنی ئاسمان له دروستکردنی ئاده‌میزاده‌کان گرانتره. نمونه‌ی ئه‌م ئایه‌ته ئایه‌تیّکی تره‌که ده‌فه‌رمویّ: ﴿لخلق السموات والارض أكبر من خلق الناس﴾(غافر/٥٧)

یان ده‌فـه‌رموێ: ﴿اولیس الذی خلق السموات والارض بقادر علی أن یخلق مثلهم﴾(یس/٨١) .

ده‌ی که‌سێك بتوانێ ئاسمان به‌و هه‌موو پان و پـۆڕیو بـه‌رزیو قـه‌باره گه‌ورانه‌وه دروست بکا، به‌و هه‌موو ئه‌ستێرانه بیڕازێنێته‌وه، چۆن نـاتوانێ ئێوه‌ی ئاده‌میزاد دوای مردن زیندو بکاته‌وه؟

ئه‌مجار باسی دروستکردنی ئاسمانمان بۆ ده‌کـاو ده‌فـه‌رموێ: پـه‌روه‌دگار ئاسمانی به‌دیهێناوه‌و پێکی هێناوه‌و لێکی داوه رێکی خستووه کردویـه‌تی به یه‌کپارچه‌و قه‌باره‌که‌ی به‌رز کردۆته‌وه، وای لێ کردوه ده‌ڵێی سه‌قفێکی به‌رزه له ژوور زه‌وییه‌وه، به‌بێ کۆڵه‌که وه‌ستاندویه‌تی، هه‌ر خودا بۆ خـۆی ده‌زانێ چه‌ند به‌رزو چه‌ند ئه‌سـتورو چـه‌ند پـان وپـۆڕه، زانیـاری ئێمـه‌ی ئاده‌میزاد په‌ی پـێ نابـا. تـالێ بڕوانـیو بـه‌چاوی ئاسـایی و ئـامێری پێشکه‌وتوو لێی ورد ببنه‌وه هه‌ر ئه‌وه ده‌بین: که سه‌قفێکی بـه‌رزو پـان و پۆڕی بێ چاڵ وچۆێڵ و درزو کون وکه‌له‌به‌ره، بـه ئه‌سـتێره‌ی زۆرو جـۆراو جۆر رازێندراوه‌ته‌وه، ئه‌و هه‌موو ملیۆنه‌ها ئه‌ستێره له‌و فه‌زا به‌ر فراوانه‌دا هـه‌ر یه‌کـه‌یان لـه مـه‌داری خۆیـان دا دێـن وده‌چـن، بـێ ئـه‌وه‌ی هیـچ قه‌باره‌یه‌ك له‌و هه‌موو قه‌باره زبه‌للاح و هه‌مه جۆرانه، لێك بخشـێن، یـان ده‌عم بکه‌ن و رێگه به‌یه‌کتر بگرن!

﴿ وأغطش لیلها﴾ شه‌وی ئاسمانی تاریك کرد به ئاوابوونی خـۆر لێی. ﴿ وأخرج ضحاها﴾ رۆژی روناك کردوه به‌لێهه‌ڵاتنی خۆر، شه‌وو رۆژی به شـوێن یـه‌کدی‌دا هێنـاوه، جـودا وازی کـه‌ش و هـه‌وای خسـتۆته نێـوان وه‌رزه‌کانی ساڵه‌وه، تازه‌وی بگونجێ بۆ تێدا ژیان. هه‌ر خودا ده‌زانێ چـه‌ند هه‌زار ساڵ شه‌وو رۆژ به‌شوێن یه‌کدی‌دا هاتوون و چـون، تـا زه‌وی وای لێ هاتووه به‌که‌ڵکی ئه‌وه‌بێ ئاده‌میزادو گیانله‌به‌رانی تر له‌سه‌ری بژین. بۆیـه ده‌فـه‌رموێ: ﴿ و الارض بعـد ذلـك دحاهـا﴾ دوای دروسـتکردنی

ئاسمانەکان و شەوو رۆژ بە هەزاران ساڵ ئینجا زەوی راخست و وای لێ کرد گیانلەبەر بە سەری‌دا بڕۆن و بگونجێ بۆ تێدا ژیان، واتە: توێکڵی زەویمان سارد کردەوەو گونجاندمان بۆ لەسەر ژیان! ئایەتەکە بە ئاشکرا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا: کە راخستنی زەوی‌و پانکردنەوەی، دوای دروستکردنی ئاسمانەکان بووە. وەلێ خودی دروستکردنی زەوی پێش دروستکردنی ئاسمانەکان بووە.

وەکوو لە شوێنێکی تردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿**قل إنکم لتکفرون بالذی خلق الارض فی یومین، وتجعلون له انداداً، ذلك رب العالمین، وجعل فیها رواسي من فوقها، وبارك فیها، وقدر فیها أقواتها فی اربعة ایام سواء للسائیلین ثم استوی الی السماء وهی دخان، فقال لها وللارض ائتیاطوعاً اوکرهاً، قالتا: اتینا طائعین**﴾(**فصلت/٩-١١**).

ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ: کە دروستکردنی ئاسمان دوای دروستکردنی زەوی بووە. واتە: زەوی پێش ئاسمان بەشێوەیەکی تر دروستکراوە ئەمجار دوای دروستکردنی ئاسمان شێوەی زەوی کراوەتە هێلکەیی‌و راخراوەو وای لێ کراوە بەکەڵکی ژیان لەسەر بەسەر بردن بێ. هۆکاری ژیانی تێدا رەخسێندراوە، بەم نەوعە: کە..

﴿ **أخرج منها ماءها ومرعاها والجبال أرساها، متاعاً لکم و لأنعامکم**﴾ ئاوی لە زەوی دەرهێناوە، کانیاوو جۆگاو دەریای تێدا رەخساندون، گژوگیاو دارو درەخت‌و رووەکی تێدا رواند، بەروبوم و میوەجات و بژیو بۆ ئادەمیزادو لەوەڕو ئالف بۆ ئاژەڵەکان و باقی گیانلەبەرەکانی تری تێدا دابین کرد، کێوەکانی تێدا وەکوو گوڵمێخ دا کوتراون، بۆ ئەوەی لەرەو راتڵە قاندن نەکاو گیانلەبەران بتوانن بەئاسانی تێیدا بژین. هەموو ئەو شتانەی لە زەوی دا فەراهەم هێناوە بۆ بەرژەوەندی ئێوەو خۆشگوزەرا نیتان و هەروەها بۆ ژیانی ئاژەڵەکانتان.

سزاو پاداشتی خودا په‌رستان و کافره‌کان و تایبه‌تمه‌ندی زانیاری ده‌رباره‌ی قیامه‌ت به‌ خوداوه

فَإِذَا جَآءَتِ ٱلطَّآمَّةُ
ٱلْكُبْرَىٰ ﴿٣٤﴾ يَوْمَ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ مَا سَعَىٰ ﴿٣٥﴾ وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ
لِمَن يَرَىٰ ﴿٣٦﴾ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴿٣٧﴾ وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿٣٨﴾ فَإِنَّ ٱلْجَحِيمَ
هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ
﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا
﴿٤٢﴾ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ ﴿٤٣﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ ﴿٤٤﴾ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ
مَن يَخْشَىٰهَا ﴿٤٥﴾ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَىٰهَا ﴿٤٦﴾

ده‌رباره‌ی نازڵ بوونی ئایه‌تی ژماره(٤٢) حاکم و ئیبنو جه‌ریر له‌ خاتو عائیشه‌وه‌ ریوایه‌ت ده‌که‌ن ده‌فه‌رموێ: پێغه‌مبه‌رﷺ پرسیاری له‌ هاتنی قیامه‌ت ده‌کرد هه‌تا ئایه‌تی ﴿**يسألونك عن الساعة أيان مرساها....**﴾ی بۆ سه‌ر نازڵ بوو.

ئیبنو ئه‌بی حاته‌م له‌ ئیبنو عه‌بباسه‌وه‌ ریوایه‌ت ده‌کا ده‌فه‌رموێ: موشریکه‌کانی مه‌ککه‌ پرسیاریان له‌ پێغه‌مبه‌رﷺ کرد، وتیان: قیامه‌ت که‌ی را ده‌بێ؟ پرسیاره‌که‌یان به‌شێوه‌ی گاڵته‌ ئامێز ده‌کرد ئیتر په‌روه‌دگار ئایه‌تی ﴿**يسألونك عن الساعة أيان مرساها....**﴾ی نازڵ کرد.

پەیوەندی و موناسەبەی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە لەم روەوەیە: لەوە پێش بەڵگەی لەسەر دەسەلاتی رەهاو بە توانایی خودا لەسەر زیندو کردنەوە هێنایەوە، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی کردنە بەڵگە لەسەر بەتوانایی خودا بۆ زیندو بوونەوە.

ئەمجار لێرەدا هەواڵی هاتنی قیامەت رادەگەیەنێ و روداوەکانی نمایش دەکاو دەفەرموێ: ﴿**فاذا جاءت الطامة الكبرى**﴾ کاتێك بەڵای گەورە دێ، بەڵاو کارەساتێك کەلە هەموو روداوێك سامناکترە، ئەویش رابوونی قیامەتە، یان نەفخەی دووەمە: کە بە دوایدا زیندو بوونەوە دەبێ یان ﴿**الطامة الكبرى**﴾ بریتیە لەو کاتەی بەهەشتیەکان بۆ بەهەشت و دۆزەخیەکان بۆ دۆزەخ دەنێردرێن. ئەو کاتە خودا چاك و خراپ لێك هەڵدەهاوێرێ، هەیانە بەدبەخت و چارە رەش، هەیانە بەختەوەرو کامەران.

﴿**يومئذ يتذكر الانسان ماسعى**﴾ ئەو رۆژە ئادەمیزاد کردەوەی خۆی دێتەوە یادو چاکەو خراپەی خۆی دێتەوە رێو بیری دەکەوێتەوە، چی کردەوەو چی نەکردوە. وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**يومئذ يتذكر الانسان وانى له الذكرى**﴾(**الفجر/٢٣**)، لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**احصاه الله ونسوه**﴾(**المجادلة/٦**) رۆژەکە هەمووی کارەسات و روداوی سامناکە، دیمەنەکانی زەندەق بەرو تۆقێنەرن.

﴿**وبرزت الجحيم لمن يرى**﴾ دۆزەخ دەرخرا، (دەردەخرێ) بۆ هەر کەسێك بروانێو ببینێ. موقاتیل دەفەرموێ: لەو رۆژەدا پەردە لەسەر دۆزەخ لادەبرێ مەخلوقات چاویان پێ دەکەوێ، موسوڵمان بەبینینی ئەندازەی نیعمەتی خودا دەزانێ بەسەریدا بەوە: کە لەو عەزابە رزگاری دەبێ، کافر بەدیتنی دۆزەخ غەم و ترسی زیاد دەبێو دەزانێ ئەوە سەرەنجام و شوێنی حەوانەوەیەتی.

ئـه‌مجار پـه‌روه‌دگار حوکـم و بڕیـاری خـۆی ده‌داو ده‌فـه‌رموێ: ﴿فأما من طغى وأثر الحياة الدنيا، فان الجحيم هى المأوى﴾ جـا که‌سـێك له‌ دونیادا یاخی بووبێ، له‌ سنووری یاسای خودا ده‌رچووبێ، زێـده‌ ره‌وی کردبێ له‌ کوفرو بێدینی دا، ژیـانی دونیـای هـه‌ڵبژاردبێ به‌سـه‌ر ژیـانی قیامه‌ت دا، ئه‌وه‌ به‌دبه‌خته‌و بێگومان دۆزه‌خ شوێنی حه‌وانه‌وه‌یه‌تی.

﴿وأما من خاف مقام ربه﴾ ئه‌و که‌سه‌یش ترسابێ له‌ پایـه‌و مـه‌قامی پـه‌روه‌دگاری خـۆی، ترسـی ڕۆژی ڕاوه‌سـتان لـه‌ بـه‌رده‌م پـه‌روه‌دگاری دا هه‌بووبێ . ﴿ونهى النفس عن الهوى﴾ جڵه‌وگیری له‌ نه‌فسی خۆی کردبـێ نه‌یهێشتبێ تاوان ئه‌نجام بدا، له‌ ئاره‌زۆی خراپه‌ی گێڕابێته‌وه‌، رامی‌کردبێ بۆ ته‌قواو خوداپه‌رستی. ﴿فان الجنة هي المأوى﴾ ئه‌وه‌ به‌هه‌شت شـوێن و جێگایه‌تی، بۆ ناو ئه‌و نازونیعمه‌ته‌ به‌ڕێ ده‌کرێو خه‌نی له‌ خۆی!

ئه‌مجار په‌روه‌دگار باسی پرسیار کردنی موشریکه‌کان ده‌کا، که‌به‌گاڵته‌وه‌ پرسیاریان لـه‌ پێغه‌مبـه‌رﷺ ده‌کـرد ده‌ربـاره‌ی کـاتی هـاتنی قیامـه‌ت. ده‌فه‌رموێ: ﴿يسألونك عـن السـاعة أيـان مرسـاها﴾ ئـه‌ی پێغه‌مبـه‌ر! موشریکه‌کان پرسیارت لێ ده‌که‌ن قیامه‌ت که‌ی راده‌بێو خودا کـه‌ی ئـه‌و کاره‌ساته‌ ده‌قه‌ومێنێ، یـان قیامـه‌ت چـۆن هه‌ڵده‌ستێو لـه‌کوێو کـه‌ی هه‌ڵده‌ستێ؟ ئه‌م پرسیارانه‌یان کـاتێك ده‌کـردن: کـه‌ پێغه‌مبـه‌رﷺ باسـی قیامه‌تی به‌شێوه‌ی سـامناك بـۆ وه‌صـف ده‌کـردن، ئـه‌وانیش بـه‌ گاڵتـه‌ پێکردنه‌وه‌ ده‌یانگوت ئه‌وه‌ که‌ی راده‌بێ؟! ئیتر په‌روه‌دگار ئه‌م ئایه‌ته‌ی‌نازڵ کردو فه‌رمووی:

﴿فيم أنت من ذكراهـا، إلى ربـك منتـهاها﴾ ئـه‌تۆ ئـه‌ی پێغه‌مبـه‌ر؛ چیت داوه‌ له‌ زانینی ئـه‌و ڕۆژه‌؛ تـۆ بـۆ پرسـیار لـه‌هاتن وکـاتی هـاتنی قیامه‌ت ده‌که‌ی؟ تۆ بۆ ئه‌وه‌نده‌ به‌ته‌نگـه‌وه‌ی کاته‌کـه‌ی بزانـیو وه‌ڵامـی موشریکه‌کانی پێ بده‌یه‌وه‌؟ واته‌: زانیاری ده‌رباره‌ی کاتی هاتنی قیامه‌ت

نەبۆ تۆیەو نەبۆ کەسێکی ترە لە مەخلووقات، بەڵکوو سەرنجام و زانیاری لەو بارەوە هەر لای خودایەو بەس! ئەو نەفامانە بۆچی پرسیار لەتۆ دەکەن، بۆچی داوات لێ دەکەن کاتی رابوونی قیامەتیان بۆ دیاری بکەی؟

نموونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی تر: کە دەفەرموێ: ﴿**ثقلت فی السماوات والارض، لاتأتیکم الا بغیة یسألونك كأنك حفيّ عنها، قل انما علمها عند الله ولكن اكثر الناس لايعلمون**﴾(الاعراف/١٨٧) زانینی کاتی رابوونی قیامەت ئیشی تۆنیە، بەڵکوو ئەرکی سەر شانی تۆ ئامۆژگاری کردن و گەیاندنی پەیامەکەتە، وەکوو دەفەرموێ:

﴿**انما أنت منذرمن يخشاها**﴾ ئێمە تۆمان کردوە بە پێغەمبەرو رەوانەمان کردوی بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بترسێنیێ لە عەزابی سەختی خودا، تۆ ئامۆژگاریکەرو ترسینەری کەسێکی لە قیامەت بترسێ، کەسێك لەخودا ترساو ترسی راوەستانی بەردەم بارەگای پەروەدگاری ببێ شوێنت دەکەویێو رزگاری دەبێ. کەسێکیش بڕوای بە قیامەت نەبێ، خەسارەتمەندە، کەوابێ واز لە کارێك بێنە: کە ئیشی تۆنیە، کارێك ئەنجام بدە: کەئەرکی سەر شانتە. ئەویش بریتیە لەئاگادار کردنەوەو ترساندنی ئادەمیزاد، بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو رۆژە، وەلێ ئەو موشریك و نەفامانەتێناگەن و قسەی حەق نابیسن و ئامۆژگاری کاریان تێناکا. کەوابوو گرنگیان پێ مەدەو دەست بەرداریان ببە، جاکە دووچاری ئەو رۆژە بوون، هەموو شتێکیان لەبیر دەچێتەوە .

﴿**كانهم يوم يرونها لم يلبثوا الا عشية أوضحاها**﴾ ئەو رۆژەی پرسیاری لێ دەکەن دێ وشك لە هاتنی دا نیە، ئەو رۆژەی قیامەت رادەبێو ئەوان زیندو دەکرێنەوەو لەگۆڕەکانیان دێنە دەرەوە ماوەی ژیانی دونیایان هێندە بەلاوە کورت دەبێ، وا دەزانن: سەعاتێك لە رۆژێك یان ئێوارە وەختێك یان چێشتەنگاوێك ماونەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (عبس)

ئەم سورەتە مەککیەو چل ودوو ئایەتە. ناوی نراوە بە سورەتی (عبس) چونکە بەو وشەیە دەستی پێ کراوەو تەعبیر لەوەصف وحاڵەتێك دەکا: کە سروشتی ئادەمیزاد داخوازییەتی.. واتە: کاتێك: کە یەکێك سەرگەرمی ئەنجامدانی کارێکی گرنگ بێ، یەکێکیتر بیەوێ دەستی پێ‌لەو کارە هەڵبگرێ، روخساری ئەو حاڵەی بەسەردادێ..

بابەت و ناوەرۆکی سورەتەکە وەکوو باقی سورەتە مەککییەکان باسی عەقیدەو پێغەمبەرایەتییە، باسی ئەخلاق و ڕەوشتە، ئەخلاق و رەوشتێك کە لەسەر بنەمای یەکسانی نێوان بەندەکان دادەمەزرێ وبەرزو نزمی بەندەکان بە تەقواو خودا پەرستی دیاری دەکرێ.

سەبەب نزولی ئەم سورەتە وەکوو ریوایەت کراوە روداوی عەبدوڵڵای کوڕی (أم مەکتوم)ە، کوڕی خاڵی خەدیجە بووە، ریوایەتکراوە رۆژێك پێغەمبەرﷺ لەگەڵ سەرانی قورەیش دا (عوتبەو شەیبە: دوو کوڕی رەبیعەو ئەبو جەهل و عەبباسی کوڕی موطەلیب و ئومییەی کوڕی خەلەف و وەلیدی کوڕی موغەیرە) کۆبوبوەوەو بانگەوازی دەکردن بۆ ئیمانهێنان، بە هیوای موسوڵمانبوونیان، بە موسوڵمانبوونی ئەوانیش موسوڵمانبوونی مەککەییەکان چاوەڕوان دەکرا. لەو کاتەدا کەپێغەمبەرﷺ سەر گەرمی گفت و گۆو ئامۆژگاریکردنیان بوو، عەبدوڵڵا هات وتی: ئەی پێغەمبەری خودا نیگاو سروشتی تازەم فێربکە، چەند جارێك ئەم قسەیەی دووبارە کردەوەو نەیدەزانی: کە پێغەمبەرﷺ لەگەڵ ئەو کۆمەڵە قورەیشیانەدا مەشغوڵە، پێغەمبەرﷺ ئەم قسە بڕینەی

پێ ناخۆش بوو، روی گرژبوو، روی لێوەرگێڕا، ئیتر ئەم سورەتە نازڵ بوو، بەو شێوە رەخنەی لە هەڵوێستی پێغەمبەرگرت، لەوەدوا پێغەمبەرﷺ زۆر رێزی لەو زاتە دەگرت و هەر لەگەڵ تووشی دەبوو دەیفەرموو: (مرحبا بمن عاتبنی فیه ربی) مەرحەبا لەو کەسەی پەروەدگارم لەسەر ئەو سەرزەنشتی کردم. ئەمجار پێی دەفەرموو: چ ئیشێکت هەیە؟ بۆت جێبەجێ بکەم. دوو جاریش کەتەشریفی چووە بۆ غەزا عەبدوڵڵای کردوە بە والی لەسەر مەدینە.

یەکسانی لە ئیسلام دا

بسم الله الرحمن الرحيم

عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١﴾ أَن جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ ﴿٢﴾ وَمَا يُدۡرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ﴿٣﴾ أَوۡ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ ٱلذِّكۡرَىٰٓ ﴿٤﴾ أَمَّا مَنِ ٱسۡتَغۡنَىٰ ﴿٥﴾ فَأَنتَ لَهُۥ تَصَدَّىٰ ﴿٦﴾ وَمَا عَلَيۡكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَن جَآءَكَ يَسۡعَىٰ ﴿٨﴾ وَهُوَ يَخۡشَىٰ ﴿٩﴾ فَأَنتَ عَنۡهُ تَلَهَّىٰ ﴿١٠﴾

﴿عبس وتولى أن جاءه الاعمى﴾ پێغەمبەر روی گرژو تاڵ کرد، روی وەرگێڕا، چونکە کوێرێك هاتە لای قسەی پێ بڕی، پیاوە کوێرەکە عەبدوڵڵای کوڕی (أم مەکتوم) بوو، لە کاتێك دا کە پێغەمبەرﷺ سەر گەرمی ئاخاوتن و بانگەازیکردنی پیاو ماقولانی قورەیش بوو، هاتەلای پێغەمبەرو قسەکانی پێبڕین و وتی: سروشی تازە چی هاتووە فێرم بکە. ئاگای لەوە نەبوو: کە پێغەمبەرﷺ مەشغوڵی ئەو دان و سانە گرنگەیە.

﴿وما یدریك لعله یزكی﴾ ئه‌ی موحه‌ممه‌د! تۆ چوزانیت، تۆ ئاگات له‌زانیاری ئه‌و کابرایه نه‌بوو، به‌ڵکوو ئه‌و کوێره بیه‌وێ خۆی له تاوان پاك بکاته‌وه به‌و قسانه‌ی له‌تۆیان ده‌بیسێ.

﴿أو یذكر فتنفعه الذكری﴾ یان ئه‌و ئامۆژگارییه‌ی له بیری چۆته‌وه بیری بکه‌وێته‌وه. ئه‌و کاته ئه‌و ئامۆژگاریو بیرکه‌وتنه‌وه‌یه سودی پێ بگه‌یه‌نێ، ئایه‌ته‌که ئاماژه‌ی ئه‌وه‌ی تێدایه: که ئه‌وانه‌ی پێغه‌مبه‌رﷺ خه‌ریکی ئامۆژگاریکردنیان بووه له موشریکه‌کان هیوای ئیمانهێنانیان لێ ناکرێ. له هه‌مان کات دا ئاماژه به پله‌و پایه‌و رێزی عه‌بدوڵڵای کوڕی (أم مه‌کتوم) یش ده‌کا.

هه‌ڵبه‌ته ئه‌م کردارو ته‌صه‌روفه له‌لایه‌ن پێغه‌مبه‌رﷺ به گوناه نازمێردرێ، له‌گه‌ڵ عیصمه‌تی پێغه‌مبه‌رێتی‌دا دژ ناوه‌ستێ. به‌ڵکوو ته‌رکی ئیحتیات و وازهێنان له (أفضل)ه‌و به‌س! ده‌چێته چوار چێوه‌ی (حسنات الابرار سیئات المقربین)ه‌وه. پێغه‌مبه‌رﷺ ئه‌و هه‌ڵوێسته‌ی له بوارێك دا لێ ده‌رکه‌وتووه: که له چوار چێوه‌ی سروشتی ئاده‌می‌دا یه‌و کارێکی (جبلی)و ده‌رونی‌یه، ته‌کلیفی شه‌رعی تێدانیه. چونکه ئه‌وه په‌یوه‌ندی به دڵه‌وه هه‌یه‌و ده‌سه‌ڵاتی ئاده‌میزادی تێدانیه. تۆ به ده‌ست خۆت نیه، جاری واهه‌یه به‌شتێك رازی‌و ده‌چێته دڵته‌وه به‌شتێك نارازی‌و خۆشت ناوێ. ئه‌مجار باسی ئه‌و کرده‌وه‌ی پێغه‌مبه‌رﷺ ده‌کا: که بووه‌ته هۆی عیتاب لێگرتنه‌که‌و ده‌فه‌رموێ:

﴿أما من استغنی فأنت له تصدی﴾ ئه‌مما ئه‌و که‌سه‌ی به ماڵ و سامان و هێزو ده‌سه‌ڵاتی خۆی ده‌نازێ‌و خۆی بێ نیاز ده‌گرێ له هیدایه‌تی قورئان و ئیمانهێنان و رو له په‌یامه‌که‌ت وه‌رده‌گێڕێ، ئه‌وه تۆ

روی تیّ دەکەیو ئاخاوتنی لەگەلّ دا ئەنجام دەدەی، وا دەزانیّ ئەوە گرنگترە لە وەلاّمدانەوەی کویّرە موسولّمانەکە.

﴿وما عليك ألا يزكى﴾ چی لەسەر تۆیە: کە ئەو کەسەی بە مالّ وسامان وهیّزو دەسەلاّتی خۆی دەنازیّ ئیمانت پیّ ناهیّنیّ؟ هیچ سوچ وتاوانیّك روناکاتە تۆ، هەر راگەیاندنت لەسەرەو بەس، ئیتر گرنگی بەو جۆرە کەسانە مەدە: کە سەر رەق وملهوڕو بیّ بڕوان. هۆبالّی خۆیان بە ئەستۆی خۆیان.

﴿وأما من جاءك يسعى، وهو يخشى فأنت عنه تلهى﴾ وەلیّ کەسیّك بەپەلە دیّ بۆلات و دەیەویّ فیّری ئایین ببیّ، هیدایەت و ئامۆژگاری تازە وەربگریّ و ترسی خودای لە دلّ دایە، ئەتۆ روی لیّ وەردەگیّڕیو وەلاّمی نادەیەوەو خۆتی لیّ بیّ ئاگا دەکەی!

بەم شیّوە پەروەدگار پیّغەمبەری ئاگادار کردەوە؛ پیّی راگەیاند کە هەژاریو بیّ دەسەلاّتی ئەو کویّرە نابیّ ببیّتە هۆی ئەوەی روی لیّ گرژ بکەیو وەلاّمی نەدەیەوە. چونکە ئەوە هەر چەندە کویّرە، موسولّمانەو دلّی زیندوەو ژیرە، دەیەویّ ئامۆژگاری وەربگریّو خۆی لە تاوان پاك بکاتەوە، ئامۆژگارییەکانی تۆ دەکاتە سەرە مەشقی ژیانیو پەیڕەوو پرۆگرامی خۆی، دلّ و دەروونی پیّ روناك دەکاتەوە.

نمونەی ئەم ئایەتە ئایەتیّکی ترە: کە دەفەرمویّ: ﴿ولا تطرد الذين يدعون ربهم بالغداة والعشي يريدون وجهه﴾(الانعام/٥٢) یان دەفەرمویّ: ﴿واصبر نفسك مع الذين يدعون ربهم بالغداة و العشي يريدون وجهه ولا تعد عيناك عنهم تريد زينة الحياة الدنيا ولا تطع من اغفلنا قلبه عن ذكرنا، واتبع هواه وكان امره فرطا﴾ (الكهف/٢٨) .

قورئان ئامۆژگاریو بیر خەرەوەیە، نیعمەتی خودایە

كَلَّآ إِنَّهَا تَذۡكِرَةٞ ﴿١١﴾ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴿١٢﴾ فِي صُحُفٖ مُّكَرَّمَةٖ ﴿١٣﴾ مَّرۡفُوعَةٖ مُّطَهَّرَةِۭ ﴿١٤﴾ بِأَيۡدِي سَفَرَةٖ ﴿١٥﴾ كِرَامِۭ بَرَرَةٖ ﴿١٦﴾ قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَآ أَكۡفَرَهُۥ ﴿١٧﴾ مِنۡ أَيِّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥ ﴿١٨﴾ مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ﴿١٩﴾ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ﴿٢٠﴾ ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقۡبَرَهُۥ ﴿٢١﴾ ثُمَّ إِذَا شَآءَ أَنشَرَهُۥ ﴿٢٢﴾ كَلَّا لَمَّا يَقۡضِ مَآ أَمَرَهُۥ ﴿٢٣﴾

لەوەپێش پەروەدگار رەخنەی لە پێغەمبەرﷺ گرت، لەسەر ئەوە: كە ناو چەوانی گرژ كردو روی لە عەبدڵڵای كوڕی (أم مەكتوم) وەرگێرا. بە هۆی ئەوەوە كە مەشغوڵی وتوێژ بوو لەگەڵ سەرانی قورەیش دا. ئەمجار لێرەدا رێنومایی پێغەمبەر دەكا: كە جارێكی تر ئەو هەڵوێستە نەنوێنیو سەیری رواڵەت نەكا، تەقواو خودا پەرستی بكاتە پێوەرو بەو تەرازوە ورد خوێنەوە ئەندازەی باشی وخراپی ئادەمیزادەكان مەزەندە بكا، دەفەرموێ:

﴿كلا، انها تذكرة﴾ جارێكی تر كاری وامەكەو هەڵوێستی لەو جۆرە مەنوێنە، چەلێكی دی روو لە هەژار وەرمەگێڕەو روبكەیت دەوڵەمەند، لە كاتێك دا هەژارەكە دەیەوێ خۆی لە تاوان پاك بكاتەوەو دەوڵەمەندەكە لە پێڕی خۆ پاككەرەوەكان نیە. پێوەری ئادەمێتی لە لات خوداپەرستیو زیرەكیو تێگەیشتن بێ، نەك ماڵ وسامان و دەست رۆیشتویی. گرنگی بدە بەوانەی دڵیان زیندودو خۆت بەوانەوە خەریك بكە. نەكەیت دەست

لەو خودا پەرستە دڵ زیندوانە هەڵگریت و روبکەیــە ئــەو خــاوەن مــاڵ و سامان و کەودەن و دڵ مردوانە، کەوابوو لە هەڵوێستی پێشوت پەشــیمان بەرەوە نەچی بۆ ئــەوەی بێبڕوایــەکی کــەودەن موســوڵمان بکــەی رو لــە موسوڵمانێکی زیرەکی خودا پەرست وەربگێڕی. نەخەیر وامەکە، ئــەوەندە خۆت بە دەوڵەمەندی سەر رەق و ملهوڕو یــاخیبوو خــەریك مەکــە، تــۆ تەنها گەیاندن و ئامۆژگاریو ترساندنت لەسەرە، ئەرکی ســەر شــانی تــۆ بیرخستنەوەو ئامۆژگارییە، دەستوورو یاسای ئیسلامیش لەگــەڵ هــەموو سروشــتێك دا تێکەڵــەو هــەر ئــەوەندەی دەوێ ئامۆژگارییــان بکــەیو بیریان بخەیتەوە، جا هەر کەســێك بــڕوات پــێ نــەکا، ئــەوە مانــای وایــە دژی فیطرەتی خۆیەتیو بڕوا بە سروشــتی خــۆی ناکــاو گــوێ بــۆ ســۆزی دڵی خۆی ناگرێ!!

تۆ هەر ئەوندەت لەسەرە پەیامی خودا بە مەردوم بگەیەنێ، زۆرە ملێ لەکەس مەکەو ئایین بە تۆبزی ناسەپێ!! بێگومان تۆ نــاتوانی بــە زۆر و زەخت ئیمان لەدڵی ئەوانەدا بڕوێنی، ئەوە تەنها بەدەست خودایەو بەس!

بۆیە دەفەرموێ: ﴿انها﴾ بەڕاستی ئــەو رینومــاییو ئامۆژگارییانــەی کەلە نامە ئاسمانییەکان دا هاتوون و لە هەمووشیان گەورەتر: کە قورئانی پیرۆزە ﴿ تذكرة﴾ یاد خــەرەوەی شــتێکە کەلــە سروشــتی ئــادەمیزاد دا هەیە. جا کە ئیمانی ئادەمیزاد بەفیطرەتە .

﴿ فمن شاء ذكره﴾ هەر کەسێك دەیەوێ با یادی خودا بکاو بــەتاك و تەنهایی بناسێ، بە گوێرەی فەرمان و ئامۆژگارییەکانی قورئان هــەڵس و کەوت بکا. بیکاتە بەرنامەی ژیانی خۆی.

﴿ فی صحف مكرمة، مرفوعة مطهرة، بأيدی سفرة، كرام بررة﴾ ئەو یاد خەرەوەو رێنمونییە: کە لە نامە ئاسمانییەکان دا هاتووەو جوانترو گەورە ترینیان قورئــانی پــیرۆزە، لــە چــەند پەڕەیــەکی پــیرۆزو بــەنرخ دا

نوسراوەنەوە، بەرزو پاك وخاوێنن لەلای خودا، پڕن لە زانیاری‌و حیکمەت و لە لەوحولمەحفوظەوە نازڵ بوون، فریشتە نەبێ لەوێ کەسی‌تر دەستی ناگاتە ئەم قورئانە، لە شەیاتینی‌و کافر پارێزراوە، نامەیەکی تەواوو بێ کەم و کوڕییە، بەدەست چەند فریشتەیەکەوەیە: کە بەر پرسیاری هێنانی نیگاو سروشتن لە خوداوە بۆ پێغەمبەران، بۆ ئەوەی ئەوانیش بە ئادەمیزادی رابگەیەنن، ئەو فریشتانە لای خودا رێزدارن، گوێڕایەڵی فەرمانی خوداو راستگۆن لە ئیمانەکەیان دا.

وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەربارەیان دەفەرموێ: ﴿**بل عباد مکرمون**﴾ (**الانبیاء/٢٦**) یان دەفەرموێ: ﴿**لا یعصون الله ما امرهم ویفعلون مایؤمرون**﴾(**التحریم/٦**).

ئەمجار پەروەدگار سەر زەنشتی ئەوانە دەکا: کە بڕوایان بە زیندوبونەوە نیەو کافرو بێبڕوان، دەفەرموێ: ﴿**قتل الانسان ما أکفره**﴾ دەك بەکوشت چێ ئادەمی و عەمری نەمێنێ چەند سپڵەو پێنەزانە!؟ چەند سەر ڕەق وکافرو بێ بڕوایە؟ بەڕاستی هێندە خراپ و بێ ویژدانە، شیاوی ژیان نیە، ئەو هەموو نازو نیعمەتەی خودای بەسەرەوەن، تەنانەت لە هەموو هەناسە دانێکدا دوو نیعمەت هەیە، خودا ئەو هەموو فەضڵو ئیحسانەی لەگەڵ کردوە، کەچی ناشکوری دەکاو سوپاسگوزار نیە، یادی خودا ناکا، ئەگەر بیریشی بخرێتەوە گوێی پێ نادا، ئەگەر ئامۆژگاری بکرێ روی لێوەردەگێڕێ، بانگەوازی بکرێ پشت هەڵدەکا. دەبوایە تۆزێ بیری بکردایەوەو نەختێك لە سروشتی خۆی ورد بویایەوە تابزانێ ﴿**من أي شئ خلقه**﴾ خودا لەچی ئەوی دروستکردوە؟

﴿**من نطفة خلقه فقدرة**﴾ پەروەدگار ئینسانی لە دڵۆپە ئاوێکی پڕو پوچ دروستکردوە، مەزندەی شێوەو روخسارو تەمەن و رزق و رۆژیی کردوە، رێکی خستوەو ئەندامەکانی جەستەی وا دروستکردون بتوانێ

بەویستی خۆی هەریەکەیان بۆ کاری خۆی بەکاربێنێ، هێزو توانـاو عەقلْ و ژیری پێداوە، بۆ ئەوەی بیر لە بونەوەر بکاتەوە، هەست بەنازو نیعمەتەکانی خودا بکا، ئەو ئەندام وئامێرانەی لە شتێك دا بەکار نەهێنێ: کە خودا پیێ ناخۆشە. لە شتێکا بەکاریان بێنێ کە جێگای رەزامەندی خودان.

﴿ثم السبيل يسره﴾ لەرەحەمی دایکی دا دروستی کردوەو رێکی خستووە پاشان بەئاسانی لە منداڵدانی دایکییەوە هێناویەتە دەرەوە.

یان ماناکە بەم جۆرەیە، پەروەدگار ئادەمیزادی لە دڵۆپە ئاوێك دروستکردوە، جەستەی رێکخستووەو عەقلْ و ژیری پیێ بەخشیوە، رێگای چاك وخراپی بۆ لێك جیاکردۆتەوە، ویست وئیرادەی پیێ داوە، کام رێگایە دەگرێ بابیگرێ، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿انا هديناه السبيل امّا شاكراً وامّا كفوراً﴾(الدهر/٣) بەڵێ ئادەمیزاد بە ویست و ئیرادەی خۆی کارەکانی دەکاو بۆ خۆی لێیان بەر پرسیارە.

﴿ثم أماته فأقبره، ثم اذا شاء أنشره﴾ دوای دروستکردنیو رێکخستنی جەستەی بەو شێوە: کە بتوانێ پێداویستی خۆی دابین بکا، پیێ بەخشینی هەستەکان و عەقلْ و ژیری بۆ ئەوەی ئامۆژگاری ببیسێو بیربکاتەوەو رێگای ژیانی خۆی هەڵبژێرێ، ئەمجار دەیمرێنێو دەیخاتە ناو گۆڕەوە ئەمەش بۆ رێزلێنان و قەدرزانی‌یەتی: کە خودا ئادەمیزادی فێری مردو شاردنەوە کردووە، پاشان هەر کاتێك ویستی قیامەت هەڵدەسێنێو مردوەکان زیندو دەکاتەوەو لە گۆڕەکانیان دەریان دێنێ بۆ حیساب و لێکۆڵینەوەو پاداش و سزا.

مردن بۆ خۆی نیعمەتە، عەیب و عاری پیری و نەخۆشی دادەپۆشێ، لەقەبر خستنیش رێز لێنانە بۆ ئادەمیزاد بۆ ئەوەی درندەو باڵندە گۆشتخۆرەکان نەیخۆن و نەبنە مایەی بلاْوبونەوەی و نەخۆشی پیس بوونی

کـەش و هـەوا. زینـدو کردنـەوەش ئەوپـەڕی عەدالـّەتکاریو فـەضلو ئیحسانی خودایە بۆ ئادەمیزاد!!

ئـەمجار لۆمـەی دەکـا لەسـەر کەمتەرخـەمیو سپڵەو پێنـەزانینی. دەفەرموێ: ﴿ كلاّ لما يقض ما أمره﴾ نەخەیر، تائێستا ئادەمیزاد ئـەوەی فەرمانی پێ کراوە ئەنجامی نەداوە، هیچ ئادەمیزادێك لە کەمتەرخـەمیو سەر پێچی خاڵی نیە، بڕێکیان کافرن، بڕێکیـان یـاخی بـوو تاوانکـارن، بڕێکیان کاری وا دەکەن خیلافەلئەولایەو شایستەی پلەو پایەی ئەو نیـە. کەم ئادەمیزاد هەیە ئەوەی خودا داوای لیٚ کردوە ئەنجامی دابێ.

بەراستی ئـادەمیزاد سـەیرو سـەمەرەیەو جێگـای سـەر سـوڕمانە، هەندێکیان ئینکاری هەبوونی خودا دەکـەن، لـە کـاتێك دا ئـەو هـەموو بەڵگەو دەلیلە لەسەر هـەبوونی هـەن لـە ئاسمـان و زەویدا. هـەندێکیان بەرامبەر نیعمەتەکانی سپڵەو پیٚنەزانن، شوکرو سوپاسی ناکەن، دەڵێـن: بەدەست ودوی خۆمان و لـە ئاکـامی هـەوڵ و تەقـەڵلای خۆمـاندا ئـەم شتانەمان بۆ خۆمان دابین کردوە. هـەندێکیان ویـڕای هـەبوونی بەڵگـەو ڕێنمونی بۆخوداپەرستیو هەستکردنیان بەزیانی تاوان لەخودا یاخیدەبن.

بـڕێک لە نیعمەتەکانی خودا کە بۆ ئادەمیزادی ڕەخساندون

فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَىٰ طَعَامِهِ ﴿٢٤﴾ أَنَّا صَبَبْنَا الْمَاءَ صَبًّا
﴿٢٥﴾ ثُمَّ شَقَقْنَا الْأَرْضَ شَقًّا ﴿٢٦﴾ فَأَنبَتْنَا فِيهَا حَبًّا ﴿٢٧﴾ وَعِنَبًا وَقَضْبًا ﴿٢٨﴾
وَزَيْتُونًا وَنَخْلًا ﴿٢٩﴾ وَحَدَائِقَ غُلْبًا ﴿٣٠﴾ وَفَاكِهَةً وَأَبًّا ﴿٣١﴾ مَّتَاعًا لَّكُمْ
وَلِأَنْعَامِكُمْ ﴿٣٢﴾

لەوەپێش هەندێ بەڵگەی لەسەر دەسەڵات و توانای خودا هێنایەوە، برێ لە نیعمەتەکانی رانواندن، ئەمجار برێ لەو نیعمەتانە باس دەکا: کە هۆی درێژە پێدانی ژیانن و بەبێ ئەوان ژیان نابێ. دەفەرموێ: ﴿فلينظر الانسان الى طعامه﴾ با ئادەمیزاد لەو خواردەمەنییە ورد بێتەوە کەمایەی درێژە پێدانی ژیانیەتی، بڕوانێ خودا چۆن ئەو خۆراکەی لەزەوییەکی رەق وتەق بۆ بەدی هێناوە!! لە هەموو جۆرە خواردەمەنیو خوراوەیەك .

﴿أنا صببنا الماء صباً﴾ ئێمە باران لە بەرزایییەوە دەبارێنین بارانێکی زۆر، زەوی پێ ئاو دەدەین، دەنکە تۆمەکانی پێ زیندو دەکەینەوەو چەکەرەی پێ دەکەین و دەیڕوێنین.

﴿ثم شققنا الارض شقاً﴾ ئەمجار زەویمان قەڵشاندەوە بە قەڵشاندنەوە، هەموو ئەو گژوگیایە سەری دەرهێناو روبەری زەویمان پێ رازاندەوە، جۆرەها درەخت و روەك و گژوگیا بە جۆرەها بەروبوم و میوەجات و دانەوێڵە بە رەنگ و تام و بۆنی جیاجیا خۆیان نواندو بەیدەستی ئێوەی ئادەمیزاد بوون، بۆ ئەوەی لەززەتیان لێ ببینن و بیانکەنە بژێوی خۆتان و ئاژەڵەکانتان.

ئەمجار پەروەدگار هەشت جۆر لە درەخت و روەك باس دەکاو دەفەرموێ: ﴿ فأنبتنا فيها حباً﴾ رواندومانە لە زەویداو بەدیمان هێناوە دانەوێڵە وەکوو گەنم وجۆو زوڕات......هتد: کە دەکرێتە قوت وبژێو ﴿وعنباً﴾ ترێی جۆراو جۆر ﴿وقضباً﴾ وێنجەو گژوگیا بۆ ئالفی ئاژەڵەکانتان ﴿وزيتوناً ونخلا﴾ هەروەها داری زەیتون و داری خورماشمان رواندوە ﴿وحدائق غلباً، وفاكهة وأباً﴾ باخی درەخت گەورەو پڕو چڕی زۆرمان دروست کردوە، هەروەها میوەی زۆرو هەمە جۆری وەکوو سێوو

مۆزو قۆخ و هەنجیرو گەلێ میوەی ترمان بەدیهێناوە، هەروەها گژوگیاو لەوەڕگای پێویستمان بۆ ئاژەڵەکانتان دروستکردوە.

﴿ أب﴾ بریتیە لە هەرچی گیاو گژ هەیە: کە ئادەمیزاد نایخواو نایڕوێنێو خۆراکی ئاژەڵ و گیانلەبەرانی ترە. ئەم گژوگیایانەمان بۆ بەدی هێناون ﴿ متاعاً لكم ولأنعامكم﴾ بۆ ئەوەی ببنە قوت و بژێوی خۆتان و ئاژەڵەکانتان و سودیان لێ وەربگرن و لە پاساویان دا سوپاسی خودا بکەن!!

روداوە سامناکەکانی رۆژی قیامەت

فَإِذَا جَآءَتِ ٱلصَّآخَّةُ ﴿٣٣﴾ يَوۡمَ يَفِرُّ ٱلۡمَرۡءُ مِنۡ أَخِيهِ ﴿٣٤﴾
وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ﴿٣٥﴾ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ ﴿٣٦﴾ لِكُلِّ ٱمۡرِيٕٖ مِّنۡهُمۡ يَوۡمَئِذٖ شَأۡنٞ
يُغۡنِيهِ ﴿٣٧﴾ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ مُّسۡفِرَةٞ ﴿٣٨﴾ ضَاحِكَةٞ مُّسۡتَبۡشِرَةٞ ﴿٣٩﴾ وَوُجُوهٞ
يَوۡمَئِذٍ عَلَيۡهَا غَبَرَةٞ ﴿٤٠﴾ تَرۡهَقُهَا قَتَرَةٌ ﴿٤١﴾ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَفَرَةُ ٱلۡفَجَرَةُ ﴿٤٢﴾

لەوەپێش باسی نیعمەتەکانی خودای کرد بەسەر بەندەکانی دا، بەڵگەو نیشانەی جۆراو جۆری هێنانەوە لە بونەوەرو لە خودی ئادەمیزادەکان خۆیان لەسەر قودرەت و توانای بێ سنوری پەروەدگار، ئەمجار دیمەن و کارەساتی ئەو رۆژە رادەنوێنێ بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بیرێك لە خۆیان بکەنەوەو لە هەڵوێستی تاوانکارانەی خۆیان پەشیمان ببنەوە، ئەمجار ئەوە رادەگەیەنێ: کە لەو رۆژەدا ئادەمیزاد دوو تاقمن؛ تاقمی بەختەوەران و تاقمی بەدبەختەکان.

دەفەرموێ: ﴿ فإذا جاءت الصاخة﴾ کاتێك قیامەت رابوو، یان گرمەو ناڵەی قیامەت هات؛ کە گوێچکە دەهاخنێو کەڕی دەکا.

هەڵبەتە وشەی ﴿ صاخة﴾ بەو دەنگە دەگوترێ: کەلە ئاکامی لە یەککەوتنی دووشتی رەقی زۆر گەورە پەیدا دەبێ، چونکە لەو رۆژەدا هێزی کێشندە نامێنێ، قەبارەی خۆرو مانگ و ئەستێرەکان لێك دەدەن، لە مەوە شاخەو گرمەو ناڵەیەکی وا پەیدا دەبێ هەموو گوێچکەیەك کەڕ دەکا. ئەو رۆژە دەستورو یاسای بونەوەر تێکدەچێ و کەس ئاگای لەکەس نامێنێ.

﴿ یوم یفر المرء من أخیه، وأمه وأبیه وصاحبته وبنیه لکل امرئ یومئذ شأن یغنیه﴾ رۆژی قیامەت ئەو رۆژەیە: کە پیاو خۆشەویسترین کەس وکاری خۆی دەبینێ لەبەری هەڵدێ، لەو رۆژە دا پیاو لە بەر برای خۆی و دایك و باوکیو خێزانی و کوڕەکانی هەڵدێ، رۆژی نەفسی نەفسیە، کەس وەسەر کەسی ناپڕژێ، ئەو رۆژە هەموو ئادەمیزادێك کارو مەشغەڵەتێکی وای هەیە ناپڕژێتە سەر کەسی ترو خزم و خۆشەویستی بیرنایەتەوە، ئەگەر بیشیان بینێ خۆیان لیٚ دەشارێتەوەو لەبەریان هەڵدێ، نەوەکوو داوای شتێکی لیٚ بکەن، یان بۆ ئەوەی پیێنەزانن لە چ حاڵەتێکی ناخۆش و ریسوا ئامێزدایە ...

بە کورتی ئینسان لە دونیادا ئەگەر توشی ناخۆشییەك دێ، هانا بۆ خزم و کەس و کاری نزیکی دەبا بە هانایەوەبێن، بەلاٚم لە قیامەت دا بە پێچەوانەوە ئینسان لەبەر خزم و کەس وکاری خۆی هەڵدێ، چەندێك لە ناخۆشیدابێ هانا بۆ خزم وخۆشەویستەکانی نابا، نەوەکوو ئەوان داوای یارمەتی لیٚ بکەن و وەندەی تر باری گرانی قورس تر بکەن! یان نەوەکوو ئەوان بەو شەرمەزارییە چاویان پێ بکەوێ!!

دەتوانرێ بگوترێ: لەو رۆژەدا کەس گرنگی بە کەس نادا، هەر کەسە مەشغوڵی خۆیەتیو رۆژی نەفسی نەفسی یە، چونکە رستەی ﴿ لكل امرئ يومئذ شأن يغنيه﴾ ئاماژە بەوە دەکا. ئەبو حاتەم ونەسائیو تیرمیذی لە ئیبنو عەبباسەوە دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ فەرموی: (تحشرون حفاة عراة غرلاً) ئێوە رۆژی قیامەت بە پێخواسی و روتی و خەتەنە نەکراوی حەشر دەکرێن، یەکێ لەخێزانەکانی وتی: ئەی پێغەمبەری خودا بۆچی لەو رۆژەدا عەورەتی یەکتری دەبینین؟ یان ئایا لەو رۆژەدا سەیری شەرمگای یەکتری دەکەین؟ لە وەڵامدا پێغەمبەرﷺفەرموی: ﴿لكل امرئ يومئذ شأن يغنيه﴾ .

ئەمجار پەروەدگار ئادەمیزادەکانی سارای مەحشەر دەکاتە دوو تاقم و دەفەرموێ: ﴿ وجوه يومئذ مسفرة، ضاحكة مستبشرة﴾ زۆر روخسارو دەم وچاو گەشاوەو درەوشاوەن، پێدەکەنن و مژدە بەیەکدی دەدەن و تەڕ دەماخ و کەیف خۆشن. چونکە دەزانن خودا چ نازو نیعمەتێکی بۆ داناون. ئەوانە خودا پێداوو بەختەوەرە بەهەشتییەکانن.

﴿ ووجوه يومئذ عليها غبرة ترهقها قترة أولئك هم الكفرة الفجرة﴾

زۆر دەم و چاوی تر هەن، لەو رۆژەدا ناشرین و تەپ و تۆزاوی، رەنگیان رەش هەڵگەڕاوەو جۆش داماون، چاو بەرەو ژێرو ریسوا، هیوا بڕاوو خەفەتبار، ئەوانە کافرو خودا نەناسەکانن، ئەوانەی بڕوایان بە هەبوونی خودا نەبوو، پەیامی پێغەمبەرانی خودایان رەتکردەوە، تاوانی گەورەی تریان ئەنجام دا هەم کافربون و هەم فاجر. هەڵبەتە وێڕای هەبوونی ئەم دوو تاقمە تاقمی تریش هەن: کە نەوەندە بەختەوەرن نە ئەوەندەش چارە رەشن. هەندێکیان بە عەزابێکی کەم و هەندێکیان بە شەفاعەتی پێغەمبەرو هەندێکیان بە هۆی شتی ترەوە: کە خودا بۆ خۆی دەزانێ، رزگاریان دەبێ.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (التكوير)

ئەم سورەتە مەککیەو بیست ونۆ ئایەتــە. لـە دوای سـورەتی (**مسد**) هاتۆتــە خـوار. نـاونراوە سـورەتی تـەکویر، چونکــە ســەرەتاکەی بــە ﴿**اذا الشمس كورت**﴾ دەستی پێ کردوە. پەیوەندی و موناســەبەی ئــەم سورەتە بە سورەتی پێشوویەوە لە چەند رویەکەوەیە: کە لە بارەی رابوونی قیامەت و دیمەنە ترسناکەکانی دەدوێ.

سورەتی (التكوير)

بسم الله الرحمن الرحيم

إِذَا ٱلشَّمْسُ كُوِّرَتْ ﴿١﴾ وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتْ ﴿٢﴾ وَإِذَا ٱلْجِبَالُ
سُيِّرَتْ ﴿٣﴾ وَإِذَا ٱلْعِشَارُ عُطِّلَتْ ﴿٤﴾ وَإِذَا ٱلْوُحُوشُ حُشِرَتْ
﴿٥﴾ وَإِذَا ٱلْبِحَارُ سُجِّرَتْ ﴿٦﴾ وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتْ ﴿٧﴾ وَإِذَا
ٱلْمَوْءُۥدَةُ سُئِلَتْ ﴿٨﴾ بِأَيِّ ذَنۢبٍ قُتِلَتْ ﴿٩﴾ وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتْ
﴿١٠﴾ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ كُشِطَتْ ﴿١١﴾ وَإِذَا ٱلْجَحِيمُ سُعِّرَتْ ﴿١٢﴾ وَإِذَا ٱلْجَنَّةُ
أُزْلِفَتْ ﴿١٣﴾ عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّآ أَحْضَرَتْ ﴿١٤﴾

دەفەرموێ: ﴿إذا الشمس كورت﴾ ئەو کاتەی خۆر دەپێچرێتەوەو لول دەکرێو نورو روناکی نامێنێو نیشــانەی وێرانبوونــی بونــەوەرو رابوونــی

قیامەتـە ﴿واذا النجـوم انكـدرت﴾ كـاتێك ئەسـتێرەكان هـەڵوەرین و پەرت و بڵاوبوونەوە، ﴿واذا الجبال سیرت﴾ وەختێـك كێوەكـان لـە بێـخ هەڵكـەندران و بـوون بـە تـەپ وتـۆزو بەهـەوادا ڕۆیـەندران، وەكـوو لەئایەتێكی تردا دەفەرموێ:﴿وسیرت الجبال فكانت سراباً﴾(النباء/٢٠) یان دەفەرموێ: ﴿ویوم نسیر الجبال وترى الأرض بارزة﴾(الكهف/٤٧) .

هەروەها ﴿واذا العشار عطلت﴾ كاتێك حوشتری ئـاوس و سـكپڕ كـە لای عەرەب بە نرخـترین مـاڵ وسـامانە بـەڕەڵڵا كـراو گوێـی پێـتـەدراو كەس سەرپەرشتی نەكرد.

﴿واذا الوحوش حشرت﴾ كاتێك جانەوەران هەموویان كۆكرانەوە بـۆ داداگایی كردنیان و تۆڵە لێستاندنیان، یان هەموویان مرێندران .

﴿واذا البحار سجرت﴾ كـاتێك دەریاكـان بـە هـۆی بومەلـەرزەوەو بوركانی ناوسكی زەوییەوە بوونە ئاگرو داگیرسان و سەر ڕێژیان بـۆ سـەر یەكتر كردو بوون بە یەكپارچە ئاگری سەرتاسەری و هەموو سەر زەوی بوو بە ئاگر. وەكوو لـە ئایـەتێكی تـردا دەفـەرموێ: ﴿واذا البحار فجرت﴾ (الانفطار/٣) یان دەفەرموێ: ﴿والبحر المسجور﴾(الطور/٦).

﴿ واذا النفوس زوجت﴾ ئەو دەمەی گیانەكان لەگـەڵ جەسـتەكانیان یەك دەگرنەوەو زیندو دەكرێنەوە.

﴿واذا المـوءودة سـئلت، بـأي ذنـب قتلـت﴾ كـاتێك كچـە زیندە بەچاڵكراوەكان زیندو كرانەوەو پرسیاریان لێ كرا، بۆچی كـوژراون؟! لـە پێـش هـاتنی ئیسـلام دا داب و نـەریتی هـەندێ خێڵـی عـەرەب وابـوو پێیـان شـەرم بـوو كچیـان هـەبێ، بۆیـە: كـە كچیـان دەبـوو بـەزیندویی دەیانخسـتە گـۆڕەوە. بـە ڕاسـتی ئەمـە گـەورەترین تـاوان بـوو بەرامبـەر مرۆڤایـەتی بەگشـتی و ڕەگـەزی مێینـە بـە تایبـەتی ئەنجامیان دەدا!!

ئەوە ئیسلام بوو ئەو ستەم و تاوانەی قەلاچۆکردن، ئازادی بە چینی ئافرەت و چەوساوەکانی تر دا و لەزوڵم و ستەم رزگاری کردن، وردە وردە یاسای کۆیلایەتی‌و دەماگیری‌و خێلایەتی بنەکەن کردو هەرەسی بە کورسی و دام و دەزگای ملهورەکان هێنا. یاسای مرۆڤدۆستی‌و یەکسانی نێوان ئادەمیزادی دامەزراند!!!

رۆژی قیامەت ئەو کچۆڵە بەستە زمانانە زیندو دەکرێنەوە، پرسیاریان لێ دەکرێ: لە پای چی کوژراون؟ بۆچی و لەسەر چی زیندە بە چاڵ کراون؟ جا: کە پرسیار لە ستەم لێکراو بکرێ ئەی دەبێ پرسیارو لێکۆڵینەوە لەگەڵ ستەمکاردا چۆن بێ؟

﴿واذا الصحف نشرت﴾ کاتێك نامەی عەمەل بەسەر ئادەمیزاد دا لەسارای مەحشەر دابەش دەکرێ‌و هەر کەسە نامەی خۆی دەدرێتێ.

﴿واذا السماء کشطت﴾ کاتێك ئاسمان شەق و پەق بوو، داماڵێندراو لابرا هیچی لێ نەمایەوە. وەکوو چۆن ئاژەڵ کەوڵ دەکرێ و پێستەکەی لادەبرێ.

﴿واذا الجحیم سعرت﴾ وەختێك دۆزەخ هەڵگیرسێندراو خرایە جونبوش و کڵەوو جۆشی گەرمییەوە ﴿واذا الجنة ازلفت﴾ کاتێك بەهەشت نزیك خرایەوە لە خودا پەرستان ... ئەو کاتە ﴿علمت نفس ما أحضرت﴾ هەموو نەفسێك دەزانێ چی‌حازر کردووە بۆ ئەو رۆژە .

ئەم دیاردانەی لەم کۆمەڵە ئایەتەدا ئاماژەیان پێ کرا، هەندێکیان پێش زیندوبوونەوە ڕو دەدەن. هەتا لێیان وردبیەوە سامناك و سەرنج راکێشن، ترس وبیم دەخەنە دڵ و دەروونەوەو هەست و خەیاڵ بۆی کۆنترۆڵ ناکرێن. هەتا بیری لێ بکەیەوە پتر سەرسام دەبێ. هەرەشەو ئینزارکردنی ئادەمیزادە بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکا بۆ ئەو رۆژە و هەوڵ بدا رێگای سەرفرازی بۆ خۆی دەستەبەربکا.

سوێند خواردن لەسەر راستی پێغەمبەرێتی حەزرەتی (محمد)ﷺ و راستی پەیامەكەی

فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ ﴿١٥﴾
ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ ﴿١٦﴾ وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ ﴿١٧﴾ وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ ﴿١٨﴾
إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ﴿١٩﴾ ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ ﴿٢٠﴾ مُّطَاعٖ
ثَمَّ أَمِينٖ ﴿٢١﴾ وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجۡنُونٖ ﴿٢٢﴾ وَلَقَدۡ رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡمُبِينِ
﴿٢٣﴾ وَمَا هُوَ عَلَى ٱلۡغَيۡبِ بِضَنِينٖ ﴿٢٤﴾ وَمَا هُوَ بِقَوۡلِ شَيۡطَٰنٖ رَّجِيمٖ ﴿٢٥﴾
فَأَيۡنَ تَذۡهَبُونَ ﴿٢٦﴾ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴿٢٧﴾ لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن
يَسۡتَقِيمَ ﴿٢٨﴾ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٢٩﴾

وەكوو لەوە پێش چەند جارێك ئاماژەمان پێ كردوە لە ناو عەرەب دا واباو بووە، ئەگەر یەكێك بیویستایە لەسەر شتێكی ئاشكرا سوێند بخوا، دەیگوت: ﴿ لاأقسم﴾ واتە: سوێند ناخۆم چونكە شتەكە ئەوەندە ئاشكرایە، سوێند لەسەر خواردنی ناوێ. جا یان وشەی (لا) زێدەیە، یان وەلامی قسەیەكی پێشووە، یان لەسەر مانای خۆیەتیو بۆ نەفیە.

بەكورتی رستەی (لا أقسم) سێ مانای هەیە. وەكوو لەوە پێش و لەسەرەتای سورەتی (القیامة) دا ئاماژەمان بۆ كرد.

دەفەرموێ: ﴿فلا أقسم بالخنس، الجوارى الكنس﴾ سوێند ناخۆم بە هەموو ئەو ئەستێرانەی بە رۆژ بە هۆی تیشکی خۆرەوە دیار نامێنن، رۆژی جارێك لەگەڵ خۆردا دەورەیەکی زەوی تەواو دەکەن و هەریەکەیان لە چەمەرەی خۆیدا هاتوچۆدەکا، بەشەو لە خۆر هەڵاتەوە سەر دەردێننەوە وەکوو چۆن ئاسك لە لانەو هێلانەی خۆیەوە سەر دەردێنێ... پەروەدگار بۆیە سوێندی بەو ئەستێرانە خوارد چونکە لە دیاردەی بەدەرکەوتن و خۆشاردنەوەیان دا بەڵگەی جۆراو جۆر هەن لەسەر دەسەڵاتی رەهای بەدیهێنەرەکەیان.

جەماوەری زانایان دەفەرموون: مەبەست بەو ئەستێرانە ئەستێرە گەڕۆکەکانن، هەندێکیشیان پێیان وایە جگە لە مانگ و خۆر هەموو ئەستێرەکان دەگرێتەوە.

﴿والليل اذا عسعس، والصبح اذا تنفس﴾ سوێندم بە شەو کاتێك بەتاریکی خۆی هێرش دێنێ، یان کاتێك پشت هەڵدەکاو بەرەو کۆتایی دەڕوا، (هەردوماناکە دەگونجێن) سوێندم بە بەیانی کاتێك شەبەق دەداو ئاسۆ روناك دەکاتەوەو بەدەم هەموو شتێکەوە پێ دەکەنێ.

﴿انه لقول رسول كريم﴾ قورئان کەلامێکە فرستادەیەکی گەورە گەیاندویەتی، وتەیەکە جوبرائیلی ئەمین لە خوداوە بە نیگا هێناویەتی بۆ لای پێغەمبەری خودا کە حەزرەتی موحەممەدە ﷺ، قسەو ئاخاوتنی ئادەمیزاد نیە، کەلامی خودایەو بە جوبرائیل دا ناردویەتی بۆ پێغەمبەرﷺ تا ئەویش بە ئادەمیزادو پەری رابگەیەنێ.

﴿ذى قوة عند ذي العرش مكين، مطاع ثمّ أمين﴾ ئەو فروستادەی قورئانی پێدا نێردراوە بۆ پێغەمبەرﷺ. کە حەزرەتی جوبرائیلە، خاوەنی هێزو توانای تەواوە، لە ژیرو بیرو تێفکرین دا، خاوەنی رێزو نرخە، لای خودای خاوەن عەرش پلەو پایەی بەرزە، لە ناو پێڕی فریشتەی باڵادا

قسە رۆیشتووە، پرسی پێ دەکەن و بەقسەی دەکەن، لە فریشتە ڕێزدارو نزیکەکانی بارەگای ئەقدەسە. ئەمینداری هێنانی نیگاو سروشە بۆ پێغەمبەران و گەلێك کاری تریشی پێ سپێراوە. ئەمە صیفەت و ڕەوشتی فروستادەی نیگاهێنەرە: کە جوبرائیلە.

ئەمجار دێتە سەر باس وبەیانکردنی صیفەتی نیگا بۆ هاتوو: کە حەزرەتی موحەممەدە دەفەرموێ: ﴿**وما صاحبكم بمجنون**﴾ ئەی دانیشتوانی مەککە؛ موحەممەد ﷺ کە لە مێژە شارەزای ئەخلاق و ڕەوشتینی و پێغەمبەری ئاخر زەمانە بۆ سەر ئێوەو هەموو ئادەمیزاد ڕەوانەکراوە، شێت و وێت نیە. بەڵکوو هەڵبژاردەی ئێوەو هەموو ئادەمیزادە، عاقڵترین و کامڵترین ئادەمیزادە.

وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**اولم يتفكروا ما بصاحبهم من جنة ان هو الا نذير مبين**﴾(الاعراف/١٨٤) ، بەکورتی ئەو موحەممەدەی: کە لەمنداڵیەوە دەیناسن و شارەزای ڕەوشت و هەڵس و کەوتینی، لەسەرەخۆو ژیرو عاقڵ و هۆشمەندە، تائێستا هیچ خراپەیەکتان لێنەدیوە، ئێستا کە تەمەنی چل ساڵەو دەڵێ: پێغەمبەری خودام و باسی ڕۆژی دواییتان بۆ دەکاو مژدەی بەهەشتتان پێ دەداو لە عەزابی دۆزەخ دەتانترسێنێ، بەڵگەو دەلیلی بە هێزی بە دەستەوەن و موعجیزەی گەورە دەنوێنێ. چۆن پێی دەڵێن: شێتە، بە چ عەقڵێك قورئان بەسیحر دەزانن و چۆن دەڵێن جندۆکەو شەیاتینی فێری دەکەن.؟

﴿ **ولقد رآه بالأفق المبين**﴾ بێگومان حەزرەتی موحەممەد جوبرائیلی لەسەر شێوەی خۆی بینی، شەشصەد باڵی هەبوو، لە ئاسۆی ڕوناك و ئاشکراوە چاوی پێکەوت، لە ئاسۆی خۆرەوە لەلای خۆر هەڵاتەوە بینیو زانیاری تەواوی بۆ پەیدا بوو: کە ئەو زاتە فریشتەی خودایەو نیگای بۆ

دێنیێ. ئەم بینینــەی پێغەمبــەرﷺ: کــە جوبرائیلــی بینــی دوای بینینــی یەکەمجارو سەرەتای هێنانی نیگایــە. کــە لــە خــوار ئەشــکەوتی حــیرادا بینی و چاوی پێکەوت.

هەندێك پێیان وایە: ئەم بینینە لە لای (سدرة المنتــهی) بــووە. وەکــوو لەشوێنێکی تردا دەفــەرموێ: ﴿**ما کذب الفؤاد مار ای افتمارونه علی مایری، ولقد رآه نزلة اخری عند سدرة المنتهی**﴾(النجم/١١-١٤) .

﴿**وما هو علی الغیــب بضنــین**﴾ موحەممــەدﷺ دەربــارەی ئــەو نیگــاو سروشــەی لــە خــوداوە بــۆی دێ رژدو چــروك نیــــە، کەمتەرخــــەم نیــــە لەگەیاندن و فێرکردنی نیگــاو ســروش دا، بــەرێك وپێکــی و بەدڵســۆزی ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام دەدا. ئەحکامی ئایین فێری مەردووم دەکــاو هیچی لیٚ زیادو کەم ناکــا، بتمانــە پێکــراوەو لــە خۆیــەوە هیــچ نــاڵێ، هیچی لیٚ ناگۆڕێ.

﴿**وماهو بقول شیطان رجیم**﴾ قورئان قسەی شەیتان نیــە، شــەیاتینی نەیان دزیوەو بە تیر ئەستێرە رەجم کرابن، قورئان: کە پەیامی موحەممەدە نەشیعرەو نەسیحرەو نە فــاڵ و کۆڵــەوە نانیٚــە. وەکــوو ئێــوە بوختــانی بــۆ دەکــەن. بــەڵکوو نیگــاو سروشــی خودایــە بــە جوبرائیــــل دا بــۆی نــاردوە، وەکــوو لــە ئایــەتێکی تــردا ئاماژەبــەوە دەکــــاو دەفــــەرموێ: ﴿**وما تنزلت به الشیاطین، وما ینبغی لهم وما یستطیعون، انهم عن السمع لمعزولون**﴾(الشعراء/٢١٠-٢١٢) .

﴿**فأین تذهبون**﴾ بۆ کوێ دەڕۆن و چ رێگەیــەکی نــاقۆڵا دەگرنــە بــەر؟ پێغەمبەرﷺ لەکوێو ئــەم بــیرو بۆچوونــە ناقولایانــەی ئێــوە لــە کــوێ؟! چۆن و بەچ عــەقڵێك قورئــان بــەدرۆ دەخەنــەوە؟! لــە کاتێکــا ئاشــکراو نمایانە: کە قورئان حەقەو لە خوداوە هاتووە.

﴿ان هو الا ذكر للعالمين، لمن شاء منكم أن يستقيم﴾ ئه‌م قورئانه ئامۆژگاری‌و بیرخه‌ره‌وه‌ی ئاده‌میزاده به گشتی، بیر هێنه‌ره‌وه‌ی ئاده‌میزاده بۆ شتێك: كه له سروشتیان دا هه‌یه: كه بریتیه له چاكه، وه‌لیٚ ئاره‌زۆبازی‌و بانگه‌شه‌ی كوفرو ئیلحادو نه‌خۆشییه كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كان له‌یادیانی بردۆته‌وه. بیرخه‌ره‌وه‌یه بۆ كه‌سێك: كه بیه‌وێ ڕێبازی راست بگرێته‌به‌ر، بۆ خۆیان ئاماده‌باشیان تێدایه بۆ چاكه‌و چاكه‌كاری، حه‌زیان لیٚیه پابه‌ندی حه‌ق و خوداپه‌رستی‌بن. به‌ڵام ئه‌وانه‌ی بۆ خۆیان ئاماده‌باشی چاكه كردنیان تێدانیه‌و هه‌میشه به‌نده‌ی گوێ له‌مستی ئاره‌زۆكانیانن، ئه‌وانه قورئان كاریان تێناكاو له خه‌وی گرانی خۆیان بێداریان ناكاته‌وه.

﴿وما تشاؤون الا أن يشاء الله رب العالمين﴾ ئێوه ئه‌ی موشریكه‌كان: ئاره‌زۆی ڕێبازی حه‌ق وراست ناكه‌ن، مه‌گه‌ر خودای بونه‌وه‌ر حه‌ز بكا ڕێگای راست بگرنه‌به‌ر واته: به زۆر بتانخاته سه‌ر ڕێبازی راست. به‌م ره‌نگه له ئاسمانه‌وه یه‌كه یه‌كه نامه‌تان بۆ بنوسرێ به پیت و نووسینی ره‌وان تێیدا نوسرابێ له خوداوه بۆ فلانی كوڕی فلان. موحه‌ممه‌د پێغه‌مبه‌ری منه‌و باوه‌ڕی پیٚ بكه. په‌یامه‌كه‌ی راسته‌و په‌یڕه‌وی بكه. ئه‌گه‌ر وابوایه هه‌موو كه‌سێك به ناچاری بڕوای به پێغه‌مبه‌ر ده‌كرد ئه‌و كاته ئیختیارو سه‌ر به‌خۆیی مرۆڤ له ئیمانهێنانه‌كه‌دا نه‌ده‌ما. ده‌ی خۆ رۆژی قیامه‌ت سزاو پاداش به‌ری ئه‌و كرده‌وانه‌یه: كه مرۆڤ به ئاره‌زۆی خۆی ئه‌نجامیان ده‌دا.

لێره‌دا پێویسته ئاماژه به راستییه‌ك بكه‌ین و سه‌رنجێك له ئایه‌تی ﴿ان هو الا ذكر للعالمين﴾ بده‌ین. ئاشكرایه ئه‌م سوره‌ته هه‌مووی مه‌ككییه‌و له مه‌ككه هاتۆته خوارێ، ئه‌م ئایه‌ته‌ش جه‌خت له‌سه‌ر ئه‌وه ده‌كاته‌وه: كه بانگه‌وازی ئیسلامی هه‌ر له سه‌ره‌تاوه بانگه‌وازێكی

جیهانی بووەو ئاڕاستەی هەموو کەس کراوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەمکوتانەوەی دوژمنانی ئیسلام و پێغەمبەرەﷺ ، رەتکردنەوەی بیروبۆچوونی هەموو ئەوانەیە: کە دەڵێن: پێغەمبەرﷺ تا لە مەککە بووەو موسوڵمانان بێ هێزبوون هەر ئیدیعای پێغەمبەرایەتی عەرەبەکانی کردوەو خۆی بە پێغەمبەرێکی ناوچەیی‌و نەتەوەیی لە قەڵەم داوە: دوایی کە کۆچی کردوە بۆ مەدینەو موسوڵمانان بە هێزبوون، ئەمجار ئیدیعای پێغەمبەرێتی هەموو جیهانی کردوە!

بەراستی ئەم ئایەتەو نمونەکانی بەڵگەیەکی بەهێزن بۆ پوچوڵکردنەوەی ئەو جۆرە بۆچونانە ئەگەر وابوایە دەبوو ئەو جۆرە ئایەتانە هەر لە سوڕەتە مەدینەیی‌یەکان دا هەبوونایە بەڵام ئەوەتا لە سوڕەتە مەککییەکانیش دا ئەم جۆرە ئایەتانە هەن و هەندێکیان هەر لەسەرەتای هاتنەخوارەوەی قورئان و پەیدابوونی ئیسلام دا هاتوونە خوارێ، وەکوو لەم سورەتە داو لەسورەتی (یوسف، ص، قلم) دا دەبیندرێن. بەتایبەتی سورەتی قەڵەم: کەلە بەرەبەیانی هاتنە خوارەوەی قورئان دا هاتۆتە خوارێ.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الإنفطار)

ئەم سوڕەتە مەککییەو نۆزدە ئایەتەو دوای سوڕەتی (نازعات) هاتۆتە خوارێ. ناوی نراوە سورەتی (الانفطار) چونکە بە ئایەتی ﴿اذا السماء انفطرت﴾ دەستی پێ کراوە. ئەم سوڕەتەش وەکوو سوڕەتی تەکویر باسی دیمەن و رووداوەکانی رۆژی قیامەت دەکا: کە بڕوابوون پێیان بە شێکن لە بنەمای عەقیدە.

سورەتی (الإنفطار)

بسم الله الرحمن الرحيم

إِذَا السَّمَاءُ انفَطَرَتْ ﴿١﴾ وَإِذَا الْكَوَاكِبُ انتَثَرَتْ ﴿٢﴾ وَإِذَا الْبِحَارُ
فُجِّرَتْ ﴿٣﴾ وَإِذَا الْقُبُورُ بُعْثِرَتْ ﴿٤﴾ عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ
وَأَخَّرَتْ ﴿٥﴾ يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ ﴿٦﴾ الَّذِي
خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ ﴿٧﴾ فِي أَيِّ صُورَةٍ مَّا شَاءَ رَكَّبَكَ ﴿٨﴾

دەفەرموێ: ﴿اذا السماء انفطرت واذا الكواكب انتثرت﴾ وەختێك ئاسمان شەقار شەقار بوو، بەم رەنگە هێزی كێشندە نەماو دەستوورو یاسای ئاسمانەكان تێكچوو، ئەو كاتە ئەستێرەكان ـ دوای شەقبوونی ئاسمان ـ لێك بڵاوبوون و هەڵوەرین، دیارە ئەو كاتە زەویش دەكەوێتە جونبوش و تەكاندان و بەیەكا هاتن، دەریاكان دەكەونە شەپۆلدان و تێكەڵاو بەیەكتر دەبن و زەوی دادەپۆشن، وەكوو دەفەرموێ:

﴿واذا البحار فجرت﴾ ئەو كاتەی دەریاكان تێكەڵ بەیەك دەبن و سەراپا گڕ دەگرن و دەبنە یەكپارچە ئاگر، ﴿واذا القبور بعثرت﴾ گۆڕی مردوەكان هەڵەوگێڕ كران، چی لەناو سكی زەوی‌دایە لە مردو دەر دەكەوێ و مردووەكان زیندو دەكرێنەوە، واتە: كە ئەم روداوە سامناكانە رویان داو ئەم نیشانانەی رابوونی قیامەت هاتنەدی، بە تەواوی بونەوەر تێكچوو، ئەوكاتە.

﴿علمت نفس ما قدمت وأخرت﴾ هەر کەسە کردەوەی خۆی دێتەوەڕێو دەزانێ چ کردەوەیەکی لە پێش خۆیدا ناردوە لە خێرو شەڕ. چی دوا خۆی خستووە بە شوێنی دا بچێ!! وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: **﴿ ینبأ الانسان یومئذ بما قدم واخر﴾**(القیامة/١٣) .

دوای بەیانکردنی شێوەی دونیا وێرانبون و رانواندنی هەندێ لە دیمەنەکانی؛ ئەمجار پەروەدگار سەرزەنشتی ئادەمیزاد دەکا لەسەر کەمتەرخەمیو تەمبەڵی لە ئەنجامدانی کاری خێرو سپڵەیی و ئینکاریکردنی لە بەرامبەر نیعمەتەکانیدا.

دەفەرموێ: **﴿یا أیها الانسان ما غرك بربك الکریم الذی خلقك فسواك فعدلك﴾** ئەی ئادەمیزاد: کە بەهۆی ژیریو لێهاتوییتەوە بویتە جێنیشینی خودا لەسەر زەوی، چی تۆی فریب داوەو چۆن جەسارەتی ئەوە دەکەی لە خودای کەریم و بەخشندەی خۆت یاخی ببێ، ئەو خودایەی لە دڵۆپە ئاوێك دروستی کردویو رێکی خستوی، بەژن و باڵای جوان و رەنگ و روخساری شیرینی پێ بەخشیوی. لەجوانترین شێوەو دیمەن دا دروستی کردوی. هەست و شعورو عەقڵی پێداوی .

﴿في أی صورة ماشاء رکبك﴾ لە جوانترین و رێك و پێکترین شێوەیەك: کە خودا خۆی پەسندی کردووە پێکی هێناوی، ئەتۆ بۆ خۆت شێوەو روخساری خۆت هەڵنەبژاردوە پەروەدگار بەو جوانیو قۆزییە دایڕشتووی. وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: **﴿لقد خلقنا الانسان فی احسن تقویم﴾**(التین/٤). دەی خودایەك ئەوەندە بە رەحم و خاوەن بەزەییبێ، ئەو هەموو نیعمەتە جۆراو جۆرانەی بەسەردا رشتووی. چۆن هەروا بە رەڵلات دەکاو وازت لێ دێنێ چۆن پاداشتی چاکەو تۆڵەی خراپەت لێ ناسێنینەوە.

سپڵەیی ئادەمیزادو ئینکاریکردنیان بۆ نیعمەتەکانی خوداو چاو دێری فریشتە بەسەریانەوە

كَلَّا بَلْ تُكَذِّبُونَ بِالدِّينِ ﴿٩﴾ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ ﴿١٠﴾ كِرَامًا
كَاتِبِينَ ﴿١١﴾ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ﴿١٢﴾ إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ ﴿١٣﴾ وَإِنَّ
الْفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٍ ﴿١٤﴾ يَصْلَوْنَهَا يَوْمَ الدِّينِ ﴿١٥﴾ وَمَا هُمْ عَنْهَا بِغَائِبِينَ
﴿١٦﴾ وَمَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ ﴿١٧﴾ ثُمَّ مَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ
﴿١٨﴾ يَوْمَ لَا تَمْلِكُ نَفْسٌ لِنَفْسٍ شَيْئًا وَالْأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِلَّهِ ﴿١٩﴾

لەوە پێش نیشانەکانی رابوونی قیامەتی بەیانکردن، نیعمەتەکانی خۆی بەسەر بەندەکانی ژماردن، سپڵەیی ئادەمیزادی بەرامبەر ئەو نیعمەتانە راگەیاند؟ ئەمجار هۆکاری ئەو سپڵەیی‌یە دیاری دەکا دەفەرموێ:

﴿كلا بل تكذبون بالدين﴾ ئێوە چی‌تر بە کەرەم و لێبوردەیی خودا لێتان لە خۆتان بایی مەبن، مۆڵەتدانی خودا مەکەنە هۆی درێژە دان بە کوفرو ئیلحاد، هیچ هۆکارێك نیە بۆ یاخی بونتان، ئەگەر بەتەمای میهرەبانی خودان، دەبوایە میهرەبانی خودا کێشتان بکا بۆ بڕوا کردن و ئیمانهێنان بە خوداو بە رۆژی دوایی. کەچی ئەوەی لێی نەترسن و بیری لێ نەکەنەوە رۆژی قیامەتە. بەڵکوو هاتنی رۆژی قیامەت بەدرۆ دەزانن، ترسی سزاو تۆڵەی ئەو رۆژەتان نیە، ئەگینا دەبوایە داچڵەکینایەو لەترسی حیساب و سزای ئەو رۆژە خۆتان لە

خراپەکاری بپاراستایە، دەبوایە ترسی عەزابی ئەو رۆژە ئێوەی هەڵبنایە بۆ ئیمانهێنان و خودا پەرستی!

ئەمجار هەڕەشەی زیاتریان لیٚ دەکاو دەفەرمویٚ: ﴿وإنّ عليكم لحافظين، كراماً كاتبين، يعلمون ما تفعلون﴾ بێگومان بەسەرتانەوە هەیە چەند فریشتەیەکی ئاگادارو وریا، دەرونیان پاك و بیٚگەردە، هیچیان لەبیر ناچیٚو لیٚتێك ناچیٚ، کەوابیٚ کاری ناشرین ئەنجام مەدەن، چونکە هەرچی بکەن، لەسەرتانی تۆمار دەکەن، گوفتارو کردەوەتان دەنووسن، هەرچی بکەن لە چاکەو خراپە ئەوانە ئاگادارن و پیٚی دەزانن! وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرمویٚ: ﴿عن اليمين وعن الشمال قعيد، ما يلفظ من قول الا لدية رقيب عتيد﴾(ق/١٧-١٨).

ئیبنو ئەبی حاتەم لە موجاهیدەوە نەقلٚ دەکاو دەڵیٚ: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (اكرموا الكرام الكاتبين، الذين لايفارقونكم الا عند احدى حالتين: الجنابةو والغائط. فأذا أغتسل أحدكم فليستتر جرم حائط أو بغيره، او ليستره أخوه)[1] رێز لە فریشتەی سەرشانتان بگرن! کەلێتان جیانابنەوە مەگەر لە حاڵەتی لەش پیسیو دەست بە ئاو گەیاندن دا هەرکاتیٚ خۆتان شوشت دیوارێك یان شتێکی تر بکەنە پەردەو حەشارگە، یان بایەکێك پەردەت بۆ بگرێتەوە.

پێویستە هەموو موسوڵمانێك بڕوای وابیٚ:کە هەرچی کرداروگوفتاری بەندەکان هەیە لەلایەن فریشتەکانەوە تۆمار دەکریٚو لە خودا گوم نابیٚ، رۆژی قیامەت کەس‌ناتوانیٚ حاشا لەهیچ کردەوەیەکی بکا،ئیتر پێویست ناکا ئێمە بزانین ئەم تۆمار کردنە چۆنەوچۆن نیە. ئەوە شتێکی‌غەیبی‌یەو هەر خودا دەزانیٚ چۆنەو ئەنجامدانیشی بۆ خودا کارێکی ئاسانە.

---

(١) ئەم فەرمودەیە تیرمذی لە (کتاب)ی (الادب) دا (٤٤) حدیثی ژمارە (٢٨٠٠) ریوایەتی کردووە .

ئەمجار لەو رۆژەدا ئادەمیزاد دەبنە دوو تاقم، پێرێکیان بەختەوەرو خۆشنود، کۆمەڵێکیشیان بەدبەخت و چارە ڕەش. وەکوو دەفەرموێ:
﴿ان الابرار لفی نعیم وان الفجار لفی جحیم، یصلونها یوم الدین﴾ خودا پەرستان و چاکان لەناو بەهەشت دان، تاوانباران لە دۆزەخدان رۆژی جەزا دەچنە ناوییەوە، بە ئاگری سوتێنەری دۆزەخ دەسوتێندرێن و عەزابی سەخت و دژواری دەچێژن و رزگار بوونیان نیە. ئەمەش لە تۆڵەیهەڵوێستی ناشرین و بەدرۆخستنەوەیان بۆ پەیامی پێغەمبەر!

﴿وماهم عنها بغائبین﴾ ئەوانە لە دۆزەخ جیانابنەوەو عەزابی سەخت و دژواریان لە کۆڵ نابێتەوەو بۆشیان سوك و کەم ناکرێتەوە، بەڵکوو بۆ هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە ، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ:
﴿وماهم بخارجین منها﴾(البقرة/١٦٧) .

ئەمجار وەصفێکی کورتی سامناکی رۆژی قیامەت دەکاو دەفەرموێ:
﴿وما أدراك مایوم الدین، ثم ما ادراك مایوم الدین؟﴾ ئەتۆ چوزانی رۆژی قیامەت چۆنە، رۆژی سزاو تۆڵە چیە؟ دووبارە تۆ چی لە رۆژی پاداش و سزا دەزانی؟ دووجار رستەکەی دووبارە کردەوە بۆ زێدە گرنگی پێدان و سامناکی، ئەگەر ئادەمیزاد بەراستی هەستی بە ترسناکی ئەو رۆژە بکردایەو بیزانیایە بەڵاو کارەساتەکانی ئەو رۆژە چۆنن، ساتە وەختێك لە طاعەتی خودا بێ ئاگا نەدەبوو؛ بەتەواوی لە تاوان و ستەمکاری دوور دەکەوتەوە، وەلێ ئادەمیزاد لە غەفڵەت وبێ ئاگایی دا دەژیو پشت بەخەیاڵ و هیوا دەبەستێو لە واقیع هەڵدێ، ئەگینا دەبوایە زۆر بەجیددی خۆی بۆ ئەو رۆژە ئامادە بکردایەو تێشووی پێویستی بۆ ئەو سەفەرە ئامادەبکردایە .

﴿یوم لا تملك نفس لنفس شیئاً و الأمر یومئذ لله﴾ ئەو رۆژە رەش وسامناکە رۆژێکە هیچ کەس ناتوانێ یامەتی کەس بدا، کەس ناتوانێ

خۆی لەتەنگ و چەڵەمـــەکانی بپـارێزێ، کـەس نـاتوانێ شـەفاعەت بـۆ یەکێکی تربکا، مەگەر خودا ئیزنی بداو رازی بێ بـە شـەفاعەتکردنەکە. کەس ناتوانێ بڕیاری هیچ شتێك بدا، هەر خودا خۆی فەرمانڕەواو خـاوەن دەسەڵاتی رەهایە، ئەو رۆژە هـەموو شـتێك بەدەسـت خودایـە، هـەموو کارێك بۆ لای خودا دەگەڕێتەوە.

قەتادە دەڵێ: سوێندم بە خودا ئەمڕۆ لـــە دونیـاش دا هـەموو شـتێك بەدەست خودایە، وەلێ لە دونیادا بەڕواڵەت ئادەمیزاد خـۆی بـە خـاوەن بڕیار دەزانێ و هـەندێ جـار بەربـەرەکانی خـودا دەکـا. بـەڵام لـە رۆژی قیامەت دا هیچ فزەی‌لێ نایەو کەس خۆی بە خاوەن بڕیار نازانێ.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (المطففين)

ئـەم سـوڕەتە لـە سـورەتە مەککییەکانـەو سی‌وشـەش ئایەتــــە، دوا سوڕەتیشە: کەلە مەککە نازڵ بووبــێ. هـەندێکیش پێیـان وایـە: یەکـەم سوڕەتە: کە لە مەدینە نازڵ بووە.

ناونراوە سـوڕەتی (المطففين) چونکـە بـە رسـتەی ﴿ويـل للمطففـين﴾ دەستی پێکراوە.

موناسـەبەو پـەیوەندی ئـەم سوڕەتە بـە سـوڕەتەکەی پێشـووی، لەچەند رویەکەوەیە:.

١- لەکۆتایی سوڕەتی پێشوودا هەڕەشـــەی تونـدی لـە یـاخی بـوان و کافرەکان کرد، بەوە کە فەرمووی: ﴿ يوم لا تملك نفس لنفـس شـيئاً...﴾ لەسەرەتای ئەم سوڕەتەش دا هەڕەشەی توندی ئاڕاستەی بێ بڕواو تــەرازو بازەکان کردوە فەرمووی: ﴿ويل للمطففين﴾.

٢- لە سورەتی پێشوودا باسی ئەو فریشتانەی کرد: کە کردەوەو گوفتاری ئادەمیزاد تۆمار دەکەن. فەرموی: ﴿وان علیکم لحافظین کراماً کاتبین﴾ لێرەش دا باسی نووسراوەکەی کردو فەرموی:﴿کتابٌ مرقوم..﴾

٣- هەردوو سورەتەکە دیمەنەکانی رۆژی قیامەت رادەنوێنن.

هەرەشە لە تەرازو بازان

بسم الله الرحمن الرحيم

وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ ﴿١﴾ ٱلَّذِينَ إِذَا ٱكْتَالُوا۟ عَلَى ٱلنَّاسِ يَسْتَوْفُونَ ﴿٢﴾
وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ ﴿٣﴾ أَلَا يَظُنُّ أُو۟لَٰٓئِكَ أَنَّهُم
مَّبْعُوثُونَ ﴿٤﴾ لِيَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٥﴾ يَوْمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦﴾

نەسائیو ئیبنو ماجە بەسەنەدو ریوایەتێکی راست، لە ئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکەن دەڵێ: کە پێغەمبەرﷺ گەیشتە مەدینە، تەرازو بازییان تێدا بوو! بەڵکوو زۆر زێدە رەوییان تێدا دەکرد، ئیتر: کە ئایەتی ﴿ ویل للمطففین﴾ نازڵبوو، وازیان لەو کارە دزێوەی خۆیان هێنا، کێشانەو پێوانەی خۆیان رێك خستن.

(السدی) دەڵێ: لە مەدینەدا پیاوێك هەبوو ناوی ئەبو جوهەینە بوو، دوو ئامێری پێوانەو کێشانەی هەبوون، ئەگەر شتی بکڕیایە بە ڕبەر قسناغ و حوققەی گەورە پێوانەو کێشانەی دەکرد، ئەگەر بیفرۆشتایە بە ئامێرە پچوکەکە دەیدانێ، ئیتر ئەم سورەتە کە دوا سورەتی مەککییە، نازڵ بوو. کەوابێ بە قسەی ئیبنو مەسعودو (الضحاك) و موقاتیل ئەم سورەتە مەککیە، بە قسەی (الحسن) و عیکریمە سورەتەکە مەدەنییە،

ریوایەتکراوە: کە پێغەمبەرﷺ گەیشتە مەدینە، دانیشتوانەکەی خراپترین کۆمەڵ بوون لە بارەی تەرازو بازییەوە، ئیتر ئەم سورەتە نازڵ بوو، خەڵکەکەی وازیان لە تەرازو بازی هێنا. بە گوێرەی ئەم ریوایەتە، سورەتەکە مەدەنی‌یە یان مەککییەو پێغەمبەرﷺ کە گەیشتە مەدینە بەسەر دانیشتوانەکەی‌دا خوێندەوە.

﴿ ویل للمطففین﴾ شیوی ناخۆشی پڕ عەزابی دۆزەخ بۆ ئەوانەی لە کڕین و فرۆشتن دا تەرازو بازی دەکەن. ربەو قسناغ کیلۆو حوققە تەغاریان کەم وزیادی تێدایە. ئەمجار پەروەدگار بۆ خۆی تەفسیری ﴿المطففین﴾ دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿الذین اذا اکتالوا علی الناس یستوفون و اذا کالوهم أو وزنوهم یخسرون﴾ تەرازو باز ئەوانەن ئەگەر شت و مەك لە خەڵك وەربگرن بەباشی کێشانەو پێوانە دەکەن و پڕاوپڕ، یان زیاد لە مافی خۆیان وەردەگرن، خۆ ئەگەر شت بە غەیر بفرۆشن لە کێشانەو پێوانەدا کەمیان دەدەنێ ولێیان دەدزنەوە.

وادیارە لەسەر و بەندی هاتنی ئایینی ئیسلام دا دیاردەی تەرازو بازی زۆر بە زەقی لە ناو بازاڕەکانی مەککە و مەدینەدا باو بووە، بازرگانەکان دەسەڵاتێکی تەواویان هەبوەو بە ئارەزوی خۆیان: کە شتیان کڕیوە بەزیادەوە پێوانەو کێشانەی ئەو کاڵایەیان کردوە کە کڕیویانە کاتێکیش شتیان فرۆشتووە کەمیان بەکڕیارەکان داوە، بە کەڵەگایی ستەمیان لە رەشە خەڵکەکە کردوەو کەس نەیوێراوە فزە بکاو بە ناچاری زۆریان داوەو کەمیان وەرگرتووە.

لەراستی دا ئاینی ئیسلام زۆر دژی تەرازوبازیو ئەو زوڵم و ستەمەبوو: کە بازرگانە بێ ویژدانەکان لە رەشە خەڵك و بۆرە پیاوەکانیان دەکرد، بۆیە هەر چەندە هێشتا ئیسلام خۆی دانەکوتابوو، جڵەوی فرمانڕەوایی‌و بەڕێوە بردنی بەدەستەوە نەگرتبوو، بەڵام هەر زوو بەم سورەتەو چەند

ئايەتێكى تر خەڵكەكەى ئاگادار كردەوە بازرگانە ساما‌ن پەرستەكانى راچڵەكاندو هەڕەشەى توندى لیٚ كردن و فەرموى:

﴿ألا يظن أولئك انهم مبعوثون ليوم عظيم، يوم يقوم الناس لرب العالمين﴾ ئايا ئەو تەرازو بازانە پێيان وانيە كە لە رۆژێكى سامناك و كارەساتباردا زيندو دەكرێتەوە ، نازانن: كە لە رۆژێكى بەڵاوىو پڕ مەينەت دا، زيندو دەكرێنەوەو دەبرێنە بەردەم خوداىەكى خاوەن دەسەڵات و زاناو بە توانا! بێگومان ئەوانە زيندو دەكرێنەوە،ەوە لە رۆژێك دا تابڵیٚى سەخت و دژوارە، مەردوم هەمووى روت و پێخواس، چاوەڕوانى بڕيارى خوداو حيساب و لێكۆڵينەوەن..

ئاشكراشە: كە ئەم هەڕەشەيەى قورئان لە تەرازو بازىو تەرازوبازان، بەڵگەيە لەسەر گەورەيى تاوانى تەرازو بازى و تۆڵەى سەخت و دژوار لەسەرى، چونكە لە حەقيقەت دا تەرازو بازى خييانەتە لە ئەمانەت و خواردنى ماڵ و سامانى خەڵكە بە ناحەق. چەوساندنەوەى هەژارو بیٚ نەوايانە، ئەوەشمان لە بير نەچیٚ: كە (تطفيف) تەرازوبازى زۆر شت دەگرێتەوە، وەكوو دەرخستنى عەيب و عار لە ماڵى خەڵك و شاردنەوەى هەمان عەيب و عار لە ماڵى خۆيدا ....هتد.

سجل و دۆسيەى تاوانباران

كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلۡفُجَّارِ لَفِي سِجِّينٖ ﴿٧﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا سِجِّينٞ ﴿٨﴾ كِتَٰبٞ
مَّرۡقُومٞ ﴿٩﴾ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴿١٠﴾ ٱلَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴿١١﴾
وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعۡتَدٍ أَثِيمٍ ﴿١٢﴾ إِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ
ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿١٣﴾ كَلَّاۖ بَلۡۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿١٤﴾ كَلَّآ إِنَّهُمۡ

عَن رَّبِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّمَحۡجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّهُمۡ لَصَالُواْ ٱلۡجَحِيمِ ﴿١٦﴾ ثُمَّ يُقَالُ هَٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿١٧﴾

لەوەپێش باسی گەورەیی تاوانی تەرازوبازی کرد، ئەمجار بە ئوسلوبێکی سەرنج ڕاکێش موشریکەکان هەڵدەسڵەمێنێتەوەو ئەوە بـەیان دەکـا: کـە هەرچی کردەوەیەکی ئادەمیزاد لە دونیادا دەیکا، لای خودا لە سجیلێکی تایبەتی دا تۆمار دەکـرێو ڕۆژی قیامـەت لەسـەر ئـەو کردەوانـە سـزاو پاداشیان دەدرێتەوە.

دەفەرموێ: ﴿كلا﴾ تەرازوبازی مەکەن، واز لەو کارە ناشرینەتان بێنن، لە زیندو بوونەوەو ڕابوونی قیامەت غافڵ مەبن. ﴿ان كتاب الفجار لفي سجين﴾ بێگومـان نامەی عەمەلی تاوانباران ـ بە تەرازو بازانیشەوە ـ لە دەفتەرێکی ڕەش و تاریك دایـە، دەفتـەری شـەڕو دۆسـیەی تاوانبارانـە، ﴿وما أدراك ما سجين﴾ ئەتۆ چوزانـــی ئـەو دەفتـەرە ڕەش و ناشـرینە چ دەفتەرێکی شوم و نەگڵەوەتە، ناوی هەر کەسێکی تێدابـێ بـەد بـەخت و چارە ڕەشە....! ﴿ كتاب مرقـوم﴾ دەفتـەرێکی نووسـراوی نیشـانەکراوە بەوەی: کە دەفتەری تۆڵەو سزایە، ناوو کرداری هەموو کافرو سـتەمکارو تاوانباری لە خۆ گرتـووە لـە ئـادەمیزادو شـەیاتینی، ئـەم تـەعیبرە لـەم ڕووەوەیە: کە دەڵێن ناوی فلان کەس چووە ناو دەفتەری ڕەشەوە لە سجیلی ڕەش دا ناوی نوسراوە!

هەندێکیش پێیان وایە: (سجين) شوێنێکە لە نـاو دۆزەخ دا دەکەوێتـە (بنکڵی) یـەوە، واتـە: دەق (سـجين) و (أسـفل السـافلين) دوو نـاوون بـۆ یەك شوێن!

بۆیە موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەظی، دەڵێ: رستەی ﴿کتاب مرقوم﴾ تەفسیری ﴿وما أدراك ما سجین﴾ نیە. بەڵکوو ﴿کتاب مرقوم﴾ بەم مانایە: کە سەرەنجامیان بۆ ناو بنکڵی دۆزەخەو بڕیارێکە بۆیان دراوەو بڕاوەتەوەو زیادو کەم ناکرێ.

﴿ویل یؤمئذ للمکذبین﴾ شیوی دۆزەخ یان عەزابی بە ئێش لە رۆژی قیامەت دا بۆ ئەوانەی پێغەمبەران بە درۆ دەخەنەوەو رۆژی قیامەت و زیندو بونەوەیان بەلاوە پەشمە!

﴿الذین یکذبون بیوم الدین﴾ ئەوانەی بڕوایان بە رۆژی سزاو پاداش نیەو رابوونی قیامەتیان بەلاوە دورە و هیچ ئامادە باشی بۆ ناکەن و خۆیانی بۆ حازر ناکەن! ﴿ وما یکذب به الا کل معتد أثیم، اذا تتلی علیه أیاتنا، قال: أساطیر الأولین﴾ هیچ کەس رابوونی قیامەت بە درۆ نازانێ، مەگەر کەسانێك: کە رەوشتی ناشرینیان تێدابن:

١- دەستدرێژیکارو ستەمکارو سنوور بەزێن بن.

٢- لە تاوان و تاوانکاری دا نەغرۆ بووەو هەرخەریکی حەرام و خراپە کارییەو کارێکی حەڵاڵ و موباح ناکا.

٣- هەر کاتێك قورئانی بەسەردا بخوێندرێتەوە دەڵێ: ئەمە نامەی ئاسمانیو کەتەلۆکی بوونەوەرو بەرنامەی ژیانە. دەرمانی هەموو دەردێکی دەروونیو رەوشتی و کۆمەڵایەتییە، هەر کەسێك پەیڕەوی بکا لە هەر دو دونیادا سەر فرازو بەختەوەرە وەلێ ئەو موشریك و نەفامانە بە هۆی داب و نەرێتی ناشرین و لاسایی کردنەوەی باب و باپیرانیان، رەوشت و خۆی خراپی خۆیان پەردەی رەش دڵ و دەروونی داپۆشیون، ستەم و تاوانکاریان بووەتە لەمپەرو ناهێڵێ بڕوا بە قورئان بکەن. دەرگاو پەنجەرەی دڵ و دەرونیانیانی هاخنیوە، ملەمای لێ بڕیون نورو رووناکی ئایین ناچێتە ناو دڵیانەوە.

ئیبنو جەریرو ئەحمەدو تیرمیذی و نەسائی لە ئــەبوهوریرەوە ریوایــەت دەکەن دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فــەرموی: (هــەرکاتێ بــەندە تــاوانێکی کــرد، خاڵێکی رەش لەسەر دڵی پەیدا دەبێ، جا ئەگەر تۆبەو ئیستیغفاری کرد، دڵی مشت و ماڵ دەبێ و پاك دەبێتەوە ئەگەر تاوانێکی تری کــرد، خاڵــە رەشەکەی زیاد دەبێ، تا دڵی دادەپۆشێ، ئا ئەوەیە کە خودا لە قورئان دا دەفەرموێ: ﴿بل ران علی قلوبهم﴾)..

حەسەنی بەصری دەفەرموێ: وشەی ﴿ران﴾ کە لە ئایەتەکەدا هاتووە، بەمانا (تاوان لە سەر تاوان)ە بە جۆرێك چاوی دڵ کوێر بکا.

﴿کلا، انهم عن ربهم یؤمئذ لمحجوبون﴾ نەخــەیر وانیــە و ئەوانــە لــە رۆژی قیامەت دا پلەو پایەی بەرزیان نادرێتێ، بەڵکوو ئەوانە لــەو رۆژەدا لە شوێنی پەست و ناخۆش دا دەبن، لە رەحم و بــەزەیی خــودا بــەهرەوەر نابن، بە پێچەوانەی موسوڵمانەکان ئەمان تەماشای خــودا دەکــەن و لــە ززەتی لێ وەردەگرن، خودا لە گەڵیان میهرەبان و بەلوطفە.

بەڵام ئەوان چونکە لە دونیــادا خودایــان نەناســیوەو بەندایــەتییان بــۆ نەکردوە، لەو رۆژەدا لە بینینی بێ بەشن، ﴿ ثم انــهم لصــالوا الجحیــم﴾ ئەوانە لە پاش ناهومێدیەکی ئێجگــاری و دڵنیــا بوونیــان لــەوەی: کــە رەحمەتی خودا نایانگرێتەوە، داخڵی ئاگر دەبن، دەبنــە ئاگرنشــین و لێی دەرناچن، ئازاری دژوارو سەختی دۆزەخ دەچێژن بۆ هەتاهەتایە، ئەمجار بە شێوەی سەرزەنشت و ریسوا ئامێزەوە سەر کۆنە دەکرێن.

دەفەرموێ: ﴿ ثم یقال: هذا الذی کنتم به تکذبون﴾ واتە: پاشان لــە لایەن بەرپرسانی دۆزەخەوە پێیان دەگوترێ: ئەمە ئەو عەزاب و سزایەیە: کە لە دونیادا ئێوە بڕواتان پێ نەبوو، بە درۆتــان دەزانــی. دەبخۆن ئــەوە دەرتان بێ و ئەم شوێنەتان پیرۆزبێ!!!

سجلی چاکان و حالْ و وەزعی خودا پەرستان لە قیامەت دا

كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْأَبْرَارِ لَفِى عِلِّيِّينَ
﴿١٨﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا عِلِّيُّونَ ﴿١٩﴾ كِتَٰبٌ مَّرْقُومٌ ﴿٢٠﴾ يَشْهَدُهُ ٱلْمُقَرَّبُونَ
﴿٢١﴾ إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ ﴿٢٢﴾ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴿٢٣﴾ تَعْرِفُ فِى
وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ ٱلنَّعِيمِ ﴿٢٤﴾ يُسْقَوْنَ مِن رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ ﴿٢٥﴾
خِتَٰمُهُۥ مِسْكٌ وَفِى ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَٰفِسُونَ ﴿٢٦﴾ وَمِزَاجُهُۥ
مِن تَسْنِيمٍ ﴿٢٧﴾ عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴿٢٨﴾

لەوە پێش هەڕەشـەی لـە تـەرازوبازان و ئەوانـەی رابوونـی قیامـەت بەدرۆ دەزانن _ کرد، بە شوێن ئەوەدا حالْ و وەزعـی بەختـەوەران بـەیان دەکا؛ ئەوانەی بڕوایان بەخوداو بەپێغەمبەرو بە رابوونی قیامـەت هەیـە. لەژیانی دونیایان دا کردەوەی باشیان ئـەنجام داوە، باسـی وەزع و حـالْ و پلەوپایەیان دەکاو دەفەرموێ: ﴿ کلا﴾ حەق و راستە و گومانی تێدانیە.

﴿ان کتاب الأبـرار لفـی علیـین﴾ بێگومـان نامـەی کـرداری خـودا پەرستان لەناو دەفتـەرێکی گـەورەو بـەرز دایـە، بـە نووسـینی گـەورەو خۆشخوێن نووسراوە، یان دەفتەرەکەیان لەلای ژووررووی بەهەشتە.

﴿وما أدراك ما علیون، کتاب مرقوم یشهده المقربون﴾ تـۆ چوزانـی ﴿علیـون﴾ چیـە؟ ئـەو سـجل و دۆسـیەیە زۆر بـەرێزو پـیرۆزە. نامەو دەفتەرێکی نوسراوە، ناوو کردارو گوفتاری بەندە خوداپەرسـتەکانی

لـە خۆگرتـووە، هەرکەسـێ نـاوی لـەوێ دا تۆمـار کرابـێ بەختـــەوەرو سەرفرازە، دەفتەرێکی گەورەو نیشانە کراوە بەوەی تایبەتە بە چاکانـەوە، دەستە دەستە و پۆل پۆل فریشتە تەماشای دەکەن .

﴿ان الابـرار لفـی نعیـــم، علـی الأرائــك ینظـرون﴾ بێگومـــان خودا پەرست و کردار چاك و بەندە موخلیصەکان لە رۆژی قیامەت دا لـە ناو نازو نیعمەتی جۆراو جـۆردان، لـە نـاو بەهەشـتی رازاوەو بـەرین دا، لەسەر کورسی و قەنەفەو مویبلەکان دادەنیشن و پاڵ دەدەنـــەوە، سـەیری ئەو هــەموو نـازو نیعمەتانـە دەکـەن: کـە خـودا بـۆی ئامـادە کـردون، هەست بەو رێزو پلەو پایە مادیو مەعنەوییانە دەکــەن: کـە خـودا بـۆی ئامادە کردون و پێبەخشـیون، چاویـان لەتەماشـاکردن تێرنـابێو کـەیف وشادییان دوایینایە.

﴿تعرف فی وجوههم نضرة النعیم﴾ هەر کاتێ بیــان بینـی دیـاردەی لەززەت و خۆشیو تەڕ دەماخییــان پێـوە دیـارە، دەم و چاویـان گـەش و درەوشاوەیە، نورو جوانـــیو رەونـەقیان لێ دەبـارێ، چونکـە خـودا زێـدە جوانــی و قەشـەنگی پێـداون، وەکـوو لـە ئایـەتێکی تـردا دەفـــەرموێ: ﴿وجوه یومئذ مسفرة ضاحکة مستبشرة﴾(عبس/٣٨-٣٩) .

ئەمجار باسی هەندێ لەو شتانە دەکا: کە لە بەهەشت دا بۆ لـــەززەت و خۆشـی دەیخۆنــەوە، دەفـەرموێ: ﴿ یسقون مـن رحیـق مختـوم، ختامـە مسـك، وفي ذلـك فلیتنـافس المتنافسـون﴾ شـەرابێکیان دەدرێتـێ بـــۆ خواردنـەوە، بێغـەش و بێمـاددەی سـەر خۆشـکەر، لـە پیالـەی سـەر مۆردایەو ئەو خوداپێداوانە خۆیان هەڵی دەپچڕن و دوا قومـــی بۆنـی وەك بۆنی میسك وایەو وەکوو شەڕابی دونیا تاڵ و تفت و تیژنیە، دەی بـا بـۆ گەیشتن بەو نازو نیعمەتانە دەست پێشخەران دەســت پێشـخەری بکـەن و

هه‌میشه له كیَ بڕكیَ دابن و خۆیان بگه‌یه‌نیَ وه‌كوو لـه ئایـه‌تیَكی تـردا ده‌فه‌رمویَ: ﴿لمثل هذا فليعمل العاملون﴾(الصافات/٦١).

ئیمام ئه‌حمه‌د لـــه ئـه‌بو سـه‌عیدی خودرییـــه‌وه ریوایـه‌تیَكی هیَنـاوه، ده‌یگه‌یه‌نیَته پیَغه‌مبه‌رﷺ كه فه‌رموویـه‌تی: (هـه‌ر موسـولَمانیَك له‌سـه‌ر تینوه‌تی قومه ئاویَك بدا به‌یه‌كیَك رۆژی قیامه‌ت خودا له ره‌قیقـــی سـه‌ر مۆر شه‌رابی ده‌داتیَ. هه‌ر موسولَمانیَك موسـولَمانیَكی برسـی تیَربكـا، خـودا رۆژی قیامــه‌ت لـه میوه‌جـاتی به‌هه‌شـــت تــیَری ده‌كـــا، هـــه‌ر موسولَمانیَك هه‌ژاریَكی روت پۆشته بكا خودا رۆژی قیامه‌ت له پۆشاكی سه‌وزی به‌هه‌شتی له‌به‌ر ده‌كا.

﴿ومزاجه من تسنيم، عينا يشــرب بـها المقربـون﴾ تیَكـه‌لاَوه‌ی ئـه‌و شه‌رابه بیَ‌غه‌ل و غه‌شه ئاویَكه سه‌رچاوه‌كه‌ی پیَ‌ی ده‌گوتریَ (ته‌سنیم) له شویَنیَكی به‌رزو بلَندو هه‌لَده‌ڕژیَ. هه‌ر كه‌سیَك بیه‌ویَ شه‌رابی (ره‌حیـــق) به‌رونی بخواته‌وه‌و زۆر خه‌ست نه‌بیَ، له‌و ئاوه‌ی تیَكـــه‌لَ ده‌كـا، چ ئـاویَك؟ ئاوی ســه‌رچاوه‌یه‌ك كـه ئـه‌ویش جـۆره شـه‌رابیَكه‌و هـــه‌ر بـه‌نده چـاك و هه‌لَبژارده‌كانی خودا لیَ‌ی ده‌خۆنه‌وه‌و نایابترین شه‌رابی به‌هه‌شته.

ئینو مه‌سعود ده‌فه‌رمویَ: (ته‌ســنیم) ســه‌رچاوه‌یه‌كه لــه به‌هه‌شــت دا به‌نده نزیكه‌كانی باره‌گای باری به‌بیَ ئــه‌وه‌ی هیچـــی تـری تیَكــه‌لَ بكــه‌ن نۆشی ده‌كه‌ن، ئه‌صحابولئه‌مینیش شتی تری تیَكه‌لَ ده‌كه‌ن!

هه‌لَویَستی ناشرینی كافره‌كان به‌رامبه‌ر موسولَمانان له دونیادا له‌قیامه‌تیش دا موسولَمانان تۆلَه‌یان لیَ ده‌كه‌نه‌وه

إِنَّ ٱلَّذِينَ
أَجْرَمُوا۟ كَانُوا۟ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَضْحَكُونَ ﴿٢٩﴾ وَإِذَا مَرُّوا۟ بِهِمْ

يَتَغَامَزُونَ ﴿٣٠﴾ وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمُ ٱنقَلَبُواْ فَكِهِينَ ﴿٣١﴾
وَإِذَا رَأَوۡهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَضَآلُّونَ ﴿٣٢﴾ وَمَآ أُرۡسِلُواْ عَلَيۡهِمۡ
حَٰفِظِينَ ﴿٣٣﴾ فَٱلۡيَوۡمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنَ ٱلۡكُفَّارِ يَضۡحَكُونَ ﴿٣٤﴾
عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴿٣٥﴾ هَلۡ ثُوِّبَ ٱلۡكُفَّارُ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿٣٦﴾

لەوە پێش وەزع و حاڵی کافرەکان و موسوڵمانەکانی بەیانکرد: کە لە قیامەت دا خودا چی بۆ ئامادە کردون، ئەمجار لێرەدا بڕێ کردەوەو هەڵوێستی ناشرینی کافرەکان رون دەکاتەوە: کە بریتیە لە گاڵتە پێکردن و ئەزیەتدانی موسوڵمانان لە دونیادا، بۆیە لە قیامەت دا موسوڵمانەکان هەمان مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکەنەوە.

دەفەرموێ: ﴿ان الذين أجرموا كانوا من الذين أمنوا يضحكون﴾ بێگومان کافرەکانی قورەیش و هەوا خواهانیان لە دونیا دا گاڵتە بە خودا پەرستان دەکەن، بە هەڵس و کەوت و ئازارییان پێ دەکەنن، ئەمەش داب و نەرێتی ملهورو دەوڵەمەندی بوغرایە، لە هەموو سەردەم و رۆژگارێك دا، لاقرتێ بە نوێژ کەرو هەژارو خاوەن ئەدەب و رەوشتە ئیسلامییەکان دەکەن، لە خۆیان بایی دەبن و پشت بە هێزو دەسەڵاتی خۆیان دەبەستن و بە ماڵ و سامانی خۆیان دەنازن، موسوڵمانەکان دەکەنە گاڵتەچی خۆیان.

زانایانی تەفسیر لە راڤە کردنی ئەم ئایەتەدا فەرموویانە ئەو موجریمانە وەلیدی کوڕی موغەیرەو عوقبەی کوڕی ئەبوموعەیط و عاصی کوڕی وائیل و ئەسوەدی کوڕی عەبدیەغوث و عاصی کوڕی هیشام و

ئەبوجەهل و نەضری کوڕی حاریث بوون: کە گاڵتەیان بە عەممارو خەبباب صوهەیب و بیلال دەکرد.

﴿واذا مروابهم يتغامزون﴾ هەر کاتێك ئەو کافرانە بەلای موسوڵمانەکاندا تێپەڕبن بە چاوی قێزەون و لێو دا قرچاندن و چاو لێ داگرتن و عەیب لێ گرتن و بزەی سوکایەتی پێکردنەوە سەیریان دەکەن، واتە: بە چاوو برۆ ئاماژەی سوکایەتی پێکردنیان پێ دەکەن لەککەو عەیبیان لێ دەگرتن، دەڵێن: سەیری ئەمانە بکەن: خۆیان ماندوو دەکەن و لەززەت و خۆشی لە خۆیان قەدەغە دەکەن، خۆیان دەخەنە هیلاکەت و ناڕەحەتیەوە، بەتەمای پاداشی رۆژی قیامەتن و شوێن کڵاوەی بابردو کەوتوون.

﴿واذا انقلبوا الى أهلهم انقلبوا فكهين﴾: کە کافرەکان لە بازاڕو نادی دەگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵی خۆیان بە کەیفخۆشی و تەڕدەماخی دەگەڕێنەوە، دڵخۆشن بەوەی گاڵتەو سوکایەتییان بە خودا پەرستان کردوە، بە تانەو شەر لێدان و قەشمەری کردنیان بە موسوڵمانان توکەی سمێلیان دێ.

﴿واذا رأوهم قالوا: ان هؤلاء لضالون﴾ ئەگەر موشریکەکان موسوڵمانە هەژارەکانیان دەبینی، دەیانگوت: ئەوانە سەریان لێ شێواوە، ئایینی باوك و باپیرانی خۆیان وەلا ناوە، شوێن موحەممەد کەوتوون و پابەندی پەیام و بانگەوازییەکەینی، وازیان لە لەززەت و خۆشی ئێستا هێناوەو بە تەمای پاداشی دوا زیندوبوونەوەن، نازانین هەیە یان نیە؟ ئیتر پەروەدگار بەرپەچی دانەوەو فەرموی:

﴿وما أرسلوا عليهم حافظين﴾ ئەو تاوانبارو ملهوڕو لەخۆبایی بوانە لەلایەن خوداوە نەنێردراون ببن بە چاودێرو رەقیب بە سەر موسوڵمانانەوە، ئەوان چییان بەسەر خودا پەرستانەوە هەیە؟ خۆ لە

هەموو شتێکیان تیٚ هەڵدەقوتێنن، بۆچی حاڵ و وەزع و کردارو گوفتاریان دەخەنە ژێر چاو دێرییەوە. ئەوان بەرپرسی حاڵ و وەزعی خۆیانن.

بەڕاستی هەمیشە مێژوو دەگەرێتەوەو دوبارە دەبێـەوە، هـەر دەمـەو ئەو جۆرە کەسـانە لـە نـاو بـەرگ و پۆشـاك و دیوجامەیـەك دا خۆیـان دەردەخەن، تا ئاین کزتربیٚو رەوشت و ئەخلاقی ئیسلامی کەم بێتەوە ئەم جـۆرە شـەقاوەو بوغرابوانـە زیـاتر سـەر هـەڵدەدەن و پـەرە دەسـتێنن. بیٚ شەرم و حەیایی زۆر دەبیٚ، گەورەو بچوکـی نـامێنیٚ، هـەتیوە گاڵتـە بەپیاو ماقوڵ دەکا، سەرسەری و نەفامان قشمەری بە زاناو عاقڵ و ژێـرو دانیشمەندەکان دەکەن، دەم ڕوت و خوێڕیو هەتیومچە لە ڕوی پیرەمێردو ریش سپی هەڵدەگەرێتـەوە بێدیـن و چـەپڕەو گاڵتـە بـە دینـدارو خـودا پەرستەکان دەکەن، زۆرمـان ینیـوە، هـەتیوەو سەرسـەری بـازان جۆرەهـا لاقرتیٚو گاڵتەیان بە پێشەوای زاناو دانا کردوە، زۆر جاریش وابووە پیاوی زاناو دانا لە رقی خوێڕیو دەمڕوت و ناکەس پەچە ولاتـی جـیٚ هێشـوە. ئەگەر نموونە بێنینەوە لە هەژمار نایە!!

﴿فـاليوم الذيـن أمنـوا مـن الكفـار يضحكـون﴾ لـە ڕۆژی قیامەت دا موسوڵمان و خودا پەرستەکان گاڵتە بە کافرەکـان دەکەنـەوە کـەدەیانبینن سـەرکزو ریسـواو رەنـگ هـەڵبزرکاو، کێشـی نـاو دۆزەخ دەکرێن و کەس بە هانایانەوە نایە پێیان پـیٚ دەکـەنن، تۆڵـەی دونیایـان لیٚ دەکەنەوە.

﴿علـى الأرائـك ينظـرون﴾ موسـوڵمانە خـودا پێداوەکـان لەسـەر کورسیومویبیلە وقەنەفـەکان پاڵیـان لیٚ داوەتـەوە و بـەمراز گەیشـتون و چییان ویستووە بۆیان دابین کراوە، ئیتر تەماشای دوژمنانی خودا دەکـەن: کە لە ناو سزای دژواردا دەتلێنەوە، ئەوەندەیتر ژیانی خۆیان لـەلا خـۆش

دەبێ و لەززەت و نیعمەتەکانیان لەلا بایەخدار دەبێ. بە چاوی خۆیان دەبینن و بۆیان رون دەبێتەوە.

﴿هل ثوب الكفار ماكانوا يفعلون﴾ ئایا کافرەکان پاداشی کردەوەکانی جیهانیان وەرگرتوە؟ تۆڵەی تانەو تەشەرو لەککەداریان لیٚسەندراوەتەوە؟ بەڵێ بێگومان کافرەکان پڕاوپڕ سزای خۆیان وەرگرتوە..

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الإنشقاق)

ئەم سوڕەتە مەککیەو (٢٥) ئایەتە. ناوی نراوە سورەتی ئینشیقاق چونکە بەڕستەی ﴿ اذا السماء انشقت﴾ دەستی پێ کردوە.

ئەم سوڕەتەو سێ سوڕەتەکانی پێشوو: کە سوڕەتی (المطففين، الانفطار، التكوير)ن هەر چواریان دەربارەی دیمەن و دیاردەکانی قیامەت دەدوێن، قۆناغەکانی دونیا وێرانبوون باس دەکەن. تێکڕا وەحدەیەکی بابەتی پێك دێنن..

زوربەی زۆری سوڕەتی(التكوير)و هەموو سوڕەتی (الانفطار) باسی دیمەنە سامناکەکانی پێش زیندو بوونەوە دەکەن. سوڕەتی(المطففين) حاڵ و وەزعی بەدبەخت و بەختەوەرانی رۆژی قیامەت بەیان دەکا، سوڕەتی (الانشقاق) باسی دیمەنەکانی پێش زیندو بوونەوەو دوازیندوبوونەوە دەکا، باسیحیسابو لێکۆڵینەوەی ئاسان لەگەڵ خودا پەرستانو توندوتیژی لەگەڵ ستەمکارو تاوانباران دەکا، میحوەری سوڕەتەکە وەکووباقی سوڕەتە مەککیەکانیتر لەتەوەری باسی عەقیدەدا دەخولێتەوە ..

سورەتی (الإنشقاق)

بسم الله الرحمن الرحيم

إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتْ ﴿١﴾ وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ ﴿٢﴾ وَإِذَا ٱلْأَرْضُ مُدَّتْ
﴿٣﴾ وَأَلْقَتْ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتْ ﴿٤﴾ وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ ﴿٥﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلْإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدْحًا فَمُلَٰقِيهِ ﴿٦﴾ فَأَمَّا مَنْ أُوتِىَ
كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ﴿٧﴾ فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا ﴿٨﴾ وَيَنقَلِبُ
إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ مَسْرُورًا ﴿٩﴾ وَأَمَّا مَنْ أُوتِىَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهْرِهِۦ ﴿١٠﴾ فَسَوْفَ
يَدْعُوا۟ ثُبُورًا ﴿١١﴾ وَيَصْلَىٰ سَعِيرًا ﴿١٢﴾ إِنَّهُۥ كَانَ فِىٓ أَهْلِهِۦ مَسْرُورًا ﴿١٣﴾
إِنَّهُۥ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ ﴿١٤﴾ بَلَىٰٓ إِنَّ رَبَّهُۥ كَانَ بِهِۦ بَصِيرًا ﴿١٥﴾

دەفەرموێ: ﴿ اذا السماء انشقت وأذنت لربها وحقت﴾ کاتێك ئاسمان لەت بوو، سەرەتای وێرانبوونی بوونەوەر دەستی پێکرد، ملکەچی فەرمانی خودای خۆی بوو، جێ ی خۆشیەتی فەرمانبەر داری فەرمانی خودای‌خۆی بێ. چونکە خودا بالاّ دەست و فەرمانڕەوایە، کەس نیە بەر هەڵستکاری بێو کۆسپ و تەگەرەی بۆ دروست بکا.

﴿واذا الارض مدت، وألقت ما فيها و تخلت﴾ کاتێك زەوی تەخت کراو کێوو گردۆلکەو شیوو چاڵ و چۆڵی نەماو هەموویان داروخان و تێك روخان و تەفرو تونا بوون، ئیتر زەوی راکێشرا، قەبارەی گەورەتر بوو، هەرچی لە ناو سکی‌دا یە توڕی دایە دەرەوە. بە ئادەمیزادو گەنج و

جەواهیراتەوە، هیچی تێدا نەماو خۆی خاڵی کرد، ئەمجار یەخەی خۆی لە هەموو ئادەمیزاد دادرێو لە خۆیان و کردەوەیان بێ. بەری بوو: ﴿وأذنت لربها وحقت﴾ گوێ بیسی فەرمانی خودا بوو، جێی خۆشیەتی: کە خۆی لە ئادەمیزادو گەنج و خەزێنە خالی بکاو گوێ بیس و پابەندی فەرمانی خودابێ، چونکە لە ژێر دەسەلاتی بێ سنووری پەروەدگار دایە، ئەو کاتەی ئەم روداوانە هاتنە دی، ئیتر ئێوەی ئادەمیزاد کردەوەی خۆتان دێتە وەرێو چاکەو خراپەی خۆتان دەبیننەوە!

﴿ یا أیها الانسان انك كادح إلی ربك كدحاً فملاقیه﴾ ئەی ئادەمیزاد؛ - مەبەست هەموو ئادەمیزادە بە موسولمان و کافرەوە - بێگومان تۆ تێکۆشەرو کۆڵنەدەریت، هەمیشە لە هەوڵ و تەقەڵلادایت و بەرەبەرە روەو مردن هەنگاو هەڵدێنێ، کرداری چاکەو خراپە ئەنجام دەدەی و بۆلای خودا دەرۆی. لەوە بەو لاوە کردەوەکانی خۆت، -چاکە یان خراپە- دێنەوە رێت!

ئەبو داودی تەیالیسی لە جابیرەوە ریوایەت دەکا. دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرموی: جوبرائیل وتی: ئەی موحەممەد؛ بژی ئەوەندەی دەتەوێ بژی، بێگومان رۆژێك لە رۆژان مردن یەخەت دەگرێو تۆ دەمری. کێت خۆش دەوێ خۆشت بوێ، دڵنیابە لیێ جیا دەبیەوە، چی دەکەی بیکە لەژیاندا، بێگومان رۆژێك دێ روبەروی کردەوەکانی خۆت دەبیەوە.

راناو لەوشەی (ملاقیه) دا دەگەڕێتەوە بۆ کردەوە خێربێ یان شەڕبێ. یان دەگەڕێتەوە بۆ (ربك) واتە: توشی خودای خۆت دەبیەوە، سزا یان پاداش لەسەر کردەوەکانت دەداتەوە.

ئەمجار پەروەدگار وەزع و حاڵی ئادەمیزادەکان لەو رۆژەدا دیاری دەکاو بەدوو تاقم پۆلێنیان دەکاو دەفەرموێ: ﴿فأما من أوتی كتابه بیمینه

فسوف يحاسب حساباً يسيراً، وينقلب الى أهله مسروراً﴾ جا ئەو کەسەی نامەی ئەعمالی دەدرێتە دەستی راستی، ئەوە حیساب و لێکۆڵینەوەی ئاسانی لەگەڵ دەکرێ، لێ پرسینەوەی لەسەر خراپەکانی لەگەڵ دا ناکرێ. ئەوەیە کە دەفەرموێ: حیسابی ئاسانە: کە لەگەڵی دەکرێ.

ئەحمەدو بوخاریو موسلیم و ترمیذی و نەسائیو ئیبنو جەریر لە عائیشەوە ـ رەزای خودای لێبێ ـ دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ فەرموی: کەسێك موناقەشەی لەگەڵ بکرێ تاوانبار دەکرێو عەزابی دەدرێ. عائیشە دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خودا؛ چۆن دەبێ؟ ئەی ئەوە نیە خودا دەفەرموێ: **﴿فسوف يحاسب حساباً يسيراً﴾**!!

پێغەمبەرﷺ فەرموی: نا، ئەوە حیساب لەگەڵ کردن نیە، ئەوە رانواندنی کردەوەکانیەتی بەبەرچاویدا. هەر کەسێك موناقەشەو لێکۆلینەوەی لەگەڵ بکرێ سزای دەدرێ. ئەمجار ئەو کەسەی نامەی عەمەلی دەدرێتە دەستی راستی کردەوە خراپەکانی بەبەر چاوی رادەنوێندرێن و حیسابی سووك و ئاسانی لەگەڵ دەکرێ، ئیتر دەگەڕێتەوە بۆ لای ماڵ و خێزان و کەس و کاری خۆی لەبەهەشت دا، دڵخۆش و تەڕدەماخ، هێندەی نازو نیعمەت و رێز دراوەتێ لە خۆشیان شاگەشکە بووە.

وەکوو لەئایەتێکی تردا ئاماژە بەم مانایە دەکاو دەفەرموێ: **﴿فأما من اوتى كتابه بيمينه، فيقول هاؤم اقرأوا كتابيه، انى ظننت انى ملاق حسابيه، فهو فى عيشة راضية﴾**(الحاقة/١٩-٢١).

کۆمەڵی دووەم کۆمەڵی کافرو بەدبەخت و چارە رەشەکانە، کۆمەڵی ئەو کۆست کەوتوانەیە: کە خودا دەربارەیان دەفەرموێ: **﴿وأما من أوتى كتابه وراء ظهره، فسوف يدعو ثبوراً، ويصلى سعيراً﴾** وەئەو کەسەی

نامەی کردەوەکانی لە پشتەوەڕا دەدرێتە دەستی چەپی‌و دەستی ڕاستی بە ملیەوە بە زنجیر شەتەك دراوە. نامەکەی دەبینی‌و دەیخوێنێتەوە هاواری لێ هەڵدەستی‌و دەڵێ: ماڵ وێران و چارە ڕەش خۆم، خۆزگە نامەم پێ نەدرایەو هەر نەمزانیایە چی تێدایە، خۆزگە هەر زیندو نەکرامایەوە؛ خۆزگە پێش ئەوەی نامەی عەمەلم ببینم بمردمایە، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**و أما من اوتی کتابه بشماله، فیقول یا لیتنی لم أوت کتابیة، و لم أدر ما حسابیة، یالیتها کانت القاضیة**﴾(الحاقة/٢٥-٢٨)، پاشان ئەو نامەردە تۆڕ دەدرێتە ناو دۆزەخەوە لەبەر دووشت، کە هەر دوکیان لە بێ باوەڕییەوە بوون.

١. ﴿**انه کان فی أهله مسروراً**﴾ ئەو کابرایە لە ژیانی دونیادا کەیفخۆش و تەڕ دەماخ بووە، هەوەسبازو ئارەزۆ پەرست بووە، سەرگەرمی لەززەت و خۆش ڕابواردن بوو، قیامەتی هەر بەخەیاڵ دا نەدەهات.

٢. ﴿**انه ظن أن لن یحور**﴾ لە ئاکامی ئەو کەیفخۆشی‌و تەڕدەماخی‌یە پێی وابوو: بۆلای خودا ناگەڕێتەوە، قیامەت ڕانابی‌و زیندو ناکرێتەوە، حیساب و لێکۆڵینەوە نیە.

﴿**بلی ان ربه کان به بصیراً**﴾ بەڵێ: ئەو زیندو دەکرێتەوەو بۆلای خودا دەگەڕێتەوە، خودا زیندوی دەکاتەوەو کێشی دەکا بۆ سارای مەحشەرو حیساب و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکا. بە گوێرەی کردەوەکانی سزاو پاداشی دەداتەوە، بێگومان خودا ئاگاداری کردەوەکانیەتی‌و چی دەکاو نایکا لەسەری تۆمار دەکا و هیچ شتێکی لێ گوم نابی‌و هیچی لێ‌تێك ناچێ.

رابوونی قیامەت شک و گومانی تێدانیە

فَلَآ أُقۡسِمُ
بِٱلشَّفَقِ ﴿١٦﴾ وَٱلَّيۡلِ وَمَا وَسَقَ ﴿١٧﴾ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ ﴿١٨﴾
لَتَرۡكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٖ ﴿١٩﴾ فَمَا لَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٢٠﴾ وَإِذَا قُرِئَ
عَلَيۡهِمُ ٱلۡقُرۡءَانُ لَا يَسۡجُدُونَ۩ ﴿٢١﴾ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُكَذِّبُونَ
﴿٢٢﴾ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يُوعُونَ ﴿٢٣﴾ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢٤﴾
إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونِۭ ﴿٢٥﴾

لەوەپێش ئادەمیزادی کردنە دوو تاقم و لە رۆژی قیامەت دا پۆلێنی کردن؛ کردنی بە پێڕی بەختەوەران و پێڕی بەدبەختەکان، ئەمجار جەخت لەسەر هاتنی ئەو رۆژە دەکاو بەڵگە لەسەر بە توانایی خودا دەهێنێتەوە، دیاردەکانی بوونەوەر دەکاتە نیشانەی بە توانایی خودا بەسەر هەموو شتێك دا : دەفەرموێ:

﴿فلا أقسم بالشفق والليل وماوسق، والقمر اذا اتسق﴾[1] خودا دەفەرموێ: سوێند دەخۆم بە سورایی کەناری ئاسمان. کە دەمەدەمی خۆر ئاوابوون و دوایی تا ماوەیێك ئەو سوراییە دەمێنێتەوە. هەر کەسە لەبەر خۆیەوە پەلە پەلیپێ دەکەوێ خۆی کۆبکاتەوەو خۆی ئامادەبکا بۆ

(١) دەربارەی رستەی ﴿ لا أقسم.... ﴾ و ئەو جۆرە سوێندانە لەوەپێش بە تایبەت لەسەرەتای سورەتی (القيامة)دا باسمان لێوە کردوە...

داهاتنی شەوو ئارامگرتن تێیدا. هەروەها سوێند بە شەوی تاریك و هەموو ئەو شتانەی لە خۆیان دەگرێ، هەموو ئەو شتانەی بەرۆژ دیارن و شەو دایان دەپۆشێ؛ هەروەها سوێند بە مانگ کە خۆی کامڵ دەکاو خەرمانە دەداو دەبێتە مانگی شەوی چواردە. سوێند بەو شتانە کە نیشانەی گەورەیی خودای بەدیهێنەریانن.

﴿لترکبن طبقاً عن طبق﴾ ئێوە قۆناغ بە قۆناغ و پلە بە پلە بەرەو گەڕانەوە بۆلای خوداو سەرنجامتان دەڕۆن توشی جۆرەها حاڵ و وەزع دەبن هەندێکیان لە هەندێکیان قورسترو بە سامترن. وەکوو مردن و ژیانی ناو گۆڕو ئاستەنگ و دیمەنەکانی رۆژی قیامەت و حیساب و لێکۆڵینەوە ئەمجار ژیانی هەتا هەتایی لەناو عەزابی دۆزەخ دا (خودا پەنامان بدا) یان ژیانی بەختەوەری‌و رابواردنی ناو بەهەشتی رازاوە بۆ هەتا هەتایە (خودا بە نسیبمانی بکا) نمونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە: کە دەفەرموێ:﴿بلی وربی لتبعثن، ثم لتنبؤن بما عملتم﴾(التغابن/ ٧).

ئەمجار پەروەدگار سەر زەنشتی کافرەکان دەکا: کە بۆچی زیندو بوونەوەیان بە لاوە دوورە. دەفەرموێ: ﴿ فما لهم لایؤمنون﴾ چیە بۆچی ئیمان ناهێنن؟ چ شتێك رێگای ئیمانهێنان بە خوداو بە پێغەمبەرو بە رابوونی قیامەت و زیندوبوونەوە یان لێ دەگرێ؟ خۆ هەرچی سەیری بکەن نیشانەی هەبوون و بەتوانایی خودایە، دیاردەکانی بوونەوەرو موعجیزەکانی پێغەمبەر نیشانەی هەبوونی خودای تاك و تەنهاو راستی پێغەمبەریەتی حەزرەتی موحەممەدن. دەی بۆچی ئیمان ناهێنن؟

﴿واذا قرئ علیهم القران لا یسجدون﴾ ئەوە بۆچی: کە قورئانیان بەسەردا دەخوێندرێتەوە خێرا سوژدە بۆ خودا نابەن و بەندایەتی خۆیان بۆ خودا راناگەیەنن؟ دان بە گەورەیی و بەتوانایی خودادا نانێن؟! ئەو موشریکانەی مەککە لە بواری بەلاغەو زمانرەوانیدا شۆڕە سواری

مەیدانن، کە گوێیان لە قورئان دەبێ ئەگەر دڵی بدەنێو گوێـی بـۆ کلـۆر بکەن، دەزانن ئەوە کەلامی ئادەمیزادنیـــەو موعجیزەیــە، دەی بـۆ دڵـی نادەنێو گوێی بۆ کلۆر ناکەن؟

ئەمجار پەروەدگار هۆی ئیمان نـەهێنانیان رون دەکاتـەوەو دەفـەرموێ: ﴿بل الذین کفروا یکذبون﴾ بەڵکوو کافرەکان قورئان بە درۆ دەخەنــەوە، ئەو قورئانەی پڕە لە بەڵگەی جۆراو جۆر لەسەر هەبوون و تاك و تەنـهایی خودا، لەسەر رابوونی قیامەت و هەبوونی سزاو پاداش، رەتی دەکەنــەوە، بە چیرۆکە کۆن و ئەفسانەی لــە قەڵـەم دەدەن، یـان دەڵێـن: سـیحرە یـا شیعرە.. ئەمەش: کە دەکەن لە بەر حەســوودی و چـاو چنۆکییانـە، یـان ترسی لە دەستدانی بەرژەوەندی پلەوپایەو مــاڵ و سـامانیان هەیـە، یـان لەڕوی سەر ڕەقیو لاسایی کردنەوەی باوك و باپیرانیان...!

﴿والله أعلم بما یوعون﴾ خودا لە هەموو مـەخلوقات باشـتر دەزانـێو ئاگادارترە بەسەر ئەو شتانەی لە دڵیان دا حەشاریان داوە. بــەڵکوو هــەر خودا دەزانێ چی لە دڵیان دایە. ﴿ فبشرهم بعذاب ألیم﴾ ئەی پێغەمبەر خەبەریان بدەرێ بەوە: کە خودا عـەزابی بــە ئێشـی بـۆ ئامــادە کـردون. موژدەیان بدەرێ بە سزای دۆزەخ.

﴿الا الذیـن أمنـوا و عملـوا الصالحـات، لهـم أجـر غــیر ممنــون﴾ بەڵام ئەوانەی ئیمانیان بە خودا و بــە پێغەمبـەری خـودا و بـە رابوونـی قیامــــەت هەیــــەو پابــــەندی فــــەرمان و جڵەوگیرییـــــەکانی قورئـــانن، کردەوەکانیــــان رەنگدانـــەوەی ئیمانەکەیـــانــــە، لەگـــەڵ ئیمـــانــەکـــەیاندا کـرداری چـاك دەکـەن، ئەوانـە پاداشـی نــەبڕاوەو بێکەمو کوڕی و بێ منەتیان دەدرێتێ. ئەوانــە بەختــەوەرن و پاداشــتیان بەهەشتی پان و بەرین و رازاوەیە..

بسم الله الرحمن الرحیم

سورەتی (البروج)

ئەم سورەتە مەککیەو بیست و دوو ئایەتە، ناوی نراوە سورەتی(بـروج) چونکە بەسوێندخواردنیپەروەدگار بەئاسمانیخاوەن کەلوو دەست پیّدەکا

پەیوەندی ئەم سورەتە بەهی پێشەوەی لە چەند ڕوبەکەوەیە:

١- لێکچوونـی سـەرەتای سـورەتەکان، ئـەوەتا سـەرەتای سـورەتی (الانفطار، الانشقاق، البروج، الطارق) بەباسی ئاسمان دەست پیّ دەکا، لـە سورتی پێشوودا فەرموی: ﴿اذا السماء انشقت﴾ لـێرەش دا دەفـەرموێ: ﴿والسماء ذات البروج﴾. لە سەرەتای سورەتی (الانفطـار) دا فـەرموی: ﴿اذا السماء انفطرت﴾.

٢- هەردوو سورەتەکان واتــە: سـورەتی (الانشـقاق، الـبروج) وادە بـە خودا پەرستان و هەڕەشە لە کافرانی لـە خۆگرتـووە. لـە هـەردووکیان دا ئاماژە بە گەورەیی خودا کراوە.

٣- لە سورەتی پێشـوودا ئـەوەی ڕاگـەیاند: کـە موشـریکەکان ڕق و کینـەی زۆریـان دژی پێغەمبـەرﷺ و موسـوڵمانان لـە دڵـی خۆیـان دا کۆکردۆتەوە. بە ئاشکراو بە نهێنی تەعزیب و ئەشـکەنجەیان دەدەن، لـەم سورەتەش دا ئەوە ڕادەگەیەنیّ کـە ئـەوە داب و نـەریّتی گەلـە پێشـینە کافرەکـان بـووە، ئەمـەش ئامۆژگـاریو دڵدانـەوەی پێغەمبـەروﷺ موسوڵمانەکانی تێدایە.

سەبەب نزولی سـورەتەکە دڵدانـەوەی پێغەمبـەروﷺ موسـوڵمانەکانە، ئـەوە ڕون دەکاتـەوە: کـە هـەموو نەتـەوە پێشـینە کافرەکـان وەکـوو موشریکەکانی مەککە هەڵس و کەوتیان کردوە، ئەوە ئەصحابول ئوخدود

لەنەجرانی یەمەن و قەومی فیرعەون و قەومی عادو ثەمود ... هتد هەموویان کافر بوون و پێغەمبەرەکانی خۆیان بە درۆ خستۆتەوە، بڕوایان پێ نەکردون و پەیامەکەیان رەتکردۆتەوە. خودا تۆڵەی لێ ستاندون بە عەزابی کۆ کوژ لە ناوی بردون.

چیرۆکی ئەصحابولئوخدود وەکوو لە (الصحاح) دا لە پێغەمبەرەوە ریوایەتکراوە، دەفەرموێ: یەکێك لە پاشاکانی رابردوو ساحیرێکی هەبوو، کە پیربوو، کوڕە لاوێکی بردە لای خۆی بۆ ئەوەی فێری سیحری بکا، هەموو رۆژێ کوڕە لاوەکە دەچوو بۆ لای کابرای ساحیر و دەرسی سیحری لەلا دەخوێند: لەسەر رێی کوڕە لاوەکە راهیبێك هەبوو، ئامۆژگاری ئادەمیزادەکانی دەکردو خەڵکی هەڵدەنا بۆ خودا پەرستی.

هەموو رۆژێ کوڕە لاوەکە کە دەچوو بۆلای کابرای ساحیر گوێی لەئامۆژگاری و پەندو نەصیحەتی راهیبەکە دەگرت و قسەکانی لەدڵیدا گاریگەر بوون، رۆژێك لە رۆژان: کە دەچوو بۆلای ساحیرەکە لەرێگا بینی وا جانەوەرێك یان ئەژدیهایەك رێگای بەخەڵکی گرتووە، کەس ناوێرێ لەو ئاقاستە تێپەڕێ. کوڕە لاوەکە بەردێکی هەڵگرت و وتی: خودایە! ئەگەر راهیبەکە لە ساحیرەکە خۆشەویسترە یارمەتیم بدە بەم بەردە بیکوژم. بەردەکەی تێگرت و کوشتی!!

دوای ئەم روداوە کوڕە لاوەکە هاتوچۆی راهیبەکەی دەکردو شتی لێ فێردەبوو، هەتاوای لێ هات نەخۆشی کەڕو لاڵ و بەڵەکی چاك دەکردنەوە. راوێژکاری پاشا کوێر بوو، کوڕە لاوەکەیان هێنایە سەری چاکی کردەوە، پاشا لێی پرسی کێ چاوی چاك کردییەوە؟ وتی خودا چاوی چاك کردمەوە. پاشا رقی لێ هەڵساو ئازارو ئەشکنجەی دا، ناوو ناونیشانی کوڕە لاوەکەی پێ گوت. یاساوڵەکانی پاشا کوڕە لاوەکەیان هێناو

خستیانە بەر ئازارو ئەشکنجە، هەتا راستی راهیبەکەی گوت. راهیبیـان هێنا خستیانە بەر تەعزیب و لە ئایینی خۆی پەشیمان نەبوەوە، بەمشـار دوو لەتیان کردو گیانی سپارد.

ئەمجار کوڕە لاوەکەیان هێنا بردیانە سـەر شـاخێکی بـەرز بـۆ ئـەوەی هەڵیدێرن، هاواری لە خـودا کـردو پاڕایـەوە، ئەوانـەی بردبویـان بۆسـەر شاخەکە کەوتنە لەرزە لەرزو خۆیان کەوتنە خوارو ئەو رزگاری بوو، ئەمجار بردیان خستیانە ناو بەلەمێکەوە بۆ ئەوەی لە ناو دەریادا بەلەمەکە خـوار بکەنەوەو بکەوێـتە ناو ئاوەکەوە بخنکێ، بـەڵام ئـەوان خۆیـان خنکـان و کوڕە لاوەکە رزگاری بوو.

ئەمجار بە پاشای گوت ئەتۆ ناتوانی من بکـوژی هـەتا هـەموو خـەڵك کۆنەکەیەوەو من هەڵنەواسی بە درەختێکەوەو تـیرە بـارانم نەکـەی! بـەم جۆرە تیرێك لە تیردانەکەم دەربێنەو بڵـێ: ﴿بسم الله رب الغلام﴾ ئـەمجار تیرەکەم پێوەبنێ .

پاشا بـەو شـێوە خـەڵکی کۆکـردەوەو کوڕەکـەی هەڵواسـیو تـیرێکی لەتیردانی کوڕەکە دەرهێناو خستیە نا ئامێری تیر هاوێژەوەو لە کوڕەکەی گرت و لە بنا گوێی داو شەهید بوو، خەڵکەکە تێکڕا وتیان ئیمانمان هێنا بە خودای ئەم کوڕە لاوە، هەموویان موسوڵمان بون. راوێژکاران بەپاشایان گوت ئەوەی لیێدەترسای ئەوا رویدا.

ئەمجار پاشـا شـێلگیر بـوو، فـەرمانی دا لـە نـاو کـۆڵان و سـەرەڕێدا خەندەك و چاڵ هەڵبکەنن و ئاگریان تێدا بکەنەوە، هەرکەسـێ نەهاتـەوە سەر ئایینی پاشا، بیخەنـە نـاو چاڵـە ئاگرەکانـەوە. خـەڵکێکی زۆریـان تیێفرێدا، هەتا سەرە هاتە سەر ئافرەتێك منداڵێکی بـە باوەشـەوە بـوو، ئافرەتەکە تۆزێك لەبەر منداڵەکە هەڵوێستی کرد، منداڵەکە هاتەزوبان و

وتی: دایە صەبربگرەو تۆ لەسەر رێبازی حەقی، ئیتر ئەویش چووە ناو ئاگرەکەوەو سوتا.

ئیمامی موسلیم لە صەحیحی خۆیدا و ئەحمەدو نەسائی ئەم رووداوەیان ریوایەت کردوە ، پوختەکەی بەم جۆرەیە: یەکێك لەپاشا کافرەکانی رۆژگاری پێشوو : کە (زونواسی جولەکە بووە ناوی زورعەی کوڕی توببانی ئەسعەدی حیمیەری) بوو، خەبەری پێ گەیشت: کە هەندێ لە رەعییەت و مسکێنەکانی چوونە سەرئایینی مەسیحی.

ئیتر سوپایەکی لەحمیەریەکان پێکەوە ناو چووە سەریان هەموویانی گرت ، سەرپشکی کردن لە نێوان سوتان بە ئاگرو گەڕانەوە بۆ سەر ئایینی جولەکە. ئەوانیش سووربوون لەسەر مانەوە لەسەر ئایینی مەسیحی. ئیتر پاشا فەرمانی دەرکرد چاڵیان بۆ هەڵکەندن، ئاگریان تێدا کردنەوە، ئەمجار بە خەڵکە گیراوەکانیان گوت: هەر کەسێ لە ئایینی تازەی ژێوان بێتەوە چمان بەسەریەوە نیە، ئەوەی ژێوان نەبێتەوە دەیخەینە ناو ئاگرەوە.

خەڵکەکە دانیان بە خۆیاندا گرت و لە ئایینی مەسیح ژێوان نەبوونەوە، ئیتر لە پێش چاوی پاشاو داروودەستەکەی ئەو خەڵکە خودا پەرستانەیان خستە ناو چاڵە ئاگرەکانەوە، هەموویان سوتان و مردن. هەندێك پێیان وایە ژمارەیان بیست هەزار کەس بووە، هەندێك دەڵێن: دوانزە هەزار کەس بوون. کولەبی دەڵێ: ئەصحابولئوخدود حەفتا هەزار بوون!![1]

(١) تەفسیری ئیبنو کەثیر ج٤/ ٥٤٩ .

سوێند خواردن بە چەند دیاردەیەکی بوونەوەر بۆ جەختکردنەوە لەسەر بەفتارەچوونی ئەصحابولئوخدود

بسم الله الرحمن الرحيم

وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡبُرُوجِ ﴿١﴾ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡمَوۡعُودِ ﴿٢﴾ وَشَاهِدٖ وَمَشۡهُودٖ
﴿٣﴾ قُتِلَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأُخۡدُودِ ﴿٤﴾ ٱلنَّارِ ذَاتِ ٱلۡوَقُودِ ﴿٥﴾ إِذۡ هُمۡ عَلَيۡهَا
قُعُودٞ ﴿٦﴾ وَهُمۡ عَلَىٰ مَا يَفۡعَلُونَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ شُهُودٞ ﴿٧﴾ وَمَا نَقَمُواْ
مِنۡهُمۡ إِلَّآ أَن يُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ ﴿٨﴾ ٱلَّذِي لَهُۥ مُلۡكُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ﴿٩﴾

﴿والسماء ذات البروج﴾ سوێند دەخۆم بە ئاسمان و بورجەکانی، واتە: سوێند بەئاسمانی بەرزو فراوان: کە ئەستێرەی گەورەو زەبەللاحی هەن، یان سوێند بە ئاسمان کە خاوەنی چەند مەنزڵ و کەلوویەکە بۆ ئەستێرەکان. کە بریتین لە دوانزە بورج بۆ دوانزە ئەستێرە، خۆر بە ساڵێك ئەو بورجانە دەبڕێو مانگیش بە بیست و هەشت ڕۆژ، خودای مەزن سوێندیان پێ دەخوا، چونکە کاریگەری گرنگیان لەسەر زەوی هەیە، بەگوێرەی گۆڕانی ئەستێرەکان لەناو ئەو کەلووانەدا گۆڕانکاری وەرزەکانی ساڵ دروست دەبێ. گەرماو سەرماو باوو باران لەسەر زەوی پەیدا دەبن. هەر بەهۆی ئەو بورجانەوە ساڵ و مانگ و حیساب دەزاندرێن. وەکوو لە زانیاری ئاسمان شوناسی دا هەیە ئاسمان دوانزە بورجی تێدان، شەش کەلوویان

لەشیمالی هێڵی ئیستیواوەن شەش بورجیشیان لە خواروی هێڵی ناو براوەوەن.

شەش بورجی سەرو (شیمال)، بورجی: (حەمەل و ثەورو جەوزاو سەرەطان و ئەسەدو سونبلە)ن شەشەکەی تریان کە لە خواروی هێڵی (أستواء)ەوەن بریتین لە بورجی: (میزان و عەقرەب و قەوس و جەدیو دەلوو حوت) لە یەکەم رۆژی بەهاردا خۆر دەچێتە بورجی حەمەلەوە تاکۆتایی بەهار کەلووی حەمەل و ثەورو جەوزا دەبڕێ. لە یەکەم رۆژی هاوینا دەچێتە بورجی سەرەطانەوە تاکۆتایی هاوین کەلووی سەرەطان و ئەسەدو سونبلە دەبڕێ. لە یەکەم رۆژی پاییزدا دەچێتە کەلووی میزانەوە تاکۆتایی پاییز کەلووی میزان و عەقرەب و قەوس دەبڕێ لەیەکەم رۆژی زستان دا دەچێە کەلووی (جدی) یەوە تاکۆتایی زستان کەلووی جدیو دەلوو حوت دەبڕێ.

﴿واليوم الموعود﴾ سوێندم بە رۆژی قیامەت کەوادەمان بە هاتن و رابوونی داوە. ﴿وشاهد و مشهود﴾ سوێند بە وانەی لەو رۆژەدا حازر دەکرێن و هەموو شتێك دەبینن و هەموو شتێکیان رادەنوێندرێ لە سارای مەحشەردا هەروەها سوێند بەو شتانەی تێیدا دەبیندرێ. سوێند بەشایەت و شایەتی لەسەر دراو.

﴿قتل أصحاب الأخدود﴾ ئەصحابو لئوخدود بە فتارە چون و ماڵوێران بوون. لە رەحمەتی خودا دوور کەوتنەوە. یان دەك بە کوشت بچن و لەرەحمەتی خودا دوور بکەونەوە. ئەوانەی خەندەکی قووڵ و درێژیان لێدان و زەختیان لە موسوڵمانەکان کرد، لە ئایینی خۆیان پەشیمان ببنەوە.

﴿النار ذات الوقود﴾ ئەوانەی حازری ئاگری هەڵگیرساوی بلێسەداری ناو خەندەك و چاڵەکان بوون و هەر کەسێ لە ئایین ژێوان نەبوویایەوە،

فڕێیـــان دەدایـــە نـــاو ئـــاگری بڵێســـەدارەوە. نـــەفرینیان لێبـــێ.

﴿اذ هم عليها قعود﴾ لەو کاتەدا: کەلە دەوری ئـاگری هەڵگیرسـاوەوە لەسەر کورسی و قەنەفە بەریز دانیشـتبوون و سـەیری دیـەنی سـامناکی تێفرێدانی ئەو خەڵکە موسوڵمانە بێ تاوانەیان دەکرد کە دەیانخستنە نـاو ئاگری بێ ئامانەوەو هـەڵدەقرچان و دەبوونـە سـوتەمەنی ئاگرەکـە هیـچ رەحم و بەزەییان نەدەجولا.

﴿وهـم علـى مـا يفعلـون بـالمؤمنين شـهود﴾ ئەوانـە: واتـە پاشـاو دارو دەسـتەکەی سـەیری ئـەوەیان دەکـرد کـە بـەخودا پەرسـتەکانیان دەکـرد، دەیـانبینی چـۆن ئـەو ئـادەمیزادە زینـدو لەشسـاغانەیان دەخستە ناو ئاگری بڵێسەدارەوەو چۆن لەماوەیەکی کورتدا هەڵدەقرچان و دەبوونە قەرەبروت.

ئامادەبونیان بـۆ ئـەو دیمەنـە سـامناکە بەڵگەیـە لەسـەر دڵڕەقـی و بێویژدانی پاشاو دارو دەستەکەی. لەهەمان کات دا نیشانەی خۆراگـریو بڕوا پتەوی موسوڵمانەکانە. ئەو هەموو سزاو ئەندێشەیان چەشت و گیانی خۆیان بەخت کرد بەبێ ئەوەی لە ئیمانی خۆیـان پەشـیمان ببنـەوە. یـان ترسێکیان لێ بنیشێ، بەبێ پەروا گەورەو بچوك و دایكو باوكو خوشك و براخۆیان فڕێ دەدایە ناو ئاگرەوەو لە ئیمانی خۆیان پەشیمان نەبوونەوە.

﴿وما نقموا منهم الا أن يؤمنوا بالله العزيز الحميـد الـذى لـه ملـك السموات والارض، والله على كل شيئ شهيد﴾ ئەو کـافرە سـەر رەقـە دڵڕەقانە تۆڵەی هیچیان لەسەر نەبوون، جگە لەوەی ئیمانیان هێنابوو بـە خودای باڵادەستی سوپاس بۆکراو هیچ بیانویان بەدەستەوە نـەبوو توشـی ئەو سزایانەیان بکەن جگە لـەوە کـە ئیمانیـان بـە خـودای باڵادەسـت و شکۆمـەندو سوپاس بۆکراو هێنابوو، ئـەو خودایـە خـاوەنی ئاسمانـەکان و

زەویە، هەموو شتێك بۆلای ئەو دەگەڕێتەوەو بەدەست ئەوە، هیچی لی‌گوم نابیّو لی‌ێتێك ناچیّ. پاداشی‌چاکە بەچاکە خراپە بەخراپە دەداتەوە.

سزای کافرەکان و پاداشی موسوڵمانان

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَتَنُوا۟ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا۟ فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ ٱلْحَرِيقِ ﴿١٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمْ جَنَّٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْكَبِيرُ ﴿١١﴾

لەوەپێش چیرۆك و بەسەر هاتی ئەصحابولئوخدودو کردەوەی ناشرینیان بەرامبەر موسوڵمانان _ رانواند. بە شوێن ئەوەدا ئەحکامی ثەواب و عیقاب بەیان دەکا. ئەو عەزابە ڕون دەکاتەوە کەبۆبی‌بڕوایانی ئامادەکردوە، ثەواب و پاداشی نەبڕاوەو لەبن نەهاتوو بۆ خودا پەرستان دیاری دەکاو دەفەرموێ:

﴿ان الذين فتنوا المؤمنين والمؤمنات، ثم لم يتوبوا فلهم عذاب جهنم ولهم عذاب الحريق﴾ بێگومان ئەوانەی پیاوو ئافرەتانی موسوڵمانیان خستە ناو ئاگرەوەو لێیان نەگەڕان بە ئازادی پەیڕەوی ئایینی خۆیان بکەن، زەختیان لی‌کردن: کە ئەگەر لە ئایینی مەسیحی پەشیمان نەبنەوە، دەبیّ بچنە ناو ئاگرەوە. ئیتر خوداپەرستەکان لە ئایینی خۆیان پەشیمان نەبوونەوە، پاشای کافرو دارو دەستەی ستەمکاری خستیاننە ناو ئاگری هەڵگیرساوەوە.

ئەوانەو هەموو کافرێکی تر: کە تۆبەیان نەکردبیو تۆبەنەکەن، عەزابی دۆزەخیان بۆ ئامادە کراوە، بە ئاگری سوتێنەر دەیانسوتێنن. چونکە سـزا بە گوێرەی کردەوەیە.

ڕستەی ﴿لم یتوبوا﴾ لەئایەتەکەدا ئاماژە دەکا بـۆ ئـەوە: ئەگـەر ئـەو دڵڕەقانە دوای ئەو هەموو کوفرو ستەم و تاوانە، تۆبـەیان بکردایـە خـودا لێیان خۆش دەبوو، بەڵام هیچیان تۆبەیان نـەکردوە لەهەڵوێسـتی خۆیـان پەشیمان نەبوونەوە. بەراستی خودا بێ باك و خـاوەن ڕەحـم و بەزەیی‌یـە. ئەوانە خۆشەویستانی پەروەدگاریان بەو شێوە دڵڕەقی‌یـە کوشـت: کـەچی ئەگەر تۆبەیان بکردایە لێیان خۆش دەبوو!!

ئەمجار موسوڵمانان هـەڵدەنێ بـۆ زێـدە تاعـەت و بەندایـەتی کـردن، دەفەرموێ: ﴿ ان الذین أمنوا وعملوا الصالحات لهم جنـات تجـری مـن تحتها الانهار ذلك الفوز الکبیر﴾ بێگومان ئەوانـەی ئیمانیـان هێنـاوەو کردەودی چاکیـان کـردوە، بڕوایـان بـە تـاك و تەنـهایی خـوداو راسـتی پێغەمبەرایەتی‌و رابوونی قیامەت و زینـدو بوونـەوەو هـەبوونی فریشـتە هەیە، بڕوایان بە نامە ئاسمانییەکان هەیەو کردەوەی باشیان ئـەنجام داوە، شوێن پەیامی قورئـان کـەوتوون و پابـەندی فـەرمان و جڵەوگیرییـەکانی پەروەدگارن؛ بە هیچ جۆرێ لە بیرو باوەڕی خۆیان لا نادەن..

وەکوو چـۆن ئـەو خـودا پەرسـتانەی سـەردەمی (اصحـاب الأخـدود) لەبـەردەم ئـەو تاقیکردنـەوە گەورەیـەدا خۆیـان راگـرت و تۆزقـاڵێك لەهەڵوێسـتی خۆیـان نەهاتنـە خـوارەوە. ئەوانـە لـە پاداشـی ئیمـانی چەسپاویان و کردەوەی باشیان باغ و باغاتی بەهەشتیان پـێ دەدرێ: کـە بەژێر درەخت و باڵەخانەکانیان دا جۆگـاو جۆبـار دەکشێن و هێندەی‌تـر جوانی‌و رازاوەیی بەدیمەنی بەهەشت دەبەخشن، ئـەو پـاداش و بەخششـە بەمراز گەیشتنێکی گەورەیە، هیچ بەمراز گەیشتنێکی تری پێ‌ناگا.

پەروەردگار دەسەڵاتی رەهای هەیە، وادەو هەڕەشەکانی دێنێتە دی

إِنَّ بَطْشَ
رَبِّكَ لَشَدِيدٌ ﴿١٢﴾ إِنَّهُۥ هُوَ يُبْدِئُ وَيُعِيدُ ﴿١٣﴾ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلْوَدُودُ ﴿١٤﴾
ذُو ٱلْعَرْشِ ٱلْمَجِيدُ ﴿١٥﴾ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ﴿١٦﴾ هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلْجُنُودِ
﴿١٧﴾ فِرْعَوْنَ وَثَمُودَ ﴿١٨﴾ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى تَكْذِيبٍ ﴿١٩﴾ وَٱللَّهُ مِن
وَرَآئِهِم مُّحِيطٌۢ ﴿٢٠﴾ بَلْ هُوَ قُرْءَانٌ مَّجِيدٌ ﴿٢١﴾ فِى لَوْحٍ مَّحْفُوظٍۭ ﴿٢٢﴾

لەوەپێش هەڕەشەی لەو کافرو ستەمکارانە کرد: کە سورن لەسەر کوفرو بێدینی، وادەی بەهەشت و نازو نیعمەتی بەوانە دا کە خاوەن باوەڕ و کردار چاکن. ئەمجار ئەوەی راگەیاند: کە لە هەموو سەردەم و رۆژگارێك دا وێنەی ئەصحابولئوخدود هەن و هەمیشە کوفرو ئیمان لە صیراع و بەربەرەکانی دان. بەمەش هەڕەشەی توند ئاڕاستەی کافرەکانی قورەیش دەکاو وادەی نازو نیعمەت دەدا بە موسوڵمانان و تەسەللایان دەداتەوە، دڵنیایان دەکا: کە سەرەنجامی هەموو کافرو بێدینیك وەکوو سەرەنجامی ئەصحابولئوخدود وایە.

دەفەرموێ: ﴿ان بطش ربك لشديد﴾ بێگومان هەڵمەتی خودای تۆ توندو ئەستەم و بەهێزە، هەڵمەتی تۆڵەستاندنەوەی لە ستەمکارو ملهوڕان و رەتکەرەوەی پەیامی پێغەمبەرانی و سەرپێچیکاران زۆر بە هێزو سامناکە ، هیچ شتێك خۆی بۆ ناگرێ و هەموستەمکارێك دەپروێنێ .

﴿انه هو يبدئ ويعيد﴾ بێگومان خـودا خـاوەنی دەسـەڵاتی ڕەهایـە، هەرئەو سەرەتا بەدیهێنەرە، ئەوئادەمیزادی لە دونیـادا دروسـت کـردوە، دوای مردن جارێکیدی زیندویان دەکاتەوە، یان خـودا سـەرەتا هەڵمـەت دەباو دوبارەشی دەکاتەوە، واتە: لـەدونیاو قیامـەت دا خـودا هەڵمـەتی سەخت بـۆ سـتەمکارو ملـهوڕان دەبـاو تێکیـان دەشـکێنێ. لـەدونیادا هەڵمەتیان بۆ دەبا چونکە کوفرانی نیعمەتەکانی خودا دەکەن، لە قیامەت دا هەڵمەتیان بۆ دەبا، چونکە بڕوایان بە زیندوبوونەوە نیە.

﴿وهـو الغفـور الـودود﴾ پـەروەدگار زۆر لێخۆشـبووە بـــۆ تـاوانی بـەندەکانی بـە مـەرجێ تۆبـە بکـەن و بـۆلای ئـەو بگەڕێنـەوە. بـەندە گوێڕایەڵەکانی زۆر خۆش دەوێن، بەتەواوی پاداشیان دەداتەوە.

﴿ذو العـرش المجيـد﴾ پـەروەدگار خـاوەنی عەرشـی گـەورەو بـــەرزو شکۆمەندە، خاوەنی ملك و سـەڵتەنەتە، خـاوەنی بونـەوەرە، ئـەو پـەڕی سەخاوەت و بەخشندەیی هەیە.

﴿فعال لما يريد﴾ خـاوەنی دەسـەڵاتی رەهایـە، هـەرچی بیـەوێ بیکـا دەیکا، هەرچی بیکا کەس نیە بتوانێ رەتی بکاتەوەو بەرهەڵسـتی بکـا، پرسیاریشی لیٚ ناکرێ بۆچی ئەوە دەکـاو ئەمـە ناکـا، هـەرکاتێ بیـەوێ ستەمکارو سەر رەقەکان لەناو بەرێو یارمەتی خودا پەرستان بدا، چۆنـی بوێ ئاوا ویستی خۆی دێنێتە دیو کەس نـاتوانێ نـە لـە ئاسمـان و نەلـە زەوی دا بەرهەڵستکاری بێ.

﴿هـل أتـاك حديـث الجنـود فرعـون و ثمـود﴾ ئـــەی موحەمـــەد! ئایا هەواڵ و سەرگورشتەی کۆمەڵانی کوفرو بەدرۆخەرەوەی پێغەمبەرانت پێ گەیشتووە، سەر گورشتەی ئەو گەل و نەتەوانەت پێ گەیشـتووە: کـە یاساوڵ و دەسـتەو دایـەرەی خۆیـان کـۆ کـردەوە بـۆ بـەگژدا چوونـەوەی پێغەمبـەران، یـان ئایـا هـەواڵی ئـەو عـەزاب و سـزایەی توشـی ئـــەو

ستەمکارانە بوو بە تۆ گەیشتووە؟ لەو گەل و نەتەوە ستەمکارو بەدرۆ خەرەوانە فیرعەون و دارو دەستەکەی و گەلی ثەموود: کە بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب و خودا دوابڕاوی کردن. مەبەست بە (حدیث) هەڵوێست و کوفرو عەنادو ئەو عەزاب و سزایەی توشیان بوو، ئەوەبوو خودا فیرعەون و دارودەستەکەی لە دەریادا (دەریای سوور) خنکان و ریشەکێشی کردن. گەلی ثەموود حوشتری پێغەمبەرەکەیان سەربڕی، خودا ولاتی وێران و خاپور کردن، سەر لەبەر لە ناوی بردن و کەسیان لیێدەرنەچوو!

ئەمجار پەروەدگار دلْدانەوەی پێغەمبەرﷺ دەکاو دەفەرموێ: ﴿بل الذین کفروا فی تکذیب﴾ ئەمە داب ونەریتی کۆمەڵی کوفرو ستەمکارانە، لە هەموو سەردەم و ڕۆژگارێك دا ، هەرکاتێ پێغەمبەرێکیان هاتبێتە سەر، بەدرۆیان خستۆتەوە. بەڵکوو واقیع و هەڵوێستی موشریکەکانی قورەیش ئەوەیە بە توندی پەیامەکەت رەت دەکەنەوە، بڕوات پێ ناکەن، پەندو عیبرەت لە گەل و نەتەوە پێشینەکان وەرناگرن.

﴿والله من ورائهم محیط﴾ خودا توانای رەهای هەیە بۆ ئەوەی عەزابی سەختیان بۆ سەر بنێرێ، دەتوانێ ستەمکاران بپروێنێو بشکێنێ. هەموو بوونەوەر لە ژێر دەسەلاتی رەهای دایە، کەسیان لەدەستی رزگاریان نابێ، پێویست ناکا بە هەڵوێست و کوفریان دلتەنگ بێ. ئەوە داب و نەرێتی هەموو کافرو بێ باوەڕانی رۆژگارە.

﴿بل هو قرأن مجید،فیلوح محفوظ﴾ بەلکوو ئەم قورئانەی ئەوان بڕوای پێ ناکەن و بەسیحرو جادوی لە قەڵەم دەدەن، هەندێ جاریش دەڵێن: شیعرە یان فالْ و کولەوە نانییە یان چیرۆکە کۆنی رابردوانە... دلنیابە ئەو قورئانە قورئانێکی سەر ئاسایە، چمك و شێوازی، ماناو ناوەڕۆکی

هێندە بەرزو پیرۆزە، بۆتە موعجیزە و لەتوانای ئادەمیزادا نیە کەلامی ئاوا دابنێ . کەلامی خودایە، بەنیگاو سروشت ناردویەتی بۆ پێغەمبەر (د.خ) ، لەهەمو کەموکوڕی و گۆڕانکاری تێیدا پارێزراوە . لە لەوحولمەحفوظ دا نوسراوەتەوە.

لەوحولمەحفوظ: یەکێکە لە عالەمە غەیبییەکان و نازانین حەقیقەتی چۆنە، پێویستە ئیمانمان پێی هەبێ وەکوو خودا هەواڵی پێداوین. خودا دەفەرموێ: قورئانی تێدا نوسراوەتەوە. لەمە زیاتر هەرچی بوترێ زیادەیە..

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الطارق)

ئەم سورەتە مەککیەو حەڤدە ئایەتە. ناوی نراوە سورەتی (الطارق) چونکە لە سەرەتاوە خودا سوێندی پێ خواردوە ، دەفەرموێ: ﴿والسماء و الطارق﴾ وشەی (الطارق) ناوە بۆ ئەو ئەستێرەیەی بەشەو هەڵدێو بەنووری خۆی تاریکایی شەو کون دەکا. بەشەو دیارەو بە رۆژ هونە.

ئەم سورەتە لە دوو ڕووەوە دەشوبهێتە سورەتی پێشووی:

١. لە سەرەتای هەردووکیان داسوێندی بەئاسمان خواردوە.
٢. لە هەردووکیان دا باسی زیندو بوونەوەو رابوونی قیامەت کراوە.

لە هەردووکیان دا پیرۆزی قورئان دەست نیشان کراوە.

ناوەڕۆکی سورەتەکە وەکوو باقی سورەتە مەککیەکان گرنگی بە بنەمای بیروباوەڕ دەدا، دەسەڵات و بە توانایی خودا رادەنوێنێ. دیەن و روداوو دیاردەکانی رۆژی قیامەت نمایش دەکا.

سورەتى (الطارق)

بسم الله الرحمن الرحيم

وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ﴿١﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلطَّارِقُ ﴿٢﴾ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ ﴿٣﴾ إِن كُلُّ نَفۡسٍ لَّمَّا عَلَيۡهَا حَافِظٞ ﴿٤﴾ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ﴿٥﴾ خُلِقَ مِن مَّآءٖ دَافِقٖ ﴿٦﴾ يَخۡرُجُ مِنۢ بَيۡنِ ٱلصُّلۡبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ﴿٧﴾ إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجۡعِهِۦ لَقَادِرٞ ﴿٨﴾ يَوۡمَ تُبۡلَى ٱلسَّرَآئِرُ ﴿٩﴾ فَمَا لَهُۥ مِن قُوَّةٖ وَلَا نَاصِرٖ ﴿١٠﴾

دەفەرموێ: ﴿والسماء و الطارق﴾ سوێندم بە ئاسمانی بەرزو تۆکمەو جوان و قەشەنگ، سوێندم بە ئەستێرەی درەوشاوە کە بەشەو دەردەکەوێ.

﴿وما أدراك ما الطارق﴾ ئەتۆ چووزانی حەقیقەت وچۆنیەتی ئەو ئەستێرانە چیــیە؟ طاریق بریتییە لە ئەستێرەی درەوشاوە: کە بەروناکی خۆی تاریکی شەو کون دەکا. ئەم جۆرە ئەستێرە گەورەترین بەڵگەن لەسەر تاك و تەنهایی‌و بەدەسەڵاتی خودا بۆ کەسانێك لێیان وردبێتەوە.

سوێند خواردن بە ئاسمان و ئەستێرە و خۆرو مانگ و تاریکی‌و روناکی‌و شەو رۆژ: کە خودا لە قورئان دا زۆر جار دوبارەیان دەکاتەوەو سوێندیان پێ دەخوا لەبەر ئەوەیە دیاردەو گۆران و حاڵ و وەزع و هاتوچۆو شێوەو هەڵهاتن و ئاوابونیان تابڵێی سەرنج راکێش و سەر سورهێنەرن؛ وەلێ لەبەر زۆر دوبارە بوونەوەیان خومان پێوە گرتون و لەلامان بەشتێکی ئاسایی دێنە بەر چاو. ئەگینا هەموویان جێگای سەرنجن و، نیشانەی

تاك و تەنهایی‌و دەسەلاتی ڕەهای پەروەدگارن، نیشانەی ئەودن: کە خاوەنیان خودایەکی دەستڕەنگین و کار دروست و فەرمانڕەوایە...!
کە دەفەرموێ: ﴿وما أدراك ما الطارق﴾؟ پرسیارەکە بۆ بەگەورەزانین و سەر سوڕمانە، مەبەست ئەوەیە: ئەو ئەستێرە دورو قەبارە زەبەللاحانە: کە بەئاسۆی ئاسمانەوە دەدرەوشێنەوە کەی لە توانای ئادەمیزاددا هەیە حەقیقەتیان بزانێ؟ زانیاری‌و ڕوانین و دیتنی ئادەمیزاد سنووردارە، ناتوانێ حەقیقەتی ئەوانە کۆنترۆڵ بکاو بیانزانێ.
سوفیانی کوڕی عویەینە دەڵێ: هەر شتێك لە قورئان دا بە ڕستەی ﴿ما أدراك﴾ ئاڕاستە کرابێ، خودا بە پێغەمبەری خۆی زانandوە. هەرشتێك بە ڕستەی ﴿وما یدریك﴾ ئاڕاستە کرابێ پێغەمبەری لێ ئاگادار نەکردوەو بە نهێنی ماوەتەوە. وەکوو دەفەرموێ: ﴿وما یدریك لعل الساعة قریب﴾(الشوری/١٧) .
ئەمجار مەبەست لەوشەی (الطارق) دەردەخاو دەفەرموێ: ﴿النجم الثاقب﴾ ئەو شتەی ناوی طاریقی بۆ دانراوەو زانیاری ئادەمیزاد لەوانەنیە بتوانێ کۆنترۆڵی بکا، ئەو ئەستێرانەن: کە بە ڕوناکی خۆیان تاریکی شەو کون دەکەن و بەڵگەو نیشانەی ئاشکران لەسەر بە توانایی خودا، ئەو ئەستێرانە ڕوناکی دەبەخشن و لەساراو بیابان و دەریادا ڕێگایان پێ دەدۆزنەوە، کاتی باران بارینیان پێ دەزاندرێ.
جەماوەری زانایان پێیان وایە: طاریق ناوە بۆ ئەستێرەی ثوردییا. قەتادەو حەسەن دەڵێن: هەموو ئەستێرەیەك دەگرێتەوە. چونکە ئەستێرە بەشەو دەردەکەون هەر شتێکیش بەشەو پەیدا بێ، پێی دەگوترێ طاریق.
ئەمجار خودا بۆ وەلامی سوێندەکە دەفەرموێ: ﴿ان کل نفس لما علیها حافظ﴾ واتە: سوێندم بە ئاسمان و ئەستێرەکانی هەریەکێ لە ئێوە چاو دێرێکی بەسەرەوەیە، هەمیشە ئاگای لێیەتی‌و ساتە وەختێك لێی

بێ ئاگا نیە، هەموودەم فریشــتەی بەسـەرەوەن هـەرچی دەیکـاو دەیڵێ لەخێرو شەڕ دەینوسن و لەسەری تۆمار دەکەن. وەکوو لە ئایەتێکی تـردا ئامـاژە بـەو مانایـە دەکـاو دەفـەرموێ: ﴿**لـه معقبات مـن بـين يديـه ومـن خلفـه يحفظونـه مـن الله**﴾(**الرعـد**/١١) . لەڕاســتیدا چــاودێرو پـاریزەر خودایـە، فریشـتەکانیش هـەر بـە فـەرمانی خــودا چــاودێرو پارێزگاریی دەکەن .

وەکوو لـە شـوێنێکی تـردا ئامـاژە بـەو مانایـە دەکـاو دەفـەرموی: ﴿**ويرسل عليكم حفظة**﴾(**الانعام**/٦١) یـان دەفــەرموێ: ﴿ **وان عليكم لحافظين، كراماً كاتبين**﴾(**الانفطار**/١٠-١١) یان دەفەرموێ: ﴿**عن اليمين وعن الشمال قعيد، مايلفظ من قول الا لديه رقيب عتيد**﴾(ق/١٧-١٨).

ئـەمجار پـەروەدگار سـەرنجی ئـادەمیزاد رادەکێشــێ بــۆ ســەرەتای دروستبوونی هەموو ئادەمیزادێك و ئەم شێوە دروستبوونە دەکاتە بەڵگـە لەسەر رابوونی قیامەت و راستی زیندوبوونەوە، دەفەرموێ:

﴿**فلينظر الانسان مم خلـق، خلـق مـن مـاء دافـق، يخـرج مـن بـين الصلب و الترائب**﴾ با ئادەمیزاد بـیر لـە چۆنیـەتی دروسـتبوونی خـۆی بکاتەوە، بزانێ لە چی دروست کراوە؟ دروست کراوە لە دڵۆپە ئاوێك، بـا بیربکاتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خودای تـاك و تەنـها و زانـاو دانـای بـۆ دەربکەوێو دڵنیابێ لەوەی خودا چۆن لە دڵۆپــە ئـاوێ دروسـتی کـردوە، ئاوایش زیندوی دەکاتەوە...

بەڵێ ئادەمیزاد لە دڵۆپە ئاوێك: کە بە فیچقــەو تـەکان دەڕژێتـە نـاو منداڵدانەوە، ئـەو دڵۆپـە ئـاوەی ئـادەمیزادی لێ دروسـت دەبـێ دڵۆپـە ئاوێکی تێکەڵە لە ئاوی پیاوو ژن، ئــەو ئـاوەش لــە خواردەمــەنی پــەیدا دەبێ، خواردەمەنیش لە خاك پەیدا دەبێ. کە وابوو هەموو ئـادەمیزادێك لە تۆزێك خاك دروست دەبێ لە ڕێگەی خواردەمەنییــەوە، دەی خودایـەك

بتوانێ ئادەمیزاد بەو جۆرە لە تۆزی خاك دروست بكا، دەشتوانێ جارێكی تر پاش مردن لە كاتی خۆی دا زیندوی بكاتەوە..

هەڵبەتە هەموو شتێكی شلەمەنی: كە بەتەكان و فیچقە دەردەچێ، دەبێ هێزێك هەبێ پاڵی پێوە بنێو رێگای دەرچوونیشی تەنگەبەربێ. كەوابێ ئەم (تدفق) و قەڵەمباز بوونەی ئاوی پیاو: كە بەتەكان دەرژێتە ناو رەحەمی ئافرەتەوە، نەخشەی پەروەدگارەو كارێكی پێویستە بۆ ئەوەی بگاتە درگای منداڵدان و شوێنی خۆی بگرێ، ئەگەر ئەو قەڵەمباز بردنەی پیاو نەبووایەو ئاوا فیچقەی نەكردایە، سكی ئافرەت پڕنەدەبوو، چونكە ئاوی پیاوەكە نەدەگەیشتە شوێنیمەبەست. زۆر پیاوی وا هەیە نەزۆكە، هۆیەكەی ئەوەیە: ئاو فرێدانەكەی سستەو وەكوو پێویست فیچقە ناكاو ناگاتە دەرگای منداڵدان.

بەرستەی: ﴿ يخرج من بين الصلب والترائب﴾ سەرچاوەكانی ئەو ئاوە دیاری دەكا: كە ئادەمیزادی لێ پەیدادەبێ. دەفەرموێ: ئەو ئاوە لە پشتی پیاوو سنگی ئافرەتەوە هەڵدەقوڵێ:: ئێستا زانیاری فیزیۆلۆجیو زانیاری تایبەت بە زاووزێ دەری خستووە: كە لەناو موراغەی پشت دا مۆخێك هەیە پێی دەگوترێ مۆخی دەرەكی (نخاع الشوكی) لە برێكی ئەم مۆخەدا شوێنێك هەیە پێی دەڵێن: مۆخی لۆكەیی (النخاع القطن) هێزو وزە لە بەشی بەردوزووری مۆخ وەر دەگرێو دەماغ رۆڵێكی گرنگی لەوەدا هەیە، بەبێ ئیعاز وەرگرتن لەو شوێنە، ئاوی پیاو پەیدا نابێ.

هەڵبەتە ئەگەر گیانلەبەرانی تۆوی (الحيوانات المنويه) كە لە گون دا پەیدادەبن، تێكەڵ بە گەرا (بويضه)ی ئافرەت نەبن و لەگەڵ ئاوەكەدا نەرژێندرێنە دەرگای منداڵ، زارۆك و كۆرپەڵە لە منداڵدان دا دروست نابێ!! هەموو ئافرەتێك منداڵدانێكی هەیە، لەگەڵ دوو گەرادان دا، یەكیان لەلای راست و ئەویتریان لای چەپ. لەنێوان منداڵدان وگەرادان دا

لولەیەك هەیە. لە هەر گەرادانیکیشیان دا چەند کیسولکەی پچوك هەن پێیان دەگوترێ (حویصلات) هەموو سەری مانگێك واتە: کاتی عادەی مانگانە یەکێك لەو کیسولکانە دەست دەکا بە گەورەبوون و وردە وردە لەو گەرادانەی کە تیایەتی جیا دەبێتەوە، لە کۆتایی مانگ دا لەسەر لێواری گەرادانە کە لەت دەبێ و گەرایەکی لێ دەردەچێ و دەچێتەناو ئەو لولەیەی نێوان منداڵدان و گەرادانەکەوە ..

لەوێوە دەچێتەناو منداڵدان و رودەکاتە ئەو شوێنەی ئاوی پیاو دەیگاتێ، جا: کە گیاندارانی تۆوی (الحیوانات المنویە)ی پیاو بە هەزاران هەزار دەبن لەگەڵ ئاوەکەدا بە تەکان و فیچقە دەرژێندرێنە دەرگای منداڵدان، هێلکە گەرای ژنەکەش ئامادییان تێدایە بۆ پێشوازی کردن، هەریەکە لە گیاندارە تۆوییەکان پێشبڕکێیانەو دەگەڕێن بە شوێن گەرایەك دا. کام لەم گیاندارە تۆوییانە چاپوکبێ، زوتر دەگاتە گەراکەو سەردەکا بە ناویاو پێکەوە متوربە دەبن و بناغەی کۆرپەڵە لەمنداڵدان دا پەیدادەبێ، خۆ ئەگەر ئەو گیاندارەتۆوییە، نەگاتە گەراکەو پێکەوە متوربە نەبن، کۆرپەڵە پەیدانابێ، ئافرەتەکە لە کاتی خۆیدا خوێنی حەیزیلێ پەیدادەبێو دەکەوێتە عادەی مانگانەیەوە.

ئەم خانە پچکۆلە متوربەبووە: کە لەبەر پچوکی بەزەڕەبینی پێشکەوتوو نەبێ نابیندرێ، بێفام و تواناو ویست و هێزە، هەر لەگەڵ لەمنداڵدان دا سەری کرد بە ناو گەرایەك داو متوربە بوو جێگیربوو، دەست دەکا بە هەوڵ و تەقەڵلادان بۆ دابینکردنی بژیو، چونکە خودا بەچلێسی دروستی کردوە، هەمیشە خۆراکی دەوێ، ئیتر دەستی قودرەت کەش و هەوایەکی وای بۆ دەخولقێنێ: کە بەئاسانی بژیوی پێویستی ژیانی بۆ دەستەبەربێ. بەم جۆرە پەروەدگار دیواری منداڵدانی بۆ

دەکاتە حەوزێکی خوێنی ڕەوان و گونجاو بۆ بژیو، بژێوێکی تەڕو تازەی بۆ دەستەبەر دەبێ.

ئەمجار کە بژێوی بۆ دابین بوو، دەست دەکا بە گردوکۆی بەردەوام بۆخانە دروستکردن و دابەشبونیان بۆ پێکهێنانی جەستە. هەر کۆمەڵە خانەیەك بە قودرەتی خودا چۆن ئاراستە دەکرێن و پێویستە چ ئەندامێکیان لێ پێك بێ، لەوێ کۆمەڵ دەبن و ئەو ئەندامەپێك دێنن، بەم جۆرە بینای جەستەی ئادەمیزاد دادەمەزرێ.

هیچ کامێ لەم خانانە: کە ئاراستە دەکرێن بۆ پێکهێنانی ئەندامەکانی جەستە، ڕێگەی خۆیان هەڵەناکەن، ئەو خانانەی گەرەکە چاویان لێ پێك بێ، ناچنە شوێنی لوت و لوتیان لێ پێك نایە. هەروەها ئەو خانانەی چاو لە شوێنی خۆی پێك دێنن ناچنە شوێنێك کە جێگای ئاسایی چاونیە. هەر بەم جۆرە هەموو پارچە ئیسقانێك، هەموو ماسولکەیەك و ڕەگ و دەمارێك........ هتد خانەی تایبەتی خۆیان بۆ ئاراستە دەکرێو لەشوێنی خۆیدا دروست دەبێ!!

وەلێ ئەم دروستبوونە هەروا بە ئاسانی و سادەیی نیە، بەڵکوو وردەکارییەکی زۆر سەیرو سەمەرەی تێدایەو دەستی قودرەت ڕێکیان دەخا، خودا بۆ خۆی چاودێرو سەرپەرشتیارە بەسەر پێکهێنانی ئەم ملیارەها جەستەو ئەندامانەدا.

هەر ئیسقانێك لەو ئیسقانانە، هەر ماسولکەیەك لەو ماسولکانە، هەر دەمارێك لەو دەمارو ڕەگانە هی ئەم جەستە ناشوبهێنێتە هی جەستەیەکی تر؛ هەر خانەیەکی پچوك: کە ئاراستە دەکرێ ڕێبازی خۆی دەزانێ، دەزانێ بۆ کوێ دەچێو چی پێك دێنێ! ئەو خانانەی چاویان لێ‌پێك دێ دەزانن چاو لە جەستەی ئادەمیزاددا لەکوێ دروست دەبێ، بۆ ئەو شوێنە دەچێو ناچێ لەپشت یان لەسەر ئەژنۆو لەلاقەبرغە چاو

پێك بێنێ. دەی کێ ئامۆژگاری ئەم خانانە دەکاو کێ ئاراستەیان دەکا؟؟ بێگومان ئەو ئەندازیارو چاو دێرو سەرپەرشتیارە (الله)یە ئەو ئاراستەیان دەکاو ڕێگایان نیشان دەدا.

هەموو ئەو خانانە بە تاك و کۆ، تایبەتمەندی نژادو رەچەڵەکیش دەگوێزنەوەو جۆری نژادو تایبەتمەندییەکانی (ویراثة) بە ئەمانەتەوە پارێزگاری دەکەن، ڕەنگ و دەنگ و شێوەو شکڵەکان چۆن لەو خانە پچکۆڵەدا گوێزرانەوە؟؟ ئەم فیکرو بیروبۆچوونەیان چۆن تێدا خولقا؟ ئەو صیفاتە نەفسیانە چۆن دروست بون؟ بێگومان ئەمە کاری کردگارەو دەسەڵاتی بێ سنووری پەروەدگارە، سات دوا سات چاو دێرو بەدیهێنەریەتی.

بێگومان مەسافەی نێوان دڵۆپە ئاوی بەتەکان رژێندراو بۆ ناو دەرگای منداڵدانی ئافرەت و ئادەمیزادی خاوەن بیرو هەست و هۆش زۆر دورو درێژو سەرنج ڕاکێش و سەیرو سەمەرەیە، زانیاری ئادەمیزاد ناتوانێ هەمووی بزانێو بیژمێرێ، خۆ ئەگەر بیشیانزانێ زۆری دەوێ و لێرەدا جێگای نابێتەوەو پێویستی بە چەندان جڵد کتێب هەیە تێیدا بنووسرێ، دەی کەسێك بتوانێ ئادەمیزاد بەو شێوە سەیرو سەرنج ڕاکیشە لەسەرەتاوە دروست بکاو ئەو هەموو دیاردە تایبەتیو ڕەوشتە مادیو مەعنەوییانەی تێدا بەرجەستەبکا، چۆن ناتوانێ دوای مردن جارێکی تر زیندویان بکاتەوە؟!

ئەمجار با بچینەوە سەرباسی ئەو کیسۆڵکەی کە لەسەر لێواری گەرادانەکە لەت دەبێ، پاش لەتبوونی پڕدەبێ لە خوێن، لە پاشا لەجیاتی خوێنەکە شتێکی زەردی لێ پەیدا دەبێ، ئەم شتە زەردە: کە بەشێکە لە هۆرمۆناتی گەرادانی ئافرەت پەیوەستیەکی بەهێزی دەبێ لەگەڵ مەمکی ژنەکە. ئەم هۆرمۆنە پابەستەو چاوەڕێی ئەنجامی گەرایەکەو هەردوکیان

زاده‌ی کیسۆڵه‌که‌ن و له‌وه‌وه ده‌رچوون، جا ئه‌گه‌ر گه‌را توشی گیاندارانی تۆوی نه‌بوو پێکه‌وه متوربه‌بن، ئه‌وا پاش ماوه‌یه‌ك ئاوه زه‌رده‌که‌ش و گه‌راکه‌ش نامێنن و ئافره‌ته‌که توشی عاده‌ی مانگانه‌ی ئاسایی خۆی ده‌بێ. وه‌لێ ئه‌گه‌ر گه‌را توشی گیاندارانی تۆوی بوو متوربه بوون پێکه‌وه، بناغه‌ی کۆرپه‌ڵه دامه‌زرا، ئیتر ئه‌و ده‌مه ئاوه زه‌رده‌که‌و ئه‌و هۆرمۆنه‌ی هه‌یه‌تی سێ کاری سه‌ره‌کی ئه‌نجام ده‌ده‌ن:.

١- ناهێڵێ کیسۆڵه‌ی تر دروست بێن بۆ ئه‌وه‌ی له ماوه‌ی ئه‌م سکه‌دا گه‌راو گیانداری مه‌نه‌وی‌تر متوربه‌نه‌بن.

٢- منداڵدان ئاماده ده‌کات بۆ ئه‌وه‌ی بگونجێ کۆرپه‌ڵه تێیدا په‌روه‌رده ببێ.

٣- مه‌مك ئاماده ده‌کات بۆ گه‌وره بوون و ژیانه‌وه، که‌وابێ گه‌راو سنگ و مه‌مکی ژن په‌یوه‌ندییه‌کی به هێزیان به‌یه‌که‌وه هه‌یه.

کارسازو به‌دیهێنه‌ر ئه‌و خودایه‌یه: که‌له‌و دڵۆپه ئاوه‌ی پیاووژن ئه‌م ئاده‌میزاده جوان و قه‌شه‌نگ و زیته ئاوا به‌دی دێنێ؛ ئه‌م ره‌وشته جۆراو جۆرانه‌ی تێدا ده‌خولقێ، به‌و شێوه سه‌رسوڕهێنه‌ره قه‌ڵه‌می ئه‌ندامه‌کانی ده‌کێشێ‌و چاو تروکانێك لێی بێ ئاگا نابێ، هه‌میشه چاودێرو پارێزه‌ریه‌تی ئه‌مجار دوای ئه‌م پرسیارو وڵامه‌و زانینی چۆنیه‌تی دروستبوونی سه‌ره‌تا و قۆناغه‌کانی دروستبوون: که هه‌موویان نیشانه‌ی ده‌سه‌ڵاتی ره‌های په‌روه‌دگارن، باسی زیندو بوونه‌وه‌ی دوامردن ده‌کاو ده‌فه‌رموێ:

﴿انه علی رجعه لقادر یوم تبلی السرائر﴾ بێگومان په‌روه‌دگار توانای ته‌واوی هه‌یه دوای مردن و رزینی جه‌سته سه‌ر له‌نوێ ئاده‌میزاده‌کان زیندو بکاته‌وه. که‌سێك بتوانێ سه‌ره‌تا ئاواو به‌و جۆره له دڵۆپه ئاوێك ئاده‌میزاد دروست بکا، ئه‌و دڵۆپه ئاوه‌ش له خوارده‌مه‌نی په‌یدابووه‌و

خواردەمەنییەکەش لە چەند پێکهاتەیەکی زەوی پەیدابووە! دیارە دوا مردن و لێك بڵاو بوونی جەستە بەئاسانی دەتوانی سەرلەنوێ ئەو ئادەمیزادە وەکوخۆی دروست بکاتەوە. بەتەئکید دروستی دەکاتەوە لەرۆژێك دا کەنهێنی یە کان ئاشکرا دەبن، هەرچی نیازو بیرو باوەڕی ناودڵەکان هەیە دەردەکەون و هیچ شاراوەیەك نامێنێ.

﴿فما له من قوة ولا ناصر﴾ ئادەمیزاد لەو رۆژەدا: کە زیندو دەبێتەوە، نەبۆ خۆی هێزو توانای بەرگری کردنی لە خۆی هەیە، نەکەسێکیش هەیە یارمەتی بداو عەزابی خودای لێ دوور بخاتەوە. نەهێزی خۆی نەهێزی دەرەکی هیچیانی نیە.

سوێند خواردن لەسەر راستی قورئان و راستی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدﷺ

وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلرَّجۡعِ ﴿١١﴾
وَٱلۡأَرۡضِ ذَاتِ ٱلصَّدۡعِ ﴿١٢﴾ إِنَّهُۥ لَقَوۡلٞ فَصۡلٞ ﴿١٣﴾ وَمَا هُوَ بِٱلۡهَزۡلِ ﴿١٤﴾ إِنَّهُمۡ
يَكِيدُونَ كَيۡدٗا ﴿١٥﴾ وَأَكِيدُ كَيۡدٗا ﴿١٦﴾ فَمَهِّلِ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَمۡهِلۡهُمۡ رُوَيۡدَۢا ﴿١٧﴾

لەوە پێش تاك و تەنهایی خودای سەلماند، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد: کە پەروەدگار دەسەڵاتی رەهای هەیە لەسەر دروستکردن و زیندو کردنەوە. ئەمجار سوێند دەخوا لەسەر ئەوە: کە قورئان کەلامی خودایەو لەخوداوە نازڵ بووە بۆ سەر حەزرەتی موحەممەدﷺ.

ئەمجار هەڕەشەی توند لەوانە دەکا: کە دژی پێغەمبەرﷺو موسوڵمانان پیلان دادەرێژن. دەفەرموێ: ﴿والسماء ذات الرجع﴾ سوێند بە ئاسمان

کەخاوەنی بارانە، سالآنەو وەرزانە بەپێی پێویست بارانی لێ دەبارێ، بەم جۆرە بەهۆی تیشکی خۆرەوە لــە دەریاکانــەوە هــەلّم هەلّدەستێو بــەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان و ئەمجار لەوێوە بە گوێرەی پێویست دەبارێتــەوە ســەر زەوی. زەوی وشك و سوتەمەرو زیندو دەکاتەوەو خواردەمەنی پێویست بۆ گیانداران دابین دەکرێ .

﴿والأرض ذات الصدع﴾ سوێند بە زەوی خاوەن قلّیش کــە چلّەگیاو نەمام و چروزە سەری لێ دەردێنن، ئاوو نــەوت و کــان و کــانزای جــۆراو جۆری لێ دەردێندرێو پێداویستی ژیانی ئــادەمیزادو گیانلەبــەرانی تــری تێدا دەستەبەر دەبێ. سوێند بە ئاسمان و بــەزەوی: کــە بــەو جــۆرەن ئــەم قورئانە کەلامێکی حەق و راستە، گومانی تێدا نیە لە خــوداوە هــاتووە. حەق و بەتالّ لێك جیا دەکاتەوە.

﴿وما هو بالهزل﴾ بە بێهودەو گالّتە بازارِ نازلّ نەکراوە، شیعرو سیحرو فالّ و ئەفسانە نیە، لەخوداوە نــازلّ بــووە، فریشــتەی ئــەمین و دەســتپاك بەنیگاو ســروش بــۆ حــەزرەتی موحەممــەدی هێنــاوە، هیــچ دەســتکاریو گۆڕانکاری تێدانەکردوە.

ترمیذیو داریمی لــە ئیمــامی عەلییــەوە ریوایــەتیان کــردوە، دەلّــێ: لە پێغەمبەرم ژنەوت دەیفەرموو: لــەوە بــەولاوە فیتنــەو ئاشــوب پــەیدا دەبن، وتم: ئەو کاتە چارەمان چیـــە ئـــەی پێغەمبـــەری خـــودا؟ فـــەرموی: قورئــان بگــرن و بــەری مــەدەن، پابــەندی نامــەی خودابــن بەســـەرهاتی رابوردوان و هەوالّی داهاتووی تێدایە. قانون و یاسایە بۆ یەکالآ کردنەوەی کێشەکانتان نامەیەکە حەق و بەتالّ لێك جیــا دەکاتــەوە، هەرکەســێ بــە لوتبەرزی پشتی تێبکا خــودا تێکــی دەشــکێنێ، کەســێك بــە تــەمابێ هیدایەت و بەختەوەری لە غــەیری رێبازی قورئان دەســت بکــەوێ، خــودا گومــڕای دەکــا. قورئــان حــەبلی پتــەوی پــەروەدگارە هەرکەســێ خــۆی

پیّهەڵواسیّ رزگاری دەبیّ. نووری ئاشکراو نمایانی خودایە، یادخەرەوەی پڕحیکمەتە، ریّبازی راست و حەقە، هەرکەسیّ پابەندیبیّ سەری لیّناشیّویّ، راڕاو دڵە راوکیّی توش نابیّ، زانایان لیّی تیّر ناخۆن، تەقواکاران لیّی وەڕەز نابن، چەند بیخویّنیەوەو دووبارەی بکەیەوە کۆن نابیّ هەموو کاتی موعجیزەیەو جیّگای سەر سوڕمانە.

قورئان ئەو کەلامەیە کاتیّ پەرییەکان گوێیان لیّ بوو وتیان: ﴿**انا سمعنا قراناً عجبا، یهدی الی الرشد**﴾(الجن/١-٢) کەسیّك فیّری ببیّ پیّشکەوتووە، کەسیّك بە قورئان بەڵگە بیّنیّتەوە راستگۆو حەق پیّژە، کەسیّك بە قورئان حوکم بکا عادلّ و داد پەروەرە، کەسیّك کار بە قورئان بکا پاداشی باشی دەدریّتەوە، کەسیّك بانگەوازی بۆلاﮐ ریّبازی قورئان بکا هیدایەت دراوەو لەسەر ریّبازی راستە[1].

ئەمجار خودا هەڕەشە لەوانە دەکا پەیامی قورئان رەتدەکەنەوەو پیلان دژی موسوڵمانان دادەریّژن. دەفەرمویّ: ﴿**انهم یکیدون کیداً**﴾ سەرانی قورەیش و هەوا خواهانیان پیلان دژی پیّغەمبەرﷺ دادەریّژن و هەولّ دەدەن ئاینی ئیسلام بکوژیّننەوە، دەیانەویّ خەڵکی لە ریّبازی قورئان و خودا لابدەن، بە قسەو چاووڕاو، بەربەرەکانی دەکەن، دەڵیّن: قورئان چیرۆکە کۆن و ئەفسانەیە، موحەممەد ساحیرو جادو بازە، یان شیّت و شاعیرە، بەهەموو جۆریّك کودەتاو موئامەرە دروست دەکەن بۆ ئەوەی پیّغەمبەرﷺ لە ناوبەرن یان لە مەککە دەری بکەن، وەکوو لە ئایەتیّکی تردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکاو دەفەرمویّ: ﴿**واذ یمکر بك الذین کفروا لیثبتوك او یقتلوك او یخرجوك**﴾ (**الأنفال/٣٠**) .

(١) تیرمذی لە کیتابی (فضائل القران) دا بابی (١٤) ژمارەی حەدیث (٢٩٠٦) ریوایەتی کردوە.

﴿وأكيد كيداً﴾ منيش جلەويان بۆ شل دەكەم و كێشيان دەكەم بۆ نـاو گومڕايی، ئەمجار سزای پيلان و تاوانەكانيان لیّ دەستێنم، ناهێڵم هەروا بە ئاسانی بەسەريانەوە بچیّ.

﴿فمهل الكافرين أمهلهم رويداً﴾ مۆڵەتی كافرەكـان بـدەو پەلـە لـە بەهيلاكچون و فەوتانيان مەكە. كەمێك چـاوەڕوان بـەو مۆڵـەتيان بـدە، بزانە خودا چييان لەگەڵ دەكا. دڵنيابە خودا مۆڵـەتيان دەدا، ئيـهماليان ناكا. تۆڵەی خودا بەسەبرە بەڵام بە زەبـرە!! وەكـوو لـە ئايـەتێكی تـردا دەفەرموێ: ﴿ نمتعهم قليلاً، ثم نضطرهم الى عذاب غليظ﴾(لقمان/٢٤).

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الأعلی)

ئەم سورەتە مەككييەو نـۆزدە ئايەتـە. نـاوی نـراوە سـوڕەتی ئـەعلا چونكە بە ئايـــەتی ﴿ سـبح اسـم ربـك الأعلـی﴾ دەسـتی پـیّ كـراوە، ناوەڕۆكی سوڕەتەكەش وەكوو باقی سوڕەتە مەككييەكانی تر بريتيە لـــە باسی يەكتاپەرستی و پاك و بەرزی زات و صيفاتی پەروەدگار لە هــەموو عەيب و كەم و كوڕييەك.

جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە: كە خودا زات و صيفات و ناوو كرداری، حوكـم و بڕيـاری، بـیّ خـەوش و لەككـەن. شـكۆمەندو بـەرزو پـيرۆزە، حەزرەتی موحەممەد پێغەمبەرو فرستادەی خودايەو فێری قورئـانی دەكـاو ناهێڵیّ لە بيری بچێتەوە. ئەوەش دوپات دەكاتەوە: كە هەر كەسێك خـۆی لە كوفرو هاوەڵدانان بۆ خودا دوربخاتەوەو قيامــەتی لـە دونيـا مەبەسـت تربیّ. ئەوە رزگاری بووەو بە مراز گەيشتووە.

سورەتی (الأعلى)

بسم الله الرحمن الرحيم

سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى ﴿١﴾ ٱلَّذِى خَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٢﴾ وَٱلَّذِى قَدَّرَ فَهَدَىٰ
﴿٣﴾ وَٱلَّذِىٓ أَخْرَجَ ٱلْمَرْعَىٰ ﴿٤﴾ فَجَعَلَهُۥ غُثَآءً أَحْوَىٰ ﴿٥﴾ سَنُقْرِئُكَ
فَلَا تَنسَىٰٓ ﴿٦﴾ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۚ إِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلْجَهْرَ وَمَا يَخْفَىٰ ﴿٧﴾ وَنُيَسِّرُكَ
لِلْيُسْرَىٰ ﴿٨﴾

دەفەرموێ: ﴿سبح اسم ربك الأعلى﴾ تەسبیحات و تەنزیهی خودا بکە بەدوری بگرە لە هەموو شتێك: کە شیاوی ئەو نیە، هەرچی کەم و کوڕیو عەیب و عارە لە خودای دووربخەرەوە، بڵێ: ﴿سبحان ربی الأعلى﴾ ناوو صیفاتی خودا بۆ کەسی تر بەرەوامەزانە، هیچ شتێکی تر مەکەرە هاوەڵ و هاوشانی خودا، هەمیشە بە گەورەو بەرزو پیرۆزی بزانە.

ئیمام ئەحمەدو ئەبو داودو ئیبنو ماجە لە عوقبەی کوڕی عامیری جوهەنی‌یەوە ریوایەت دەکەن: دەڵێ: کە ئایەتی ﴿فسبح باسم ربك العظيم﴾ نازڵ بوو، پێغەمبەرﷺ پێی فەرموین: بیخەنە روکوعی نوێژتانەوە. کە ئایەتی ﴿سبح اسم ربك الأعلى﴾ نازڵ بوو فەرموی: بیخەنە سوژدەی نوێژەکانتانەوە.

ئەمجار چەند صیفاتێك بۆ خودای بەرزو شکۆمەند دەهێنێ: کەنیشانەی خودایەتی و توانای بێ سنورینی و دەفەرموێ: ﴿الذی خلق فسوی﴾ ئەو خودایەی هەموو بونەوەری بەدیهێناوە: کە بەشێك لەو مەخلوقاتە ئادەمیزادە، هەموو شتێکی دروست کردوە لەسەر شکڵ و شێوەی جوان و

نایاب، هەر شتە بە شێوەیەك و هەر رەگەزە بە جۆرێك: کە ئەو پەڕی تەنسیق و گونجان لە نێوانیان دا بەر چاو گیراوە، هەریەکە لەتاکی بونەوەرو تێکڕا نیشانەی دانایی و کار دروستی خودای زاناو خاوەن حیکمەتە.

﴿والذی قدر فهدی﴾ ئەو خودایەی ئەندازەی هەموو شتێکی گرتووە، بۆ هەموو دروستکراوێك شتێکی بۆ داناوە: کە لەگەڵی دا گونجاوبێ. نەخشەی هەموو رەگەزێکی کێشاوە، چەندییەت و چۆنیەتی هەموو شتێکی دەست نیشان کردوە..

هەموو گیانلەبەرێکی دروست کردوەو رێگای ژیانی تایبەتی خۆی فێرکردوە، هەریەکە لەو هەزاران جۆرە زیندەوەرانە رێبازی ژیانی خۆیو چۆنیەتی دابینکردنی بژیوو هۆکاری ژیانی فێرکردوە، هەموو گیانلەبەرێك چاك و خراپی خۆی دەزانێ، بەپێی سروشت ئەو شتانەی پێویستی ژیانی بن فێریان بووە. باڵندە لەهێلانەی خۆی دەردەچێو دەگەڕێ بەدوی بژێووا کە تێربوو دەگەڕێتەوە بۆ هێلانەکەی خۆی، ئەگەر بیچوی هەبن بەشی ئەوانیش دەباتەوە.

هەنگ شانە هەنگوینی خۆی جێ دێڵێو بەیانی زوو دەردەچێ، چەندان کیلۆمەتر لە هەنگەڵانی خۆی دوور دەکەوێتەوەو دەست دەکا بە گەڕان بە ناو گوڵ و گوڵزارا بەناو درەخت و گژوگیای جۆراوجۆردا، بۆ کۆکردنەوەی هەڵاڵ و بۆ ئاو خواردنەوە، کە کاری تەواو بوو یان ئێوارەی لێ هات لە شوێنی خۆی بەرز دەبێتەوەو بەرەو بەرەو هەنگەڵانی خۆی دەگەڕێتەوەو قەت رێگای لێ گوم نابێ[1].

---

(١) لەسورەتی (النحل) لە راڤەی ئایەتی ﴿وأوحی ربك الی النحل.....﴾ لەبارەی ژیریو کارامەیی هەنگ شتێکمان نوسیوە دەتوانی سەیری بکەی .

جالّجالۆکە مالّی خۆی بە جۆرێکیوا دەتەنێ رەنگە ئادەمیزاد نەتوانێ ئاوا بەرێك و پێکی بیتەنێ، لەوانەیە ئادەمیزاد لە تەنین و چنینی خۆیدا هەلّە بکا، بەلاّم جالّجالۆکە هەرگیز هەلّەناکات . لە هەموو شتێك سەیرتر ئەو رایەلّ و پۆیەی ئامادەی دەکا بۆ تەنین کەتیرەیەکی لینجی وای لەّ دەدا: کە ئەگەر بایەك هەلّبکا یان هەر شتێکی تر بیەوێ ریسەکەی لیّ ئالّۆز بکا، یان لیّی تێك بدا لیّ تێك نەچێ. ئەگەر مێشك لیّی بکەوێ بەهۆی لینجی کەتیرەکەوە پێوەی دەنوسێو دەبێتە خۆراکی جالّجالۆکە خۆی!!

ئەتۆ بەشەوی تاریکی هەنگوستە چاو گوێدرێژێك، هێسترێك لە بیابان پێش خۆت بدەو دوای کەوە بەناو شیوو دۆلّ و سارادا رێچکەی خۆی دەبینێو پێیدا دەڕوا تا دەگاتەوە شوێنی خۆی هیچ ریگای لیّ تێك ناچێ. کۆمەلّێك رەشەولاّغ لە کێو: کە شەویان لیّ هات بۆ خۆیان لە شوێنێك گرد دەبنەوەو پاشیان تێك دەکەن و هەر یەکەیان رودەکاتە لایەك و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ پارێزگاری لە خۆیان. ماسی (سەلمون)ی بچوك سالّەها بەناو دەریادا دەڕوا کەچی دوایی دەگەڕێتەوە بۆلای ئەو چۆمیلکەی تێیدا لە دایك بووە!

ئەگەر رەشەبایەك پەپولەیەکی مێینەی لە پەنچەرەیەکەوە بە ژورێك دا کردو پەنچەرەکە داخرایەوە، پاش ماوەیەك ئەم پەپولە مێیە ئیشارەتێك دەدا بە پەپولە نێرەکەو تێی دەگەیەنێ لە کوێیە، ئەویش خێرا وەلاّمی دەداتەوە! وادەبێ پەپولە نێرینەکە زۆر لێی دوورە کەچی ئیشارەتەکە دەبیسێو یەکتری حالّی دەکەن، دەی باشە خۆ هیچیان تەلەفۆن و مۆبایلیان پێنیە چۆن یەکدی حالّی دەکەن؟

لەمەش سەیرتر ماری ئاوییە، هەرکاتێ گەورەبوو وەختی ئەوەی هات گەرا دابنێ، گۆماوو چۆمەکان بەجێ دێلێو رودەکاتە دەریاکان، هەزاران

کیلۆمەتر بەناو ئۆقیانووس و دەریا لوشەکان دا دەبڕێو دەچێتە قولآیی ترین شوێنی دەریاوە لە باشوری (بەرمودا) لەوێدا گەرادادەنێو دەتۆپێ، بێچوەکانی لەو قولآیی‌یەدا کە دەست ودوی خۆیان دەناسن، بەهەمان ئەو رێگایەی دایکیان پێی داهاتووە، دەگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی دایکەکەیان لێیەوە هاتووە، دەچنەوە هەمان گۆماوو چۆمیپێشوو: کە شوێنی دایکیان بووە!!

لەم بارەوە نموونە زۆرن و لە ژماردن نایەن. هەموو ئەو نموونانەو سەدانی ترو هەزارانیتر نیشانەی ئەوەن: کە خودایەکی زاناو داناو ئاگادار هەیە، ئەو رێنموییی هەموو گیانلەبەرێك دەکا بۆ دۆزینەوەی رێبازی ژیانی خۆی!!

﴿والذی أخرج المرعی﴾ ئەو خودایەی: کە هەموو جۆرە گیاو گژێکی لە زەوی دەرهێناوەو هەر جۆرەیان بۆ خۆراکی جۆرە گیانلەبەرێك دەگونجێن، هەندێکی بە کەلکی ئەوەدێ ئادەمیزاد بیخوا، هەندێکی تری دەبێتە خۆراك و ئالفی ئاژەڵ و باقی گیانلەبەرانی تر.

﴿فجعله غثاءً أحوی﴾ پاشان ئەو گژوگیا جوان و سەوزو ناسکەی کرد بە پوشێکی رەش هەڵگەڕاو، ورد بوو هەنجن هەنجن کراو، هەر بەو جۆرە کە هەموو سەوزایی و گژوگیایەك دەبێتە پل وپوش و سەرەنجام لەناودەچێ، هەموو زیندوێکیش سەرەنجامی مردن و لەناوچوونە.

جا چونکە ئەو تەسبیح و تەنزیهەی خودا فەرمانی بە پێغەمبەرﷺ کرد: کە ئەنجامی بدا فێری موسوڵمانانیشی بکا، هەر ئەوە بۆ خودا گونجاوەو پێ رازییە، پێغەمبەرﷺ زۆر مەبەستی بوو بیزانێو لەبەری بکا، مەبەستی بوو ئەو قورئانەی خودا بۆی ناردوە لەبەری بکاو لە بیری نەچێتەوە، بۆیە خودا وادەی پێدا بەوەی: کە قورئانی فێردەکاو لە دڵیدا دەیچەسپێنێو ناهێڵێ لە یادی بچێتەوە، هەر لەو قورئانەدا چی

تەسبیح و تەنزیهی پێویست هەیە دەست دەكەوێ، هەرچی پێویستە لەناوو صیفەتەكانی خودا بزاندرێ تێیدایە، هەرچی بۆ خودا نەگونجێ لێی دوور دەخاتەوە ئەو سروش و نیگایەی كەبۆی دەنێرێ هەر بە یەكەمجار دێتە بەرىو ئیتر لە یادی ناچێتەوە. دەفەرموێ:

﴿سنقرك فلا تنسى إلا ماشاء الله﴾ لەوە بەو لاوە قورئانت بەسەرا دەخوێنینەوە، وات لێ دەكەین قورئان بخوێنیەوەو لە بیرت نەچێتەوە. مەگەر شتێك خودا بیەوێ لە بیرت بچێتەوە، ئەگەر خودا بیەوێ شتێكت لە بیر بچێتەوە لە بیرت دەچێتەوە، بەلاّم خودا شتی وات لەگەلّ ناكا.

هەندێك پێیان وایە: مەبەست بە چەرتكردنەكە ئەو ئایەت وحوكمانەن كە نەسخ بونەوە، واتە ناهێلّین ئەوەی دەیخوێنیەوە لەبیرت بچێتەوە مەگەر ئەوەی نەسخی دەكەینەوە و خودا دەیەوێ حوكمەكەی هەلّگیرێ و خوێندنەوە كەیشی نەسخ بكەینەوە ، ئەوە تۆوازی لێ بێنە.

﴿انه یعلم الجهر وما یخفی﴾ بێگومان ئەوخودایەی ئەو بەلّێنانەی پێدای، ئاگاداری ئاشكرا و نهێنییە، دەزانێ بەندەكانی بەئاشكرا چیدەكەن و چیدەلّێن، بەنهێنی چی دەكەن و چی دەلّێن. وەكوو لەئایەتێكی تردا دەفەرموی: ﴿انه یعلم الجهر من القول، ویعلم ما تكتمون﴾(الانبیاء/١١٠).

ئەمجارە مزگێنییەكیتر بەپێغەمبەرﷺ دەداو دەفەرموێ: ﴿ونیسرك للیسری﴾كاری خێرو گوفتاری باشت بۆ ئاسان دەكەین، شەریعەتێكی گونجاو لەگەلّ سروشتی ئادەمیزادو ئاسانت بۆدەنێرین، تۆ فێقت دەدەین بۆ پەیڕەوی كردنی، هەموو كەسێكی ژیرو خاوەن عەقلّ و فام تێی دەگەن!!

بیرکردنەوە لە بوونەوەرو پاککردنەوەی نەفس و کارکردن بۆ دوا رۆژ

فَذَكِّرۡ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكۡرَىٰ ﴿٩﴾ سَيَذَّكَّرُ مَن يَخۡشَىٰ ﴿١٠﴾
وَيَتَجَنَّبُهَا ٱلۡأَشۡقَى ﴿١١﴾ ٱلَّذِي يَصۡلَى ٱلنَّارَ ٱلۡكُبۡرَىٰ ﴿١٢﴾ ثُمَّ لَا يَمُوتُ
فِيهَا وَلَا يَحۡيَىٰ ﴿١٣﴾ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ وَذَكَرَ ٱسۡمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ ﴿١٥﴾
بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ﴿١٦﴾ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ ﴿١٧﴾ إِنَّ
هَٰذَا لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ ﴿١٨﴾ صُحُفِ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ ﴿١٩﴾

لەوەپێش دوو موژدەی بە پێغەمبەرﷺ دان، یەکێکیان لەبەر کردنی قورئان و فێربوونی و لە بیر نەچونەوەی. دووەمیان یارمەتیدان و تۆفیقدان بۆ تێگەیشتن و ئاسانکاری بۆ کردن بۆ شەریعەتێکی ئاسان و گونجاو.

ئەمجار فەرمان بە پێغەمبەرﷺ دەکا: کە ئامۆژگاریی ئادەمیزاد بکا بۆ هەرشتێك سودی دونیاو قیامەتیانی تێدابێ. بانگەوازییان بکا بۆ رێبازی حەق و راستی.

دەفەرموێ: ﴿فذكر ان نفعت الذكرى﴾ ئەی موحەممەد! ئامۆژگاری ئادەمیزاد بکە بە قورئان، قورئانیان بۆ بخوێنەو بۆیان شی بکەرەوە. شارەزاییان بکە بۆ رێبازی خێرو چاکە، شەریعەت و ئایینیان فێربکە، لە خەوی بێ هۆشی بیداریان بکەرەوە، ئەگەر بێدار کردنەوە سوودی هەبێ. چونکە ئادەمیزاد دوو جۆرن، جۆرێکیان سود لەئامۆژگاری و بێدار کردنەوە وەردەگرن. هەندێکیشیان سوودی لیٚوەرناگرن.

﴿سیذکر من یخشی﴾ پەندو عیبرەت وەردەگریّ و بیر لە پەندو ئامۆژگاریەکانت دەکاتەوە ئەو کەسەی کەلە خودا بترسیّ. هەر کەسیّ ترسی خودای لە دلّ دابیّ و بزانیّ: کە زیندو بوونەوە هەیە، سوود لەئامۆژگاریو بیرخستنەوەکەت دەگریّ. وەلیّ کەسیّك سووربیّ لە سەر کوفرو سەر رەقی، هیچ سود لە ئامۆژگاری کردنی دا نیە. زۆر کەسیوا هەیە پەردەی رەش بە سەر دلّ و دەروونی دا هاتووە، هیوای ئەوەی لیّناکریّ پەندو ئامۆژگاری کاری تیّ بکا، بەلاّم تۆ ئەی موحەممەد! ئامۆژگاری خۆت بکەو ئەرکی سەرشانی خۆت ئەنجام بدە، سودی دەبیّ یان نابیّ ئەوە پەیوەندی بە تۆوەنیە. بەلاّم دەبیّ هەر کەسە بە گوێرەی عەقلّ و فامی خۆی قسەی لەگەلّ دا بکریّ.

ئیبنو کەثیر دەفەرمویّ: لەمانای ئەم ئایەتەوە ئەوەمان بۆدەردەکەویّ کە بلاّوکردنەوەی زانیاری دەبیّ بە پیّو دان بیّ، بزانی قسە لەگەلّ کیّدەکەیو چی تیّدەگا، هەر کەسەو بە گوێرەی خۆی زانیاری پیّ بدەی، کەسیّك شیاوی عیلم وەرگرتن نەبیّ خۆتی لەگەلّ ماندو نەکەی[1]. دەیلەمی لە (الفردوس)دا لە ئیمامی عەلی یەوە، بوخاریش بە (مەوقوفی لەسەر عەلی) دەلّیّ: بە جۆریّك قسە لەگەلّ خەلّك بکەن: کە لێی حالّی بن، قسەیەکیان بۆ بکەن عەقلّیان وەری بگریّ.

﴿أتریدون أن یکذب الله ورسوله﴾ ئایا دەتانەویّ خوداو پێغەمبەر بەدرۆ بخرێنەوە؟ حەزرەتی عیسا(دخ) فەرموویەتی: پەندو حیکمەت بەکەسیّك مەلّێن: کە شیاوی نەبیّ، ئەگەر وا بکەن ستەم لە حیکمەتەکە دەکەن، کەسێکیش ئەهلی حیکمەت بوو لێی مەنع مەکەن، ئەگەر لێی مەنع بکەن ستەم لەو کەسە دەکەن. پێویستە ئێوە وەکوو پزیشك وەهابن بزانن نەخۆشەکە چییەتی، دەرمانی ئەو نەخۆشییەی بدەنیّ.

(١) تەفسیری ئیبنو کەثیر ج٤/ ٢٠٢٠ .

﴿و يتجنبها الأشقى الذى يصلى النار الكبرى ثم لايموت فيها ولا يحيا﴾ خۆی له بیرکەوتنەوەو ئامۆژگاری دوور دەخاتەوەو کافرو بەدبەختی خراپ، هیچ کەڵکی لیٚ وەرناگریٚو سوردەبیٚ لەسەر کوفرو بیٚدینی خۆی. بۆیە ئەو بەدبەختە توشی ئاگری دۆزەخ دەبیٚو ئازارەکەی دەچیژیٚ، ئەو بەدبەختەی دەچیٚتە ناو ئاگری گەورەوە: کە ئاگری دۆزەخەو بە ئیٚجگاریو بۆ هەتا هەتایە تیٚیدا دەمیٚننەوە، ئیتر نە دەمریٚو بۆ خۆی ئیسراحەت بکاو لە ئاگر رزگاری بیٚ. نە دەژیا بە ژیانیٚك پیٚی بگوتریٚ ژیان.

دوای هەڕەشە کردن لەوانەی رو لە ئامۆژگاریو پەیامی قورئان وەردەگیٚڕن، وادەی خیٚروخۆشی بە خودا پەرستان دەدا، دەفەرمویٚ:

﴿قد أفلح من تزكى، وذكر اسم ربه فصلى﴾ بیٚگومان بە مراز گەیشتووەو رزگاری بووە لە عەزابی دۆزەخ، کەسیٚك خۆی پاك کردۆتەوە، بڕوای بە تاك و تەنهایی خودا کردوەو پابەندی شەریعەتی ئیسلام بوەو خۆی لە رەوشتی ناشرین و فەسادو ئاشوب پارازتووە. بە زوبان دان بە تاك و تەنهایی خودا دا دەنیٚن و دڵسۆزن بۆ ئایین و لەدڵ دا ناوی خودایان لا گەورەو بەرزو پیرۆزە، نویٚژەکان بە ریٚکو پیٚکی و لەکاتی خۆیدا ئەنجام دەدەن، بە هیوای وەدەستهیٚنانی رەزامەندیی خودان و گەردنکەچی فەرمانی پەروەدگارن. بە گویٚرەی پەیامی قورئان هەڵس و کەوت دەکەن!

ئەمجار سەرزەنشتی ئەوانە دەکا: کە گرنگی زۆر دەدەن بە دونیاو قیامەت پاشگویٚ دەخەن، دەفەرمویٚ: ﴿بل تؤثرون الحياة الدنيا، والاخرة خير وأبقى﴾ بەڵکوو گرنگی زۆر دەدەن بە ژیانی دونیاو ئەو ژیانە کورتخایەنە هەڵدەبژیٚرن بەسەر ژیانی قیامەت دا. ئەوەی فەرمانتان پیٚکراوە بە ئەنجامدانی نایکەن، لەززەت و خۆشی کەم و کورتخایەنی

دونیا هەڵدەبژێرن بەسەر ژیانی هەتا هەتاییو نازو نیعمەتی نەبڕاوەی بەهەشتی بەرین دا، بەچ عەقڵێك پاساوی دونیای فانی بەسەر قیامەتی نەبڕاوەدا دەدەن؟ وەلحاڵ ژیانی قیامەت گەلێ لە ژیانی دونیا خۆشترو باشترە، دەبوایە هەوڵتان بۆ ئەو ژیانە نەبڕاوەیە بدایە.

ئیمام ئەحمەد لە خاتو عائیشەوە ریوایەت دەکاو دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ فەرموی : ﴿**الدنیا دار من لا دارله، ومال من لا مال له، ولها یجمع من لا عقل له**﴾.

لەوەپێش مژدەی ئەوەیدا بە پێغەمبەرﷺ کە ئاینێکی ئاسان و گونجاو لەگەڵ سروشتی دا بۆ دەنێرێو فێری دەکا ئەمجار ئەوە رادەگەیەنێ: کە ئاینی ئیسلام لەگەڵ ئایینەکانی تردا لە بنیات و بنەمادا یەکن، ئەگەر جیاوازییەکیان هەبێ لە فروعیات دا هەیانە.

دەفەرموێ: ﴿**ان هذا لفي الصحف الأولی، صحف ابراهیم و موسی**﴾ ئەوەی گوترا: دەربارەی رزگاربوان و بە مراز گەیشتوان، ئەوانەی یادی خودا دەکەن و نوێژەکانیان لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدەن. هەروا دەربارەی ئەوانەی دونیا بەسەر قیامەت دا هەڵدەبژێرن، لە نامە پێشوەکانیش دا هاتووە لە نامەی ئیبراهیم و نامەی موسادا: کە لەپێش قورئان دا هاتوونە خوارەوە چەسپاوەو ئاماژەی پێ کراوە، بۆیە بە تایبەتی ناوی ئەم دوو نامە ئاسمانیەی هێنا چونکە لە ناو کۆمەڵگای قورەیشییەکان بەناو بانگ بوون.

عەبدی کوری حەمیدو ئیبنو مەردەوەیهی و ئیبنو عەساکیر لە ئەبوزەرەوە ریوایەت دەکەن، دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەرﷺ کرد، ئاخۆ پەروەدگار چەند نامەو صوحوفی نازڵی کردون لە وەڵام دا پێغەمبەرﷺ فەرموی: سەدو چوار کتێب. لەوانە (دە) صحوفی بۆسەر ئادەم و

(پەنجا) بۆ سەر شیت (سی) بۆ سەر ئیدریس و (دە) بۆ سەر موسا. ئەمجار خودا تەورات و ئینجیل و زەبورو قورئانی نازلّ کردوە.

بە کورتی بنەما سەرکییەکانی ئایینی ئیسلام بنیاتی هەموو ئاینێکن، ئەگەر ئایینەکە گۆڕا ئەو بنەمایانە گۆڕانیان بەسەر دانایە. دەی ئەگەر ئەوانە بڕوایان بە نامە و صوحوفی پێغەمبەرەکانی پێشوو هەیە بابڕواشیان بە قورئان هەبێ، چونکە ئەوەی لەوان دا هەیە لە قورئانیش هەیە.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الغاشیة)

ئەم سورەتە ناوی نراوە سورەتی غاشیە، چونکە بە ئایەتی ﴿هل أتاك حديث الغاشية﴾ دەستی پێ کراوە، غاشییە: ناوێکە لەناوەکانی رۆژی قیامەت، چونکە بە کارەسات و دیمەنی ترسناك ئادەمیزاد دادەپۆشێ. سورەتەکە مەککییەو بیست و نۆ ئایەتە. باسی بنەماکانی عەقیدەی لە خۆگرتووەو لە سێ تەوەرەدا دەخولێتەوە:

١- وەصفی روداو و دیمەنەکانی رۆژی قیامەت ..

٢- سەلماندنی تاك و تەنهایی خودای مەزن و رەهایی تواناو دەسەلاّتی: کە دروستکردنی ئاسمان و زەوی و کێووکەژو حوشترو باقی شتەکان، ئاماژە بە بەدیهێنەری داناو زاناو خاوەن دەسەلاّتی رەها دەکەن.

٣- کۆتایی سورەتەکە وەکوو کۆتایی سورەتی پێشوو باسی گەڕانەوەی ئادەمیزاد دەکا بۆ لای خوداو هەبوونی حیساب و لێکۆڵینەوە لەو رۆژەدا.

دیمەنەکانی ڕۆژی قیامەت و وەزع و حاڵی دۆزەخییان

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلۡغَٰشِيَةِ ﴿١﴾ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٍ خَٰشِعَةٌ ﴿٢﴾
عَامِلَةٞ نَّاصِبَةٞ ﴿٣﴾ تَصۡلَىٰ نَارًا حَامِيَةٗ ﴿٤﴾ تُسۡقَىٰ مِنۡ عَيۡنٍ ءَانِيَةٖ ﴿٥﴾
لَّيۡسَ لَهُمۡ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٖ ﴿٦﴾ لَّا يُسۡمِنُ وَلَا يُغۡنِي مِن جُوعٖ ﴿٧﴾

دەفەرموێ: ﴿هـل أتـاك حديـث الغاشـية﴾ ئـەی موحەممـەد هـەواڵی هاتنی قیامەتت پێ گەییشتووە: کە بە کارەسات و دیمەنە ترسـناکەکانی هەموو ئادەمیزاد دادەپۆشن!! واتە: لەوەپێش باسی ئـەم کارەسـاتەت بـۆ نەهاتووە، ئەوا ئێسـتا بۆمـان نـاردی باشیشـیان گـوێ لێ بگـرەو لێـی حاڵیبە. مەبەست بەم (استفهام)ە مانای پرسیار نیـە. بـەڵکوو ئامـادە کردنی بیسەرە بۆ وەرگرتن و گرنگی پێدانیو وابزانێ ئەوەی لەوەدوا بـۆی بـاس دەکـرێ شـتێکی عەجیبـەو بەباشـی وەری بگـرێ بۆیـە پێغەمبەرﷺ زۆری گرنگی بەم سورەتە دەدا، هەرکاتێ گـوێی لێ دەبـوو وایدەزانی یەکەجارە گوێی لێ دەبێ.

ئەبو ئیسحاق لە عیمرانی کـوڕی مەیمونـەوە ڕیوایـەت دەکـا: دەڵـێ: پێغەمبەرﷺ بەلای ئافرەتێك دا تێپەڕی ﴿هل أتـاك حديـث الغاشـية﴾ی دەخوێندەوە، ئیـتر پێغەمبـەرﷺ ڕاوەسـتاو فـەرموی: (نعـم قـد جـاءني) بەڵێ هەواڵم پێ گەیشتووە.

ئەمجار وەزع و حـالّی ئـادەمیزاد لـە رۆژی قیامـەت دا بـەیان دەکـاو دەیانکاتە دوو تاقم: بەدبەخت و بەختەوەر، سـەرەتا باسـی بەدبەختـەکان دەکا، چونکە میحوەری سورەتەکە هەڕەشـەو ترسـاندنە، تەنانـەت نـاوی سورەتەکەش: کە (الغاشية) یە ئاماژە بۆئەو هەڕەشەو ترساندنە دەکا.

دەفەرموێ: ﴿وجوه يومئذ خاشعة، عاملة ناصبة﴾ لـە رۆژی قیامـەت دا چەند دەم وچاوێك ـ مەبەست کافرو ستەمکارەکانن ـ سەر شۆڕو چـاو بەرەوژێرو ترساوو رەنگ ڕەش هەڵگەڕاو، ترسی ئەو عەزابەیان هەیە: کـە لە پێشیانە، ماندووشەکەت و زەندەق چوو.

وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ولو ترى اذ المجرمون ناكسوا رؤوسهم عند ربهم﴾ (السجدة/١٢) بێگومان ئەوانە لـەدونیادا کـردەوەی باشیان زۆر کردون و زۆریان خۆماندو کردوە، بەڵام هیچ پاداشتێکیان نیـە چونکە ئیمانیان نەبووە. کردەوەی باش بەبێ هەبوونی بیرو باوەڕی راسـت بێ سوودە. ئیمان بە خوداو بە پێغەمبەر مەرجە بـۆ قبوڵبونـی کـردەوە. مەبەسـتی ئایەتەکـە، کەشـیش و بتپەرسـت و رەبەنـە دێرنشـینەکان و هەموو ئەوانەی پابەندی بیروباوەڕی ناپەسندن و لە چوار چێـوەی ئـایینی ئیسلام دا کار ناکەن.

﴿تصلى ناراً حامية﴾ ئەوانە دەچنە ناو ئاگرێکی زۆر گەرم و بەتینـەوە ـ کە ئاگری دۆزەخە ـ تێیدا سزای سەخت دەچێژن.

﴿تسقى من عين أنية﴾ کە تینوویان بێ ئـاوی کوڵاتوویـان دەرخـوارد دەدرێ، بەو ئاوە گەرمە تینوایەتییان ناشکێ، بەڵکوو ناو سـکیان پـێ دادەپڵۆخێ و عەزابەکەیان زیاتر دەبێ.

﴿ليس لهم طعام إلا من ضريع﴾ ئەوانـە خۆراکیـان نـادرێتێ جگەلـە گیای حوشتر خۆرکە، تا بڵێی تاڵ و ناخۆشە. ئەم گیایە بـە تـەڕی پـێ

دەگوترێ (شیبڕەق) ئەگەر وشك بووەوە پێی دەگوترێ (ضریع) پیسترین و ناخۆشترین خۆراکە. بە وشکی حوشتریش بۆی ناخورێ.

﴿لایسمن ولایغنی من جوع﴾ بە خواردنی ئەو خۆراکەیان نە قەڵەو دەبن و نەبرسییایەتییان لادەچێ.

بێگومان ئێمە ناتوانین لە ژیانی دونیامان دا هەست بە چۆنیەتی ئەو عەزابە سەختە بکەین، لەلایەکی‌ترەوە رۆژی قیامەت نەش و نمای جەستەیی نیە، خواردنێك نیە هەزم بکرێت و ببێت بەگۆشت و خوێن.

ئەو دیاردەو وەصفانە دێنێ بۆ ئەوەی لە حیسسی ئادەمی ئێمەدا ئازارەکەی(تصور) بکرێ، تۆزێك لەزیهنی ئادەمیمان نزیك بێتەوە ، ئەگینا لەڕاستیدا کەسێك دەزانێ ئازارەکەی چەندە : کە بەفیعلی – خودا پەنامان بدا - بیچێژێ ، زانایانی ئیسلام دەفەرموون: دۆزەخ پلە پلەو قاتقاتە ، دۆزەخیەکان هەندێکیان خۆراکیان کێم و زوخاوە، وەکوو دەفەرموێ: **﴿ولا طعام الاّ من غسلین﴾**(الحاقة/٣٦). هەندێکیان خۆراکیان (زەقومە) وەکوو دەفەرموێ: **﴿إنّ شجرة الزّقوم طعام الأثیم﴾**(الدخان/٤٤).

وەصفکردنی حاڵ و وەزعی دۆزەخیان و باسی خواردن و خۆراکیان، داخوازی ئەوەیە ئێمەی ئادەمیزاد هەڵوێستەی لەسەر بکەین و هەوڵ بدەین خۆمانی لێ‌بپارێزین. بەم رەنگە خۆمان دووربگرین لەپەیڕەویکردنی بیروباوەڕی فاسیدو بەتاڵ، حاڵێك بەسەر خۆمان دا نەهێنین لەقیامەتدا مایە پوچ بین، ئاشکراشە هەر بیروباوەڕێك لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی‌و بڕوا بە بەقورئان و بە پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدﷺ دانەمەزرێ بەتاڵە و کەڵکی نیە. هەر تاعەت و خوداپەرستیەك بەگوێرەی ئایینی ئیسلام ئەنجام نەدرێ پەسەند نییە و قەبوڵ ناکرێ.

وەزع و حاڵی موسوڵمانان لەبەهەشت دا

وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ ﴿٨﴾ لِّسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ ﴿٩﴾ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ ﴿١٠﴾
لَّا تَسْمَعُ فِيهَا لَاغِيَةً ﴿١١﴾ فِيهَا عَيْنٌ جَارِيَةٌ ﴿١٢﴾ فِيهَا سُرُرٌ مَّرْفُوعَةٌ ﴿١٣﴾
وَأَكْوَابٌ مَّوْضُوعَةٌ ﴿١٤﴾ وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ ﴿١٥﴾ وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ ﴿١٦﴾

لەوە پێش هەڕەشەی لەکافرەکان کردو وەزع و حاڵی ناو دۆزەخیانی باس کرد ، ئەمجار ئەحواڵی موسوڵمانانی بەختەوەری روون کردەوە. پاداش و نازو نیعمەتی نەبڕاوەی بەهەشتی ئەو بەختەوەرانەی بەیان کرد بۆ ئەوەی خوداپەرستان زیاتر لێ‌بڕێن بۆ خوداپەرستی و پابەند بوون بەشەریعەتی ئیسلامەوە ، دەفەرموێ:

﴿وجوه يومئذٍ ناعمة﴾ زۆر دەمووچاو لەو رۆژەدا گەش و درەوشاوەن، دیاردەی خۆشی و بەختەوەرییان پێوە دیارە، کەیف خۆش و تەڕ دەماخن، رازین بەپاداشتی خۆیان .

﴿لسعيها راضية﴾رازین لەکۆشش و بەری کردەوەی خۆیان ، ﴿في جنّةٍ عالية﴾ جێگیر دەبن لەناو بەهەشتی خۆش و دڵگیرو بەرز و پیرۆزدا دەگوزەرێنن.

﴿لاتسمع فيها لاغية﴾لەو بەهەشتەدا هیچ قسەیەکی پڕوپوچ و لاقرتێ و قەشمەری و جنێو نابیسرێ. هەرچی دەیبیسن سەلام و چاك و چۆنی‌و بەختەوەرییە. سوپاس و ستایشی خودایە، دەربڕینی رەزامەندییە لەسەرەنجامی خۆیان، هەمیشە دەم بەزەردەخەنەو پێکەنینن،

وەکوو لەئایەتێکی تردا ئامـاژە بـەم مانایـە دەکـاو دەفـەرموێ:
﴿لایسمعون فیها لغواً الاّ سلاما﴾(مریم/٦٢) یـان دەفـەرموێ:
﴿لایسمعون فیها لغواً ولا تأثیماً الاّ قیلاً سلاماًسلاما﴾(الواقعة/٢٥-٢٦)
لەدوای رانواندنی ئەم بەهرە گیانیانە دێتە سەرباسی خۆشی و لەززەتـە ماددیەکان و دەفـەرموێ: ﴿فیها عینٌ جاریة﴾ لەبەهەشـتدا سـەرچاوەو کانیـاوی هـەڵقوڵاو هـەن، جۆرەهـا خواردنـەوەی بەلـەززەت و صـاف و بێخەوشیان لێ دەستەبەر دەبێ.
﴿فیها سررٌ مرفوعة﴾ لەبەهەشـت دا هەیـە زۆر کورسـی و قەنەفـەی بەرزو شکۆمەند، کە لەدەوری ئەو کانیو جۆگـاو جۆبارانـە ریزکـراون بـۆ دانیشتن لەسەریان .
﴿وأکواب موضوعة﴾ گەلێ پیاڵەو گـلاس و جـامی جـوان و رازاوەی ئاو خواردنەوەو مەی خواردنەوە و شلەمەنیتر بەیدەستن.
﴿ونمارق مصفوفة﴾ زۆر پشتیو سەرین و گۆشەی ریزکراوو لەسـەریەك نراو لەسەر ئەو کورسی و قەنەفانە دانراون.
﴿وزرابي مبثوثة﴾ زۆر فـەرش و مـافووری لاکێشـو چوارگۆشـەی جۆراوجۆرو گوڵ گوڵیو رەنگاورەنگ وتوك نەرم: کەبە سـەیرکردنیان حـەز دەکەی لەسەریان دانیشی! لەو بەهەشتەدا دەستەبەر دەبن .

دەسەڵاتی خودا لەسەر هێنانی قیامەت

أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ ﴿١٧﴾ وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيْفَ
رُفِعَتْ ﴿١٨﴾ وَإِلَى ٱلْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ ﴿١٩﴾ وَإِلَى ٱلْأَرْضِ كَيْفَ
سُطِحَتْ ﴿٢٠﴾ فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ ﴿٢١﴾ لَّسْتَ عَلَيْهِم

بِمُصَيْطِرٍ ﴿٢٢﴾ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴿٢٣﴾ فَيُعَذِّبُهُ اللَّهُ الْعَذَابَ
الْأَكْبَرَ ﴿٢٤﴾ إِنَّ إِلَيْنَا إِيَابَهُمْ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم ﴿٢٦﴾

لەوە پێش پەروەردگار بڕیاری هاتنی قیامەتی‌دا، ئادەمیزادەکانی کردن بەدوو تاقم: بەدبەخت و بەختەوەر، پاشان حاڵ و وەزعی هەردوو تاقمی بەیان کردو بەڵگەی جۆراو جۆری هێنایەوە لەسەر تاك و تەنهایی خوداو قودرەت و دەسەڵاتی بێ‌سنووری . ئەمجار سەرنجیان رادەکێشێ بۆلای دیاردەکانی بوونەوەر ، دەست دەکات بەڕانواندنی دیمەنی دروستکراوەکان لەدونیاداو دەیانکاتە بەڵگە لەسەر بەتوانایی خودایەکی داناو زانا. داوایان لێ‌دەکا بۆ خۆیان لەبوونەوەر بڕوانن بەوردی سەرنجی بدەنێ ، دەفەرموێ:

﴿أفـلا ينظـرون إلى الإبـل كيـف خلقـت﴾ ئەوە بەچ عەقڵێك موشریکەکان ئینکاری زیندوبوونەوە دەکەن؟ وەلحاڵ ئەوانە رۆژانە حوشتر دەبینن، چونکە زۆربەی ئاژەڵیان بریتیە لە حوشترو گەورەترین ئاژەڵە لە بیئەی عەرەب دا، دەی با ئەو موشریکانە لە حوشتر وردببنەوە بزانن خودا چۆن ئەو گیانلەبەرە زەبەلاحەی دروستکردوە، جەستەی گەورەو خاوەن هێزو توانا بەصەبرو خۆڕاگر بۆ برسیایەتی‌و تینوایەتی، بارهەڵگرو خۆشڕەو گۆشت و شیری حوشتر چەند تایبەتمەندی تێدا هەن لەئاژەڵی‌تردا دەست ناکەون، وێڕای ئەوەی جەستەی گەورەیەو هێزو توانای زۆرە ، کەچی گیانلەبەرێکی بەستەزمان و بێ‌وەی و ژێربارە، بەمناڵێك باردەکرێ و کاری پێ‌دەکرێ ، پیرەمێردێکی بێ‌هێز یخی دەداو باری لێ‌بار دەکا. مەسرەفی کەم و بێ‌ئەرك، بەدڕك و داڵ و پوش و پەڵاش قەناعەت دەکا، ئەو گیاو گژەی ئەو دەیخوا ئاژەڵی‌تر کەمتر

دەیخۆن. عەرەب بۆ خۆیان پێی دەڵێن: کەشتی وشکانی، لەکۆمەڵگای عەرەب دا سامانی سەرەکی بووە، زۆربەی پێداویستی ژیانیان لەسەر بەخێوکردنی حوشتر بووە. لەبەر ئەم هۆیانەو هی‌تریش پەروەردگار سەرنجی موشریکەکانی راکێشا بۆ ئەوەی لەو گیانلەبەرە زەبەلاحە بەسوودە بێ‌ئەرك و مەسەرفە وردببنەوە: کەهەموو کات لەبەرچاویانە، بەشەوو رۆژ لەگەڵی‌دا دەژین ، تێفکرین و لی‌وردبوونەوە لێی پێویست بەماندوبوون و زانیاری ناکا .

﴿و إلى السماء كيف رفعت﴾ بۆچی تەماشای ئاسمان ناکەن؟ چۆن بەبێ کۆڵەکە بەرزکراوەتەوە؟! بێگومان شیاوترین کەس کەسەرنج لەئاسمان بدەن سارا نشینەکانن چونکە تێڕوانین لەئاسمان و وردبوونەوە لێی بۆ ئەوانە تام و لەزەتێکی تایبەتی هەیە. کاریگەرییەکی گرنگ لەسەر دڵ و دەرونیان جی‌دێڵێ، بەجۆرێك واهەست دەکەن ئاسمان هەر لەسەر سارایەو بەس!

ئەم ئاسمانە بەرزو جوان و بەرفراوانە: کە لەسارادا بەدی دەکرێ‌و شیاوی ئەوەیە ئەوانە لێی وردببنەوە، دەی بۆچی سەیری ناکەن و بەدڵ لێی وردنابنەوە؟ کێ‌یە ئەو ئاسمانەی بەبێ‌کۆڵەکە راگرتووە؟ کێ ئاوا بەرزی کردۆتەوە؟! کێ ئەو هەموو ئەستێرە لەهەژمار نەهاتوەی تێدا بڵاوکردونەوە؟ کێ ئەو جوانی و شکۆمەندی‌یەی پی‌بەخشیوە؟ بێگومان خۆی خۆی بەرز نەکردۆتەوە؛ کەوابێ دەبێ بەدیهێنەرێك ، هێزێکی لەبن نەهاتوو ئەو کارەی ئەنجام دابێ ئەوەش خودای باڵادەست و تاك و تەنهاو بی‌هاوەڵ و کاربەجێیە!!

نمونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە: کەدەفەرموێ: ﴿أفلم ينظروا إلى السماء فوقهم كيف بنيناها وزيناها وما لها من فروج﴾(ق/٦). بۆ تەماشای ئاسمان ناکەن لەکاتی بەیانی‌و ئێوارەدا؟ لەکاتی خۆرهەلاتن و

خۆرئاوابوون دا : كه هه‌ریه‌كه‌یان بۆ خۆی كاریگه‌رییه‌كی چه‌شمه‌نداز و دلفرێنی هه‌یه. بۆ ته‌ماشای ئاسمانی پان و به‌رین ناكه‌ن له‌شه‌وێكی سایه‌قه‌و سامالْ دا گوێچكه‌ی دلْتان ناكه‌نه‌وه بۆ ئه‌وقسانه‌ی ئه‌ستێره‌كان ده‌یچرپێنن به‌گوێی دلْ و ده‌رونتان دا و هه‌لْتان ده‌نێن بۆ خوداپه‌رستی.

﴿والی الجبال كیف نصبت﴾ ئه‌وه بۆ ته‌ماشای كێوه‌كان ناكه‌ن چۆن وه‌كوو سنگ داكوتراون؟ به‌ناو زه‌وی‌دا بۆ ئه‌وه‌ی له‌نگه‌ر به‌زه‌وی بگرن و نه‌هێلْن جموجولْی نائاسایی بكاو زینده‌وه‌رانی سه‌رخۆی فرێ بدا.

بێگومان كێو په‌ناگاو هاوده‌م و هاوه‌لْی ئاده‌میزاده ، دیمه‌نی شاخ و كێوه‌كان جه‌لال و شكۆمه‌ندییه‌ك ده‌نوێنن ئاده‌میزاد خۆی له‌ئاستیان دا به‌زه‌بوون دێته به‌رچاو، ئاده‌میزادی له‌دوژمن ترساو له‌باوه‌شی كێوه‌كان دا هه‌ست به‌ئه‌مان و ئارامییه‌ك ده‌كا له‌شوێنی‌تردا هه‌ستی پێ‌ناكا. لی‌وردبوونه‌وه له‌و كێوانه خودا وه‌بیر ئاده‌میزاد دێنێته‌وه . نه‌فسی ئاده‌می له‌باوه‌شی كێوه‌كان دا به‌سروشت روو ده‌كاته خودا و هه‌ست ده‌كا به‌لی‌نزیك بوونه‌وه له‌زاتی پاكی‌و خۆخستنه ناو په‌ناگه‌ی ئه‌مینی ژێر ده‌سه‌لاتی...

بێگومان دیمه‌نی چه‌شمه‌ندازی ئه‌و ریزه كێوو شاخانه كه دوورو نزیكی‌و به‌رزی‌و بلْندییان له‌یه‌كدی جوداوازه‌و هه‌ندێكیان گردۆلْه‌و هه‌ندێكیان مام ناوه‌ندی‌و برێكیشیان چیای سه‌ركه‌ش و كه‌ل كه‌ل و لوتكه لوتكه‌ی سه‌ر به‌به‌فر داپۆشراوی زستان و خالْخالْبووی كۆتایی وه‌رزی به‌هارو سه‌ر له‌به‌ری وه‌رزی هاوین و سه‌ره‌تای وه‌رزی پایز،دیمه‌نێكه تا لێی‌وردبیته‌وه چاو لێی تێرنابێ ، چه‌ندێك به‌ره‌و به‌رزایی پێیان دا سه‌ربكه‌وی ئاسۆی بینینی بونه‌وه‌رت بۆ به‌رفراوان ده‌بێ و ده‌سه‌لات و قودره‌تی خودات پتر له‌لا به‌رجه‌سته ده‌بێ، چه‌ندێكیش داپرییه خواره‌وه بۆ ناو قولایی

دۆڵ و شیوەکان هەست بەزەبوونی خۆت و زەبەلاحی شاخ و چیاکان دەکەی‌و ناچار خۆت دەهاویە ناو پەناگای خودای بالآدەست و خاوەن دەسەلآتەوە.

بەکورتی سەرنجدان لەدیمەنی چەشنەندازی شاخ و چیاکان حالەتێکی بەخۆداچوونەوەو هەست کردن بەئاتاجی خۆت بۆ چاودێری خودا لەلادروست دەبێ، بەجۆرێك دڵ و دەرونت مشت و ماڵ دەبێ و ئامادەی خوداناسی‌و هەست بەبەندایەتی کردنت پتر لەلا گەلآڵە دەبێ. کەوابێ رێکەوت و بێهودە نەبوو حەزرەتی موحەممەدﷺ پێش پێغەمبەرایەتی وەگری کێوی (ثور) بوو بوولەئەشکەوتی حیراء دا بەتەنیا دەمایەوە. تا لەسەرەنجام دا لەو چۆڵەوانییە یەکەمجار نیگای بۆ هات و کرا بەپێغەمبەر.

حەزرەتی موساش‌عليه السلام لەسەر کێوی (طور) شەرەفی ئاخاوتنی لەگەڵ پەروەردگاری بوونەوەری پێبەخشرا. لەقەراخ ئەو شیوەی بەتەنیشت کێوی (طور)ەوەیەو دۆڵەکە کەوتۆتە دەستی راستی یەکەمجار نیگای بۆ هات و کرایە پێغەمبەر .

﴿و إلى الأرض كيف سطحت﴾ بۆچی تەماشای زەوی ناکەن و تێی نافکرن چۆن راخراوە؟ بۆ لێی وردنابنەوە چۆن درێژکراوەو راخراوە بۆ ئەوەی گیانلەبەران بتوانن بەئاسانی لەسەری بژین سود لەخێرو فەری وەربگرن؟ بێگومان پێش ئەوەی ئەو ئادەمیزادانە بێنە گۆڕپانی ژیانەوەئەم زەوییە راخراوەو ئامادەکراوە بۆ تێیدا ژیان. دەی بۆ بیر ناکەنەوە کێ رایخستووە، کێ ئامادەی کردووە بۆ لەسەر ژیان؟

بێگومان راخران و پان بوونەوەی زەوی بەرواڵەت و لەپێش چاوی تەماشاکەر وایە، ئەگینا زەوی بەگشتی گۆیەکی مەیلەو درێژە واتە:

هێلکەیی‌یە، چونکە هەر گۆیەکی قەبارە گەورەی وەکوو زەوی ، هەموو پارچەیەکی بەراخراو دێتە بەر چاو! بۆ نموونە گردۆڵکەیەکی بچوك لەپێش چاوی ئێمە خڕە ، وەلێ کە مێرولەیەك پێی هەڵدەگەڕێ هەست بەو خڕیو هەورازییەی ناکا.

ئەمجار پەروەردگار فەرمان بەپێغەمبەر ﷺ دەکا:کە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام بدا، دەفەرموێ: ﴿**فذكّر انّما أنت مذكّر، لست عليهم بمسيطر**﴾ ئەی موحەممەد! ئامۆژگاری مەردوم بکە، لە عەزابی خودا بیانترسێنەو مژدە بدە بەوانەی چاکەکارن، سەرنجیان رابکێشە بۆ تێفکرین لەو دیاردە کەونیانەی هەمویان بەڵگەن لەسەر دەسەڵات و باڵادەستی خودا بەسەر هەموو شتێك دا، تۆ هەر یاد خستنەوەت لەسەرە بۆ راگەیاندن و ئامۆژگاریو ترساندن و مژدەدان رەوانەکراوی .

ئەتۆ دەسەڵاتی ئەوەت نیە بەزۆرە ملێو بەتۆپزی موسوڵمانیان بکەی. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ:﴿**وما انت عليهم بجبّار، فذكّر بالقرآن من يخاف وعيد**﴾(ق/٤٥)

ئەحمەدو موسلیم و تیرمیذیو نەسائی لەجابیرەوە ریوایەت دەکەن: دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (**أمرت أن أقاتل الناس حتى يقولوا: لااله الا الله ، فإذا قالوها عصموا مني دمائهم و أموالهم الاّ بحقّها وحسابهم على الله**) فەرمانم پێکراوە کە لەگەڵ کافراندا بجەنگم تا ئیمان دەهێنن و بەڕواڵەت موسوڵمان دەبن و دەڵێن: (لااله الا الله) و دان بە پێغەمبەرایەتی من دا دەنێن، هەر کاتێك شایەتومانیان هێنا ئیتر ماڵ و خوێنیان لەدەستی من دەپارێزن ، ئەوجا حیسابیان لەلای خودایە ، خودا دەزانێ ئاخۆ ئیمان هێنانەکەیان بەدڵ بووە یان نا؟

﴿الاّ من تولّی و کفر ، فیعذبه الله العذاب الأکبر﴾ وەلیٚ کەسێك پشت لە ئامۆژگاری ئیسلامی هەڵ بکا بەدڵ و بەزوبان کافربیٚ ئەوە خودا لەقیامەت دا عەزابی گەورەی دەدا، بۆ هەتا هەتایە لەناو ئاگری دۆزەخ دا دەیهێڵێتەوە، ئەمە جگە لەعەزابی دونیا کەبریتیە لە کوشتن و بەدیل گرتن و بەغەنیمەت گرتنی ماڵ و سامانی ، چونکە ئەگەر پێغەمبەرﷺ دەسەڵاتی بەسەریان دا نەبیٚ ئەوە خودا دەسەڵاتی تەواوی بەسەریان دا هەیە، لەدەست رق و قاری خودا رزگاریان نابیٚ.

ئەمجار لەکۆتایی سورەتەکەدا جەخت لەسەر رابوونی قیامەت و زیندوبوونەوە دەکاتەوەو دەفەرمویٚ: ﴿انّ الینا ایابهم ، ثمّ انّ علینا حسابهم﴾ بێگومان سەرەنجام و گەڕانەوەیان بۆ لای ئێمەیە، ئێمە حیساب و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەین ، لەسەر کردەوەی چاك پاداشتیان دەدەینەوە و لەتۆڵەی خراپە سزایان دەدەین.

پەروەردگار وادەی داوەو وادەی خوداش دێتە جیٚ، واتە: خودا حیساب و لێکۆڵینەوەی لەسەر خۆی پێویست کردوە و بەگوێرەی حیکمەت و عەدالەت خوازی خۆیەتی، چونکە ئەگەر لەسەر ستەم و کوفر تۆڵە لەستەمکار و کافر نەستێنیٚ، مانای ئەوە دەگەیەنیٚ: کەخودا بۆ خۆی رازی بیٚ بەکوفرو ستەم و خراپەکاری . پاك و مونەزەهی بۆ خودایەو خودا هەرگیز رازی نیە بەستەم و کوفرو خراپە!



بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الفجر)

ئەم سورەتە مەککیەو بیست و نۆ ئایەتە ، ناونراوە بەسورەتی(الفجر) چونکە سەرەتا بەئایەتی ﴿والفجر وليال عشر﴾ دەست پێ‌دەکا.

پەیوەندی ئەم سورەتە بەسورەتی پێشەوەی لەچەندر رویەکەوەیە:

١- سوێند خواردنی پەروەردگار لەسەرەتای ئەم سورەتەدا وەکوو بەڵگە وایە لەسەر کۆتایی سورەتی پێشوو کەفەرمووی: ﴿انّ الينا ايابهم ثمّ انّ علينا حسابهم﴾.

٢- لەسورەتی پێشوودا ئادەمیزادی کردن بەدوو بەش ؛ بەدبەخت و بەختەوەر ، لەم سورەتەش دا باسی چەند تاقم و گەل و نەتەوەیەکی ملهورو سەر ڕەقی کرد، وەکوو گەلی عاد و ثەموود و فیرعەون و دارو دەستەکەی . کە ئەمانە لە بەدبەختەکانن، هەروەها باسی کۆمەڵی خواپەرست و سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی خودای کرد، ئەمانەش لە پێڕو کۆمەڵی بەختەوەرانن.

عەزابی خودا بۆ کافرەکان شتێکی حەتمییە

بسم الله الرحمن الرحيم

وَٱلْفَجْرِ ﴿١﴾ وَلَيَالٍ عَشْرٍ ﴿٢﴾ وَٱلشَّفْعِ وَٱلْوَتْرِ ﴿٣﴾ وَٱلَّيْلِ إِذَا يَسْرِ
﴿٤﴾ هَلْ فِى ذَٰلِكَ قَسَمٌ لِّذِى حِجْرٍ ﴿٥﴾ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ
﴿٦﴾ إِرَمَ ذَاتِ ٱلْعِمَادِ ﴿٧﴾ ٱلَّتِى لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِى ٱلْبِلَٰدِ ﴿٨﴾

وَثَمُودَ ٱلَّذِينَ جَابُواْ ٱلصَّخْرَ بِٱلْوَادِ ﴿٩﴾ وَفِرْعَوْنَ ذِى ٱلْأَوْتَادِ ﴿١٠﴾
ٱلَّذِينَ طَغَوْاْ فِى ٱلْبِلَٰدِ ﴿١١﴾ فَأَكْثَرُواْ فِيهَا ٱلْفَسَادَ ﴿١٢﴾ فَصَبَّ
عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ ﴿١٣﴾ إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلْمِرْصَادِ ﴿١٤﴾

﴿والفجر وليال عشر﴾ سوێند بەبەیانی کاتێك روونـاکی بەکـەناری ئاسمان دا بڵاودەبێتەوە، ئاسۆ رونـاك دەکاتـەوە و تـاریکی شـەو دڕدەدا، موژدەی رۆژێکی تری تازەی پێیەو سەر لەنوێ جـم و جوڵـی گیانلەبـەران دەست پێدەکاتەوەو هەریەکەیان دەچێتەوە سەر کاروباری خۆی و بـەگوڕو تینێکی تازەوە دەست دەکەنـەوە بەهـەوڵ و تەقـەڵلادان بـۆ دابینکردنـی پێداویستی ژیانیان .

﴿ولیال عشر﴾ سوێند بە (دە) رۆژی هەوەڵی مانگ: کە لەگەڵ شەبەق دا وەك یەك وان، لەم روەوە کە شەبەق وردە وردە تاریکایی شەو کز دەکاو روناکی پەرەدەسێنێ ، ئـەو (دە) شـەوەش لەسـەرەتای شـەوەوە بـەهۆی روناکی مانگەوە تاریکایی شەو کزدەکـەن ، ئـەمجار وردە وردە تاریکـایی شـەو پەرەدەسـێنێ ، تابەیـەکجاری دنیـا دەبێتـە تاریکسـتان و دەق پێچەوانەی بەیانی دەوەستێ.

چەند ریوایەت هەن دەربارەی دیاریکردنی ئـەو (دە) شـەوە: هـەندێك پێیان وایە: (دە) شەوی یەکەمی مانگی ذیلحیجەیە هـەندێکیش دەڵێـن (دە) شـەوی یەکـەمی مـانگی موحەڕەمـە. کۆمـەڵێکیش دەڵێـن: (دە) شەوی سەرەتای مانگی رەمەزانن .

قورئان دە شەوەکەی دیاری نـەکردووە و بەموتڵـەقی هێنـاونی و بـەم شێوە زیاتر لەدڵ و دەروون دا کاریگەر دەبێ. بەهەر حاڵ خـودا سـوێندی

به‌و (ده) شه‌وه خواردوه بۆ خۆی ده‌زانێ ، به‌نیسبه‌ت ئێمه‌وه زانینیان گرنگ نییه ، ئه‌گه‌ر گرنگ بوایه خودا بۆ خۆی دیاری ده‌کردن .

﴿و الشفع و الوتر﴾ سوێند به‌هه‌موو تاك و جوتێك به‌م ده شه‌وه‌شه‌وه واته: سوێند به‌م (ده) شه‌وه به‌سه‌ریه‌كه‌وه‌و هه‌م به جیاجیا. یان سوێند به‌نوێژ به‌تاك و جوت.

﴿والليل اذا يسر﴾ سوێند به‌شه‌و كه‌دێ و ده‌ڕوا ، بێگومان وه‌كوو چۆن له‌ڕۆیشتنی شه‌وو هاتنی رۆژدا سود و قازانجی بێ‌شومار هه‌یه، له‌هاتنی شه‌ویش سودو قازانجی بێ‌ئه‌ندازه هه‌یه. چونكه شه‌و كاتی گونجاوه بۆ حه‌سانه‌وه و پشوودان، هه‌رچی ماندویی‌و شه‌كه‌تیه‌ك به‌رۆژ توشی ئاده‌میزادو باقی گیانله‌به‌رانی‌تر ده‌بێ، به‌ماندوو حه‌سانه‌وه‌ی لاده‌چێ و هێز و وزه‌ی تازه ده‌بێته‌وه بۆ رۆژێكی‌تر .

﴿هل في ذلك قسم لذي حجر﴾ ئایا له‌سوێند خواردن به‌وشتانه‌ی باسكران سوێند خواردنی بتمانه‌پێكراو هه‌یه بۆ ئاده‌میزادی عاقڵ و ژیر؟ واته: ئایا ئه‌و شتانه شیاوی سوێند پێ‌خواردنن بۆ ئاده‌میزادی ژیر؟ وه‌ڵامی سوێنده‌كه‌ش له‌نیاز دایه‌و (مقدر)ه واته: سوێند به‌وشتانه ئێوه زیندو ده‌كرێنه‌وه‌و سزاو پاداش وه‌رده‌گرنه‌وه.

ئه‌مجار په‌روه‌ردگار هه‌ندێ سه‌رگوزه‌شته‌ی گه‌ل و نه‌ته‌وه رابووردوه‌كان بۆ په‌ند لێ‌وه‌رگرتن باس ده‌كاو ده‌فه‌رموێ: ﴿ألم تر كيف فعل ربّك بعاد، إرم ذات العماد، التي لم يخلق مثلها في البلاد﴾ ئایا نازانی ئه‌ی بیسه‌ر! خودای تۆ چۆن هۆزی عادی یه‌كه‌می له‌ناو برد؛ ئه‌و گه‌ل و هۆزه‌ی: كه له‌وه‌چه‌و نه‌وه‌ی عادی كوڕی (حوص)ی كوڕی (إرم)ی كوڕی(سام)ی كوڕی نوح عليه السلام بوون . (إرم) ناوه بۆ هۆزی عادی یه‌كه‌م .

وه‌كوو له‌شوێنێكی‌تردا ئاماژه به‌وه ده‌كاو ده‌فه‌رموێ: ﴿وانّه أهلك عاداً الأولى﴾(النجم/٥٠).

ئەم نەتەوە بەدبەختە هەموویان خاوەن هێزو تواناو بالآبەرزو لەشساغ و بەهەڵمەت بوون، لە رۆژگاری خۆیان دا لەهەموو کەس بەتواناترو بەدەسەڵات ترو بالآبەرزتر بوون، خانوو باڵەخانەکانیان زۆر قایم و پتەوو بەرزو بەرەونەق بوون، لەهەموو ولآتانی ئەو رۆژگارەدا شارو گوندێك نەبوو بەئەندازەی شاری ئەوان تەلارسازیی تێدا بەرچاو گیرابێ، بۆ خۆشیان لەهەموو کەس بەهێزترو بالآ بەرزتر بوون.

وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرموێ: ﴿**واذكروا إذ جعلكم خلفاء من بعد قوم نوح و زادكم في الخلق بسطة فاذكروا الآء الله ، ولا تعثوا في الأرض مفسدين**﴾(الأعراف/٦٩) .

﴿**وثمود الذين جابوا الصخر بالواد**﴾ هەروەها نازانی ئایا خودای تۆ چی بەسەر گەلی ثەمود هێنا؟ ئەم گەلە گەلێکی بەهێزو توانا بوون لەناوچەی (الحجر) کە کەوتوەتە نێوان ولآتی شام و حیجازەوە لە کێوو شاخەکان خانوویان داتاشیبوون و تێیان دا نیشتەجێ بووبوون. شاخیان دەبڕیو دایاندەتاشیو دەیانکردە خانووی هەڵاش بەرزو بەرفراوان ، وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرموێ: ﴿**وكانوا ينحتون من الجبال بيوتاً فارهين**﴾ (الشعراء/١٤٩) یان دەفەرموێ: ﴿**وكانوا ينحتون من الجبال بيوتاً آمنين**﴾(الحجر/٨٢).

﴿**وفرعون ذي الأوتاد**﴾ هەروەها ئایا تۆ نازانیت خودای تۆ چی بەفیرعەون کرد؛ ئەو فیرعەونەی فەرمانڕەوای میصر بوو خاوەن بیناو باڵەخانەی بەرزو چەشمەنداز بوو، هەندێك لەو بیناو باڵەخانانە ئەهرامەکانن: کە ئێستاش وەکو خۆیان ماون کاتی خۆی فیرعەونەکان بەمەبەستی ئەوە دروستیان کردبوون بیانکەن بەقسن و گۆڕی خۆیان. بەبێگاری و زۆرە ملێ ئەو باڵەخانانەیان بەرەشە خەڵکەکەو بۆرە پیاوەکانیان دروست دەکرد.

یان ﴿ذي الأوتاد﴾ بەمانا ئەوەیــە: (خـاوەنی سـوپا و عەسـکەرێکی زۆربــوو ، هــەموویان یاســاولٚ بــوون و پارێزگارییــان لەپاشــایەتی فیرعەون دەکرد).

بەلاّم واپێدەچیٚ مەبەست بە ﴿ذي الأوتاد﴾ ئەهرامەکان بن: کە وەکوو مێخ بەزەویدا داکوتراون، لەبناغەدا پان و هەتا بەرزببنــەوە چـین بـەچین تەسك بوونەوە، دەلێی مێخی سەربەرەو خوار داکوتراون .

جۆرێکیــش لەتــەعذیبی فیرعــەون بــۆ نــەیارەکانی ئــەوە بـــوو مێخـەی دادەکوتـان، وێدەچــیٚ ﴿ذي الأوتــاد﴾ ئامــاژەبیٚ بــۆ ئــەو جۆرە تەعذیبە .

کـاری ئـەم سـیٚ نەتـەوە سـتەمکارە (گـەلی عـادو گـەلی ثـەموودو گەلی فیرعەون) ﴿الذين طغوا في البــلاد﴾ ئەوانــە بـوون: کەهەریەکـەیان لەولاّت و رۆژگاری خۆیان دا لەستەمکاریدا سنوریان بـەزاندبوو، یـاخیو سەرکەش بوون، فەسادو ئاشــوبیان لــەولاّت دا بـەکوفرو سـتەمکاری زۆر کردبوو. بەهێزو دەسەلاّتی خۆیان دەنازین و بوغرابوون .

﴿فصبّ عليهم ربّك سوط عذاب﴾ ئیتر خودای تۆ عەزابی سـەخت و دژواری بەســەر ئـەو نەتــەوە سـتەمکارانەدا رشـت، گـورزی پۆلاّیینــی عــەزابی لیٚدان و بەعــەزابی ریشەکێشــکەر لــەناوی بــردن و بوونــە پەندو عیبرەتی رۆژگار .

﴿إنّ ربّك لبالمرصاد﴾ بێگومان خودای تۆ ئــەی موحەممــەد! لەکـەمین دایـە بـۆ سـتەمکاران، چـاودێری کـارو کـردەوەی هـەموو کەســێکە ، هیچـی لیٚ گــوم نــابیٚ، هیــچ کردەوەیــەك پاشــگویٚ ناخــا ، رۆژی قیامـەت هەموو ئــادەمیزادێك سـزاو پاداشـتی کـردارو گوفتـاری خـۆی وەردەگرێتەوە .

سەرزەنشتی کردنی ئادەمیزاد چونکەی قیامەتی پاشگوێ خستووەو گرنگی بەدونیا داوە

فَأَمَّا
ٱلۡإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكۡرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَكۡرَمَنِ
﴿١٥﴾ وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيۡهِ رِزۡقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَهَٰنَنِ ﴿١٦﴾
كَلَّاۖ بَل لَّا تُكۡرِمُونَ ٱلۡيَتِيمَ ﴿١٧﴾ وَلَا تَحَٰٓضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ
ٱلۡمِسۡكِينِ ﴿١٨﴾ وَتَأۡكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ أَكۡلٗا لَّمّٗا ﴿١٩﴾
وَتُحِبُّونَ ٱلۡمَالَ حُبّٗا جَمّٗا ﴿٢٠﴾

لەوە پێش پەروەردگار ئەوەی راگەیاند: کە خۆی لەکەمین دایە بۆ ئادەمیزاد، هەموویان بەتەواوی چاودێری دەکرێن و هیچ کردەوەیەکیان لەخودا گوم نابێ. ئەمجار سەرزەنشتیان دەکا لەسەر ئەوە: کە گرنگی بەقیامەت نادەن و باوەشیان بەدونیادا کردوە، واتە: خودا فەرمانیان پێدەکا: کە گرنگی بەقیامەت بدەن و توێشوی باش بۆ ئەو ژیانە جاویدانە پێش خۆیان بنێرن ، کەچی ئەوان بەپێچەوانەوە دونیایان لەکۆڵ داوەو قیامەتیان پاشگوێ خستووە .

دەفەرموێ: فأماالانسان اذا ماابتلاه ربّه فأكرمه ونعّمهُ فيقول: ربِّي أكرمن وأمّا إذا ما ابتلاهَ فقدر عليه رزقهُ فيقول: ربّ أهانن﴾

جا ئەگەر ئادەمیزاد تووشی خۆشی و بەختەوەری بوو دەڵێ: خودا رێزی

لی‌گرتووم ، ئه‌گه‌ر خۆشی له‌کیس چوو، که‌وته ناڕه‌حه‌تیه‌وه ، ده‌ڵێ: خودا ریسوای کردوم. ئه‌مه‌یه بیرو بۆچونی ئاده‌میزاد، کاتێك خودا به‌تاقی ده‌کاته‌وه، ده‌وڵه‌مه‌ندی ده‌کا، یان هه‌ژاری ده‌کا، نه‌خۆشی ده‌کا، یان له‌شساغ ده‌بێ .

کاتێك خودا نازو نیعمه‌تی به‌سه‌ردا ده‌ڕێژێ ماڵ و سامان و پله‌و پایه‌ی ده‌داتێ ، هه‌ست ناکا که ئه‌وه تاقیکردنه‌وه‌یه‌و حیساب و لێکۆڵینه‌وه‌ی به‌دوادا دێ. واده‌زانێ ئه‌و رزق و ڕۆژییه ئه‌و پله‌و پایه نیشانه‌ی رێزو نرخیه‌تی لای خوداو خودا هه‌ڵی بژاردووه ، کاتێکیش به‌پێچه‌وانه‌وه بوو که‌وته ناخۆشی‌و ته‌نگانه‌وه به‌ریسوایی ده‌زانێ‌و پێ‌وایه لای خودا نرخی نییه بۆیه هه‌ژارو نه‌خۆشه!!!

بێگومان ئه‌و له‌هه‌ردوو حاڵه‌که‌دا هه‌ڵه‌یه ، به‌ڵکوو هه‌ردوو حاڵه‌که بۆ تاقیکردنه‌وه‌و له‌بۆته دانن، بۆ ئه‌وه‌یه ده‌ربکه‌وێ ئاخۆ به‌خۆشی‌و نازو نیعمه‌ت له‌خۆ بایی ده‌بێ یان به‌به‌ڵاو هه‌ژاریی ده‌که‌وێته ناشکوری کردن و نائومێدی . یان صه‌بر ده‌گرێ بێگومان ئاده‌میزاد کاتێ دڵی له ئیمان خاڵی بوو ، هه‌ست به‌حیکمه‌تی به‌خشین و لێگرتنه‌وه ناکا ، نهێنی نازو نیعمه‌ت پێدان و توشبوونی به‌ڵاو ناخۆشی نازانێ..

رێزداریی لای خودا بۆ که‌سێکه: که طاعه‌ت و خوداپه‌رستی بکا و به‌دڵسۆزیی ئه‌رکی سه‌رشانی به‌رامبه‌ر به‌خودا ئه‌نجام بدا، ریسواکردن و سه‌رکۆنه کردنی خودا بۆ که‌سێکه له خودا یاخی بێ‌و گوێ به‌قیامه‌ت نه‌دا.

﴿كلاّ بل لا تكرمون اليتيم، ولا تحاضّون على طعام المسكين﴾

نه‌خه‌یر وانییه وه‌زع و حاڵ وانیه: که‌ئاده‌میزادی بێ‌دین لی‌ی حاڵی بووه، رزق و ڕۆژیی زۆر و نازو نیعمه‌ت پێدان نیشانه‌ی رێزداریی ئه‌و که‌سه بێ لای خودا، هه‌ر وه‌کوو چۆن هه‌ژاری‌و نه‌خۆشی نیشانه‌ی بێ‌رێزی نیه،

بێگومان خودا ماڵ و سامان دەدا بەو کەسەی خۆشی دەوێو بەو کەسەی خۆشی ناوێ ، دەستکورتی و کەم دەرامەتی دەدا بەوانەی خۆشی دەوێن بەوانەی ناخۆشی دەوێن.

بەڵکوو خراپەی ئەوانە ئەوەیە خودا رزق و رۆژیی زۆرو زەوەندەی پێبەخشیون ، کەچی مافی خودای لێنادەن، رێز لەهەتیوو بێنەوایان ناگرن ، پێداویستیەکانیان بۆ دابین ناکەن ، خۆیان و کەسانی دیکەش هەڵناسن بۆ خۆراك دابەش کردن بەسەر هەژاران دا، بەهانای فەقیرو بێدەرەتانانەوە ناچن ، زەکاتی ماڵی خۆیان دەرناکەن ، خێرو خەیرات بەلێقەوماوان ناکەن.

عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك لە ئەبوهورەیرەوە لە پێغەمبەرەوەﷺ فەرموودەیەکی ریوایەت کردوە، دەفەرموێ: (خير بيت في المسلمين بيت فيه يتيم يحسن اليه، وشرّ بيتٍ في المسلمين بيت فيه يتيم يُساءُ اليه، ثمّ قال بأصبعيه: أنا و كافل اليتيم في الجنّة هكذا) باشترین ماڵ و خێزانێك لەناو کۆمەڵگای موسوڵمانان دا ماڵێکە هەتیوێکی تێدابێ چاکەی لەگەڵ بکرێ ، خراپترین خێزانیش ئەو خێزانەیە هەتیوێکی تێدابێ خراپەی دەربارە بکرێ ، پاشان بەدوو پەنجەی خۆی ئاماژەی‌کردو فەرمووی: (من و سەرپەرشتیاری هەتیو لەبەهەشت دا ئاوا جوتین و لێك نزیکین).

﴿وتأكلون التراث أكلاً لّما، وتحبّون المال حبّاً جمّاً﴾ ئێوە بەشە میراتی میراتگران بەناڕەوا دەخۆن ، بەتایبەتی مافی ئافرەتان فەرامۆش دەکەن ، هەر لەبەر بەشە میراتەکەیان مارەیان دەکەن بۆ ئەوەی بەشە میراتەکەیان بخۆن و ماڵ و سامانتان خۆش دەوێ بەجۆرێك هەمیشە هەوڵ و تەقەللا دەدەن بۆ ماڵ کۆکردنەوە بەهەر شێوەیەك بێ ، کۆ لەحەلاڵ و حەرام ناکەن چاوچنۆك و هەڵپەکارن، خوێن مژو بێوێژدانن بەداگیرکردن و

بەسود و ریباو چەپاوکردن مـــالْ کۆدەکەنـەوە. گـویْ نادەنـە داد و نـزای هـەژاران و فرمێسـکی هـەتیوان و هـات و هـاواری بیْتـــەوایان داتـــان ناچلْـەکێنیْ: دونیاتـــان لـــەباوەش گرتـــووەو قیامـــەتتان پاشـــگویْ خســتووە، ئەمــەش کـارێکی خراپـەو لەوەبـەولاوە بۆتـــان دەردەکـــەویْ چەند خەسارەتمەندن.

حالْ و وەزعی ئادەمیزادە چاوچنۆکەکان و دونیا نەویستەکان لە رۆژی قیامەت دا

كَلَّآ إِذَا دُكَّتِ ٱلْأَرْضُ دَكًّا
دَكًّا ﴿٢١﴾ وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا ﴿٢٢﴾ وَجِاْيٓءَ يَوْمَئِذٍۭ
بِجَهَنَّمَ ۚ يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ ﴿٢٣﴾
يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى قَدَّمْتُ لِحَيَاتِى ﴿٢٤﴾ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٢٥﴾
وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٢٦﴾ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرْجِعِىٓ
إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴿٢٨﴾ فَٱدْخُلِى فِى عِبَٰدِى ﴿٢٩﴾ وَٱدْخُلِى جَنَّتِى ﴿٣٠﴾

لـەوەپێش پـەروەردگار بـیرو بۆچوونـــی ئادەمیزادەکـانی دەربـــارەی دەولەمــــەندیی‌و هــــەژاری‌و لەشــــاغی و نەخۆشــــی‌و بەهەلْــــە لەقەلەم دا ، سەرزەنشتی کردن لەسەر گرنگی‌دان بـەژیانی دونیـا و پـاش گـویْ خسـتنی قیامـەت، هەلْپـەکردن بـــۆ مـــالْ کۆکردنەوەبەشـێوەی نائاسایی، ئەمجار هەوالّی قیامـەت رادەگەیـەنیْ وە ئـەوە روون دەکاتـەوە

کە ئەوانە پەشیمان دەبنـــەوە ، بـەلاّم پەشـیمانی سـوودی نیـە ، حـالّ و وەزعـی موسـوڵمانە خوداپەرسـتە دونیـا نەویسـتەکان روون دەکاتـەوەو ئەوە رادەگەیەنێ: کەئەوانە لــەپێڕی صالّحـان دا دەچنـە نـاو بەهەشـتی رازاوەوە، دەفەرموێ:

﴿کلاّ إذا دکّت الأرض دکّاً دکّاً﴾ ئەی خەڵکینە؛ واز لەو هەڵوێستی ناشیرین و کردەوەی بەد بێنن ، نابێ سووربن لەسەر ئـەو کـردەوە خراپـە دزێوانەتان ، پێش ئەوەی رۆژێك بێ پەشیمان ببنەوە ، ئـەو کاتـەی زەوی پارە پارە دەبێو رادەتلّەقێ و پێکدا دەدرێ، هەرچی کێوو شاخ و بەرزایی هەیە تێك دەروخێن و رووبەری زەوی دەبێتە سـارایەکی کـاکی بـەکاکیو تەپ و تۆز بلاّودەبێتەوە.

﴿وجاء ربّك و الملك صفاً صفاً﴾ خودای تۆ دێ، واتە: فەرمانی خودا هاتە خـوارەوە، خـودای بالاّدەسـت و خـاوەن دەسـەلاّت خۆدەنوێنـێ بـۆ داداگایی کردن و حیسـاب و لێکۆڵینــەوە لەگـەڵ بـەندەکانی، فـەرمان و بڕیارەکانی خـۆی ئاراسـتە دەکـا، دیاردەکـانی توانـاو جەبـەروتی خـودا دەردەکەوێ. فریشتەکان کۆمەڵ کۆمەڵ هاتن و ریزیـان بەسـت و کەوتنـە ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانیان.

﴿وجیـئ یومئــذٍ بجــهنّم﴾ دۆزەخ دەرکــەوت بــۆ تەماشــاکەران ، دوای ئـەوەی لێیـان شـاراوە بـوو ، یـەکێك بـوو لەغــەیبیات، وەکــوو لەئایەتێکیتردا دەفەرموێ: ﴿وبرّزت الجحیم للغاوین﴾(الشعراء/٩١) یـان دەفەرموێ: ﴿وبرّزت الجحیم لمن یری﴾(النازعات/٣٦).

لەصــەحیحی موسـلیم دا فەرموودەیـەك هەیـە عـــەبدوڵلاّی کـــوڕی مەسعوود ریوایەتی کردووە دەفــەرموێ: پێغەمبــەرﷺ فـەرمووی: (یؤتـی بجهنم یومئـذٍ لها سـبعون الـف زمـام، مـع کـلّ زمـام سـبعون ألـف ملـك

يجرونها)[١] ئه‌و رۆژه دۆزه‌خ ده‌هێنرێ حه‌فتا هه‌زار له‌غاو (قفل)ی هه‌یه، هه‌ر له‌غاوێکی حه‌فتا هه‌زار فریشته‌ی له‌گه‌ڵدایه رایده‌کێشن .

ئه‌بوسه‌عیدی خودری ده‌فه‌رموێ: کاتێك ئایه‌تی ﴿وجيئ يومئذٍ بجهنّم﴾ نازڵ بوو ره‌نگی روخساری پێغه‌مبه‌رﷺ گۆڕا، به‌ئاشکرا ده‌م و چاوی ره‌نگی گۆڕانیان پێوه دیاربوو ، به‌جۆرێك هاوه‌ڵان که‌وتنه ترسه‌وه لێی، پاشان فه‌رمووی: جوبره‌ئیل ئه‌م ئایه‌تانه‌ی بۆ خوێندمه‌وه که ده‌فه‌رموێ: ﴿كلاّ إذا دكّت الأرض دكّاً دكّاً ، وجاء ربّك و الملك صفّاً صفّاً وجيئ يومئذٍ بجهنّم﴾.

ئیمامی عه‌لی فه‌رمووی: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خودا چۆن چۆناهی دۆزه‌خ ده‌هێندرێ؟ له‌وه‌لام دا پێغه‌مبه‌رﷺ فه‌رمووی: (يؤتى بها تقاد بسبعين ألف زمام يقود بكلّ زمام سبعون ألف ملك ،فتشرد شردة لو تركت لأحرقت أهل الجمع ، ثمّ تعرض عليّ جهنّم فتقول: مالي و لك يامحمد، إنّ الله قد حرّم لحمك عليّ)[٢] ئیتر هه‌موو ئه‌هلی سارای مه‌حشه‌ر ترس دایان ده‌گرێ ده‌که‌ونه گوتنی (نفسي نفسي) ی‌یه‌وه جگه له پێغه‌مبه‌رﷺ ئه‌و ده‌فه‌رموێ: (أمّتي أمّتي) .

﴿يومئذٍ يتذكّر الإنسان و أنّى له الذكرى﴾ جا له‌و رۆژه سه‌خت و دژواره‌دا ئاده‌میزاد هه‌رچیه‌کی ئه‌نجامی‌دابێ دێته‌وه یادی و په‌شیمان ده‌بێته‌وه له‌هه‌ڵوێست و بیروباوه‌ڕو کارو کرده‌وه‌کانی دونیای ، هه‌رچی پێش خۆی ناردویه‌تی له‌کوفرو تاوان و کرده‌وه‌ی خراپ لێیان په‌شیمان

---

(١) - رواه مسلم في (٤٥) كتاب البرّ و الصّلة و الآداب (١٣) باب فضل عيادة المريض (الحديث٢٥٦٩) .

(٢) رواه مسلم في كتاب الجنّة و صفة نعيمها و أهلها(١٢) باب شدّة حرّ نار جهنّم و بعد قعرها و ما تأخذ من المعذّبين (الحديث ٢٨٤٢) .

دەبێتەوە، بەڵام کوا بیرکەوتنەوەو پەشیمان بوونەوە سوودی پیٚدەگەیەنیٚ، کات بەسەرچووەو پەشیمانی و تەوبەکردن دادی نادەن ، کاتیٚ بەکەڵکی دەهات کەپێش مردنی دونیای پەشیمان بوویایەوە.

﴿یقول یالیتني قدّمت لحیاتي﴾ لەو کاتەدا کە پەشیمان بوونەوە دادی نادا ، بەغەم و پەژارەوە دەڵیٚ: بریا لەژیانی دونیام دا بیرو باوەڕی باشم بوایەو کردەوەی چاکم پێش خۆم بخستایە، تازە هیچ شتێك دادم ناداو پەشیمان بوونەوە بیٚ سوودە.

﴿فیومئذٍ لایعذّب عذابه أحد ولا یوثق وثاقه أحد﴾ ئەو رۆژە کەس سەرپەرشتی سزادانی تاوانباران ناکا . خودا بۆخۆی جۆری سزایان بۆ دیاری دەکا ، هیچ کەس ناتوانیٚ وەکوو خودا سزای تاوانباران بدا، کەس وەکوو خودا ناتوانیٚ تاوانبار کۆت و زنجیر بکاو دەست بەملەوە شەتەکیان بدا.

ئەمجار وەزع و حاڵی ئەوانە بەیان دەکا: کە لەژیانی دونیایان دا گرنگی بەقیامەت دەدەن و کردەوەی چاکە پێش خۆیان دەنێرن . دەفەرمویٚ: ﴿یاأیّتها النفس المطمئنة ارجعي إلی ربّك راضیة مرضیّة فادخلي في عبادي وادخلي جنّتي﴾ پەروەردگار بۆ خۆی یان لەسەر زوبانی فریشتە بە موسوڵمانان دەفەرمویٚ: ئەی نەفسی بەئارام بەهۆی ئیمان و باوەڕی راستەقینەتەوە بەهۆی کردەوەی باشتەوە، بەهۆی رازی بونت بەقەزاو قەدەری خودا و پابەند بوونت بەشەریعەتی ئیسلامەوە، ئەتۆ ئەی گیانی پاکی خوداپەرست رۆژی قیامەت دیٚی بۆ سارای مەحشەر بەدڵ ئارامیو بیٚترس .

دەتۆ بگەڕێوە بۆ لای پاداشی خودای خۆت ، بچۆرە ناو ئەو بەهەشتەی کە خودا پێی بەخشیوی، ئەتۆ رازی بە بەو پاداشتەو بەو بڕیارەی خودا بۆی داوی ، خوداش لەتۆ رازییە. بچۆ ناو پێڕی بەندە راستاڵ و

ڕێزدارەکانمەوە ، ببە بەیەکێك لەو کۆمەڵە بەختەوەرە ، لەگەڵ ئەوان دا بچۆرە ناو بەهەشتی رازاوەی منەوە. بێگومان ئەوە ئەوپەڕی بەختەوەرییە، موفەسسرین دەڵێن: ئەم بانگکردنە لەکاتی گیان دەرچون دا دەبێ. یان پێش مردن بەچەند ساتێك دەبێ.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (البلد)

ئەم سوڕەتە مەککیە بیست ئایەتە ناونراوە سوڕەتی (البلد) چونکە پەروەردگار لەسەرتای سوڕەتەکەدا سوێندی بەشاری مەککە خواردوە فەرموویەتی: ﴿لا أقسم بهذا البلد﴾.

پەیوەندی ئەم سوڕەتە بەسوڕەتی پێشوویەوە لە دوو لایەنەوەیە:

١- لەسوڕەتی پێشوودا پەروەردگار سەرزەنشتی ئەوانەی کرد کە ماڵی خەڵك دەخۆن و لەڕێگەی نائاساییەوە ماڵ و سامان کۆدەکەنەوە و یارمەتی بێنەوایان و هەژاران نادەن . لەم سوڕەتەدا ئەو ڕەوشت و هەڵوێستانە باس دەکا کە پێویستە خاوەن ماڵ و سامان پەیڕەوییان بکەن. وەکوو ئازادکرنی کۆیلەو ماڵ بەخشین بەهەژاران بەتایبەتی لەرۆژانی برسیەتیو گرانیدا.

٢- کۆتایی سوڕەتی پێشووی بەروونکردنەوەی حاڵ و وەزعی نەفسی بەئارام و خودا پەرست هێنا. لەم سورەتەشدا ڕێگەی دڵ ئارام بوون روون دەکاتەوە ، بەندەکانی دەترسێنێ لەکوفرو بێدینیو سەرپێچیکردنی فەرمانی خودا .

میحوەرو ناوەڕۆکی سووورەتەکە بریتیە لە هۆکاری بەختەوەریی و بەدبەختی ئادەمیزاد ، چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئادەمیزاد بۆ یەکێ لەو دوو

ڕێبازە بەویستی خۆی . سەرزەنشتی ئادەمیزاد دەکا لەسەر لەخۆبایی بوون و بەخۆ نازین و ڕەتکردنەوەی پەیامی حەق، ئەمجار بڕێ لەنیعمەتەکانی خودا: کە بەخشیویەتی بە ئادەمیزاد رادەنوێنێ، پاشان بڕێ لەو تەنگ و چەڵەمانەی کە تووشی ئادەمیزاد دەبێ لەقیامەت دا دەخاتە روو.

بەتاقیکردنەوەی ئادەمیزاد بەتەنگ و چەڵەمە و لەخۆبایی بوون

بسم الله الرحمن الرحيم

لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ﴿١﴾ وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ﴿٢﴾ وَوَالِدٖ وَمَا وَلَدَ
﴿٣﴾ لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِي كَبَدٍ ﴿٤﴾ أَيَحۡسَبُ أَن لَّن يَقۡدِرَ عَلَيۡهِ
أَحَدٞ ﴿٥﴾ يَقُولُ أَهۡلَكۡتُ مَالٗا لُّبَدًا ﴿٦﴾ أَيَحۡسَبُ أَن لَّمۡ يَرَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٧﴾

﴿لا أقسم بهذا البلد﴾ سوێند دەخۆم بەشاری مەککە کە شارێکی ڕێزدارە لای پەروەردگار رووگەی موسوڵمانانی تێدایە پێغەمبەریﷺ تێدا لەدایك بووە ، چرای ئیسلامەتی تێدا هەڵکراوە .

﴿وأنت حلّ بهذا البلد﴾ وەحاڵ ئەتۆ ، ئەی موحەممەد؛ دانیشتوی ئەو شارە پیرۆزەی ، یان ئازاردانی تۆی تێدا ڕێدراوە لەلایەن موشریکەکانەوە، هەرکەسێ بچێتە ناوی دڵنیا دەبێ: کە کوشتن و بڕینی تووش نابێ ، شەڕو جەنگی تێدا یاساغە، بەنیشتەجێیی تۆ لەو شارەدا ڕێزی زیادی کردوە.

لە فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەردا هاتووە فەرموویەتی: (إنّ هذا البلد حرّمه الله يوم خلق السموات و الأرض ، فهو حرام بحرمة الله إلى يوم

القيامة ، لا يعضد شجره ، ولا يختلى خلاه، وإنما أحلت لي ساعة من نهار ، وقد عادت حرمتها اليوم كحرمتها بالأمس الا فليبلغ الشاهد الغائب)

مه‌به‌سته‌که ئه‌وه‌یه شاری مه‌ککه شارێکی ڕێزداره له‌هه‌موو کات و زه‌مانێك دا ، ته‌نانه‌ت له‌و حاڵه‌ش دا که موشریکه‌کان ئازاردانی تۆی پێغه‌مبه‌ر به‌ڕوا ده‌زانن و هیچ ڕێزو نرخیکت بۆ دانانێن...

﴿ووالدٍ و ما ولد﴾ سوێند به‌هه‌موو باوك و ڕۆڵه‌یه‌ك له ئاده‌میزاد و گیانله‌به‌رانی تر و شینایی دا. ئه‌مه‌ش ئاماژه‌یه بۆ گه‌وره‌یی و به نرخیی زاووزێ...

سوێند به‌و شتانه ﴿لقد خلقنا الإنسان في كبد﴾ ئێمه ئاده‌میزادمان دروست کردوه له‌ڕه‌نج و کێشه‌و ماندوو بوون ، له‌و ڕۆژه‌وه دێته گۆڕه‌پانی ژیانه‌وه تارۆژی مردن هه‌موو ژیانی بریتیه له‌ماندوو بوون و ڕه‌نج کێشان، ڕه‌نجی په‌روه‌رده‌بوون و پێگرتن و پێگه‌یشتن و قالبوون و ئه‌رك که‌وتنه سه‌رشان و خزمه‌ت کردنی ولات و ماڵ و منداڵ و گه‌ل و نه‌ته‌وه. به‌تایبه‌تی پیاوانی به‌رپرسی بالاو پێشه‌واو رابه‌رو هه‌ڵکه‌وتووی گه‌ل: که ده‌یانه‌وێ خزمه‌تی گه‌ل و ولات بکه‌ن ، هه‌میشه وه‌کوو مۆم ده‌سوتێن بۆ ڕووناك کردنه‌وه‌ی جیهانی میلله‌ته‌که‌یان و رزگارکردنی گه‌ل و ولاتیان له‌تاریکه شه‌وی نه‌زانی.

هه‌ر له‌و ده‌مه‌وه یه‌که‌م خانه‌ی تۆم له‌منداڵدان دا جێگیر ده‌بێ، هه‌وڵدان و خۆچه‌سپاندن و په‌له‌قاژه بۆ بژێو ده‌ست پێ‌ده‌کاو به‌رده‌وام ده‌بێ تا له‌ئاکام دا له‌ئه‌نجامی ئێش و ئازارو ژان دا، له‌دایك ده‌بی و ڕووناکی جیهان ده‌بینێ، به‌ڕواڵه‌ت له‌و ته‌نگانه‌و زه‌حمه‌ته رزگاری بووه به‌لام ئه‌مجار ئه‌رك و ماندوو بوونی زیاتر ده‌بێ ، بۆ یه‌که‌مجار هه‌وایه‌ك هه‌ڵده‌مژێ که له‌وه‌و پێش پێی ئاشنا نه‌بووه ، ده‌م سییه‌کانی ده‌کاته‌وه‌و بۆ یه‌که‌مجار ده‌نگی گریانی لێ‌به‌رز ده‌بێته‌وه . که له‌واقیع دا سه‌ره‌تایه بۆ

دەستپێکردنی ئەرك و ماندویەتی ژیانی دونیا ، ئیتر جیهازی هەزم و جیهازی خوێن سوڕان بەشێوەیەکی تازە دەکەونە کار ئەمجار ئەرکی دابینکردنی بژێوو چۆنیەتی هەزم کردن و راهاتنی ریخۆڵەکانی بۆ لێوە دەرچونی ئەو پیساییە.

ئیتر هەر جموجولێکی کەدەیکا ماندوو بوونێکە، هەر ساتیکی شەکەت و زەحمەتە. هەر لەو دەمەوە دانی دەروێن دوایی پیدەگرێ ، دوایی کەفام دەکاتەوە خەمی خوێندن و بیر و ئەندێشەی لەلا پەیدا دەبێ.

ئەمجار ئەرك و ماندوبوون ڕیڕیێ دەبن، ئەم دەکەوێتە هەوڵدان بەدەست و بازوو، ئەو بەبیرو ئەندێشە، یەکێکیتر بەگیان، ئەم دەیەوێ پاروە نانێك پەیدا بکا، ئەو هەوڵ دەدا سەد بکا بەدووسەد، یەکێکیتر هەڵپەی کورسیو پلەو پایەیەتی ، کابرایەکیتر خۆ ماندودەکا بۆ ناوو شۆرەت، یان لەپێناو عەقیدەو باوەڕدا خۆ ماندوو دەکا بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی خودا، ئەم کار دەکا بۆ دۆزەخ ئەو بۆ بەهەشت، بەڵێ هەمیشە ئادەمیزاد لەرەنج دان و ماندوبوون دایە ، تا دەگاتە لای خودا و حیسابی لەگەڵ دەکرێ جا ئەو کاتە یان دۆزەخییەو بۆ هەتایە دەکەوێتە ماندوبوون و ئازاری بێ وێنەوە، یان دەچێتە بەهەشتی رازاوەو دەکەوێتە خۆشیو کامەرانی بێسنورەوە .

ژیانی دونیا هەمووی ئەرك و ماندوبوونە ، هەموو کەس لەرەنجدان و نارەحەتیدایە. وەلێ خەسارەتمەند ئەو کەسەیە لەژیانی دونیادا خۆماندوو بکا بۆ ئەوەی لەقیامەت دا بکەوێتە ژیانێکی پڕ ئازارترو ناخۆشیەکی نەبڕاوە. بەختەوەریش ئەو کەسەیە لەژیانی دونیادا خۆی ماندوبکاو ڕێبازێك بگرێتەبەر بیگەیەنێ بەڕەزامەندی خوداو لەو دونیاش دا ژیانی کامەرانی بۆ دەستەبەر ببێ.

﴿أيحسب أن لن يقدر عليه احد﴾ ئایا ئـادەمیزاد پێـی وایـە: کـەس دەسـەڵاتی بەسـەردا ناشـکێ و کـەس تۆڵـەی تاوانـەکانی لیٚناکاتـەوە؟ نانا با وانەزانێ بێگومان خـودا ئاگـای لەهـەموو جـم و جوڵێکیـەتی و تۆڵەی لیٚدەسێنێتەوەو بەتوندی سزای دەدا.

ریوایەت کراوە کە ئەم ئایەتە دەربارەی (أبي الأسد)ی کـوڕی کـەلدەی جومەحی نازڵبووە، ئەم کابرایە چوارشانەو تێکسمراو بـوو ، زۆر بـەهێزو توانای خۆی دەنازی زۆری دژایەتی پێغەمبەرﷺ دەکرد.

﴿يقول أهلكت مالاً لبداً﴾ ئـادەمیزاد رژدو چاوچنۆکـە ئەگـەر داوای لیٚبکرێ یارمەتیەکی هەژاران بدا ، دەڵێ پارەو پولی زۆرم لەناو بـردووە، ئیتر بەسەو هیچیتر نابەخشم ، ئەمـە چیـە هـەموو رۆژێ ئـەم داوایـەم لیٚدەکرێ ؟!

﴿أيحسب ان لن يره احد؟﴾ ئایا ئـەو ئـادەمیزادە پێـی وایـە کـەس نەیبینیوە ؟ وادەزانێ ئێمە ئاگامان لی‌نەبووە چۆن ئەو مـاڵ و سـامانەی پەیداکردووە و لـەچیدا خـەرجی دەکـا؟ لای وایـە ئێمـە رۆژی قیامـەت حیساب و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ناکەین و سزای نادەینەوە؟.

ئادەمیزاد بۆ خۆی رێبازی خۆی هەڵدەبژێرێ

أَلَمْ نَجْعَل لَّهُۥ عَيْنَيْنِ ﴿٨﴾ وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ ﴿٩﴾ وَهَدَيْنَٰهُ
ٱلنَّجْدَيْنِ ﴿١٠﴾ فَلَا ٱقْتَحَمَ ٱلْعَقَبَةَ ﴿١١﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْعَقَبَةُ ﴿١٢﴾
فَكُّ رَقَبَةٍ ﴿١٣﴾ أَوْ إِطْعَٰمٌ فِى يَوْمٍ ذِى مَسْغَبَةٍ ﴿١٤﴾ يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ
﴿١٥﴾ أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ ﴿١٦﴾ ثُمَّ كَانَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَتَوَاصَوْا۟

بِٱلصَّبۡرِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡمَرۡحَمَةِ ﴿١٧﴾ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَيۡمَنَةِ ﴿١٨﴾ وَٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَشۡـَٔمَةِ ﴿١٩﴾ عَلَيۡهِمۡ نَارٞ مُّؤۡصَدَةُۢ ﴿٢٠﴾

لەوەپێش پەروەردگار سەرزەنشتی ئادەمیزادی کردلەسەر هەڵوێستی ناشیرینی ، بەڵگەی جۆراوجۆری هێنانەوە لەسەر بەتوانایی خودا بەسەر هەموو شتێك دا ، برێك لەو بەڵگانە دروستکردنی چاوو زوبان و دوولێوی ئادەمیزادە، پێبەخشینی عەقڵ و هۆشە: کە بەهۆیانەوە دەتوانێ رێبازی چاکەو خراپە لێك جیابکاتەوە، بۆ خۆی رێبازی ژیانی خۆی هەڵبژێرێ ، کەوابوو پێویستە ئادەمیزاد لەسەر ئەو نیعمەتانە سوپاسی خودا بکا ، رێبازیی بەختەوەری هەڵبژێرێ کردەوەی چاك ئەنجام بدا، بۆ ئەوەی لەپێری بەهەشتیان بێ.

دەفەرموێ: ﴿ألم نجعل له عينين ، ولسانا و شفتين﴾ ئەرێ ئادەمیزاد بۆ لەخودا یاخی دەبێ بۆچی بەهێزو توانای خۆی لەخۆی بایی دەبێ؟ ئایا من دوو چاوم پێنەبەخشیون؟ هەموو شتێکی پێ دەبینێ، زوبانم بۆ دروست نەکردووە قسەی پێبکا؟ دوو لێوم بۆ دروست نەکردون هەتا ددان و پۆکی داپۆشێ و دەرگایەکی جوان و بەسودبێ بۆ دەمی . یارمەتیدەری ددان و زوبانیەتی بۆ خواردن و قسەکردن؟ بەکورتی خودا دەفەرموێ: من توانای دیتن و قسەکردن و هەموو هەست و ئامێرو ئەندامی جەستەییمان بە ئادەمیزاد بەخشیوە.

﴿وهديناه النجدين﴾ ئایا ئێمە رێگای خێرو شەڕمان بۆ رون نەکردونەتەوە؟ واتە ئێمە ئادەمیزادمان لەجوانترین شێوەو روخساردا دروست کردووە، ئامێری بیستن و دیتن و هەست و شعوری پێویستمان پێبەخشیوە، عەقڵمان پێداوە ئەنجار رێگەی چاکەو خراپەمان بۆ روون

کردۆتـەوە، دەتوانـێ بـەو ئـەندام و عـەقڵ و هەسـت و هۆشـەی پێمـان بەخشیوە ڕێبازی باش بۆ خۆی هەڵبژێرێ!!

یاسای خوا وابووەو هەرواش دەبـێ. هـەرگیز زۆرە ملـێ لەبـەندەکانی ناکا بۆ گرتنە بەری ڕێبازێکی تایبەتی. بەڵکو ئادەمیزاد بۆ خۆی ئـازادو سەربەسـتە سەرپشـك کـراوە لـە ڕێگـای چاکـەو ڕێگـای خراپـە کامیان هەڵدەبژێرێ هەڵی‌بژێرێ، هەر لەسەر ئەم بنـەماو بنەڕەتەیـە کـە پـەروەردگار پێغەمبـەرانی نـاردون بـۆ سـەر گـەل و نەتـەوەکانیان و ڕێگای ڕاست و حەقیان بۆ لە ڕێگای چـەوت و خـوار لێـك جیابکەنـەوە، بـاش و خراپیـان بـۆ ڕون بکەنـەوە ، واتـە: هـەڵبژاردنی ڕێبـازێك لـەو ڕێبازانەی خستۆتە ئەستۆی مرۆڤەکە خۆی . هەرکەسەو بەویسـتی خـۆی ڕێبازی ژیانی خۆی هەڵدەبژێرێ.

وەکوو لەئایەتێکی تردا ئاماژە بەوە دەکـاو دەفـەرموێ: ﴿**إنّا هدیناه السبیل إمّا شاکراً و إمّا کفوراً**﴾(الإنسان/٣) ، واتە: ئێمە ڕێبـازی خـێرو ڕێبازی شەڕمان پیشانی مرۆڤ داوە، چۆنیەتی هـەردوو ڕێبازەکانمـان بـۆ ڕون کردۆتەوە ، ئیتر خۆی بەئارەزوی خۆی کامیان پەسەند دەکا با بیکـا، وەکوو لەئایەتێکی تردا ئاماژە بەم مانایە دەکاو دەفەرموێ: ﴿**وقل الحقّ من ربّکم فمن شاء فلیؤمن ومن شاء فلیکفر**﴾(الکهف/٢٩).

ئیتر سزاو پاداش لەسەر ئەوەیە : کە کـابرا بەویسـتی خـۆی ڕێبـازێك هەڵدەبژێرێ و پەیڕەوی دەکا. دەی با ئادەمیزاد ڕێبـازی خـێرو چاکـە بـۆ خۆی هەڵبژێرێ سوپاسی ئـەو خودایـە بکـا کـە دەسـت و قـاچ و چـاوو گوێچکەو عەقڵ و هۆشی پیٚ‌بەخشیوە. پێویستە لەسوپاسی ئەو بەهرانەی کە خودا پێی بەخشیوە، ڕێبازی چاکە بگرێو هەموو هێزو توانـای خـۆی بخاتـە گـەڕ بـۆ یارمـەتیدانی هـەژاران و ئـازادکرنی کۆیلـەو هـەوڵی

بەرزکردنەوەی پلەی زانیاریو شارستانێتی بدا، کۆسپ و تەگـەرە لـەپێش لێقەوماوان لابەرێ و گرێی ژیانیان بۆ بکاتەوە.

بەتایبەتی تەنگژەی برسیایەتی و کۆیلایەتی: کـە دیاردەیـەکی هـەرە دزێوی کۆمەڵگای ئادەمیزادە لەمێژوودا و پێش هاتنی ئیسـلام سـاڵهای ساڵ بوو ئادەمیزاد بەدەستیەوە دەیناڵاند ، نەیتوانیبوو بەسەریدا زاڵ بێ. بۆیە ئادەمیزاد هەڵدەنێ بۆ هەوڵدان و تێکۆشان لـەپێناو رامـاڵینی ئـەو دوو کۆسپە گرنگەو رزگارکردنی ئادەمیزاد لەدەستی ئەو دێوەزمە،

دەفـەرموێ: ﴿فـلا اقتحـم مـا العقبـة﴾ هێشـتا ئـادەمیزاد کۆسـپە ئەستەمەکانی دونیای نـەبڕیون ، بەلێبڕانـەوە پـەلاماری پلـەی سـەختی دونیای نەداوە بۆچی خۆی گورج ناکاتەوە بەووزەو نیشاتی باشەوە دەست ناکا بەململانێ لەگەڵ ئەو کۆسپە گەورانەدا.

﴿وما أدراك ما العقبة﴾چی تـۆی فـێرکرد ئـەو کۆسـپە چییـە، واتـە: تۆ چوزانی ئەو کۆسپە خەتەرناکە چییە، کـە نـاهێڵێ ئـادەمیزاد پێـش بکەوێ و بەشێوەی بەختەوەریی بژی؟!

ئەمجارە دەستنیشانی چۆنیـاتی بەگژاچوونـەوەی ئـەو کۆسـپانە دەکـاو دەفەرمووێ: ﴿فك رقبة﴾ ئازادکردنی کۆیلەیـە، واتـە رامـاڵینی کۆسـپە دزێوەکانی سەر ڕێبازی ژیانی بەختەوەری ئـازادکردنی کۆیلەیـە لـەزنجیرو کۆتی کۆیلایەتی کە بەناڕەوا لەملی ئەم و ئەو شەتەك دراوە.

﴿أو أطعام في يوم ذي مسغبة﴾ نان دانە بەهەژارو برسی و لێقەوماوان لەڕۆژی برسێتیدا، ماڵبەخشینە لەکاتی گرانی و نەهاتیدا، بیدا بەکێ؟

﴿يتيمـاً ذا مقربـة﴾ بـە هـەتیوی خـزم ﴿أو مسـكيناً ذا متربـة﴾ یـان بەهەژارو بێ نەوایەکی پەککەوتـە: کـە لەبـەر بـێ هـێزی و کەفتـەکاری لەسەر زەوی کەوتبێ، توانای کاسبی و وەدەستهێنانی بژێوی خۆی نەبێ.

بەڕاستی ئەم ئایەتە دروشمێکە کە حەق وایە بەئاوی ئاڵتون بنوسرێتەوەو هەموو ئادەمیزاد لەژێر ئەو دروشمەدا کار بکەن و هەوڵ بدەن ئەو کۆسپ و تەگەرانە رابماڵن و ڕێبازی ژیان تەخت بکەن بۆ بەندەکانی خودا.

جا ئەگەر کۆیلەبوونی تاکە کەسێك لای خودا ئەوەندە سەخت و گران بێ، ئازادکردنی تاقە کەسێکی ئەوەندە بەلاوە مەبەست بێ ئەی دەبێ چەوساندنەوەو کۆیلە کردنی گەل و نەتەوەیەکی چەند بەلاوە ناخۆش بێ، چەندی پێ ناخۆش بێ کە گەل و نەتەوەیەك یان چەند نەتەوەیەك ژێر دەستەو کۆیلە بن؟

بەڕاستی ئایینی ئیسلام زۆر خزمەتی مرۆڤی کردووە، یەکەم ئایینە کە هەوڵی داوە وردە وردە دیاردەی کۆیلایەتی قەلاچۆ بکا، چەند هۆکارو بیانووی داناوە بۆ بنەبڕکردنی کۆیلایەتی، شان بەشانی ئەو هەوڵدان و هەڵنانە بۆ سڕینەوەی ئاسەواری کۆیلایەتی، هەوڵی داوە نەخۆشی برسیەتی لەناو کۆمەڵگادا هەڵبگرێ، دیاردەی هەژاری نەهێڵێ، زۆر یاساو هۆکاری داناون بۆ یارمەتیدان و باربووکردنی هەژاران .

ئاشکراشە دیاردەی کۆیلایەتی و دیاردەی برسیایەتی دوو نەخۆشی ترسناکن و لەهەر کۆمەڵگایەکدا هەبن ئەو کۆمەڵگایە دادەوەشێنن و لەپەل و پۆی دەخەن، بۆیە قورئان ئەوەندەی گرنگی داوە بە بڕینی ئەو دوو پلەیە و بەکۆسپی سەختی داناون.

ئەمجار پێویستە ئادەمیزاد وێڕای بڕینی ئەو دوو پلە سەختە بڕوای پتەوی بەئایینی خودا هەبێ، پشوو درێژو خۆڕاگربێ لەبەرامبەر ڕووداوی ڕۆژگاردا، بەورەیەکی بەرزو دڵێکی پڕ لەئیمان و باوەڕەوە ڕەهنومای مەردوم بکاو نمونەی موسوڵمانی مەردی لەخۆ بردوی ئازاو خۆڕاگربێ، پێشەواو سەر مەشق بێ بۆ کەسانی دیکە.

وەکو دەفەرمووێ: (ثم کان من الذین آمنوا﴾ پاشان سەرڕای کردەوەی باش و پەسەندی لەپێڕی خودا پەرستان بێ، بڕوای بەتاك و تەنهایی خودا هەبێ، شوێن پەیامی پێغەمبەر کەوتبێ، بڕوای بەنامە ئاسمانییەکان هەبێ؛ کە پوختەی ئەو نامانە لەقورئانی پیرۆزدا ڕەنگی داوەتەوە، بڕوای بەهاتنی ڕۆژی قیامەت هەبێ، چونکە بەبێ بڕوابوون بەو بنەما سەرەکیانەی ئایین هیچ کردەوەیەك سودی نیەیە.

﴿وتواصوا بالصبر﴾ ئەمجار لەوانەبێ کە ئامۆژگاری یەکتریان کردووە بۆ ئەنجامدانی کاری باش و خۆڕاگری لەبەرامبەر ڕووداوو ئاستەنگی ژیان دا.

﴿وتواصوا بالمرحمة﴾ لەو پێڕو کۆمەڵەبێ کە ئامۆژگاری یەکتریان کردووە بە بەزەیی هاتنەوە بەیەکتردا، دڵنەرم و میهرەبان بێ لەگەڵ بەندەکانی خودادا، پێغەمبەرﷺ لە فەرموودەیەکدا دەفەرمووێ: (الراحمون یرحمهم الرحمن، إرحموا من في الأرض یرحمکم من في السماء)[1]. ئەوانەی بەزەییان بەبێ نەوایاندا دێتەوەو صیلەی ڕەحم بەجێ دێنن، خودا ڕەحمیان پێ دەکا.

ڕەحم بەدانیشتوانی سەر زەوی بکەن خوداش ڕەحمتان پێ دەکا، صەبرو خۆڕاگری زۆر لایەنی هەیە: صەبرو پشودرێژی لەسەر تاعەت و خوداپەرستی، خۆگرتنەوەو خۆپارێزێ لە تاوان، خۆڕاگری لەسەر بەڵاو کارەسات، هەر کۆمەڵ و تاقمێك ئامۆژگاری یەکتر بکەن بۆ صەبرو خۆڕاگری و بەزەیی هاتنەوە دەبنە کۆمەڵێکی تۆکمەو پتەوو لەبەرامبەر بەڵاو کارەساتدا ناڕوخێن و لەشکریان ناشکێ.. لەناو خۆیان یەکتریان خۆش دەوێ و بۆیەکتری بەپەرۆش دەبن.

(١) رواه أحمد و أبوداود و الترمیذي و الحاکم عن ابن عمرﷺ

﴿أولئك أصحاب الميمنة﴾ ئه‌وانه‌ی که ئه‌و ڕه‌وشته به‌رزانه‌یان تێدا هه‌ن، یارانی ده‌سته ڕاستن و به‌هه‌شت جێگایانه، کۆمه‌ڵی به‌خته‌وه‌رن و خۆزگه‌یان پێ ده‌خوازرێ و بۆ هه‌تا هه‌تایه له‌ناو به‌هه‌شتی ڕازاوه‌دا ڕاده‌بوێرن.

﴿والذين كفروا بآياتنا﴾ ئه‌وانه‌ی ئایه‌تی قورئان ڕه‌تده‌که‌نه‌وه‌و گوێ بۆ ئه‌و په‌یامه پیرۆزه ڕاناگرن و ئایاته که‌ونیه‌کان ناکه‌نه به‌ڵگه له‌سه‌ر هه‌بوونی خوداو تاك و ته‌نهایی له‌زات و له‌صیفاتی‌دا، واته: له بونه‌وه‌ر ورد نابنه‌وه تا دیارده‌کانی بکه‌نه نیشانه‌ی خودای به‌دیهێنه‌رو خاوه‌ن توانا

﴿هم أصحاب المشأمة﴾ ئه‌وانه یارانی ده‌سته چه‌پن، به‌دبه‌خت و چاره ڕه‌شن، ئه‌هلی دۆزه‌خن.

﴿عليهم نار مؤصدة﴾ ئاگرێکی ده‌رگا داخراو له‌سه‌ریانه‌و له‌خۆی گرتوون، نه بڵێسه‌ی ده‌رده‌چێ نه دووکه‌ڵی ده‌ر ده‌چێ، ئاگرو دوکه‌ڵ و تاوانباران تێیدا په‌نگ ده‌خۆنه‌وه.

بسم الله الرحمن الرحيم

سوره‌تی (الشمس)

ئه‌م سووره‌ته مه‌ککییه‌و پانزه ئایه‌ته، ناوی نراوه سوره‌تی (والشمس) چونکه له‌سه‌ره‌تای‌دا خودا سوێندی به‌خۆر خواردووه‌و فه‌رموویه‌تی: (والشمس..).

په‌یوه‌ندی ئه‌م سووره‌ته به‌سوره‌تی پێشه‌وه له‌م ڕووه‌وه‌یه:

که کۆتایی سوره‌تی پێشووی به‌وه هێنا، که تێکڕا ئاده‌میزادی کردنه دوو تاقم (أصحاب الميمنة) و (أصحاب المشأمة) ئه‌مجار له‌م سوره‌ته‌دا

مه‌به‌ست له هه‌ردوو تاقمه‌كه باس ده‌كا، به‌وه: كه ده‌فه‌رمووێ: ﴿قد أفلح من زكاها وقد خاب من دساها﴾.

میحوه‌رو ناوه‌رۆكی سوره‌ته‌كه دوو سه‌ره باسی سه‌ره‌كین:

١- سوێند خواردن به‌دیارده‌كانی بونه‌وه‌ر له‌جیهانی بالاّو پایین ده‌ست نیشانكردنی ئه‌وانه‌ی به‌خته‌وه‌رن و دیاریكردنی به‌دبه‌خت و چاره ڕه‌شه‌كان.

٢- به‌نموونه‌و بۆ په‌ندو عیبره‌ت لیّ وه‌رگرتنه ئاماژه به‌چیرۆكی قه‌ومی سه‌مود ده‌كا: كه چۆن له‌تۆڵه‌ی تاوانه‌كانیان خودا له‌ناوی بردن.

به‌كورتی مه‌به‌ستی سوره‌ته‌كه هه‌ڵنانی ئاده‌میزاده بۆ خوداپه‌رستی ترساندنیانه له ئه‌نجامدانی تاوان.

ئاكامی چاك په‌روه‌رده‌كردنی نه‌فس و پاشگوێ خستنی

بسم الله الرحمن الرحيم

وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا ﴿١﴾ وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا ﴿٢﴾ وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا ﴿٣﴾
وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا ﴿٤﴾ وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا ﴿٥﴾ وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا
﴿٦﴾ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا ﴿٧﴾ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا ﴿٨﴾ قَدْ
أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا ﴿٩﴾ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا ﴿١٠﴾

﴿والشمس وضحاها﴾ سوێند به‌خۆرو ڕوناكیه‌كه‌ی كه هه‌میشه ڕوناكی ده‌به‌خشیّ و بونه‌وه‌ر ڕوناك ده‌كاته‌وه، هێزو وزه ده‌به‌خشیّ به گیانله‌به‌ران و روه‌ك و دره‌خت، خۆر ئه‌ستێره‌یه‌كی گه‌وره‌و زه‌به‌للاح و

سەر سورهێنەرە مەلایین ساڵە ئەم وزەیە دەبەخشێتە بونەوەرو وزەی لێ نابڕێ و ساتە وەختێك نەوەستاوەو ناوەستێ تا دەگاتە ئەو كاتەی خودا دایناوە بۆ وەستان و كۆتایی هاتنی تەمەنی.

﴿والقمر إذا تلاها﴾ سوێند بەمانگی خاوەن نورو ورشە كاتێك بەدوا خۆردا دێ، بەتایبەتی لەشەوانی سیانزە تا شانزە كە لەم شەوانەدا مانگ خۆی تەواو دەكاو جوانی خۆی دەنوێنێ.

﴿والنهار إذا جلاّها، والليل إذا يغشاها﴾ سوێند بەرۆژو ڕوناكی لەكاتێك دا خۆر لەئاسۆ دەردەكەوێ و سروشت ڕوناك دەبێتەوەو گیانلەبەران لەجم و جوڵدان، سوێند دەخۆم بەشەو: كە بەتاریكایی خۆی خۆر دادەپۆشێ و ڕوناكایی‌یەكەی ناهێڵێ، نیوە كورەی زەوی دەكەوێتە تاریكیەوەو نیوەكەی تری لەڕوناكی‌دا دەبێ، بەم گۆڕانكاری و ئاوابوون و هەڵاتنەی خۆرو مانگ، ڕەدی ئەو موشریكانە دەداتەوە، كە ئەستێرەیان بەخودا زانیوە، هەروەها ڕەتی ئەوانەش دەداتەوە كە دوو خودایان بەڕەوا دەزانین بۆ بونەوەر (خودای ڕوناكی و خودای تاریكی) چونكە خودا نابێ گۆڕانی بەسەردابێ و ئاوابێ و دەركەوێ و ون بێتەوە..

﴿والسماء وما بناها﴾ سوێند بەئاسمان و ئەو كەسەی دروستی كردووە، ئاسمان ئەو دیمەنە شینە پان و پۆڕەیە لەژوور سەرمانەوە دەیبینین و نازانین چیە، بەهەزاران هەزار ملیۆن مانگ و خۆرو ئەستێرەی تێدا دێ و دەچن، تا ئێستا زانیاری مرۆڤ نەیتوانیوە ئەندازەی پان و پۆڕی ئاسمان و ژمارەی ئەستێرەكان بزانێ، لەوە بەولاوەش ناتوانێ، چونكە قورئان دیاری نەكردووە و لەتوانای ئادەمیزادیشدا نیە ئەو زانیاریە وەدەست بێنێ. ﴿وسع كرسيه السموات والأرض﴾.

پەروەردگار ئەم حەمکە ئەستێرەی لەو بۆشاییی‌یە بەرفراوانەدا بەهێزی کێشندە بەیەکەوە بەستۆتەوەو بۆ هەریەکەیان شوێن و مەداری تایبەتی دیاری کردووە، مەلایین ساڵە لەهاتوچۆو هەڵسوڕان دان و هیچیان مەدارو ڕێڕەوی خۆی هەڵە ناکاو نزیکی و دووریيان لەیەکتری نەگۆڕاوە.چرکەیەك هەلاتن و ئاوابوونیان پاش و پێشی نەکردووە.

﴿**والأرض وما طحاها**﴾ سوێند بەزەوی، ئەو ئەستێرەی بووەتە شوێن تێدا ژیانی ئادەمیزادو گیانلەبەرانی تریش، خودا بەدەسەلاتی خۆی ڕایخستووە، وای لی‌کردووە بگونجێ بۆ تێدا ژیان و لەسەر ژیان، لەئایەتێکی تردا دەفەرمووێ ﴿**والأرض بعد ذلك دحاها**﴾(النازعات/٣٠). وشەی (طحو، دحو) هەردووکیان بەمانا ڕاخستنە، واتە: بەرواڵەت وادێتە بەرچاو ڕاخرابێ، ئەگینا لەڕاستی‌دا گۆی زەوی هێلکەیی‌یە و خڕە نەك ڕاخراوە، لەبەر گەورەیی ئەوو بچوکی ئێمە، بەڕاخراوی دێتە بەرچاومان.

﴿**ونفس وما سواها**﴾ سوێند بە نەفسی ئادەمیزادو ئەو کەسەی ڕێکی خستووە، هێزو توانای داوەتێ پێداویستیەکانی خۆی دابین بکا، ئامێری بیستن و دیتن و عەقڵ و هۆشی پێداون، ئەندامەکانی جەستەیانی ڕێك و پێك کردووە و هێزو توانای جۆراوجۆری پێ بەخشیون و ئەرکی هەر ئەندامێکی بۆ دیاری کردووە.

﴿**فألهمها فجورها وتقواها**﴾ ئەمجار پەروەردگار ڕێگای چاك و خراپی بۆ دیاری کردووە، لەو نەفسەی گەیاندووە ئەوە چاکەو ئەمە خراپە، ئەوە پەسەندەو ئەوە ناپەسەندە.

بۆ ئەوەی خێرو شەڕ لێك جیا بکاتەوە، وەکو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**وهديناه النجدين**﴾(البلد/١٠) واتە: فێرمان کردووە ڕێگای خێرو شەڕ بگرێتەبەر، بۆ خۆی بەویستی خۆی ڕێگایەکیان هەڵبژێرێ.

﴿قد أفلح من زكاها، وقد خاب من دسّاها﴾ بێگومان ڕزگـاری بـوو بەختەوەر بوو ئەو نەفسەی خودا پاکی کـردەوە، بـەپاکی دروسـتی کـرد، ڕیسـوابوو ئـەو نەفسـەی خـودا بـەکافری دروسـتی کـرد، یـان هـەموو ئاواتەکانی هاتنەدی و بەمراز گەیشت کەسێك نەفسـی خـۆی لـەبێدینی پاك کردەوەو بەتەقواو خواپەرسـتی گەشـەی پـێ کـرد، خەسـارەتمەندبوو کەسێك نەفسی خۆی گومڕا کردو بەخراپی پەروەردەی کرد، ڕامی نـەکرد بۆ خودا پەرستی و کردەوەی چاك.

تەبەرانی لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەت دەکا دەفەرموێ: پێغەمبـەرﷺ هەرکاتێ ئەم ئایەتەی بخوێندایە ﴿ونفس ومـا سـواها فألهـمها فجورهـا وتقواها﴾ ڕادەوەسـتاو دەیفـەرموو: (اللهم آت نفسی تقواها أنت ولیها و مولاها وخیر من زکاها).

ئیبنو ئەبی حاتەمیش لەئەبو هورەیرەوە هەمان ڕیوایەت دەکا. ئیمـام ئەحمـەد لـە خـاتو عائیشـەوە ڕیوایـەت دەکـا دەفـەرمووێ: شـەوێك پێغەمبەرﷺ لەشوێنی نووستنیدا دیار نەبوو دەستم لێ گێڕا لەژوورەکەدا دەسـتم لێی کـەوت، لەسـوژدەدابوو، گوێـم لێ بـوو دەیفـەرموو: (رب اعط نفسی تقواها، وزکها وأنت خیر من زکاها، أنت ولیها ومولاها).

ئیمام ئەحمەدو موسلیم لەزەیدی کوڕی ئەرقەمەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ ئـەم دووعایـەی دەکـرد (اللـهم أعـوذ بـك مـن العجـز والكسـل، والهرم والجبن والبخل وعذاب القبر، اللهم آت نفسی تقواها وزکها انـت خیر مـن زکاها انـت ولیها ومولاهـا، اللهم أنـي أعـوذ بـك مـن قـلب لا یخشـع، ومن نفس لا تشبع، وعلم لا ینفع ودعـوة لا یستجاب لها)[1]. زەیـد دەڵـێ پێغەمبەر ﷺ ئەم وشانەی فێر دەکردین، ئێمەش فێری کەسانی دیکـەمان دەکرد.

(١) تەفسیری ئیبنو کەثیر ج ٤/٢٠٣٦ طبعة دار الفكر ساڵی ١٤٢٠ ه .

پەند وەرگرتن لەسەر گورشتەی گەلی ئەموود

كَذَّبَتۡ ثَمُودُ
بِطَغۡوَىٰهَآ ﴿١١﴾ إِذِ ٱنۢبَعَثَ أَشۡقَىٰهَا ﴿١٢﴾ فَقَالَ لَهُمۡ رَسُولُ ٱللَّهِ
نَاقَةَ ٱللَّهِ وَسُقۡيَٰهَا ﴿١٣﴾ فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمۡدَمَ
عَلَيۡهِمۡ رَبُّهُم بِذَنۢبِهِمۡ فَسَوَّىٰهَا ﴿١٤﴾ وَلَا يَخَافُ عُقۡبَٰهَا ﴿١٥﴾

لەوەو پێش پەروەردگار سوێندی بە حەوت شتی بایەخدار خواردو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە: کە هەر کەسێك نەفسی خۆی جوان رام بکاو لە تاوان پاکی بکاتەوە بەمرازگەیشتوە، هەرکەسێك ئیهمالی بکاو جڵەوی بۆ بەرەڵاَبکا خەسارەتمەندە.

ئەمجار پەروەردگار سەرگورشتەی گەلی ثەمود دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی قورەیشییەکان و هەموو کەسێکیتر پەندی لیۆ، بگرن بەتایبەتی کەشارو گوندە ڕوخاوەکانی ئەو گەلە لەناوبراوە نزیك ولاَتی مەککەیە.

عەرەبەکان کەدەچون بۆ کاروان و گەشت بەسەر کەلاوەروخاوەکانی ئەو گەلە بەدبەختەدا تێپەڕ دەبوون، قورەیشییەکان دەترسێنێ لەوە کە سەرپێچی پەیامی پێغەمبەر نەکەن نەبادا هەمان عەزاب و کارەساتی بەسەر گەلی ثەمود هات بەسەر ئەوانیش بێ، ئەوەتا لەم کۆمەڵە ئایەتەدا پەروەردگار ئەوەرادەگەیەنێ کە گەلی ثەمود پێغەمبەریخۆیان بەدرۆ خستەوە، بەهۆی بوغرایی و سەر ڕەقی خۆیان ، دەفەرموێ:

﴿كذبت ثمود بطغواها، اذ انبعث اشقاها﴾ هۆزی ثەمود پێغەمبەری خۆیان : کەحەزرەتی صالّح بوو- بەدرۆیان خستەوە، بەهۆی بوغرایی و یاخی بوون و سەرڕەقی خۆیان زێدەرەوییان کرد لە بەرنگاربوونەوەی پێغەمبەرەکەیاندا. ئەمەش کاتێك تاوانبارترین کەسیان کە (قوداری کوڕی سالف) بوو پیاوێکی بێ عەقڵی قەومی ثەمود بوو، بەدەنەدەنەو هەڵنانی گەلەکەی حوشترەکەی سەربڕی؛ ئەوحوشترەی بەموعجیزە خودا خولقاندبووی. سەربڕینی ئەو حوشترەو و ڕازی بوونی گەلەکە بەوکارە ناشیرینە نیشانەی ئەوە بوو کە هەموویان تاوانبارن و هەموویان حەزرەتی (صالّح) یان بەدرۆ خستەوە.

وەکو لەئایەتێکی تردا ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموێ: **﴿فنادوا صاحبهم فتعاطى فعقر﴾**(القمر/٢٩) لەهەمان کات دانیشانەی ڕاستی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی صالّح بوو، چونکە ئەو عەزابەی هەڕەشەی پێ لێ کردن هاتەدی و لەناوی بردن.

وەکوو ریوایەتکراوە ئەم کابرا بەدبەختەی حوشترەکەی سەربڕی پیاوماقوڵی گەلەکەی بوو، لەبنەماڵەیەکی خانەدانی ئەو گەلەبوو، قسەڕۆییشتووخاوەن کەس وکار بوو.

بوخاری و موسلیم و تیرمیزی و نەسائی لە عەبدوڵلای کوڕی زەمعەوە ریوایەتیان کردوە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ وتاریدا، باس حوشتری حەزرەتی صالّحی کردو باسیی ئەو تاوانبارەی کرد کەسەری بڕی، فەرمووی: پیاوێك هەڵسا بۆ سەربڕینی حوشترەکە پیاو ماقوڵ بوو، خاوەن قسەو دەست ڕۆیشتوبوو لەناو گەلەکەیدا[1] .

(١) رواه البخاري في (٦٥) كتاب التفسير (٩١) باب والشمس و ضحاها الحديث (٤٩٤٢) و رواه مسلم في (٥١) كتاب الجنة و صفة نعيمها وأهلها(١٣) الحديث (٢٨٥٥).

﴿فقال لهم رسول الله: ناقة الله، وسقياها﴾ پێغەمبەرەکەیان (حەزرەتی صالّح) پێی فەرمون: واز لەو حوشترە بهێنن، دەستدرێژی مەکەنە سەر، لێی بگەرێن بانوبە ئاوی خۆی بخواتەوە، ئەگەر دەستدرێژی بکەنە سەر، خودا بەعەزابی کۆ کوژ لەناو تان دەبا.

﴿فکذبوه فعقروها﴾ پێغەمبەرەکەیان بە درۆ خستەوەو گوێیان بەهەرەشەکەی نەدا، تاوانبار ترینیان (قیدار) بەرەزامەندی هەموو قەومەکە حوشترەکەی سەر بری و گەورەترین تاوانی ئەنجام دا.

﴿فدمدم علیهم ربهم بذنبهم فسواها، ولا یخاف عقباها﴾ خودا عەزابی سەختی خۆی بەسەردا رشتن و لەناوی بردن، قاری لیّ گرتن و بەتەواوی بە عەزابی کۆکوژ دایپۆشین و وردو درشتی تێکرا لەناو بردن و کەسیان لیّ قوتار نەبوو. خوا لەسەرەنجامی ئەو تۆڵەستاندنە ناترسێ، چونکە خودا هەرچی بیکا عەدالّەت و حیکمەتە، کەس رایەی ناکەوێ بڵێ بۆ چی ئەوەت کرد ستەمکاریش نیە تابترسێ لە ئاکامی ستەم، بێ دەسەڵاتیش نیە بترسێ کەسانی دیکە زیانی پێ بگەیەنن.

مانایەکی تریش هەڵدەگرێ بەم جۆرە (ـاعیل)ی (یخاف) قوداری حوشتر سەربڕێ. واتە: پرکێشی سەربڕینی حوشترەکەی کرد بە بێ ئەوەی سلّ لە هەرەشەکانی حەزرەتی صالّح بکاتەوە و ترسی سەرەنجامی کردەوە ناشیرینەکەی خۆی هەبێ. بەچاو نەترساوی و بێ پەروا، بێ ئەوەی ترسی بەهێلاکچوونی خۆی و گەلەکەی هەبێ حوشترەکەی سەربڕی.



بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (اللیل)

ئەم سورەتە مەککییەو بیست و یەك ئایەتە. ناو نراوە سورەتی (لەیل) چونکە خودا لەسەرەتای دا، سوێندی بە ﴿اللیل﴾ خواردوەو فەموویەتی: ﴿واللیل اذایغشی﴾ سوێند بەشەو کاتێك بونەوەر دادەپۆشێ.

پەیوەندی ئەم سورەتە بەسورەتی پێشەوە لەو ڕووەوەیە:

کە لەسورەتی پێشوودا فەرمووی: ﴿قد أفلح من زکاها وقد خاب من دساها﴾ ئەمجار لەم سورەتەدا ئەو ڕەوشتانەی دیاری کردن: کەفەلاح و خەسارەتمەندییان لیٚ وەری دێ...فەرمووی: ﴿فأما من أعطی واتقی...﴾ ﴿و أما من بخل واستغنی...﴾

میحوەری سورەتەکەو ناوەرۆکی بریتییە لە هەوڵ و تێکۆشانی ئادەمیزادو سزاو پاداشتی.

جوداو وازی هەوڵ و تێکۆشانی ئادەمیزاد

بسم الله الرحمن الرحيم

وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ ﴿١﴾ وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ ﴿٢﴾ وَمَا خَلَقَ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ ﴿٣﴾
إِنَّ سَعۡيَكُمۡ لَشَتَّىٰ ﴿٤﴾ فَأَمَّا مَنۡ أَعۡطَىٰ وَٱتَّقَىٰ ﴿٥﴾ وَصَدَّقَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ ﴿٦﴾
فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡيُسۡرَىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسۡتَغۡنَىٰ ﴿٨﴾ وَكَذَّبَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ
﴿٩﴾ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡعُسۡرَىٰ ﴿١٠﴾ وَمَا يُغۡنِي عَنۡهُ مَالُهُۥٓ إِذَا تَرَدَّىٰٓ ﴿١١﴾

ده‌رباره‌ی سه‌به‌ب نزولی ئایه‌تی ﴿فأمامن أعطی واتقی...﴾ ئیبنو جه‌ریرو حاكم له‌عامیری كوڕی عه‌بدوڵلای كوڕی زوبه‌یره‌وه ریوایه‌ت ده‌كه‌ن، ده‌ڵێ: حه‌زره‌تی ئه‌بوبه‌كر: له‌مه‌ككه‌ هه‌ركه‌سێ كۆیله‌ بوایه‌ و موسوڵمان بوایه‌ ده‌یكڕی و ئازادی ده‌كردو، به‌زۆری پیرو ئافره‌تی ئازاد ده‌كردن كه‌ ئیمانیان ده‌هێنا، ئه‌بو قوحافه‌ی باوكی، وتی: ڕۆڵه‌؛ ده‌بینم پیرو په‌ككه‌وته‌ ئازاد ده‌كه‌ی؟ بۆ پیاوی ئازاو گه‌نج و گورج و گۆڵ ناكڕی و ئازادیان ناكه‌ی؟ تادوایی یارمه‌تیت بده‌ن و به‌رگریت لێ بكه‌ن؟ حه‌زره‌تی ئه‌بو به‌كر فه‌رمووی: من له‌به‌ر خودا ئازادیان ده‌كه‌م.

ئیتر ئایه‌تی ﴿فأما من اعطی واتقی...﴾ تاكۆتایی سوره‌ته‌كه نازڵ بوو. ئایه‌تی ﴿وأما من بخل واستغنی﴾ ده‌رحه‌ق به‌ئومه‌یه‌ی كوڕی خه‌له‌ف نازڵ بووه‌.

﴿والليل اذا يغشى﴾ سوێند به‌شه‌و كه‌ به‌ تاریكایی خۆی هه‌رچی روناكی هه‌یه‌ دایده‌پۆشی و په‌رده‌به‌سه‌ر بونه‌وه‌ردا ده‌دا.

﴿والنهار اذا تجلى﴾ سوێند ده‌خۆم به‌ڕۆژ هه‌ركاتێ ده‌ركه‌وت تاریكی نه‌ماو بوونه‌وه‌ر روناك بوه‌وه‌.

﴿وما خلق الذكر والأنثى﴾ سوێند به‌وكه‌سه‌ی نێرو مێی له‌هه‌موو ره‌گه‌زێك دروست كردوه‌، له‌ ئاده‌میزادو هه‌موو گیانله‌به‌رانی ترو ڕوه‌ك و شتی تریش، وه‌كوو له‌ئایه‌تێكی تردا ده‌فه‌رموێ: ﴿وخلقناكم ازواجاً﴾ (النبأ/٨) .

ئه‌مجار وه‌ڵامی سوێنده‌كه‌ ده‌هێنێ و ده‌فه‌رموێ: ﴿انّ سعيكم لشتى﴾ بێگومان هه‌وڵ و تێكۆشانتان جیاجیایه‌، هه‌تانه‌ چاكه‌ كاره‌ و هه‌تانه‌ خراپه‌كاره‌، بڕێكتان هیدایه‌ت دراون و هه‌ندێكتان گومڕان، كۆمه‌ڵێكتان به‌هه‌شتین و تاقمێكتان دۆزه‌خین، هه‌ریه‌كه‌تان ئاواتێكی هه‌یه‌و بۆ

مه‌به‌ستێك كارده‌كا، هه‌ر كه‌سه‌ بیروباوه‌ڕێكی هه‌یه‌و ڕێبازێكی هه‌ڵبژاردوه، جا ﴿فأما من اعطى واتقى و صدق بالحسنى فسنيسره لليسرى﴾ كه‌سێك ماڵ و سامانی خۆی ببه‌خشێ له‌ ڕێگه‌ی خێردا، خۆله‌كاری حه‌رام بپارێزی و توخنی ئه‌وشتانه‌ نه‌كه‌وێ: كه‌خودا نه‌هی لێ كردوه، بڕوای به‌واده‌ی خودا هه‌بێ و چاوه‌ڕوانی پاداشی كرده‌وه‌ی چاكی خۆی‌بێ، ئه‌وه‌ بادڵنیابێ: كه‌ ئێمه‌ هیدایه‌تی ده‌ده‌ین بۆ ڕێبازی سه‌هل و ئاسان ئه‌و ئه‌ركانه‌ی خراوه‌ته‌ سه‌رشانی به‌ ئاسانی ئه‌نجامیان ده‌دا.

﴿وامامن بخل واستغنى، وكذب بالحسنى فسنيسره للعسرى وما يغنى عنه ماله اذا تردى﴾ به‌ڵام ئه‌و كه‌سه‌ی ڕژدی و چرۆكی له‌ماڵ و سامانی خۆی دابكا، دڵی نه‌یه‌ لێی ببه‌خشێ و یارمه‌تی هه‌ژارانی لێ بدا، یاماڵی خۆی له‌ ڕێگای ئاره‌زۆبازی داخه‌رج بكا، به‌ڕابواردنی دونیاو خۆشی ژیان خۆی به‌بێ ئاتاج بزانێ له‌ژیانی خۆشی قیامه‌ت، بێ‌منه‌ت بێ له‌خوداو پاداشی به‌هه‌شتی، ڕابوونی قیامه‌ت و حیساب و لێكۆڵینه‌وه‌ به‌درۆ بزانێ. ئه‌وه‌ڕێگای بۆ خۆش ده‌كه‌ین بكه‌وێته‌ ناو ته‌نگ و چه‌ڵه‌مه‌وه، توشی مه‌ینه‌تی و ناخۆشی ببێ، به‌هیچ شێوه‌یه‌ك ڕێگای خێر نه‌دۆزێته‌وه‌ ده‌ستی نه‌چێته‌ كارێكی خێره‌وه، تاتوشی ده‌بێ به‌توشی دۆزه‌خه‌وه، ئه‌مجار ئه‌وكاته‌ ماڵ و سامانی دونیای كه‌رژدی چرۆكی تێدا ده‌كرد هیچ فریای نه‌كه‌وێ، به‌ڵێ ئه‌وكاته‌ی تورِ ده‌درێته‌ دۆزه‌خه‌وه هیچ شتێك فریای ناكه‌وێ، هه‌رله‌وكاته‌وه‌ كه‌ مه‌رگ یه‌خه‌ی ده‌گرێ ئیتر هیچ شتێك دادی ناداو ده‌ستی له‌هه‌مبانه‌كه‌ ده‌رده‌چێ.

بوخاری‌و موسلیم له‌عه‌لی كوڕی ئه‌بوتالیبه‌وه‌ ریوایه‌ت ده‌كه‌ن ده‌فه‌رموێ: له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ردا بووین، له‌گۆڕستانی به‌قیع خه‌ریكی ناشتنی ته‌رمێك بووین، له‌وكاته‌دا پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رمووی: (مامنكم من احد الا وقد كتب مقعده من الجنة ومقعده من النار) هیچ كه‌س نیه

لە ئێوە ئیللا شوێنی لەبەهەشت دابودیاری کراوەو لە دۆزەخیش دا شوێنی بۆ دیاری کراوە،هاوەڵان وتیان: ئەیپێغەمبەری خودا ئیتر بۆ پاڵی لیَنەدینەوە؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (إعملوا فكل ميسر لما خلق لـه) تێبکۆشن، هەریەکەتان ڕێگەی بۆخۆش کراوە بۆ ئەو سەرەنجامەی بۆی دروستکراوە، ئەمجار ئایەتی ﴿فأمامن أعطى...الذريات﴾ خوێندەوە[1] .

ئادەمیزاد بۆ خۆی بەرپرسیارە لە کردەوەکانی

إِنَّ عَلَيْنَا
لَلْهُدَىٰ ﴿١٢﴾ وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالْأُولَىٰ ﴿١٣﴾ فَأَنذَرْتُكُمْ نَارًا تَلَظَّىٰ ﴿١٤﴾
لَا يَصْلَاهَا إِلَّا الْأَشْقَى ﴿١٥﴾ الَّذِي كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿١٦﴾ وَسَيُجَنَّبُهَا
الْأَتْقَى ﴿١٧﴾ الَّذِي يُؤْتِي مَالَهُ يَتَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُ مِن
نِّعْمَةٍ تُجْزَىٰ ﴿١٩﴾ إِلَّا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِ الْأَعْلَىٰ ﴿٢٠﴾ وَلَسَوْفَ يَرْضَىٰ ﴿٢١﴾

لەوەپێش ئەوەی ڕاگەیاند: کە هەوڵ وتێکۆشانی ئادەمیزادەکان جیاجیایە، هەرکەسەو ئامانجێکی تایبەتی خۆی هەیە؛ هەوڵی چاکە دەدا و هەیە روو لەخراپە دەکا چاکەکار ڕێی بۆ خۆش دەکرێ بۆ زێدە کاری چاك وەخراپەکار پتر ڕێبازی گومرایی بۆ خۆش دەکرێ، ئەمجار ئەو دەگەیەنێ کەپەروەردگار ڕێگای چاك و ڕێگای خراپی ڕون کردۆتەوە،

(١) تەفسیری ابن کثیر جـ٤/٢٠٣٩ ئەم فەرمودە بەچەندریوایەتێکی جۆراو جۆر هاتووە بەڵام هەموو ریوایەتەکان یەك مانایان هەیە رواه البخاري في (٦٥) كتاب التفسير (٩٢) الحديث (٤٩٤٨) ورواه مسلم في (٤٦) كتاب القدر (١) الحديث (٢٦٤٨).

هه‌ڕه‌شه‌ی له‌خراپه‌كاران كـردوه‌و مـوژده‌ی به‌چاكـه كـاران داوه، هـه‌ر خویشی خاونی دونیـاو قیامه‌تـه و له‌هـه‌موو كـه‌س بی‌ئاتاجـه، ئه‌گـه‌ر هه‌موو شیان كافرین له‌خودایه تی ئه‌و كه‌م نابیٚ.

ده‌فه‌رمویٚ: ﴿ان علینا للهدی﴾ حیكمه‌تی خودایـه‌تی ئیٚمـه واداخـواز بـوو: كـه ڕیٚگـه‌ی هیدایـه‌ت و ڕیٚگـه‌ی گومڕایـی بـۆ بـه‌نده‌كانمان ڕون بكه‌ینه‌وه، حه‌لاڵ و حه‌رامیان بۆ دیاری بكه‌ین، حه‌ق و به‌تاڵیان بـۆ لیٚـك جیا بكه‌ینه‌وه، پیٚغه‌مبه‌رانیان بۆ سه‌ر بنیٚرین، نامه‌ی ئاسمانییان بۆ نـازڵ بكه‌ین، ئه‌حكامی عیباده‌ت و بیروباوه‌ڕو مامه‌ڵه و بازرگانی و ئـاداب و ڕه‌وشتیان بۆ شی بكه‌ینه‌وه.

﴿وان لنـا للآخـرة و الأولى﴾ هـه‌رچی له‌قیامـه‌ت دایـه‌و هـه‌چی له‌دونیادایه هی، ئیٚمه‌یه، ملكایـه‌تی و ته‌صـه‌روف تیٚداكردنـی به‌ده‌سـت ئیٚمه‌یه چۆنمان بویٚ ئاوا كاره‌كان هه‌ڵده‌سـوڕیٚنین، هه‌ركه‌سـیٚ داوایـه‌كی هه‌یه، باله ئیٚمه داوابكا، چیمان بویٚ پیٚی ده‌به‌خشین، چه‌ندیٚك ببه‌خشـین له‌گه‌نجینه‌مان كه‌م ناكا، ئه‌گـه‌ر هـه‌موو ئـاده‌میزادو جنۆكـه هیدایـه‌ت وه‌ربگرن له‌خودایه‌تی ئیٚمه زیـاد نـابیٚ، خـۆ ئه‌گـه‌ر هه‌موشـیان كـافربن له‌خودایه‌تی ئیٚمه كه‌م نابیٚ، قازانجی خوداپه‌رستی و زیانی كوفرو بیٚدینـی خۆیان بۆخۆیانه‌و بۆخۆیان ده‌گه‌ڕیٚته‌وه.

ئه‌مجار په‌روه‌دگار به‌نده‌كانی له‌ئاگری دۆزه‌خ ده‌ترسـیٚنیٚ و ده‌فـه‌رمویٚ: ﴿فأنذرتكم ناراً تلظى﴾ ئه‌ی ئاده‌میزادینـه! ئـه‌من ئیٚـوه‌م ترسـاندوه لـه عـه‌زابی ئاگریٚكی گه‌وره كه هه‌ڵگیرساوه‌و له كڵ و گرفه‌گرف دایه، ئه‌ویش ئاگری دۆزه‌خه‌و بیٚ ئامانه.

﴿لایصلاها إلا الاشقى الذي كذب وتولى﴾ ناچیٚتـه نـاو دۆزه‌خـه‌وه‌و عـه‌زابی سوتان و گه‌رماو هه‌ڵاوی دۆزه‌خ نا چیٚـژیٚ مه‌گـه‌ر ئـه‌و كـافره‌بیٚ باوه‌ڕه نه‌بیٚ: كه ئه‌و حه‌قـه‌ی پیٚغه‌مبـه‌ران هیٚناویانـه بـه درۆی بزانـیٚ و

پێغەمبەری ئیسلام بە درۆبخاتەوە، پشت لەئیمان هەڵبکا و شوێن پەیامی پیرۆزی خودا نەکەوێ و پابەندی فەرمان و جڵەو گیرییەکانی شەریعەتی خودانەبێ.

﴿وسيجنبها الأتقى، الذى يؤتى ماله يتزكى﴾ خۆ لەئاگری دۆزەخ دوور دەخاتەوە کەسێك خۆلەکوفردوور بگرێ و بە هیچ شێوەیەك خۆ لەوبوارانە نزیك ناخاتەوە: کە بەلای کوفردا مەیلی هەیە. بە دڵسۆزی خوداپەرستی دەکاو بەجیدی دەیەوێ خۆ لەعەزابی خودا بپارێزێ. ئەم تەقوا کارە وێڕای خوداپەرستی ماڵ و سامانیشی دەبەخشێ لە بواری خێردا، بۆ ئەوەی لەچڵکی تاوان پاك بێتەوە، ماڵبەخشینەکەی بۆ ڕێبازی نیە، بۆ ئەوەی نیە ماڵ پێ بەخشراوەکان سوپاسی بکەن.

ئەحمەدو بوخاری لە ئەبو هورەیرەوە: کە ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (كل امتى تدخل الجنة يوم القيامة الا من أبى، قالوا ومن يأبى يارسول الله؟ قال: من اطاعنى دخل الجنة، ومن عصانى فقد ابى) هەموو ئومەتی من دەچنە بەهەشتەوە مەگەر کەسێك یاخی بێ، هاوەڵان وتیان: کێ یاخی دەبێ ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی کەسێك پایەندی شەریعەتم بێ دەچێتە بەهەشتەوە، کەسێك سەرپێچی فەرمانەکانم بێ ئەوە یاخی یە.

﴿وما لأحد عنده من نعمة تجزى الا إبتغاء و جه ربه الأعلى ولسوف يرضى﴾ ئەوماڵو سامانەی دەیبەخشێ بۆ ئەوە نیە پیاوەتی کەسانی دیکەی بەسەرەوە بێ و پاداشتیان بداتەوە، بەڵکوو ئەو ماڵبەخشینەی تەنها بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودایە، دەیەوێ خودا لەخۆی ڕازی بکا، بێگومان لەوبەولاوە لەقیامەت داخودا ئەوەندەی نازو نیعمەت پێ دەبەخشێ کەڕازیبێ.

ئیمام ئەحمەد و ئیبنوماجە و ئیبنو مەردەوەیهی لە ئەبوهورەیرەوە ریوایەت دەکەن : کە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ناچێتە ناو دۆزەخەوە مەگەر کەسێك بەدبەخت بێ، وترا:کێ شەقی و بەدبەختە؟ فەرمووی: کەسێك تاعەتی خودا نەکا، کارێك نەکا مەبەستی نەکردنەکەی بەندایەتی کردنی خودابێ، واز لەتاوانێك نەهێنێ لەبەر خاتری خودا. واتە: تاوانکاربێ خۆ ئەگەر خۆی لەتاوان پاراست و خۆپارستنەکەی لەبەر خودا نەبێ.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الضحی)

ئەم سورەتە مەککییەو یازدە ئایەتە. ناوی نراوە سورەتی ﴿والضحی﴾ چونکە لەسەرەتای سورەتەکەدا خودا سوێندی بە(الضحی = چێشتەنگاو) خواردوە، سورەتەکە دەربارەی حاڵ و وەزعی پێغەمبەر ﷺ نازڵ بووە، بۆیە سەرەتاکەی بەسوێند خواردن بە و کاتە روناك و گرنگە دەست پێ دەکا .

پەیوەندی ئەم سورەتە بەسورەتی پێشوویەوە لە دوو ڕووەوە:

١- سورەتی (الليل) کۆتایی پێ هاتووە بەوە: کە خودا وادەی بەتەقواکاران داوە: کە بەفەزڵو نیعمەتی خۆی رازییان بکا لە سورەتی ﴿والضحی﴾ش دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لەوەبەولاوە خودا بەنازو نیعمەتی مادی و مەعنەوی پێغەمبەر رازی دەکا. دەفەرموێ ﴿ولسوف يعطيك ربك فترضى﴾.

٢- لەسورەتی پێشوودا فەرمووی ﴿وسيجنبها الأتقى﴾ لەم سورەتەش دا نیعمەتەکانی خۆی باس دەکا کە بە پێغەمبەری بەخشیون. ئەو پێغەمبەرەی کە سەرداری تەقوا کارانە .

ناوەڕۆکی سورەتە کە بریتیە لە باسکردنی کەسایەتی پێغەمبەرﷺ و واقیعی وەزع و حاڵی ئەو ئادەمیزادە بە ڕێزەو چۆنیەتی پەروەردە بوونی و سەرەنجامی ژیان و پەیامی.

ئیمامی شافیعی دەفەرموێ: سوننەتە دواسورەتی (والضحی) (الله اكبر) بکرێ، واتە: بگوترێ: (الله اكبر: لا الـه الا الله والله اكبر) هەروەها تاکۆتایی قورئان لە ئاخری هەموو سورەتەکان دا سونەتە ئەو تەکبیرە بکرێ، زانایانی ئیسلام لەم بارەوە فەرموویانە:

یەکەمجار کە پێغەمبەرﷺ سروشی بۆ هات لەئەشکەوتی (حیراء) زۆر ترسا. لەرز دایگرتوو گەڕایەوە بۆ ماڵ و دایان پۆشی، ماوەیەك بەدەم بێداری و نوستوییدا مایەوە، تاسروشێکی تری ئاراستە کراو هێندەی تر ترس و سامی لێ نیشت، سروشەکە نیشانەی ئەوەی تێدابوو کە ئەرکێکی قورسی دەخرێتە سەرشان و ماندو بوونی زۆری گەرەکە ..

ئەمجار ماوەیەکی زۆری پێ چوو نیگاو سروش لە پێغەمبەر بڕا، وردەوردە سام و هەیبەت لە پێغەمبەرﷺ ڕەوییەوەو حەزی لێ بوو سروشی بۆبێ، بە ڕۆژ دەچوو بۆ ئەشکەوتی (حیراء) چاوەڕوانی نیگا بوو، بەڵام نیگا دواکەوت و پێغەمبەر ﷺ بێ هیوابوو، وای زانی خودا دەست بەرداری بووە، دڵی تەنگ بوو، غەم و خەفەت دایگرت، ئەمجار پەروەردگار ویستی ئەو چاوەڕوانی یەی پێغەمبەر بەکۆتا بێنێ و سورەتی (والضحی)ی بۆ نارد، ئیتر پێغەمبەر ﷺ هێندەی پێ خۆش بوو لە خۆشیان دا تەکبیری کرد..

نیعمەتەکانی خودا بەسەر پێغەمبەردا

بسم الله الرحمن الرحیم

وَٱلضُّحَىٰ ﴿١﴾ وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ ﴿٢﴾ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴿٣﴾
وَلَلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لَّكَ مِنَ ٱلۡأُولَىٰ ﴿٤﴾ وَلَسَوۡفَ يُعۡطِيكَ رَبُّكَ
فَتَرۡضَىٰٓ ﴿٥﴾ أَلَمۡ يَجِدۡكَ يَتِيمٗا فَـَٔاوَىٰ ﴿٦﴾ وَوَجَدَكَ ضَآلّٗا
فَهَدَىٰ ﴿٧﴾ وَوَجَدَكَ عَآئِلٗا فَأَغۡنَىٰ ﴿٨﴾ فَأَمَّا ٱلۡيَتِيمَ فَلَا تَقۡهَرۡ
﴿٩﴾ وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنۡهَرۡ ﴿١٠﴾ وَأَمَّا بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثۡ ﴿١١﴾

موسلیم بوخاری لەجوندو بەوە ریوایەت دەکەن: دەڵێ: پێغەمبەرﷺ ئازارێکی هەبوو شەوێك یان دووشەو لەجێگا دا کەوت و هەڵنەستا ئافرەتێك هات بۆ لای وتی: ئەی موحەمەد! ئەوە چیتە، دەڵێی شەیتانەکەت وازی لێ هێناوی؟

ئیتر پەروەردگار سورەتی **﴿والضحی واللیل اذا سجی، ما ودعك ربك و ماقلی﴾**ی بۆ نازڵ کرد.

دەفەرموێ: ﴿والضحی﴾ سوێند بەکاتی چیشتە نگاو: کە جوانترین کاتەو خۆربەتیشکی خۆی بونەوەر دەڕازێنێتەوە، هەموو کون و قوژبنێك روناك دەکاتەوە هەرەتی جم و جوڵ و دەست بەکاربوونی گیانلەبەران و ئادەمیزادە بۆ وەدەستهێنانی بژیووو سەرەتای ئیش و جوڵانەوەیە بۆ ژیانێکی تازەو لەڕۆژێکی تازەدا.

﴿واللیل اذا سجی﴾ سوێند بەشەو کاتێك دەزرێنگێتـەوەو بـەتاریکی خۆی ڕوناکی ڕۆژ دادەپۆشێ وەکـوو چـۆن ئـادەمی بەلێفـەو بـەتانی خـۆ دادەپۆشێ! ﴿ما ودعك ربك وما قلی﴾ خودای تۆ دەستبەردارت نـەبوەو وازی لێنەهێناوی، نیگای لێ نەبڕیوی، ڕقـی لێـت هەڵنەسـاوە خەشم و قاری لێهەڵنەگرتووی.

ئەمجار مزگێنی بەپێغەمبەرﷺ دەداو دەفەرموێ: ﴿وللآخرة خـیر لـك من الأولی﴾ بەتەئکید داهاتووت باشتر دەبێ لەڕابردوت، قیامەتت باشترە لە دونیات،ڕۆژبە ڕۆژ لە بەرزی و شکۆمەندی دادەبێ.

ئیمام ئەحمەدو تیرمیزی و ئیبنو ماجە لە ئیبنو مەسعودەوە ڕیوایـەت دەکەن دەفەرموێ: پێغەمبەرم بینی لەسـەر حەسیرێك ڕاکشـابوو چـاڵ و چوێڵی حەسیرەکە بەلاپەراسوودیەوە دیار بوو شـوێنی لێ کردبـوو، جاکـە بەخەبەر هات دەستم لەپەراسوەکانی داو دوسێ جار دەستم پێدا هێنا، وتم ئەی پێغەمبەری خـودا،ئـەوە بۆڕێگـەنادەی لەسەرحەسـیرەکەوە شـتێکی نەرمت بۆ ڕابخەین؟ پێغەمبەرﷺفەرمووی: ئەوەندەم دونیا مەبەست نیـە، نمونەی من و دونیا وەکو سـوارێکی ڕێبـوار وابـە، تاوێك لادەداتـە بـن سێبەری درەختێك و دوای دەڕواو بەجێی دێڵێ.

﴿ولسوف یعطیك ربك فترضی﴾ لەوە بەولاوە خودا بەفەزلو گەورەیی خۆی پلەو پایەو نازو نیعمەتت ئەوەندەپێ دەبەخشێ ڕازی بی. لـەدونیادا بالآدەست و سەرکەوتوت دەکـا بەسـەر دوژمنـەکانت دا لەقیامـەتیش دا پاداش و پلەی بەرزت پێ دەبەخشێ، حـەوزی کەوسـەرت خـەلآت دەکـا، دەبێتە شەفاعەتکار بۆ ئومەتەکـەت و تکـات وەردەگـیرێ. لـە دونیـادا ئایینەکەت بالآ دەست دەبێ و ڕێزو قەدرت زیاددەکا.

ئەمجار پەروەردگار نیعمەتـەکانی خـۆی کـە پێش پێغەمبـەرێتی بـە حەزرەتی موحەممەدی بەخشیون رادەنوێنێ و دەفەرموێ: ﴿ألم یجدك یتیمـاً

فآوی﴾ ئەی موحەممەد ئایا خودای تۆ تۆی نەبینی بەهەتیوی‌و حەواندیتیەوە؟؟ تۆ هێشتا لەسکی دایکت دابوی باوکت لەدونیا دەرچوو، ئیتر خودا شوێنی حەوانەوەو پەروەردەکردنی بۆڕەخساندی، لەماڵی عەبدولموتەلیبی باپیرت داو ماڵی ئەبوتالیبی مامت دا پێگەیشتی.
ئەوەبوو هێشتا پێغەمبەر لەسکی دایکی دابوو باوکی لەدونیا دەرچوو، پاشان (خاتو ئامینە)ی دایکی لەدونیا دەرچوو، ئەوکاتە پێغەمبەرﷺ تەمەنی شەش ساڵ بووە. ئەمجار کەوتە ژێر سەرپەرشتی عەبدولموتەلیبی باپیری.

هێشتا پێغەمبەر تەمەنی هەشت ساڵ بوو: کەباپیریشی لەدونیا دەرچوو، ئەمجار ئەبوتالیبی مامی لەخۆی گرت بەردەوام بوو لەیارمەتیدانی تا تەمەنی گەیشتە چل ساڵی و بووبە پێغەمبەرﷺ .

﴿ووجدك ضالاً فهدى﴾ ئەی موحەممەد خودای تۆ، تۆی بینی بێ ئاگابووی لەئەحکامە شەرعییەکان و نەتدەزانی بیرو باوەڕی ڕاست و حەق چیە، ئیتر خودا هیدایەتی دای و پەیامی پیرۆزی ئیسلامی بۆ ناردی.

وەکوو لەئایەتێکی تردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا و دەفەرموێ: **﴿وكذلك أوحينا اليك روحا من أمرنا ماكُنْت تدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلاَ الإيمَان وَلَكِن جَعَلْنَاهُ نُورًا نهْدِي بِهِ مَنْ نَشَاءُ مِنْ عِبَادِنا﴾**(الشورى/٥٢).

﴿ووجدك عائلا فأغنى﴾ ئەتۆی بینی هەژار و بێ ماڵ و سامان بوی دەوڵەمەندی کردی بەقازانجی مامەڵەو بازرگانی کردن بەماڵی خاتو خەدیجە، هەروەها بەهۆی ئەو خێرو فەڕەی خستبویە ناو ماڵ و سامانتەوە، بەهۆی ئەو دڵفراوانی و قەناعەتەوە کە خودای پێ‌ی بەخشیبوی.

هەردوو پیری فەرموودە(بوخاری و موسلیم) فەرمودەیەکیان لەئەبوهورەیرەوە ڕیوایەت کردوە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی:

(لیس الغنی عن کثرة العرض ولکن الغنی غنی النفس) دەوڵەمەندی بەزۆری کاڵانیە، بەڵکوو دەوڵەمەندی ئەوەیە دڵ و دەرون دەوڵەمەند بێ، هەر لەصەحیحی موسلیم دا فەرمودەیەك هەیە لەعەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ڕیوایەت کراوە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (قد أفلح من أسلم، و رزق کفافا وقنعه الله بما آتاه) ڕزگاری بوو، کەسێك موسوڵمان بێ و بژیوێکی مام ناوەندی پێدرابێ، خودا قەناعەتی پێبەخشیبی و ڕازی بێ بە بەشی خۆی.

ئەمجار خودا فەرمانی پێ دەکا بەچەند ڕەوشتێکی کۆمەڵایەتی و ویژدانی فەرمانی پێ دەکا کە سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی خودابێ. دەفەرموێ: ﴿فأما الیتیم فلا تقهر﴾ جا کە خودا تۆی بەهەتیوی پێگەیاندو حەواندیتیەوە، ئەتۆش دڵی هەتیومەشکێنە، سوکایەتی پێ مەکە، بەزەییت پێدا بێتەوە، مافی خۆی بدەیە، چاکەی لەگەڵ بکە، بەنەرم و نیانی لەگەڵی دابجولێرەوە، هەمووکات یادی هەتیویی خۆت بکەرەوە، بۆیە پێغەمبەرﷺ زۆر چاکەی لەگەڵ هەتیوان دەکرد، فەرمانیشی بەهاوەڵانی دەکرد کە چاکە لەگەڵ دەتیون بکەن.

﴿وأما السائل فلا تنهر﴾ لەپاساوی ئەوە دا: کە لەپێش دا سەر لێشێواو بووی و خودا هیدایەتی دای، لەسوالکەر تورەمەبە بەروگرژی و تورەبوونەوە دەست بەڕوی ئەوکەسانەوە مەنێ کەداوای زانیاریەکت لێدەکەن، یان داوای شتێك دەکەن پێیان ببەخشن، بەڵکو هەرداوایەکیان لێکردی بەشێوەیەکی جوان و نەرم و نیان وەڵامیان بدەرەوە.

﴿وأما بنعمة ربك فحدث﴾ باسسی ئەو نیعمەتانە بکە: کەخودا پێی بەخشیبوی، شوکرو سوپاسی پەروەردگارت بکە لەسەر نیعمەتی پێغەمبەرایەتی و پەیامی قورئان، هەمیشە نیعمەتەکانی خودا بخەرە بەرچاوت و باسیان بکە و سوپاسی خودا بکە.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الأنشراح)

مەککییەو هەشت ئایەتە. ناوی‌نراوە سورەتی (الشرح)یان (الإنشراح) چونکە سەرەتابە باسی دڵ ڕۆشنکردنی پێغەمبەرﷺ دەست پێ دەکا.

پەیوەندی ئەم سورەتە بە سورەتی پێشەوە:

پەیوەندی ئەم سورەتە بە سورەتی پێشەوە زۆر ئاشکراو نمایانە، چونکە ناوەڕۆك و رستەکانیان لێك دەچن، هەردوکیان رانواندنی نیعمەتەکانی خودا: کە بەپێغەمبەری بەخشیون لەخۆ گرتون، بۆیە هەندێ لەزانایانی سەلەف پێیان وایە: هەردوو سورەتەکە یەك سورتن، نابێ لە ناوانیان (بسم الله الرحمن الرحيم) هەبێ، بەڵام جەماوەری زانایان پێیان وایە دوو سورەتن.

سورەتی (الأنشراح)

بسم الله الرحمن الرحيم

أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ﴿١﴾ وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِىٓ
أَنقَضَ ظَهْرَكَ ﴿٣﴾ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴿٤﴾ فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٥﴾ إِنَّ
مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ﴿٦﴾ فَإِذَا فَرَغْتَ فَٱنصَبْ ﴿٧﴾ وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرْغَب ﴿٨﴾

دەفەرموێ: (ألم نشرح لك صدرك﴾ ئایا ئێمە دڵ و دەروغمان فراوان و ڕۆشن نەکردوی؟ واتە: بێگومان سنگ و دڵ و دەرونی تۆمان فراوان کردوە

بۆ ئەوەی نووری پێغەمبەرێتی تێوە بچێو تێیدا جێ بێتەوە و بتوانێ ئەرکی پێغەمبەرایەتی هەڵگرێ . نیگاو سرووش حیفز بکا. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**فمن یرد الله ان یهدیه یشرح صدره للاسلام**﴾(الانعام/١٢٥).

جا وەکوو خودا دڵی فراوان کردوە، شەریعەتەکەشی بەرفراوان و ئاسان کردوە، بۆ هەموو کاتێك گونجاوە و بەکەڵکی هەموو گەل و نەتەوەیەك دێ.

هەندێك پێیان وایە: مەبەست بەو گوشادکردنەی سنگی پێغەمبەرﷺ ئەو روداوو گۆڕانکارییانەن کە شەوی میعراج بەسەر دڵ و دەروونی پێغەمبەردا هێنران لە هەموو رویەکەوە،لەفەرموودەی صەحیحدا هاتووە ئەنەسی کوڕی مالیك لەمالیکی کوڕی صەعصەعەوە ریوایەت دەکا دەڵێ پێغەمبەرﷺ فەرمووی:

(لەکاتێك دامن لەلای کەعبەوە چاوم چوبوە بیرەخەو، لەناکاوێك گوێم لێبوو یەکێکیان دەیگوت: یەکێ لەو سێیانە کە لەنێوان دوو پیاو دایە، ئیتر تەشتێکی زێڕینیان هێنا، ئاوی زەمزەمی تێدابوو، سینگیان شەق کردم لێرەوە تائەوێ)، قەتادە دەڵێ: مەبەست (لەلێرەوە تا ئەوێ) چیە؟ فەرمووی: واتە: تا خوار سکمەوە. ئیتر دڵیان دەرهێنام بەئاوی زمزم شتیان ئەمجارە خستیانەوە شوێنی خۆی. پاشان پڕ کرا لەئیمان و حیکمەت .

پوختەی فەرموودەی (شەقکردنی سینگ) ئەوەیە هێشتا پێغەمبەرﷺ منداڵ بووە، حەزرەتی جوبرائیل هاتووە سینگی شەق کردوە و دڵی دەرهێناوە و شتویەتی و پاکی کردۆتەوە، پاشان پڕی کردوە لە زانیاری و ئیمان و ختسویەتیەوە شوێنی خۆی.

هـــەندێ لـــەزانایان ڕەخنـــەیان لـــەم ڕیوایەتـــە گرتـــووە، دەڵێـــن: ئـەم ڕوداوە لـەكاتی منداڵـی پێغەمبـەر دابـووە، ئەمـە موعجیزەیـە و نـابێ پێش پێغەمبـــەرێتی بـــێ ، پێویســـتە موعجـــیزە دوای بـــوون بە پێغەمبەرێتی بێ.

لەلایەکی ترەوە کاریگەری شتن بەئاو بـۆ لابردنـی چڵکـی جەسـتەیە، خۆتاوان قەبارەی نیە و شتێکی مەعنەوییە ششتنی کاریگەری تێدا نیـە، ئەمجار دڵ پڕناکرێ لەزانیاری بەڵکو خودا زانیاری تێدا دروست دەکا.

ئیمـام (فخرالدیـن)ی رازی لـەوەڵامی ئـەم ڕەخنەیـــەدا دەفـــەرموێ: ئـەوە جۆرێکـە لـە مزگێنـی و ئیرهاصـات ڕێخۆشـــکەرەو پیێشـــەتای فەیزی پێغەمبەرایـــەتین، ئـەم جـۆرە مـژدەو سـەرتاو ڕێخۆشـکەرانە بـۆ پێغەمبەری ئیسلام زۆرن، دوریش نیە: کەشتنی دڵی پێغەمبەرو لابردنـی ئەو خوێنە ڕەشە لیێ بۆئەوە بێ‌مەیلی تـاوان نـەکا. نیشـانەی ئـەوەبێ: کە دوورە لەتاوان و مـەعصوومە. لەلایـەکی تـرەوە ئـەوەکاری خودایـە و چی بوێ بیکا دەیکا .

﴿ووضعنا عنك وزرك الذى انقض ظهرك﴾ هەڵمان گـرت لەسـەرت ئەو ئەرکە گرانە‌ی پشتی ماندو کردبووی و بڕستی لێ بڕیبووی؟ ئەوشتانەی پێت وابوو تاوانن و ئەنجامت دابوون و پێیان خەفەتبار بوو بووی، لەســەر شانمان لابردی، پێغەمبەر ﷺ ئەوەندە پایەی بەرز بووە، زۆر کارو کردەوە: کە بۆ کەسانی دیکە مویاح بـووە، بـۆ ئـەو بەتاوانۆکـە (خـلاف الأولی) حیسـاب کـراوە، خـودا عیتـابی لێ گرتـووە، بـۆ نمونـە: روخســەتدانی بۆ هەندێ لـەدووڕووەکان کـە هاوبەشـی غـەزای تـەبوك نەکـەن، فیدیـە وەرگرتن لە دیلەکانی جەنگی بەدر، روگژکـردن لـەڕوی عـەبدوڵڵا کـوڕی ئومی مەکتوم دا.

ئەمانەو چەند شتی تری لەو جۆرە پێغەمبەرﷺ ئـەنجامی دان و خـودا ڕەخنەی لیٚ گرت، پێغەمبەرﷺ دوایی خەفەتبار بوو، چونکە لەسەر خـۆی بەتاوانی لەقەڵەم دان و بۆی دەرکەوت نەدەبوو ئەو جۆرە هەڵس و کەوتانە بکا، چونکە دەیتوانی کاری لەوە باشتر بکا، بەڵام خوا لیێـی خـۆش بـوو، باری شانی سوك کرد.یان دەگونجیٚ ماناکـە بـەم جـۆرەی بـیٚ، قورسـایی ئەرکی پێغەمبەرایەتیمان لەسەر شـان سـوك کـردی و وزەو توانایـەکمان پیٚ بەخشیت بتوانی ئەنجامی بدەی.

﴿ورفعنا لك ذكرك﴾ ناوی تۆمان بەرز کردەوە، لەدونیاو قیامـەت دا ناوت بەرزو پیرۆزە بەهۆی روتبەی پێغەمبەریت و سەرمۆرکردنی زنجیرەی پێغەمبەران بەرەوانە کردنی تۆ، بۆیتە سـەرداری پێغەمبـەران و پـەیامی هەموو نامە ئسمانییەکان لەپەیامی تۆدا ڕەنگی داوەتەوە.

دەبیٚ چ پلـەو پایەیـەك لـەوە بـەرزتربیٚ. لەهـەموو چرکـەو سـاتێکی مێژوودا ناوی پێغەمبـەرﷺ لـەدواناوی خـوداوە دەهێـنریٚ و بەسـەرزاری ملیونەها موسوڵمانەوە لەبانگ و قامەت و تـەحیاتی نوێـژو ویردەکـاندا دەگوتـریٚ و دەگوترێتـەوە. بـانگدەرو وتـارخوێن و نوێژەکـەر، ڕۆژانـە ڕستەی(اشهد ان لااله الا الله و اشهد أن محمـد رسـول الله) دوبـارەو سـیٚ بارەی دەکەنەوە.

دەبـیٚ چ نـاوێك لـەوە بـەرزتربیٚ: کـەخودا پێویسـتی کـردوە لەسـەر موسوڵمانان ڕۆژانە پێنج فەرزە لەنوێژەکانیان لەبانگ قامەت دا دواناوی خودا ناوی پێغەمبەریش بهێنریٚ؟

بەراستی ئەمەش موعجیزەیەکی تری قورئانە ئەوە هەزارو چوار سەدو بیست و پێنج ساڵە ئەم ئایەتە نازڵ بووە، سـاڵ دوای سـاڵ و سـات دوای سات ناوی پێغەمبەرﷺ لەدواناوی خودا لەناوی هەموو کەسێکی تـر پـتر بەسەر دەم زوبانی ئادەمیزادانەوەیە.

بەراستی ئەمەش موعجیزەیەکی تری قورئانە ئەوە هەزارو چوار سەدو بیست و پێنج ساڵە ئەم ئایەتە نازڵ بووە، ساڵ دوای ساڵ و سات دوای سات ناوی پێغەمبەرﷺ لەدواناوی خودا لەناوی هەموو کەسێکی تر پتر بەسەر دەم زوبانی ئادەمیزادانەوەیە.

هیچ چرکەیەك لەژیانی ئادەمیزاد تێناپەڕێ ئیللا بەسەدان ملیۆن جار ناوی پێغەمبەرﷺدەگوترێو دەبیسترێ، بەڕێزەوە ناوی‌دەبرێ و ناوهێنانو شایەتیدان لەسەر پێغەمبەرێتی ئەو زاتە پیرۆزە پێناسەی موسوڵمانانە، هەر کەسێ لەشایەتومان دا لەبانگ و قامەت دا لە نوێژ و وتاری ئاینی‌دا، ناوی پێغەمبەر نەهێنێ و شایەتی خۆی لەسەر پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدﷺ تازە نەکاتەوە، تاعەتەکەی قبوڵ نیە، بەموسوڵمان حسێب ناکرێ. بەڵکو ناو هێنانی و سەڵاوەتدان لی‌ێ بەخوداپەرستی لەقەڵەم دەدرێ.

نەك هەرئەوەندە بەڵکوو ناوی پیرۆزی پێغەمبەرﷺ لەعالەمی باڵاش دا بەرز راگرتووە؛ لە لەوحولمەحفوزدا بەرز کراوەتەوە، لەسەر زوبانی فریشتەکان سەڵاواتی لیێ دەدرێ و ناوی پیرۆزی دەهێنرێ.

وەکوو لە ئایەتێکی تردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿**ان الله و ملائكته يصلون على النبي يا أيها الذين آمنوا صلوا عليه و سلموا تسليما**﴾(الأحزاب/٥٦). دەی دەبێ چ بەرزییەك بگاتە ئەو بەرزییەی پێغەمبەر ﷺ پیێ گەیشتووە؟ بێگومان پێغەمبەرﷺ (سيد الخلق)ە خۆشەویسترین مەخلووقە لای‌خودا ناوی بەرزترین ناوە لای خودا، زۆرترین ناوێك کە بەسەردەم و زوبانی ئادەمیزاد دابێ ناوی (موحەممەد)ەﷺ.

دوای ڕانواندنو بیرخستنەوەی ئەونیعمەتانە، پەروەردگار ئەوە ڕادەگەیەنێ: کەئەو گۆڕانکارییەی لەژیان دا ڕوودەدەن خۆشی دواناخۆشی‌و فەرەحی دواتەنگانە، هەمووی بەگوێرەی داب و نەریتی پەروەردگارە لەبوونەوەردا، بۆیە بۆ دەمکوتکردنی موشریکەکان: کە پێغەمبەریان بەوە لەککەدار دەکرد:کەهەژارە فەرمووی:﴿**فإنّ مع العسر يسراً**﴾ بێگومان لەگەڵ خۆشی

ئەو تەنگانەو ناخۆشیانەی لەوە پێش هاتوونە ڕێت فەرەحی و خۆشی هەیە، لە دوا تەنگانە، ئازادیو خۆشیهەیە. بێگومان لەدوا ناخۆشی خۆشیهەیە.

ئەمەش دڵدانەوەو تەسەللا دانەوەی پێغەمبەرە، مزگێنی یە بۆی: کەلەوە بەو لاوە خودا حاڵ و وەزعی لە هەژارییەوە دەگۆڕێ بۆ دەوڵەمەندی، لە بێ هێزییەوە بۆ بە هێزی، دژایەتی گەلەکەی بۆ دەکاتە خۆشەویستیو تەبایی.

هەرچەندە خیتابەکە بۆ پێغەمبەرە ﷺ بەلام وادەکە بۆ هەموو ئوممەتەکەیەتی لە هەموو چاخ و ڕۆژ گارێك دا؛ ئەمەباوی پەروەردگارە لە جیهان دا، هەرحاڵەتێك لەتەنگانە و هەژاریی، لەترس و خۆف و نائارامی، لەزەبوونی و نەفامی، توشی هەر گەل و نەتەوەیەك ببێ بە تاك و کۆیانەوە، بەتایبەتی کە ئەو گەلە دوژمنەکانی بە هێز و لەخۆشی دابن.

ئەمجار ئەو گەلە کۆس کەوتووە بیەوێ خۆ لەو تەنگانە ڕزگار بکا، بیربکاتەوەو پلان دانێ و هەوڵ و تەق ڵلا بداو کۆڵ نەدا، پشتیشی بەخودا بەهێزبێ ، وێڕای هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، تەوەککولی بە خودا بێ، حەتمەن سەرەنجامی تێکۆشانیان بەردار دەبێ و لەو تەنگانە و ناخۆشی و ژێر دەستەییو چەوساندنەوەیە ڕزگاریان دەبێ.

ئەمجار کە سەرکەوتن و ڕزگاریان بوو، پێویستە سوپاسی خودا بکەن و هەوڵ بدەن لەو نازو نیعمەتە زیاد بکەن، شانی بەربدەن و بە بژۆڵی چاو دەستکەو تەکانیان بپارێزن، بەدڵسۆزی و خودا پەرستی، بە شوکرانە ژمێری ڕۆژ بەڕۆژ هەوڵ بدەن زیاتر خودا لەخۆیان ڕازی بکەن و ولات و گەلیان بەرەو پێشکەوتن و سەربەرزی بەرن. نەك سپڵە و پێنەزان بن و خودایان لە بیر بچێتەوە، سەرتە پۆل و گەلۆر بن و پاڵی

لیّ بدەنەوە، کاتێك بەخۆیان بزانن بەڕەیان لە ژێرپیّ دەر هێندراوەو کەلەپورو میراتی بنیات نراوی باوك و با پیرانیان لە دەست داوەو خودایان لیّ ڕەنجاوە و کەوتوونە پەراوێزی مێژووەوە و کەس حیسابیان بۆ ناکا. خەسارەتمەندی دونیاو قیامەت بوون.

هەروەکوو چۆن ناوە جاخزا دەیەك کە ریز لەبنەماڵەکەی خۆی نەگریّ و پابەندی داب و نەریتی باوك و باپیری نەبیّ، هەر لەگەلّ باوکی مردو دەسەلاّتی کەوتە دەست، لەماوەیەکی کەم دا سەروەت و سامانی بۆ بەجێماوی لەدەست دەداو خۆی خێزان و بنەماڵەکەی دەخاتە سەر ساجی عەلی. ئەمجار بۆ خۆی دەستەوەسان و دابنیشیّ و نەتوانیّ خۆی بەخێو بکاو دەست لە خەلّك پان بکاتەوە، یان ببێتە رەنجبەرو وخزمەتکاری ئەوانەی کاتی خۆی خزمەتکاری باوکی ئەو بوون.

بەڕاستی ئەم ئایەتە گەورەترین ئامۆژگاری و پەندو عیبرەتە بۆ موسولّمانان چونکە ئایینی ئیسلام ئاینی هەلّبژاردەی پەروەردگارە، قورئان بەرنامەو پەیڕەو پرۆگراگرامیەتی.

هەر لەو ڕۆژەوە ئەم ئایینە بلاّو بۆتەوە، لایەنگرو پابەند بوانی پەیدا بون، وەکوو یاسایەکی هەمیشەیی و نەگوڕ، چەندێك موسولّمانان پابەندی بەرنامەی ئاین بووبن و دەستیان بەقورئان گرتبیّ، ئەوەندە خودا عەزیزو بالاّ دەستی کردون، چەندێك قورئانیان پاشگویّ خستبیّ و لەئیسلام و دوورکەوتبنەوە ئەوەندە زەلیل و ژێر دەستە بون.

هەرکاتێك موسولّمانان وە هۆش خۆ هاتبنەوەو بەلای ئیسلام دا بایان دابێتەوەو بە پیّیدەستوری قورئان جولاّبنەوە، خودا رکیفی فرمانڕەوایی پیّ داونەوە و سەروەرییان بەدەست هێناوەتەوە. لەتەنگانەو ژێردەستەیی ڕزگاریان بووە. ئەگەر سەیری مێژووی ئیسلامی بکەین

زۆر نمونەی ئاشکراو زەق لەسەرکەوتن و ژێرکەوتنی موسـولّمانان دەبینـین ئەوە مێژوو بیخوێننەوە!!

ئـەمجار پـەروەردگار فـەرمان بـە پێغەمبـەرﷺدەکـا کـە ئەوکارانـــە ئەنجام بدا: کە شایەنی پلە و پایەی ئەوە، دەفەرموێ:

﴿فـاذا فرغـت فـــانصب﴾ هـــەرکاتێك لەڕاگـــەیاندنی بانگـــەوازی بویتەوە، یان جیهادو تێکۆشـــان و کاروبـاری خـۆت ئـەنجام دا، ڕوبکـەرە عیبـادەت کـردن و لـەخودا پاڕانـەوەو داوا لـەخودا بکـەکارەکانت بـــۆ هەڵسوڕێنیێ، بەڕاستاڵی و دڵســۆزی ڕوبکـەرە خـودا و نیـازو مەبەسـتت پاك و خاوێن بکەرەوە، هەمیشە لەخوا بپاڕێرەوە، تۆفیقــت بـدا بۆکـاری خێرو بەر دەوامبوون لەسەرخوداپەرستی. کاتی خـۆت لـە لابـەنرخ بـێ و مەهێڵە ساتە وەختێك لەژیانت بەفیڕۆ مەدە، ڕێگە مەدە هەلت لـەکیس بچێ، پەروەردگار بەندەی بێ ئیشی خۆش ناوێ!!

﴿والی ربـك فـارغب﴾ ڕوبکـەرە خـوداو هـەموو نیـازو مەبەسـتێك ئاراستەی خودای خۆت بکە، نزا بۆ خـودا بکـەو لێـی بپـاڕێرەوە ترسـت لە دۆزەخی بێ و بەتەما بەهەشـتی ڕازاوەی بـە، پاداشـی مـاندو بـون و هـەوڵ و تەقـەڵلای بـەردەوامت هـــەر لـــەخودا داوا بکـــە، هـــەرخودا شیاوی ئەوەیە ڕوی تێبکەی و لێـــی بپاڕێیـەوە و پشـتی پـێ ببەسـتی و بەندایەتی بکەی.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (التین)

ئەم سورەتە مەککیەو هەشت ئایەتـــە، نـاوی نـراوە سـورەتی (التـین) چونکـە پـەروەردگار لەسـەرەتای سـورەتەکەوە سـوێندی بـــە﴿التـــین﴾و

﴿الزيتون﴾خواردوە و گرنگی بەم دوو درەختــە بــەرداره داوە، لــەم ڕووەوە: کەخێرو فەڕیان زۆرە و بەسودن..

ناوەڕۆکی ئەم سورەتە مەککییە بریتییە لە سێ شتی پەیوەست بە ئادەمیزادو بیرو باوەڕەکەی:

١- ڕێزگرتن لەئادەمیزاد لەم ڕووەوە: کەخودا لەجوانترین شێوەو ڕوخساردا خولڵقاندویەتی، قەدو باڵای ڕاست و جوان، ئەندامی ڕێك و پێك!

٢- وێڕای بەڵگەی جۆراو جۆر لەسەر هەبوونی خودا لەخودی بونــەوەردا. ئەگەر لێیان وردبێتەوە، کــەچی ئـادەمیزاد خۆیــان لیٚ گێـل دەکـاو لەئاستی ئادەمیزادیی خۆی دادەبەزیٚ و خۆی گیرو دەی دۆزەخ دەکا. بە هۆی ئەوەوە بڕوای بەخودا و بە پێغەمبەری خودا نیــە، ئینکـاری زیندو بوونەوەو وحیساب و لێکۆڵینەوە دەکا.

٣- خاڵی سییەم ڕاگەیاندنی بنەمای عەداڵەتکاری پەروەردگارە دەربارەی بەندە کانی: کەبەگوێرەی ئەو عەداڵەتکارییەرەهایەی پاداشــی خــودا پەرستان دەداتەوەو سزای تاوانباران دەدا.

سورەتی (التين)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيۡتُونِ ﴿١﴾ وَطُورِ سِينِينَ ﴿٢﴾ وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ ﴿٣﴾
لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ ﴿٤﴾ ثُمَّ رَدَدۡنَٰهُ أَسۡفَلَ سَٰفِلِينَ
﴿٥﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونٖ ﴿٦﴾
فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعۡدُ بِٱلدِّينِ ﴿٧﴾ أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَحۡكَمِ ٱلۡحَٰكِمِينَ ﴿٨﴾

دەفەرموێ ﴿والتين و الزيتون﴾ سوێند بە هەنجیر: کە میوەیەکی خۆشەو ئادەمیزاد دەیخۆن، سوێند بە زەیتون کە دەیگوشن زەیتی لیٚدەردەهێنن و بۆ زۆر شتی تریش سودی لیٚ دەبینن.

ئیبنو عەبباس لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرمووی: هەنجیر ئەو هەنجیرەیە کە دەیزانن، زەیتون ئەو زەیتونەیە کە دەزانن.

ناوهێنانی ئەو دووبەرو میوەیە درکەو ئاماژە یە بۆ خاکی پیرۆزی قودس و دەوروبەری کە بەو دوو دەرختە ناو بانگی دەر کردوە. پەروەردگار سوێندی بەهەنجیر خوارد، چونکە بژیوو میوەو دەرمانە، خواردەمەنییەکی بەتام و لەزەتە، زوو هەزم دەبێ لەگەدەدا، تەبیاتی ئادەمیزاد نەرم دەکا، بەڵغەم کەم دەکا، گورچیلە پاك دەکاتەوە. زیخ و بەردوچکەی میزەڵان لادەبا، جەستە قەڵەو دەکا، کونوچکەکانی جەرگ و سپڵ دەکاتەوە، بۆ زۆر نەخۆشی بەسودە.

زەیتونیش میوەیە و بژیوەو دەرمانە، دەیگوشن ڕۆن زەیتی لیٚدەردێنن و دەکرێتە ناو زۆر خواردمەنییەوە، تێکەڵ بەزۆر دەرمان دەکرێ و بە تەنیاش دەرمانی زۆر دەردانە.

﴿وطور سينين﴾ سوێند بەو کێوەی پەروەردگار لەنزیکیەوە ئاخاوتنی لەگەڵ موسادا کردو کردی بە پێغەمبەرو پەیامی پیرۆزی ئاڕاستە کرد.

﴿وهذا البلد الأمين﴾ سوێند بەم شارە ئارامە کەشاری مەککەی پیرۆزە، شوێنی لەدایکبوونی پێغەمبەرە، شارێکە بانگەوازی ئیسلامی تێدا سەری هەڵداوە. شارێکە هەرکەسێ بچێتە ناوی دڵنیا دەبێ لەدەستدرێژیکردن بۆ سەری. وەکوو لەئایەتێکی تردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿ومن دخله كان امناً﴾(آل عمران/٩٧).

پەروەردگار لەم ئایەتانەدا سوێندی بەچوار شت خوارد:

﴿طور سينين﴾ و ﴿بلد الأمين﴾ ئاشکران یەکەمیان: ئەو کێوەیە خودا

له‌نزیکیه‌وه ئاخاوتنی له‌گه‌ڵ حه‌زره‌تی موسادا ئه‌نجام دا، دووه‌میان: شاری مه‌ککه‌ی پیرۆزه، به‌ڵام مه‌به‌ست به‌ ﴿تین﴾ و ﴿زیتون﴾ لێره‌دا چیه‌؟ ئه‌مه‌ جێگای قسه‌یه‌و زۆر ڕیوایه‌تی جۆراو جۆر ده‌رباره‌یان هه‌ن.

هه‌ندێك ده‌ڵێن: ﴿التین﴾ ئاماژه‌یه‌ بۆ (طوری تـه‌نیا):که‌ له‌ته‌نیشت دیمشقه‌، هه‌ندێکی تر وتویانه‌ ئاماژه‌یه‌ بۆ ئه‌و دار هه‌نجیره‌ی: که‌ ئـادهم و حـه‌وا لـه‌ کـاتی ده‌رکـه‌وتنی شـه‌رمگایان دا گه‌ڵاکـه‌یان لیّ کـردهوه‌و شـه‌رمگای خۆیانیـان پـیّ داپۆشـی. برێکـی ترپێیـان وایـه‌: مه‌به‌سـت ئه‌وشـوێنه‌یه‌ کـه‌ دره‌ختـی هـه‌نجیری لیّ ڕواوه‌ له‌سـه‌ر ئـه‌وکێوه‌ی کـه‌ شتییه‌که‌ی حه‌زره‌تی نوح له‌نگه‌ری گرت.

مه‌به‌ست بـه‌زه‌یتون ئاماژه‌یـه‌ بـۆ (طـوری زه‌ینـا) لـه‌ به‌یتولمـه‌قدیس هه‌ندێك پێیان وایه‌ مه‌به‌ست خودی به‌یتولمه‌قدیسه‌، برێکی تر پێیان وایه‌: ئاماژه‌یـه‌ بـۆ ئه‌ولقه‌زه‌یتونـه‌ی کـه‌ ئـه‌و کۆتـره‌ی حـه‌زره‌تی نـوح لـه‌ که‌شتییه‌که‌وه‌ هه‌ڵیفڕان بۆ ئه‌وه‌ی بزانێ حاڵه‌تی تۆفان بـه‌چ گه‌یشـتووه‌ . جا که‌ کۆتره‌که‌ گه‌ڕایه‌وه‌ لقێکی داری زه‌یتونی پیّ بوو، ئیتر بـه‌وه‌زاندرا: که‌ لافاوه‌که‌ نیشتۆته‌وه‌و زه‌وی ده‌رکه‌وتۆته‌وه‌.

مامۆستا- سه‌یید- ده‌فه‌رموێ: نزیکترین مانـا له‌ڕاستییه‌وه‌ ئه‌وه‌یـه‌ بلێین: مه‌بست به‌هه‌نجیرو زه‌یتون ئاماژه‌یه‌ بۆ ئه‌و شوێن و بیره‌وه‌ری یانـه‌ی پـه‌یوه‌ندییان بـه‌ ئایینـه‌وه‌ هه‌یـه‌ کـه‌کێوی طـورو به‌یتولمـه‌قدیس و مه‌ککه‌ی پیرۆزن.

په‌روه‌ردگار سوێندی به‌وسێ شوێنه‌ خوارد چونکـه‌ شـوێنی نـازڵبوونی نیگاو سروشن له‌خوداوه‌ بـۆ سـه‌ردڵی پێغه‌مبـه‌ره‌ ئولولعه‌زمـه‌کان، لـه‌م جیگایانه‌دا چرای هیدایه‌ت بۆ ئاده‌میزاد هه‌ڵکرا. له‌ کۆتـایی تـه‌ورات دا هاتووه‌ ده‌ڵێ: په‌روه‌ردگار پوڕتـه‌وی دا لـه‌ طـوری سـه‌یناء واتـه‌: لـه‌وێ نیگای بۆ حه‌زره‌تی موسا کرد. پاشان له‌شاخی ساعیر ڕونـاکی دایـه‌وه‌،

واتە: ئەو کێوەی خودای مەزن حـەزرەتی عیسـای تێداکـردە پێغەمبـەر، دوایی ئەو نوورەی لەسەر کێوەکانی فاران ئیعـلان کـرد،واتـە کێوەکـانی مەککە: کەپێغەمبەری ئیسلامی تێداکراوە بە پێغەمەبەر، پێدەچێ ئەمە مـوژدەدان بـێ بەموسـوڵمانان: کـە لـەدوارۆژێکی نزیکـدا ئەوشـوێنانە دەکەونـە ژێـر دەسـتیان و خۆیـان تێیـان دا بـاڵا دەسـت دەبـن، بـەو سـوێند خواردنـە پێیـان، ئامـاژە بۆگرنگـی و پـیرۆزی ئـەو شـوێنانە دەکـاو موسـوڵمانان هـەڵدەنێ: کـە پارێزگارییـان بکـەن و نـەهێڵن لەدەستیان دەربچن.

گرنگی ئەم شوێنانەش لەڕوی جوگرافیاوە، لەڕوی سەربازیەوە، لـەڕوی بازرگانییـەوە خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـتەو ناوجەرگـەی وڵاتـی ئیسـلامەو بەتایبەتی بۆ پارێزگاری لە مەککەی پیرۆز: کە ڕوگەی موسوڵمانانە، هەر لەبەرگرنگی و پیرۆزی فەلەستینە: کـەقودس کـراوە بەشـوێنی شـەوڕەوی پێغەمبەری ئیسلامﷺ ! هەڵبەتە موسـوڵمانان هەستیان بـەم گرنگییـە کـردوەو لـەم ئامـاژە پێکـردن و سـوێند خواردنـەی خـودا بەوشـوێنانە حاڵیبوون، خۆشەویستی فەلەستین و بەتایبەتی شاری قودسـیان لـەدڵ دا جێگری بووە، هەرکاتێ هـێرش کرابێتـە سـەری و دوژمـن ویسـتبێیەتی داگیری بکا، موسوڵمانان بەسەرو ماڵ بەرگرییان لێ کردوە.

سـاڵ(١٥)ی کۆچـی(٦٢٦)ی ز کـە موسـوڵمانەکان گـەمارۆی بەیتولمەقدیسیان دا، ڕۆمەکان ناچار بوون خۆیان بەدەستەوە بـدەن، بـەڵام مەرجیان دانا کـە دەبـێ فرمـانڕەوای موسـوڵمانان بـێ و لەسەردەسـتی ئـەو خۆیـان تەسـلیم دەکـەن، ئیـتر فـەرماندەی لەشـکری ئیسـلام: کە ئەبوعوبەیدەی جەڕاح بوو، هـەواڵی نـارد بـۆ خەلیفـەی موسـوڵمانان (ئیمامی عومەر)و داوای لێ کـرد: کـە تەشـریفی بچـێ بـۆ فەلەسـتین، حەزرەتی عومەر لە مەدینەوە چووبۆ فەلە ستین و لەسـەر دەسـتی ئـەو،

فەلەکان خۆیان تەسلیم کرد حەزرەتی عومەر ئەو پەڕی ڕێزی لیٚ گرتــن و هیچ خراپەیەکی لەگەلٚ نەکردن.

هەر لــەو ڕۆژەوە تائــەمڕۆ فەلەســتین بــووە تــە هۆکــارێکی ســەرەکی کیٚ برکێی نێــوان هــێزی حــەق و هــێزی بــەتالٚ، هــەر کــە موســولّمانان لەقورئانەکەیان دوورکەوتونــەوە و بــیٚ هــێزبوون، هــێزی کوفــر شــالآویان هێنــاوە و قودســیان لەموســــولّمانان داگــیر کــردوە، خاچپەرســتەکان کە قودسیان گرتەوە چی موسولّمانی تێدا بوو بەردەستیان کەوتن ســەریان بڕین، جولەکەکانیش کاتیٚ چونە قودسەوە موسولّمانەکانیان سوتاند.

ئەگەر مێژووی گرتنەوەی قودس لەلایەن خاچ پەرستانەوە سەیر بکەین ڕوداوی وا دەبینی: کــە ئــەو کافرانــە دژی موســولّمانان ئــەنجامیان داوە سەرت سوڕ دەمێنیٚ، ئەمانە چ دڕندە یەك بــوون، چ ڕق و کینــە یــەکیان بەرامبەر موسولّمانان هەبووە، کەچی دوایی کە سولّتان (صلاح الدیــن)ی ئــەیوبی پــەلاماری دان و لەهــەموو شــەڕو نەبــەردەکان دا بەســەریان دا زالٚ بوو، بەئەو پەڕی پیاوەتی و مەردانە ڕەفتاری لەگەلٚ کــردن، هێنــدەی پیاوەتی لەگەلٚ کــردن، ئــەوەندە بەعەدالــەتکاری لەگــەلّیان جوولآیــەوە، مێژوونوسەکانیان بەشەرمەوە تۆماریان کردوە، لەنامەردی خاچپەرستان و پیاوەتی (صلاح الدین)و دەستەو دایەرەکەی سەریان سوڕماوە!

بــەلاٚم بەداخــەوە بــەلاوازبوونی خەلافــەتی عوســمــانی و گــەندەلّبونی فەرمانڕەوایی یەکەیان و دوایی ڕوخــانی خەلافــەت بــە تــەواوی و پارچــە پارچــە بوونــی عالــەمی ئیســلامی و دوورکەوتنــەوەی موســولّمانان لــە ئاینەکەیان، بە تەحدید دوای شەڕی دووەمی جیهانی، ســالٚ (١٩٤٨)ی ز هــێزی کوفــر لەســەر خــاکیٚ پــیرۆزی فەلەســتین دەولّــەتی ئیســــرائیلیان دروست کرد و کردویانە بەسەنگەرێکی ســتراتیجی خۆیــان دژی عالــەمی ئیسلامی و بەردەوام تیری ژەهراوی خۆیان ئاڕاستەی موسولّمانان دەکەن،

ئەوەندە یان فیتنەو ئاشـوب لـەنێوانیان دا نراونـەوە و هێنـدە لەئیسـلام دوورکەوتونەوە مەگەر خودا (صلاح الدین)ێکی تر بڕەخسێنێ و جـارێکی تر سوپای کوردان ڕێك بخاتـەوە، لـەژێر ئـالای ئیسـلام دا قـودس ڕزگـار بکاتـەوە، ئـەگینا تـازە فەلەسـتین لەدەسـت موسـوڵمانان دەرچـوو!! بەبانگەشەی عوروبەو عەفلەقییەت و دیموقراتیـەت و شـیوعیەت.. هتـد فەلەستین وەر ناگیرێتەوە !!!

﴿لقد خلقنا الإنسان في أحسن تقويم﴾ سـوێند بـەو سـێ شـوێنانەی لەوەو پێش باسـکران ئێمـە ئادەمیزادمـان لـەجوانترین شـێوەو شـکلّ و ڕوخساردا دروست کردووە، قەدو بالاّ ڕاست و شـۆخ و شـەنگ، ئـەندام و جەستەی ڕێك و پێك، شێوەی نانخواردن و خواردنەوەو خەوتن و دانیشتن و ڕاوەستان و ڕۆیشتن... هتد لەوپەڕی جوانـی و شـیرینی‌دان، جـودا وازی لەگیانلەبـەرانی تـر لـەبارەی زانسـت و بیرکردنـەوەو قسـەکردن و نەخشەکێشـان بـۆ ژیـان و حیکمـەت و دانـایی لەهـەڵس و کـەوتی‌دا، بەجۆرێك گونجاوە ببێتە جێ نشین لەسەر زەوی.

دەگێڕنەوە لەڕۆژگاری خەلیفە مەنصوری عەباسی‌دا، کابرایەك کـەناوی عیسای کـوڕی موسـای (الهـاشمی) بـوو زۆری خێزانەکـەی خـۆی خـۆش دەویست، ڕۆژێك بەژنەکەی خۆی گـوت: ئەگـەر لـەمانگ جوانـتر نـەبی تەلاّقت بکەوێ سێ بەسێ.

ژنەکە خێرا لای هەڵساو ڕۆیی و خۆی لەمێردەکەی گوم کرد.

وتی: مێردەکەم تەلاّقی داوم، ئەو شەوە بەناڕەحـەتی و ناخۆشـی ڕۆژی کردەوە، کە ڕۆژی لیّ بووەوە چو بۆ بارەگای خەلیفـە مـەنصورو هـەواڵی ڕووداوی بۆ گێڕایەوەو زۆر ناڕەحەتی و خەفەتی خۆی بۆ خەلیفە هەڵڕشت، خەلیفە فەرمانی‌دا شەرعـزانان کـۆبوونەوەو داوای فتوایان لـەم بارەوە

لیٚ کرا، هەموو زاناکان وتیان تەڵاقی کەوتووە، جگە لە قوتابییەکی ئەبو حەنیفە کە بێدەنگ بوو.

خەلیفە مەنصور وتی: ئەوە تۆ بۆ بێدەنگی؟ کابرا هاتە قسەو لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی سورەتی (التین)ی خوێندەوە، ئەمجار وتی: ئەی فەرمانڕەوای موسوڵمانان، ئادەمیزاد جوانترین مەخلوقی خودایە، هیچ شتێك نیە لە ئادەمیزاد جوانتربێ، مەنصور بە عیسای کوڕی موسای گوت: قسەی ئەم زانایە ڕاستەو باشی بۆ چووە، خێزانی خۆت بێنەوە لای خۆت و تەڵاقت نەکەوتووە، ئەمجار خەلیفە مەنصور ناردی بۆلای ئافرەتەکەو ڕایسپارد کە بچێتەوە لای مێردەکەی و تەڵاقی نەکەوتووە[1].

﴿ثم رددناه أسفل سافلين﴾ پاشان هەندێ ئادەمیزادمان گێڕاوەتەوە بۆ تەمەنی پیری و بێ هێزی و خەرەفاوی، پشتی دەکۆمێتەوە، چاوی نابینێ، گوێی نابیسێ، عەقڵ و هۆشی لەدەست دەدا! ئەمە تەفسیری ئیبنو عەبباس و عیکریمەو ضەحاك و نەخەعییە ...

یان پاشان گێڕاومانەتەوە بۆ ناوئاگر، بۆ قوڵایی دۆزەخ، چونکە بەگوێرەی هەست و شعورو عەقڵ و بیرو زانیاری خۆی هەڵسوکەوتی نەکردووە، بەدڵی کراوەو چاوی ڕونەوە لەنیشانەکانی هەبوونی خودا ورد نەبۆتەوەو تێی نەڕوانیون، پابەندی فەرمانی خودا نەبووە و شوێن پەیامی پێغەمبەر نەکەوتووە، ئەمە ڕای حەسەن و موجاهیدو ئەبولعالیەو ئیبنو زەیدو قەتادەیە.

جا بەگوێرەی تەفسیری ئیبنوعەبباس و جەماعەتەکەی چەرت (استثناء)ەکەی دوایی (منقطع)ە. بەگوێرەی تەفسیری حەسەن و جەماعەتەکەی (استثناء)ەکە (متصل)ە.

---

(١) تەفسیری طبەری ج ١٠/٥٤٩٨ (٨٢) .

جا ئەگەر بڵێین: (استثناء)ەکە مونقەطعە ئەو کات، مانای ﴿الا الذين آمنوا وعملوا الصالحات فلهم أجر غير ممنون﴾ بەم جۆرەیە: وەلێ ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو تاعەتکارو خوداپەرستن ئەوە خودا پاداشتی نەبڕاوەیان دەداتەوە، دەیانخاتە ناو بەهەشتی جوان و ڕازاوەوە، چونکە بەئارام بوون لەسەر بەڵاو ناخۆشی و حاڵەتی پیری ، بەردەوام بوون لەسەر تاعەت و خوداپەرستی، بەگوێرەی توانا خوداپەرستی خۆیان ئەنجام داوە، واتە: هەرچەندە خوداپەرستانیش جاری وادەبێ دەکەونە حاڵەتی پیری و زەبونیەوە، بەڵام پاداشتی بەردەوامیان هەیە لەسەر کردەوەکانیان.

ئەگەر بڵێین: (استثناء)ەکە (متصل)ە ئەوکاتە مانای ﴿إلا الذين آمنوا و عملوا الصالحات فلهم أجر غير ممنون﴾ بەم جۆرە دەبێ: مەگەر ئەوانە نەبێ کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی باشیان ئەنجام داوە لەکاتی توانای بەهێزییان دا، ئەوانە پاداشتی باشیان دەدرێتێ و لەئاگر ڕزگاریان دەبێ.

ئالوسی دەفەرمووێ[1]: سیباقی ئایەتەکان ئەوەیان لێ وەردەگیرێ کە مەبەست بە﴿ثم رددناه اسفل سافلين﴾ حاڵ و وەزعی کافرەکان بێ لەقیامەت دا، چونکە لەو ڕۆژەدا ئەو بەدبەختانە لەسەر ناشیرین تر شێوە دەبن، دوای ئەوەی لەدونیادا جوانترین شێوەو ڕوخساریانهەبووە، چونکە سوپاسی نیعمەتەکانی خودایان نەکردووە، ئەندامی جەستەی خۆیان لەخوداپەرستیدا ماندوو نەکردووە.

ئەحمەدو بوخاری و ئیبنو حیبان لەئەبو موسای ئەشعەرییەوە ڕیوایەتیان کردووە، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (إذا مرض العبد أوسافر كتب الله تعالى له من الأجر مثلما ماكان يعمل صحيحاً مقيماً)

---

(١) تەفسیری روح المعاني (ج٣/٤٧٦).

هەركاتێ بەندەی خودا نەخۆش كەوت، یان سەفەری كرد، خـودا خـێرو پاداشی ئەو تاعەتانەی بۆ دەنووسێ كە بەلەشساغی و لەحاڵەتی ئاسـايی لەماڵەوە كردونی.

ئیبنو ئەبو حاتەم لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەت دەكا: كە لەتەفسـیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی: هەركاتێ ئادەمیزاد پـیرو لاواز بـوو نـەیتوانی ئەو كردارە چاكانەی بەگەنجی دەیكردن بیانكا، خـودا پاداشـی كـردەوەی حاڵەتی گەنجی بۆ دەنووسێ.

﴿فما يكذبك بعد بالدين﴾ وێڕای ئەم هەموو بەڵگەو دەلیلانە لەسـەر دەسەڵاتی خودا بەسەر هەموو شتێك دا، چی وا لەتۆ دەكا ئەی ئادەمیزاد كە هاتنی قیامەت بەدرۆ بخەیەوە؟ ئەی ئـادەمیزاد ئـەتۆ بـەچاوی خـۆت دەبینی سەرەتای ئادەمیزاد چۆنەو چۆن پێ دەگاو هێزو توانا پەیدا دەكـاو دوایی چـۆن پـیر دەبـێ و هـێزو توانـای نـامێنێ، دەی كەسێك بتوانـێ ئـادەمیزاد لەنـەبووەوە بێنێتـە وجـودو ئـــەو هـــەموو گۆڕانكارییانــە بەسەر ژیـاندا بێنـێ، بێگومـان دەتوانـێ دوای مردنیشـی جـارێكی تـر زیندووی بكاتەوەو كێشی بكا بۆ سارای مەحشەر حیساب و لێكۆڵینەوەی لەگەڵ بكا، كەوابێ دەبێ چ شـتێك هـەبێ تـۆ هـەڵنێ بـۆ ئـەوەی بـڕوا بەڕابوونی قیامەت نەكەی؟

﴿أليـس الله بـأحكم الحـاكمين﴾ ئايـا خـودا باشـترین و دادوەرتریـن حاكم نیە؟ بڕیارو حوكمەكانی هەموو عەداڵەتكاری نین؟

دەی عەداڵەتكاری خودا داخوازی ئەوەیە كە قیامەت بێنێ بۆ ئـەوەی تۆڵەی ستەم لێكراو لەستەمكار بسێنێ!! هەموو كەس سزاو پاداشی خۆی وەربگرێتەوە. تیرمزی فەرموودەیەكی لە ئەبو هورەیرەوە (بە مـەرفوعی) ڕیوایەت كردووە: دەڵێ هەریـەكێ لـەئێوە سـورەتی ﴿والتـین﴾ی خوێنـدو گەیشتە كۆتایی سورەتەكە با بڵێ: ﴿بلى وأنا على ذلك من الشاهدين﴾.

بسم الله الرحمن الرحيم

سوره‌تی (العلق)

ئه‌م سووره‌ته مه‌ككيه‌و بيست ئايه‌ته، ناو نراوه سوره‌تی (عه‌له‌ق) يان سوره‌تی (إقرأ) يان سوره‌تی (قه‌له‌م).

په‌يوه‌ندی ئه‌م سوره‌ته به سوره‌تی پيشه‌وه له‌م ڕووه‌يه:

له‌سوره‌تی پێشوودا ئه‌وه‌ی به‌يان كرد كه په‌روه‌ردگار ئاده‌ميزادی له‌جوانترين شێوه‌و ڕوخساردا دروست كردووه، له‌م سوره‌ته‌شدا ئه‌وه ڕوون ده‌كاته‌وه كه ئاده‌ميزادی دروست كردووه له‌خوێنپاره، واته له‌سوره‌تی پێشوودا شێوه‌و ڕوخساری به‌يان كرد، له‌م سوره‌ته‌ش دا ئه‌و ماده‌يه‌ی به‌يان كرد كه ئاده‌ميزادی لیّ دروست ده‌بیّ.

سه‌ره‌تای ئه‌م سوره‌ته يه‌كه‌م شتێكه كه له‌قورئان نازلّ بووه.

واته: له‌سه‌ره‌تای سوره‌ته‌كه‌وه تا ده‌گاته ﴿ما لم يعلم﴾ يه‌كه‌م وه‌جبه‌ی قورئانی نازلّ كراوه. به‌لاّم به‌شه‌كانی تری سوره‌ته‌كه له‌وه‌دوا هاتونه‌ته خواریّ.

ئيمام ئه‌حمه‌دو هه‌ردوو پيری فه‌رمووده (موسليم و بوخاری) له‌خاتو عائيشه‌وه ڕيوايه‌ت ده‌كه‌ن ده‌فه‌رمووێ: سه‌ره‌تای ده‌ست پێكردنی ناردنی نيگای خودا بۆ پێغه‌مبه‌ر ﷺ له‌شێوه‌ی خه‌ون بينينی باش بوو، هه‌ر خه‌ونێكی بديبايه وه‌ك دوخ ڕاست ده‌ر ده‌چوو، به‌ڕه‌نگی سپيايی به‌يان ده‌دروشايه‌وه پاشان پێغه‌مبه‌ر حه‌زی له‌گۆشه نشينیو دابڕان له‌كۆمه‌لّ ده‌كرد، ڕۆژانه به‌ته‌نيا ده‌چوو بۆ ئه‌شكه‌وتی (حه‌ڕا)تويشووی له‌گه‌لّ خۆی ده‌برد، واده‌بوو چه‌ند شه‌وێك ده‌مايه‌وه، خوداپه‌رستی ده‌كرد، كه‌تويشووه‌كه‌ی ته‌واو ده‌بوو ده‌هاته وه بۆ مالّ و هه‌ندێكی تری ده‌برده‌وه.

هەتا ڕۆژێك بۆ یەکەمجار و لەنکاو نیگای بۆ هـات. فریشـتەی نیگـا لەئەشکەوتی‌حەرِا دا هەتە لای و فەرمووی (أقرأ) بخوێنـە. پێغەمبـەرﷺ دەفەرموێ بەفریشتەی نیگام وت: من خوێندەوارم نیـم. ئیـتر فریشـتەکە بەخۆیەوە گوشیم بە جۆرێك زۆرم تین پێگەیی. ئـەمجار بـەرەڵلاّی کـردم و وتی: بخوێنە. وتم: خوێندەوار نیم، دوبارە جارێکی‌تر بەخۆیـەوە گوشـیم و بەتەواوی تینم بۆهات، ئـەمجار بـەرەڵلاّی کردمـەوەو وتـی: بخوێنـە، وتم: خوێندەوار نیم، بۆجاری سێیەم بەخۆیەوە گوشیم و پاشان بەرەڵلاّی کردم و وتی: ﴿أقرأ بسم ربك الذی خلق، خلق الأنسان من علق، أقرأ وربـك الأکرم، الذی علم بالقلم، علم الأنسان ما لم یعلم﴾

ئیـتر پێغەمبـەر ﷺ بەتاسـاوی و ترسـاوی گەڕایـەوە بـۆ ماڵــەوە و بەخەدیجەی خێزانی فەرموو: دامپۆشـن دامپۆشـن، دیانپۆشـی وردە وردە ترسەکەی لیّ ڕەوییەوە، دوایی فەرمووی: ئەی خەدیجە: دەبـێ چیـم بـێ و چیم لیّ ڕو درابیّ؟ ئیتر ڕوداوەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە، فەرمووی: تەنانەت لەگیانی خۆم ترسام و بەتەماخۆم نەمام.

خەدیجە کەوتە دڵخۆشی دانەوی وتی: نەخەیر مەترسە و مژدەت لیّبێ خـودا تـۆ ریسـوا ناکـا. ئـەتۆ سـیلەی ڕەحـم بـەجیّ دێنـیّ، ڕاسـتگۆی یارمەتی بیّ نەوایان دەدەی، میوانــداری میـوان دەکـەی، یارمــەتیدەری حەق و ڕاستی.

ئـەمجار خەدیجـە پێغەمبــەری بـرد بـۆ لای وەرەقــەی کـوڕی نەوفــەلی ئەسەدی: کە کوڕی مامی خەیجە بوو، لەکاتی خۆی‌دا ئـاییـنی مەسـیحی وەرگرتبوو لەنووسینی عەرەبی‌دا بەهرەدار بوو، زۆر نوسخەی (ئینجیل)ی نووسیبونەوە . پیر بوو بوو چاوی لەدەسـت دابـوون، خەدیجـە وتـی: ئـەی ئامۆزای خۆم، گویّ ڕابگرە برازاکەت چی بەسەر هاتووە. وەرەقــە وتـی:

دەی برازای خۆم بزانم چیت بەسەر هاتووە، ئیتر پێغەمبەرﷺ بەسەر هـاتی خۆی بۆ وەرەقە گێڕایەوە.

وەرەقە وتی: ئەوەی تۆ دیوتە و هاتۆ تەلات ئەوە فریشتەی نیگا هێنە بۆ پێغەمبەران، بۆ سەر موساو عیسا، خۆزگە ئـەو کاتـەی نەتەوەکـەت دەرت دەکـەن مـن زینـدو بومایـە یارمـەتیم بدایتایـە، پێغەمبـەرﷺ فەرمووی: ئایا ئەوان من دەردەکەن؟

وەرەقە وتی: بـەڵێ: هـەرپیاوێك بانگـەوازی وەکـوو بانگـەوازی تـۆی بڵاوکردبێتەوە پەیامی وەکوو پەیامی تۆ هێنابێ ئیلـلا دژایـەتی کـراوە، وەڵڵاهی ئەگـەر نـەمرم و بگەمـە ئـەو ڕۆژە بەهـەموو هـێزو توانایـەکم یارمەتیت دەدەم. بەڵام هێندەی پـێ نـەچوو وەرەقـە لـە دونیـا دەرچـوو نیگایش وەستا فریشتەی نیگا هێنان پێی لێ بڕی و نەهات بۆلای.

ئیتر پێغەمبەرﷺ بەم سەر لێنەدان و نەهاتنی نیگا بۆی زۆر بێ تاقەت بوو، چونکە لە لایەکەوە دەیزانی بووە تە پێغەمبەرو دەبێ شان بداتە بەر ئـەو بـارە گرانـە، لـە لایـەکی تـرەوە نیگـای لێ بـڕاوەو هیـچ پـەیك و پەیامێك نابینێ. ئەوەندە خەفەتبارو غەمگین بوو دەیویست بچێتە سـەر شاخێکی بەرزو خۆی هەڵدێرێ و لەم مەینەتی و ناڕەحەتیە ڕزگاری ببـێ، هەرکـە خـەیاڵێکی لـەو جـۆرەی بـەدڵ دا دەهـات، خـێرا جوبرائیـل خۆی پیشان دەداو پێ دەفـەرموو: ئـەی موحەمـەد! ئـەتۆ پێغەمبـەری خودایت، ئیتر پێغەمبەرﷺ بەوەفەرامۆشی دەهـات و وازی لەخەیاڵەکـەی خۆی دەهێنا.

ئیتر ئەم ماوەیە (ماوەی لێ بڕانی نیگا)کەمی خایاند یـازۆر، ڕۆژێـك جوبرائیل هات و سورەتی ﴿والضحى﴾ی بۆهێنا..! وەکوو ریوایـەتکراوە دەڵێن: لەکاتی وەستانی نیگـابۆ پێغەمبـەرﷺ موشـریکەکانی قورەیـش وتیان: موحەممەد خوداکەی لێی تورە بووە، وازی لێ هێناوە، پـەروەردگار

سورەتی ﴿والضحى﴾ی بۆ نارد و دڵنیای کرد کە خـود لێـی تـوڕە نـەبوەو وازی لیٚ نەهێناوەو پاشە ڕۆژێکی ڕەوشەن پیرۆز چـاوەڕوانی دەکـا، پـیٚی دەفەرمویٚ: خودا ئەوەندە نیعمەتی گەورەو بەنرخت پـیٚ دەدا، بـەئارەزوی خۆت ڕازیت دەکا. ئیتر لەوە بەولاوە نیگا هاتن بۆپێغەمبـەرﷺ بـەردەوام بوو، بەگوێرەی پێویسـت و ڕوداو وەجبـە وەجبـە لـەماوەی (٢٣)سـاڵ دا سەرجەم قورئان نازڵ بوو.

لەڕاستی دا وەکوو مامۆستا سەیید دەفەرمویٚ ئەم ماوەی (٢٣)ساڵەی هاتنی نیگا بۆ پێغەمبەری ئیسـلام ماوەیـەکی زۆر گرنـگ و گەورەیـە، فەترەیەکە لە مێژووی ئادەمیزاد دا جارێکی تـر دووبـارە نابێتـەوە، ئـەو دەمەی یەکەمجار نیگاهاتن بۆ پێغەمبەر ﷺ دەستی پێکرد گەورە تریـن و بەنرخترین کات بوو: کە بەسـەر زەوی و مێـژووی ئـادەمیزاد داتێپـەڕی، ڕوداوەکـە گـەورەو بەنرخـە، چونکـە ئـەوەی تێیدانیشـان دراو گەیـەندرا گەورەو بەنرخ بوو.

بەڵیٚ خودای پەروەردگار؛ خـاوەنی بوونـەوەر و بـالاّ دەسـت بـە سـەر هەموو شتێك دا، بیٚ نیـازو بـیٚ ئاتـاج لەهـەموو شـتێك، ڕوی ڕەحـم و بەزەیی خۆی کردە ئادەمیزاد: کە لەبەشێکی بونەوەردا ژیان بەسەر دەبـا، ڕێـزی لێنـا بـەوە: کەیـەکێکی لیٚهـەڵبژارد بـۆ ئـەوەی نیگـای خـۆی ئاڕاستە بکاو ببێتە جێگای تیشك و ڕوناکی خودای میـهرەبان، ببـیٚ بـە کان و گەنجینەی حیکمەت و دانایی خۆی، ببێتـە مەرکـەزی فـەرموودەو فەرمانی خودا بۆ جیهانییان، هەڵیبژارد بـۆ ئـەوەی بیکاتـە پێغەمبـەرو فروسـتادەی خـۆی و ڕاگەیانـەری بڕیـارو فـەرمان و نیـازی خـودا بۆ دانیشتوانی سەرزەوی.

هـەر لـەم سـاتە وەختـەوە ئیـتر دانیشـتوانی سـەرزەوی؛ ئەوانـەی: کە حەقیقەتی ئەم نیگاو سروشە لەگیان و کیانیان دا جێگیر بوو، ژیانیان

گۆڕا، هەمیشە پەیوەست بوون بە خوداوە، هەستیان دەکرد: کـە هـەموو هەڵس و کەوتێکیان لە ژێر چاو دێری خودا دایـە وایـان دەزانـی دەسـتی قـودرەت بـە پشـتیانەوەیە و هـەنگاو بەهـەنگاو بـەرەو سـەرفرازی و بەختەوەری دەیانبا.

هەموو ساتە وەختێك لەماوەی ئـەو بیسـت و سـێ سـاڵە دا بەشـەوو بە ڕۆژ چاوەڕوانی دابەزینی نیگا بوون، بۆیـە کاڵاکردنـەوەی موشـکیلەو ڕوداوەکـان، بەڕاسـتی سـەردەم و ڕۆژگـارێکی سـەیرو بـەرزو پـیرۆز بوو، فەترەیەك بوو، ئادەمیزادەکان پەیوەست بوون بـە عالـەمی بـاڵاوە، سەردەمێك بوو چێژی حەقیقەتەکەی ناکا مەگەر ئەوانـەی تێیـدا ژیـاون، ئاگایـان لەسـەرەتاوکۆتایەکەی بـووە، لـەززەتی ئـەم پەیوەسـت بوونـەیان چەشـتووە، ئـازاری نەمانەکـەیان بینیـوە بـە لـەدونیا دەرچوونی پێغەمبەرﷺ.

ئەنـەس دەگێڕێتـەوە دەڵـێ: دوای لـەدونیا دەرچوونـی پێغەمبـەرﷺ ئەبویەکر بەعومەری فەرموو: بابچین دیدەنی (أم أيمن) بکەین وەکوو چۆن پێغەمبەرﷺلەژیانی دا سـەردانی دەکـرد، کـەهاتن ،ۆلای ئـەمو ئەیمەن دەستی کرد بەگریان، ئەبویەکر و عومەر وتیان بۆچی دەگری ئەی نـازانی ئـەوەی لای خودایـە خۆشـترە بـۆ پێغەمبـەر؟! وتـی: بـەڵێ دەزانم: کەپێغەمبەرﷺ ئـەو ژیانـەی لـەژیانی دونیـای خۆشـترە، وەڵـی مـن بـۆ بڕانەوەی نیگا دەگریم، ئیتر لەئاسمانەوە سروشی نایەتە خوارێ ، ئیـتر وای لێ کردن هەردوکیان دەستیان کرد بە گریان[1].

بەڵێ ئەو (٢٣) سـاڵە سـەردەمێ: بـوو بەسـەر ئـادەمیزاد دا هـاتو تێپەڕی و دوبـارەی نابێـەوە، بـەڵام تادونیـا دونیایـە کاریگـەری خـۆی

---

(١) أخرجه مسلم .

لەژیانی ئادەمیزادو جندۆکەدا هەیە و کۆمەڵێك لەبەندەکانی خودا ئەو ڕێبازە حەق و ڕاستە دەگرنە بەرو پەیڕەوی دەکەن، شوێن کەوتووی قورئان دەبن و ئەو پەیامە پیرۆزە لەهەڵسو کەوت و ئاکارو ڕەفتاریان دا ڕەنگ دەداتەوە.

سورەتی (العلق)

بسم الله الرحمن الرحيم

اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ ﴿٢﴾ اقْرَأْ وَرَبُّكَ
الْأَكْرَمُ ﴿٣﴾ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ ﴿٤﴾ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾ كَلَّا إِنَّ
الْإِنسَانَ لَيَطْغَىٰ ﴿٦﴾ أَن رَّآهُ اسْتَغْنَىٰ ﴿٧﴾ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ الرُّجْعَىٰ ﴿٨﴾ أَرَأَيْتَ
الَّذِي يَنْهَىٰ ﴿٩﴾ عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰ ﴿١٠﴾ أَرَأَيْتَ إِن كَانَ عَلَى الْهُدَىٰ ﴿١١﴾ أَوْ أَمَرَ
بِالتَّقْوَىٰ ﴿١٢﴾ أَرَأَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿١٣﴾ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ اللَّهَ يَرَىٰ ﴿١٤﴾ كَلَّا لَئِن
لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾ نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ ﴿١٦﴾ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ
﴿١٧﴾ سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ ﴿١٨﴾ كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِب ۩ ﴿١٩﴾

﴿إقرأ باسم ربك الذي خلق﴾ ئەی موحەممەد بخوێنە بەناو خودای خۆت، ئەو خودایەی هەموو شتێکی بەدی هێناوە، هەموو شتێکی دروست کردوە، لەم ئایەتەدا پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەر دەکا: کە ببێتە خوێندەوار، هەرچەندە لەوەپێش خوێندنەوەو نووسینی نەزانیوە،

کەسـێ: بونـەوەری دروسـت کردبـێ، دەتوانـێ ڕەوشـتی خوێنـدەواری لەپێغەمبەر دابەدی بهێنێ.

﴿خلق الانسـان مـن علـق﴾ ئـادەمیزادی دروسـت کـردوە لـەخوێنی توندبوو(خوێنپارە) مەبەستی ئەوەیە بڵێ: خودایـەك بتوانـێ لـەخوێنپارە ئادەمی زیرەك و عاقڵ و خاوەن بیرو ژیر دروست بکـا، ئـەو ئـادەمیزادە لێهاتوی بگاتە ئاستێك زۆر شتی ناو ئاسمـان و زەوی بـۆ خـۆی ڕام بکـاو سـودیان لێ وەر بگـرێ، چـۆن نـاتوانێ ئـادەمیزادێکی لێـهاتوی وەکـوو حەزرەتی موحەممەد بکاتە خوێندەوارو وای لێ بکـا هـەرچی بەسـەری دا خوێندرایەوە یەکسەر لەبەری بکا!

بێگومـان قۆناغی خوێنپارەیی، قۆناغێکـە بەسـەر کۆرپەڵـەدا تێپـەڕ دەبێ، سەرەتا کورپەڵە دڵۆپە تۆماوێکە، حەیوانێکی مەنەوییە ماوەیـەك لەمنداڵدان دا دەمێنێـتەوە، پاشان بەقودرەتی خودا دەبێـتە خوێنپـارە، پاشان دەبێتە گۆشـتپارە، ئـەمجار دەچێـتە قۆنـاغی ئێسـقانەوە، واتـە: پەیکەری ئێسقانی پێك دێ ئەمجار بەگۆشت دادەپۆشرێ و ئیـتر جەسـتەی ئادەمیزادی تێدا بەرجەستە دەبێ.

﴿اقرأ وربك الاکـرم﴾ ئـەوەی فـەرمانت پـێ کـراوە لـە خوێندنـەوە ئەنجامی بدە، خودای تۆ: کە فەرمانی پێ کردوی بەخوێندنەوە لە هـەموو کەسێك بەخشندە ترە، بەخشندەیەکی وەها یـە ئـەتۆ والێ دەکـا بتوانـێ قورئان بخوێنیتەوە، هەرچەندە لەوەو پێش تۆ نەخوێندەوار بووی.

﴿الـذي علـم بـالقلم﴾ خودایـەکی وەهایـە بـەهۆی قەڵـەمێکی بـێ گیـانی ڕەق و تەقـەوە ئـادەمیزادی فـێری خوێنـدەواری کـردوە، واتـە: خودایـەك بتوانـێ قەڵـەمێکی بـێ گیـانی وشـك بکاتـە هـۆی تێگـەیاندن و فـێربوون لـەناو ئـادەمیزاد دا، چـۆن نـاتوانێ تـۆ بکـات بە خوێندەوار؟!

لەڕاستی دا فێربوونی ئادەمیزاد بۆ نووسین بەقەڵەم نیعمەتێکی فرەمەزنەو خودا بە بەندەکانی بەخشیوە، نووسین بە قەڵەم هۆکاری لێك تێگەیشتن و بیرو ڕا گۆڕینەوە یەو وەکوو زوبان بیرو ڕای پێ دەردەبڕێ، ئەگەر نووسین نەبوایە زۆر زانست و زانیاری دەفەوتان، زۆر دەقی ئاینی و شتی تر بە ئێمە نەدەگەیشتن و لێیان بێ ئاگا دەبووین، ژیان بەڕێوە نەدەچوو، یاسا پایەدارنەدەبوو..

بەکورتی نووسین، زانیاری و زانست زنجیر دەکاو ناهێڵێ پەرتەوازەبێ هۆکاری کۆنترۆڵ کردنی هەواڵی ڕووداوی ڕابردوانەو ئامێرێکی گرنگ و بەرچاوە بۆ گواستنەوەی زانیاری و زانستەکان لەنێوان نەتەوەکان دا، بەنووسین زانیارییەکان دەچەسپێندرێن و لێیان زیاد دەکرێ، پەیتا پەیتا زانیاری تازە دەخرێتە سەر زانیاری پێشوو سات دوای سات گەشە دەکات، ئیتر ژیارەکان و بیرو بۆچون و تێوەرەکان نەش و نما دەکەن، ئایینەکان پارێزگاری دەکرێن و هیدایەت و ڕێنمایی کردنی ئادەمیزاد بڵاودەبێتەوە .

بەڕاستی جێگای سەرنجە: کەیەکەم ئایەتی نازڵبووی قورئان فەرمان بە خوێندنەوەو نووسین بکا، ئادەمیزادەکان هەڵنێ بۆ هەوڵدان و تێکۆشان لەپێناو وەدەستهێنانی خوێندن و نووسین دا، لایەنێ: لەڕەحمەتی خودا بەبەندەکانی ئەوەیە: کە موعجیزەی حەزرەتی موحەممەدﷺ قورئانێك بێ بخوێندرێتەوەو نامەیەك بێ بنوسرێتەوە، بەمەرجێك لەوەو پێش ئەو پێغەمبەرە نەخوێندنی زانیوە نەنووسین! ئەو پێغەمبەرە بەڕێزە بەهۆی کاریگەری پەیامی پیرۆزییەوە ئوممەتەکەی لە حاڵەتی نەخوێندەوارییەوە گواستەوە بۆ ناو ڕۆشنایی زانست و زانیاری، شان بەشانی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام بەناو وڵاتان دا زانست و زانیاری و نووسین و خوێندنەوەش بڵاوبووەوە.

وەکوو لەئایەتێکی تردا قورئان ئاماژە بۆ ئـــەوە دەکـات دەفـەرموێ:
﴿هو الذي بعث في الأمين رسولاً منهم، يتلو عليهم آياته و يزكيهم و يعلمهم الكتابو الحكمة وإن كانوامن قبل لفي ضلال مبين﴾(الجمعة/٢)

پەروەردگار خودایەکی وەهایە ﴿علم الانسان ما لم يعلم﴾ ئـادەمیزادی فێری بیری ئەوشتانە کردوە: کەلەوەوپێش نەیدەزانین، کەواتە ئەو خودایەی کە بڕیاری داوە تۆ ببیتە خوێندەوار، هەر ئەو خودایەیە: کە ئـــادەمیزادی لەحاڵەتی هیچ نەزانینەوە گواستۆتەوە بۆ حاڵەتی زانـین و زانیـاری، دوای ئـەوەی هیچـــی نـــەزانیوە فـــێری ئـــەو شـــتانەی کـــردوە لـــەدونیادا پێداویستی‌یەکانی خۆی دابین بکاو سروشـــت بـۆ خـۆیْ رام بکـاو سـودی لیْوەربگریْ، دەی کەوابیْ بەدووری مەزانــە: کـە ئـەو خودایـە تـۆ فـێری خوێندنەوە بکا!

﴿كلا﴾ ئەی ئادەمیزاد واز لەسەر ڕەقی‌و سپڵەیی بێنــە، ئــەوە لەگـەڵ سروشتی تۆدا ناگونجیْ، **﴿إن الانسان ليطغى، أن رآه استغنى﴾** بێگومان ئادەمیزاد لەخۆی بایی دەبیْ و یاخی دەبیْ، بەرامبەر، نیعمەتەکانی خودا کافرو سپڵەیە، لەتاوانکاری دا زیادەڕەوی دەکـات، ئەمــەش هــەر کـاتیْ خۆی بە هەبوو بیْ ئاتاج زانی.

یان وشەی ﴿كلا﴾ بۆ ڕەدع نەبیْ، بەڵکوو بەمانا(حقا)بیْ، ئــەو کاتــە، مانای ئایەتەکە بەم جـۆرە دەکـریْ: بەڕاسـتی ئیـش و کـارو هەڵوێسـتی ئادەمیزاد سەیرو سەمەرەیە، لــەکاتیْ زەبوونــی و لیْ قـەومان دا دەسـت دەکا بەلالانـــەوەو دەپاڕێتـەوە، کـاتێکیش هەسـتی بـەتواناو دەسـەلاتی خۆی کردو خۆی بەبیْ ئاتـــاج زانــی، ئیـتر بوغـرا دەبــیْ و لــەخۆی بـایی دەبیْ و لوتبەرزو فیزەون خۆی دەنوێنیْ، ئــەوی خـودا پــیْی نـاخۆش بــیْ ئەنجامی دەدا.

زۆر بەی موفەسرین پێیان وایە، ئەم ئایەتە دەرحەق بەئەبوجەهل و هاووێنەکانی نازڵ بووە، بەڵام هەرکەسێ: ئەو ڕەوشتانەی تێدا بن دەیگرێتەوە، چونکە عیبرەت بە(عموم)ی لەفظە نەك بە (خصوص)ی سەبەب.

ئەمجار پەروەردگار هەڕەشەی توندیان لیٚ دەکاو دەفەرموێ: ﴿إن إلى ربك الرجعى﴾ بێگومان سەرەنجام و گەڕانەوەی هەموو ئادەمیزاد بۆلای خودایە، ئەو حیساب و لێکۆڵینەوە یان لەگەڵ دەکا، هەموو کەسێك پرسیاری لیٚ دەکریٚ چۆن ماڵ و سامانی کۆکردۆتەوەو لە چی دا خەرجی کردوە!

ئیبنو ئەبی حاتەم لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودەوە ڕیوایەت دەکا دەڵێ: دو چڵێس تێر ناخۆن، عەوداڵ بەدوا زانیاری داو عەوداڵ بەدوا دونیادا، بەڵام ئەم دوو پێڕە چون یەك نین، چونکە عەوداڵی زانیاری سات دوا سات ڕەزامەندی خودا بەدەست دێنێ. بەڵام دونیا ویست پتر سەرکەش و گومڕا دەبیٚ.

ئەمجار پەروەردگار چەند حاڵە تێکی ناشیرین و دزێوی ملهوڕ و لەخودا یاخی بووان ڕادەنوێنیٚ و دەفەرموێ: ﴿أرأيت الذي ينهى عبداً اذا صلى﴾ هەواڵم پیٚ بدە دەربارەی حاڵ و وەزعی ئەو ملهوڕە ستەمکارە: کە ئەبوجەهل و هاو وێنەکانیەتی پێم بڵیٚ : چۆن جورئەت دەکا ڕێگری لەبەندەیەکی خۆشەویستی من بکا: کە موحەممەدەو دەیەویٚ نوێژ بکا؟ چۆن پڕکێشی ئەوەدەکانە هێڵیٚ پێغەمبەر و شوێنکەوتوانی نوێژبکەن؟ ڕێگری خودا پەرستیان لیٚ دەکاو دەیەویٚ بتپەرستی بکەن!

ئای: کە تاوانێکی گەورەیە، کەنەفامییەکی کەم وێنەیە؟! ڕێگری نوێژکردن لە کەسێك بکەی کە لەهەموو کەس زیاتر پابەندی نوێژکردن بیٚو فێنکایی چاوی لەنوێژکردن دا بۆ دەستەبەربیٚ، نوێژ کردنی پیٚ لە

هه‌موو شتێك خۆشتر بێ! ڕیوایه‌تكراوه ئیمامی عه‌لی كۆمه‌ڵێكی موسوڵمان بینی له‌پێش نوێژی جه‌ژن دا نوێژی سونه‌تیان ده‌كرد، وتی : من نه‌مدیوه پێغه‌مبه‌ر شتی وای كردبێ، پێیان گوت: ئه‌ی بۆ جڵه‌وگیرییان لیٚ ناكه‌ی؟ وتی ده‌ترسم به‌رئه‌و ئایه‌ته بكه‌وم: كه‌ده‌فه‌رمویٚ: ﴿أرأيت الذي ينهى عبداً إذا صلى﴾.

به‌كورتی: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر! بڕوانه ئه‌و جۆره كه‌سانه: كه به‌ماڵ و سامان و له‌شساغی له‌خۆیان بایی ده‌بن و له‌خودا یاخی ده‌بن، ته‌نانه‌ت جڵه و گیری نوێژ كردن و خودا په‌رستی له‌موسوڵمانانیش ده‌كه‌ن، بۆ ئه‌وه‌ی بزانیٚ: كه‌چه‌ند دڵڕه‌ق و سته‌مكارن به‌رامبه‌ر خودا په‌رستان و چه‌ند خراپ و خائین و داخ له دڵن..!!

هه‌ڵبه‌ته ئه‌م ئایه‌ته گشتی‌یه‌و هه‌موو ئه‌وانه ده‌گرێته‌وه: كه مزگه‌وته‌كان كونترۆڵ ده‌كه‌ن و جۆره‌ها له‌مپه‌ڕو ڕێگری له‌به‌ر ده‌م نوێژكه‌ران دا دروست ده‌كه‌ن، به‌بیانووی جیاجیاوه زۆربه‌ی كات ده‌رگای مزگه‌وته‌كان دا ده‌خه‌ن، ده‌رس گوتنه‌وه‌ی ئاینی له‌مزگه‌وته‌كان دا مه‌نع ده‌كه‌ن، شه‌و نوێژ و قورئان خوێندن له‌مزگه‌وته‌كان دا یاساغ ده‌كه‌ن، بۆ هه‌موو ئه‌و مه‌نع كردن و یاساغكردنه‌ش بیانوویان هه‌ن و بیانوو ده‌دۆزنه‌وه. بانێكه‌و دوو هه‌وایه!!

﴿أرأيت إن كان على الهدى﴾ هه‌واڵم بده‌ریٚ و پێم بڵیٚ: ئه‌و یاخی‌بووه و سته‌مكاره، ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر ڕێبازی چاكه بوایه.

﴿أو أمر بالتقوى﴾ یان ئامۆژگاری ئاده‌میزادانی بكردایه بۆ خوداپه‌رستی، ئایا ئه‌و حاڵه‌ی باشتر نه‌بوو له‌و حاڵه‌ی، كه‌ئێستا تێیدایه و نایه‌ڵیٚ به‌نده‌ی ڕاستاڵی خودا نوێژ بكا.

یان پێده‌چیٚ خیطابه‌كه ئاڕاسته‌ی كابرای كافرو سته‌مكار كرابیٚ، واته: ئه‌ی بابای كافر، ئایا پێم ناڵیٚی: ئه‌گه‌ر نوێژی ئه‌و به‌نده‌یه‌ی كه ناهێڵیٚ

نوێژەکەی بکا هیدایەت بێ و بانگەوازی یەکەی فەرمانکردن بەتەقوا بێ، ئایا هەر جڵەوگیری نوێژ کردنی لێ دەکەی؟ ئەمە تەصویرەکەی بەمجۆرەیە: ستەمکارو ستەملێکراو هەردووکیان لای حاکم ئامادە کرابن، ئەمجار دادوەر هەرجارە ڕوی خیطاب ئاڕاستەی یەکێکیان بکا!!

﴿أرأيت إن كذب وتولى﴾ ئایا تۆ نابینی ئەی موحەممەد؟ واتە: هەواڵم بدەرێ دەربارەی حاڵ و وەزعی ئەو کافرە: کەئەبو جەهل و هاو وێنەکاننی، ئەگەر بەڵگەو نیشانەکانی تاك و تەنهایی خودا و دیاردەکانی تواناو دەسەڵاتی سەر سوڕهێنەری بەدرۆبخاتەوە، پەیامی پێغەمبەرەکەی ڕەت بکاتەوەو پشت لە ئیمانهێنان بەخوداو بەپێغەمبەر هەڵبکا.

﴿ألم يعلم بأن الله يرى﴾ ئایا ئەو کافرە نازانێ: کەخودا دەیبینێ و ئاگای لە هەڵس و کەوتیەتی و نیازو مەبەستی دەزانێ و لەوەو دوا پڕاو پڕ سزای دەداتەوە؟ دەی چۆن جورئەتی ئەوە دەکاو بەچ عەقڵێك هەڵوێستی ئاوا دەنوێنێ؟

﴿كلا﴾ بائەو بێ بڕوا ستەمکارە دڵڕەقە واز لەو هەڵوێستە دزێوو ناشرینانەی خۆی بێنێ! باچی تر جڵەوگیری لە بەندەی خۆشەویستی خودا نەکا: کەنوێژ دەکا.

﴿لئن لم ينتة لنسفعن بالناصية ناصية كاذبة خاطئة﴾ سوێند بەخودا ئەگەر واز لە هەڵوێستی بەدکارانەی خۆی نەهێنێ و بەردەوام بێ لەسەر ئەزیەتدانی پێغەمبەرو شوێنکەوتوانی، ناو چەوانی دەگرین، واتە: بەقژی پێشە سەری کێشی دەکەین بۆ ناو ئاگری دۆزەخ، ناو چەوانێك: کە خاوەنەکەی درۆزن و تاوانبارە، گاڵتەی بەتاوانکردن دێ و بەشتێکی ئاسایی دەزانێ.

ئەهلی نادی و خزم و عەشیرەتی بکا بۆ یارمەتیدانی و ڕزگار کردنی لەعەزابی خودا، ئێمەش فریشتە زەبر بەدەست و تورەو ڕق ئەستورەکانی دۆزەخ بانگ دەکەین بۆ ئەوەی بالْبەستی بکەن و بەقژی پێشە سەری بەرەو دۆزەخ ڕایکێشن .

ئەمجار بابزانرێ کام لایەنیان سەرکەوتوو دەبن؟!

بۆخاری و تیرمیزیو نەسائیو ئیبنوجەریر لە ئیبنوعەبباسەوە ریوایەت دەکەن، دەفەرموێ کە ئەبوجەهل وتی: ئەگەر موحەممەد ببینم نوێژ بکا، قاچم دەخەمە سەر گێزەرەی ملی. ئەم قسەیە بە پێغەمبەرﷺ گەیشت، فەرمووی: ئەگەر وابکا فریشتە دەیگرن و دەی پێچنەوە.

﴿کلا، لا تطعه، واسجد و اقترب﴾ ئەی موحەممەد نەکەی کارسازی لەگەلْ ئەو کافرە دلْڕەقە بکەی، نەکەی گوێی بۆ ڕابگرێ و بەقسەی بکەی، ئەوە دەوژمن و ناحەزتە، پابەندی فەرمانی خودابەو هەولْ بدە بەتاعەت و بەندایەتی خۆت لەخودا نزیك بکەیتەوە، ئەوە دەبێتەهۆی شکۆمەندی وسەربەرزی تۆ لەدونیاو قیامەتدا، چەندێك خۆت لەخودا نزیك بکەیەوە سام هەیبەتت لەدلْی دوژمنەکانتدا زیاد دەبێ، عیبادەت و خوداپەرستیێ شورای پۆلاین و ڕێبازی ڕزگار بوونن.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (القدر)

ئەم سورەتە مەککییەو پێنج ئایەتە. ناوی نراوە سورەتی (القدر) بەناوی ئەو شەوە ڕێزدارەی: کە قورئانی تێدا نازلْ کراوە.

لەم سورەتە پیرۆزە مەککییەدا مێژووی سەرەتای نازلْبوونی قورئان باس دەکا، باسی ڕێزو پیرۆزی شەوی قەدر دەکا، کە شەوێکی گەورەو ڕێزدارە،

لەباقی شـــەوو ڕۆژەکـانی ســاڵ پـیرۆزترە، چونکـە ئـەو شـەوە فریشـتەو جوبرائیل قورئانیان هێناوەتە خوار، جۆرەها نـــورو ڕەحمـــەت وبەرەکـەت، خـێرو فـەڕ نـازڵ بـوون و نـازل دەبنـــە ســـەرزەوی. ڕەحمـــەت بـــەندە موسوڵمانەکانی خودا دادەپۆشێ.

ئەوەی ئاشکراو چەسپاوە ئەوەیە: قورئـــان وەجبـە وەجبـە لـە مـاوەی بیست و سێ ساڵ دا نازڵ بووە، کەواتە: کە دەفەرموێ: قورئانمان لەشەوی قەدر دا نازڵ کردوە، مەبەستە کە ئەوەیە سەرەتای نازڵبوونی قورئان لـەو شەو پیرۆزەدا هاتۆ تەخوارێ، چونکە حـــەزرەتی موحەممـەد ﷺ لـەمانگی ڕەمەزان دا پلەی پێغەمبەرێتی پێ بەخشراوە.

هەندێك پێیان وایە: لەشەوی قەدردا قورئان هەمووی نـــازڵ کـراوە بـۆ ئاسمانی دونیا، ئەمجار لەوێوە بەگوێرەی پێویست لەماوی بیست وسێ ساڵ دا نازڵ کراوە بۆ پێغەمبەر ﷺ.

سورەتی (القدر)

بسم الله الرحمن الرحیم

إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ ﴿١﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ ﴿٢﴾
لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ ﴿٣﴾ تَنَزَّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ
فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ ﴿٤﴾ سَلَٰمٌ هِىَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ ٱلْفَجْرِ ﴿٥﴾

دەفەرموێ: ﴿انا انزلناه في ليلة القدر﴾ ئێمە لەشەوی قەدردا دەستمان کردوە بەناردنی قورئان، شەوی قەدر شەوێکی پڕ فەڕو بەرەکەتــە، وەکــوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿انا انزلناه فى ليلة مباركة﴾ (الدخـان/٣)

هەڵبەتە ئەو شەوە پیرۆزە لـەمانگی ڕەمـەزان دایـە، ئامـاژە بـەوە: کـە لەئایەتێکی تـردا دەفـەرموێ: **﴿شهر رمضان الذی أنزل فیه القرآن﴾** (**البقرة**/٨٥) واتـە: لەشـەوی قـەدردا لـەمانگی ڕەمـەزان سـەرەتای نازڵکردنی قورئانمان دەست پێ کـرد، ئـەمجار بـەگوێرەی ڕوداوو پێویست لەماوەی (٢٣) ساڵ دا پارچە پارچە ئایـەت ئایـەت و سـورەت سـورەت هەموو قورئانمان بۆ پێغەمبەر ناردۆتە خوارێ.

لە شوێنێکی تردا دەفـەرموێ: **﴿حم: والکتاب المبین انا أنزلناه في لیلة مبارکة انا کنا منذرین فیها یفرق کل امرحکیم﴾**(الدخان/١-٣).

ئەمجار پەروەردگار ڕێزو نرخی ئەو شەوە پیرۆزە بەیان دەکاو دەفەرموێ: **﴿ومـا ادراك مـا لیلـة القـدر؟ لیلـة القـدر خـیر مـن ألـف شـهر﴾** ئەتۆ چوزانی شەوی قەدر چییە؟ چوزانی ئەو شەوە چەند گەورەو ڕێز دارە لـەلای پـەروەردگار، شـەوی قـەدر کـردەوەی چـاك و عیبـادەتکردن تێیدا لەتاعەت و عیبادەتی هەزار مـانگ باشـترە کـە شـەوی قـەدریان تێدا نەبێ.

نـاوی قـەدری لێنـراوە، چونکـە پـەوەردگار لـەو شـەوەدا هـەموو شتێك تـا سـاڵێکی تـر مـەزندە دەکـا ، تەمـەن و ڕزق و ڕۆزی هـەموو گیانلەبـەرێك لـەماوەی ئـەو سـاڵەدا، هـەروەها هـەموو ڕوداوو جم و جوڵێـك دیاری دەکا..

یـان نـاوی قـەدری لێ نـراوە لەبـەر ڕێـزو نـرخ و فـەڕو بەرەکـەتی، زومەخشەری دەفەرمووێ: مانای شەوی قەدر واتە: شەوی مەزندە کردنـی کارو بارو ڕوداو، ئاماژە بەوە: کە قورئان لەشـوێنێکی تـردا دەفـەرموێ: **﴿فیها یفرق کلّ امرحکیم﴾**(الدخان/٤) .

وێدەچی مەزندە کردن تێیدا، ئەوەبێ: کـە تاعـەتکردن تێیـدا باشـترە لەتاعەتکردنی هەزار مانگ .

ئیمام ئەحمەدو نەسائی لە ئەبوهورەیرەوە ریوایەت دەکــەن دەڵــێ: کــە مانگی ڕەمەزان هات پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەوە مانگی ڕەمەزان هات مانگێکی پیرۆزە، خودا لەسەری پێویست کردون ڕۆژە کانی بــەڕۆژو بــن. دەرگاکانی بەهەشتی تێدا دەکرێتەوە، دەرگای دۆزەخی تێــدا دادەخرێــن. شــەیاتینی تیــدا زنجیر دەکرێــت، لــە شــەوێکی پــڕ فــەڕو بەرەکــەت دا: کە لە هەزار مانگ باشترە، کەسـێك لــەو خـێرو بـێرە بــێ بــەش بکــرێ ئەوە بێ بەش کراوە .

لە صەحیحی موسلیم و بوخاری دا فەرمودەیەك هەیــە ئــەبو هوڕەیــڕە ریوایەتی کردوە، دەڵــێ: پێغەمبــەر ﷺ فــەرمووی: (مـن قـام لیلـة القـدر ایمانا و احتسابا، غفر له ما تقدم من ذنبه) کەسێك شەوی قەدر خــەریکی عیبادەت و خوداپەرستی بێ، بڕوای بە پاداش و ســزا هــەبێ و بەتــەمای ئەوەبێ خودا پاداشی دەداتەوە، لە تاوانی ڕابردوی چاوپۆشی دەکرێ.

﴿تنزل الملائكة و الروح فيها بإذن ربهم من كــل أمــر﴾ لــەو شــەوە پــیرۆزەدا فریشــتەکان و جوابرائیلیــش لەگــەڵیان دا لــــە ئاسمانەکانــــەوە دادەبەزنە سەر زەوی، هەرچی بڕیارو کاروبارێکی دونیــا هەیــە تــا ســاڵی داهاتوو، لەگەڵ خۆیان دەیهێنن.

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (ان الله يقدر المقدر في ليلة البراءة فاذا كان ليلة القدر يسلمها إلى أربابها) پــەروەردگار لەشــەوی بــەرات داشـــتەکان مەزندە دەکا، کەشەوی قەدر هات ئیــتر فــەرمان و بڕیارەکــانی دەدا بــە فریشتە بەرپرسەکان، هەر فریشتە یــەو ئــەرکی خــۆی پــێ دەسـپێردرێ، چونکە بەبێئیزنی خودا هیچ کارێك ئەنجام نادەن. وەکو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وما نتنزل إلا بأمر ربك﴾(مريم/٦٤).

مەبەست بەوشەی (الروح) لە ئایەتە کەدا حەزرەتی جوبرائیلە، هێنانی ناوی ئەو بە دوا ناوهێنانی فریشتەکاندا (عـەطفی خاصە بۆسـەر عـام) و

جۆرە ڕێز دانێکە بەو فریشتە پایە بەرزە، سودی نازڵبوونی فریشتەکان بە جوبرائیلیشەوە لەو شەوەدا لە ئاسمانە کانەوە بۆ سەرزەوی، ئەوەیە ئـــەوان لەو شەوەدا جۆرەها تاعەت و خودا پەرســـتی ئـادەمیزا دەکـان دەبینـن، گوێیان لە جۆرەها نزاو پاڕانەوەی تاوانبارانی تۆ بەکار دەبیٚ، کە ئەوجۆرە پاڕانەوانە لای خودا لە تەسبیحاتی فریشتەکان خۆ شترە، دەڵێن وەرن ئەم دەنگە ببیسن: کەلای خودا لە تەسبیحاتی ئێمە خۆشترە.

﴿سلام هی حتى مطلع الفجر﴾ ئـــەو شـەوە پـیٚرۆزە پـڕ خـیٚرو فـەڕە هـەمووی ئـەمن و ئاسـایش و خـیٚرو بـیٚرە، هـەر لـە خـۆر ئاوابوونـــەو تادەرکەوتنی سپێدەی بەرەبەیان بەرەکەت و ڕەحمەت دەبارێ، فریشـــتەکان پۆل پۆل دێنە خوارێ، لەو شەوەدا خودا هەر خێر دەبــارێنیٚ، هــەر خـیٚرو فەڕو ڕەحمەت مەزندە دەکا بەسەر خودا پەرســتاندا، شـەوێکە شـەیاتینی دەسەڵات و توانایان بەسەر موسوڵمانانندا نیە، شەوێکە هەمووی پـیرۆزە، ڕەحمەتە، ئاساییشە، سودو قازانجی دین و دونیای تێدایە.

هەندێك پێیان وایە: شەوی قەدر تەصادوفی شـــەوی بیسـت و حـەوتی ڕەمەزان دەکا، هەندێك دەڵێن: شەوی بیست و یەکە، هەندێکی تردەڵێــن: دەکەوێتە (دە)ڕۆژی کۆتایی ڕەمەزان.

هەندێکیش دەڵێن: لەمانگی ڕەمەزان دایەو بەڕەهایی هێشتویانەتەوە.

حیکمەت لە نهێنی کردن شەوی قەدرو دیــاری نـەکردنی، دەق وەکـوو نهێنی کردنی کاتی مردن و کاتی ڕابوونی قیامەتە، بۆ ئەوەیـە بـەندەکان زۆر خوداپەرستی بکــەن و هەمیشـە لەهـەوڵ وتێکۆشـان دا بـن و هیـچ کاتێك لە خودا غافڵ نەبن، فێری تەمبەڵی نـەبن و پـاڵی لیٚ نەدەنـەوە، ئەگـەر ئـادەمیزاد هـەوڵی دا ئەوشـەوانە زینـدو بکاتـەوە کـەپێی وایـە تـەصادوفی شـەوی قـەدر دەکـەن، پـەروەردگار شـانازی دەکـا بەســـەر فریشتەکانی داو پێیان دەفەرموێ: ئاها سەیر بکەن ئادەمیزادەکــان چـۆن

سەرگەرمی خوداپەرستین لەکاتێکا دڵنیاش نین کە ئەوشەوە شەوی قەدرە، دەبێ ئەگەر دڵنیا بوونایە کە ئەو شەوە قەدرە چییان بکردایە؟ ئەم بەندانەم ئەوانەن کە کاتی خۆی ئێوە دەربارەیان گوتتان ﴿**اتجعل فيها من يفسد فيها ويسفك الدماء**﴾(البقرة/٣٠).

شەوی قەدر ئەوەندە بەرزو پیرۆزو بەنرخە، زانیاری ئادەمیزاد دەرکی حەقیقەتی ناکا، شەوێکە گەوەرەو پیرۆز بووە بەوە خودا هەڵی بژاردوە بۆ ئەوەی ببێتەکاتی سەرەتای نازڵبوونی قورئان و ڕژانی ئەو فەیض و بەرەکەت بەسەر زەوی دا، ناردنە خوارەوەی ئاشتی و ئاسایش: کە لە روحی خوداوە ڕژایە سەر وێژدانی ئادەمیزاد.

بە داخەوە ئادەمیزاد بەگشتی لە بەر نەزانی و نەفامی خۆی لە ڕێزو گەورەیی شەوی قەدر بێ ئاگابوون، حەقیقەتی ئەو ڕوداوە گەورەیەی لەو شەوەدا ڕوی دا باشگۆی خستووە.

بەڕاستی لەو کاتەوە ئادەمیزاد ناوەڕۆکی ئەو حەقیقەتەی پاشگۆی خستووە، پیرۆز ترین و گەورەترین نیعمەتی خودایان لەکیس چووە، ئاشتی و ئارامی لەدەست دا، ئاشتی و ێژدان و ئاشتی تاك و کۆمەڵ و ئاشتی خێزان و ئاشتی ئادەمیزاد بەگشتی لەدەست داوەو خەسارەتمەندی دونیاو قیامەت بوون. هیچ کامێك لەپێشکەوتنی مادی و ژیاری و بیناسازی هتد.. قەرەبووی ئەو زیانەی بۆ نەکردنەوە.

چەندێك ئادەمیزاد ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێ لەبواری ماددی دا پێشکەوتنی بەدەست هێناوەو هەنگاوی سەر سوڕهێنەری ناوەو قۆناغی بەرچاوی بڕیوە . بەڵام چونکە بەرنامەی خودای پاشگۆی خستوە توشی تەنگ و چەڵەمەو ئاشوب و قەلەق و دڵە ڕاوکێك بووە ژیانی شیرینی لێ تاڵ بووەو خۆشی لەژیانی دونیای نابینی وقیامەتیشی لەکیس چووە!!

ئێمەی موسوڵمان نابێ ئەوڕوداوە گەورەیەی لە شەوی قەدردا ڕوی دا پاشگۆی بخەین. پێویستە هەموو کاتێ ئەو یادە بکەینە بەرێزە وە لێی بڕوانین، بەتایبەتی: کە حەزرەتی پێغەمبەر ﷺ ڕێگای ئاسانی بۆ دیاری کردوین بۆ زیندو کردنەوەی ئەو یادە پیرۆزە لەناخمان دا بۆ ئەوەی گیانە کانمان پەیوەست بن بەناوەڕۆکی ئەو ڕوداوەگەورەوە کەلەشەوی قەدردا ڕویدا ئەوەتا پێغەمبەرﷺ هەڵمان دەنێ بۆ ئەوەی هەموو ساڵێك لە (دە) شەوی کۆتایی ڕەمەزان دا لەشەوی قەدر بکۆڵینەوەو خوداپەرستی زۆری تێدا بکەین.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (البینة)

ئەم سورەتە مەدەنییەو هەشت ئایەتە. ناوی نراوە سورەتی (البینة) چونکە بە ئایەتی ﴿لم یکن الذین کفروا من اهل الکتاب والمشرکین منفکین، حتی تأتیهم البینة﴾ دەستی پێ کراوە.

دەگوترێ: ئەم سورەتە وەکوو هۆکار (العلة)وایە بۆ سورەتی پێشوو، لەم ڕووەوە: کە لەسورەتی پێشوودا فەرمووی: ﴿انا أنزلناه في اليلة القدر﴾ وەکوو بڵێ گوتراوە بۆچی قورئانی نازڵ کردوە؟ دەفەرموێ: چونکە کافرەکان واز لەکوفرو بێدینی خۆیان ناهێنن هەتا بەڵگەی ئاشکرایان بۆ نەیە. کەوابێ سەرەتای ئەم سورەتە وەکوو عیللەت و باییس وایە بۆ سەرەتای سورەتی پێشوو.

زۆر فەرموودەو ڕیوایەت هەن دەربارەی گەورەیی ئەم سورەتە، لەوانە: ئەحمەدو بوخاریو موسلیمو تیرمیزیو نەسائی لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ریوایەتیان کردوە دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ بە ئوبەی کوڕی کەعبی

فـەرموو: (ان الله أمرنـی أن أقـرأ علیـك: ﴿لم یکـن الذیـن کفـروا مـن أهـــل الکتاب﴾) ئوبـــەی وتـــی: بـــۆ چـــی بەتایبـــەت خـــودا نـــاوی منـــی هێنـــا ؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: بەڵێ، ئیتر ئوبەی دەستی کرد بەگریان[1] .

ئیمام ئەحمەد لەمالیکی کوڕی عەمری کـــوڕی ثـــابیتی ئەنصارییـــەوە بەهەمان مانا فەرموودەیەکی تری ڕیوایەت کـــردوە. وێـــڕای خوێندنـــەوەی سورەتەکە، پێغەمبەرﷺ ئەمەشی فەرمووە: ئەگەر ئادەمیزاد پڕ بەشێوێك ماڵ وسامانی بدرێتێ داوای شـــیوێکی تردەکـــا، ئەگـــەر شـــێوی دووەمـــی بدرێتی داوای شێویکی تردەکا، گڵ نەبێ هیچی تر ئادەمیزاد تـــێر ناکـــا. هەرکەسێ تۆ بەبکا خودا تۆبەی لی وەردەگرێ.

ئایینی ڕاست لای خودا ئـــایینی یەکتاپەرستی و خاوێنـــە، ئایینێکـــە هاوەڵی تێدا بەڕەوا نەزانرێ بۆ خودا، ئایینی جولەکەو مەسیحی نەبێ.

سورەتی (البینة)

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ
حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ ﴿١﴾ رَسُولٌ مِّنَ اللَّهِ يَتْلُو صُحُفًا مُّطَهَّرَةً ﴿٢﴾
فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ ﴿٣﴾ وَمَا تَفَرَّقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِن
بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَةُ ﴿٤﴾ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ
لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ ۚ وَذَٰلِكَ دِينُ

(١) رواه مسلم في (٦)کتاب صلاة المسافرين، باب استحباب قراءة القرآن علی أهل الفضل (حدیث ٧٧٩) لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە.

ٱلْقَيِّمَةِ ﴿٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ
فِى نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٦﴾ إِنَّ
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٧﴾
جَزَآؤُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ
فِيهَآ أَبَدًا ۖ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِىَ رَبَّهُۥ ﴿٨﴾

دەفەرموێ: ﴿لم يكن الذين كفروا من أهل الكتاب والمشركين منفكين حتى تأتيهم البينة﴾ ئەوانەی بێ بڕوا بوون لە ئەهلی کیتاب و بتپەرستەکان، جیانەبوونەوەو وازیان لە بیر و باوەڕی بەتاڵی خۆیان نەهێنا تابەڵگەی ئاشکرایان بۆنەهات: کە بریتی بوو لە ڕەوانەی کردنی پێغەمبەر یان نازلکردنی قورئانی پیرۆز.

واتە: کافرەکان وازیان لە کۆوفرو شیرکی خۆیان نەهێنا هەتا پێغەمبەر هاتە سەریان و گومڕایی وسەرلێ شێواوی خۆیانی بۆ ڕون کردنەوە بانگەوازی کردن بۆ ئیما نهێنان و خوداپەرستی.

ئەمجار مەبەست لە (البينة) دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿رسول من الله يتلو صحفاً مطهرة، فيها كتب قيمة﴾ ئەو بەڵگە و نیشانە ئاشکرایە پێغەمبەرێکە لە خوداوە ڕەوانە کراوە بۆ سەر هەموو ئادەمیزاد و جندۆکە، ڕەحمەت و هیدایەت بۆیان، ئایەتی قورئانیان بۆ دەخوێنێتەوە، قورئانێك: کە پاك و خاوێنە لەهەموو عەیب و نەقصێك، هیچ درۆو شوبهەی لەخۆ نەگرتوون، گۆڕانکاری و تێکەڵاوی و وتەی بێسەرو بەرو بێ‌مانای تێدا نین، بەڵکو حەقو ڕاستی لە خۆ گرتووە، ڕێبازی ڕاست و

حەق نیشانی موشریکەکان وخاوەن نامەکان دەدا، ئەوەی لێیان شێواوە و سەریان لیٚ تێکچوە بۆیان ڕاست دەکاتەوە، ئەحکام و بڕیاری موحکەم و پڕ فەڕو قازانج بۆ دین و دونیایان بۆ ڕون دەکاتەوە.

بێگومان پێش ناردنی پێغەمبەری ئیسلام سەرزەوی ئەو پەڕی پێویستی هەبوو بە پەیامێکی تری ئاسمانی، ئاشوب و فیتنەو فەسادو داوەشان هەموو سەرزەوی داگیر کردبوو، نەتەوەیەك نەبوو ئاینێکی ڕاستی هەبیٚ، کۆمەڵێك نەدەبینرا ڕێبازێکی خودا پەرستی گرتبێتە بەر، فەرمانڕەوایەك نەبوو لەسەر بنەمای دادو خوداناسی دروست بووبیٚ..

دژایەتی و دوژمنایەتی لەناو دڵی ئادەمیزادەکان دا ڕوابوو، خوێنی خەڵك بە ناڕەوا دەرژێنرا، ماڵی ئەم و ئەو بەخۆڕایی دەبراو دەخورا، کەس لە تاوان نەدەگەڕایەوە، هەرچی دەستی بڕۆیشتایە کۆی لە ستەم نەدەکرد، چاوەڕوان نەدەکرا بەبیٚ ناردنی پێغەمبەرێکی وەکوو پێغەمبەری ئیسلام و پەیامێکی تری وەکوو پەیامی قورئان چارەسەری ئەو هەموو فەسادو خراپەکاریانە بکریٚ، **کوفرو** بێدینی چوبوە ناخ و دەروونی هەموو کەسێکەوە.

خاوەن نامە ئاسمانییەکانیش ئایینەکەیان لیٚ گۆڕا بوو یەکتاپەرستی نەدەکرا، ئایینی حەق و ڕاستی ئاسمانی لەیادی خەڵکەکە چوو بووەوە، بتپەرستی لەنیوە دورگەی عەرەبی و دەرەوەی دا ڕەگی داکوتا بوو، بەجۆرێك تەصەور نەدەکرا ئەوانە واز لەکوفرو بێدینی خۆیان بێنن ئیلا بەم پەیامە تازە نەبیٚ: کە پەیامی ئیسلامەو دەبوایە لەسەر دەستی ئەو پێغەمبەرەی: کە قورئان پەیامیەتی و ناوو نیشانەی ئاشکراو نمایانە بەکۆتا بیٚ...

بۆیە ئەو پێغەمبەرە سەردارە بەڕێزە لە کاتی خۆیدا ڕەوانە کراو قورئان لەکاتی پێویستی خۆی دا نازڵ بوو، بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی

لەزەوی دا بنوێنێ و ڕۆڵی خۆی بگێڕێ، کاریگەری و ڕۆڵێك کە بەو جۆرە نەبوایە سەرزەوی ئیصلاح نەدەبوو.

بێگومان سەدەی شەشەم و حەوتەمی زایینی دارِزاوترین ڕۆژگارو خراپترین سەردەم بووە، مرۆڤایەتی چەند سەدەیەك بەرەو دواوە گەڕابوەوە، ڕۆژ بە ڕۆیش بەرەو ڕوخان و تێدا چون هەنگاوی دەنا.

هێزێکی مەعنەوەی نەبوو بتوانێ بەرگری لە تێکڕوخانی مرۆڤایەتی بکا، بەڵکو ڕۆژ گار بە پەلە ئادەمیزادی بەرەو هەڵدێر دەبردو خەم خۆرکە لەهەموو لایەکەوە کنەی لێ دەکردن، ئادەمیزاد لەوکات سەردەمانەدا خودایان لە بیر چوبوەوە، خۆشیان لە بیر چویوەوە و نەیاندەزانی بەرەو وکوێ دەڕۆن، کەس چاك و خراپی خۆی نەدەزانیو نەیدەتوانی خێرو شەڕلێك هەڵاو وێرێ و جو داوازی بخاتە نێوان پەسند و ناپەسندەوە ..

زەمانێك بوو بانگەوازی پێغەمبەران کپ بوبوون، ڕوناکی چرا داگیرساوەکانی کوژابوونەوە، یان تروسکایەکی کەم و بێ هێزیان مابوو، دڵەکانی ڕوناك نەدەکردەوە، ج جایی بتوانن ناو ماڵەکانیان ڕوناك بکاتەوە.

پیاوە ئایینیەکان گۆڕەپانی بانگەوازی و خەباتیان چۆڵ کردبوو، پەنایان بردبوە بەر دێرو کڵیسەو خەڵوەتگاو چۆڵەوانیەکان، بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاری ئایینی خۆیان بکەن و خۆیان لە فیتنە و ئاشوب بدزنەوە، یان حەزیان لە تێکۆشان و بانگەوازی بۆ دین نەمابوو، حەزیان لە تەمبەڵی و پاڵدانەوە بوو، نەیاندەتوانی لەگەڵ ژیانەکە هەڵبکەن، یان بڵێ: لەبواری جیهادو تێکۆشان و ڕوبەڕوبونەوەدا شکستیان هێنابوو، نەیانتوانی پەروەردەی جەستە و گیان بەیەکەوە بکەن، گیان و ماددەیان لێك جیاکردبوەوە، بەخەیاڵی خۆیان وازیان لە مادده

پەرستی هێنابوو، خەریکی پـــەروەردەی گیانیــان بــوون، خۆیــان کردبــوە رەبەن و خەڵوەکێش!!

هەندێکیش لە پیاوە ئایینیەکان کە لەناو کۆمــەڵگاکادا مابوونــەوە و کەنارگیر نەبوبوون، لەگەڵ پاشاو فەرمانڕەواو دەرەبــەگ و دونیاویســتەکان دا تێکەڵاو بو بوون، یارمەتیدەریان بوون بۆ دست درێژی و ســتەمکاری و ماڵخواردنی خەڵك بەناحەق.

ئایینە ئاسمانییەکان بوبوونە گاڵتە جاری کاربەدەست و دام ودەزگاکانی قەیصەرو پاشاکان، تاوانباران بەئارەزوی خۆیــان دەســتکارییان دەکــردن، هــەتاوای لیٚهــاتبوو نــاوەڕۆکی ئایینــەکان نــەمابوو؛ بــەڵکوو پەیکـــەرو شێوازیشیان شێوێندرا بوو، ئەگەر هەڵگرانی پێشــووی ئایینــەکان زینــدو بکرانایەوە هێچیان نەیدەزانی کامە ئایینەکەیانە.

مەرکەزو پایتەختی ژیارو ڕۆشنبیری و فەرمانڕەوای و ڕامیاری بوبونــە شانۆی ئاشوب و فیتنەو داڕزان و داوەشان و نائارامی و بشێوی و فەساد، وەها بەخۆیانەوە هەڵەو گیر بوبوون نــەیاندەتوانی ئیصلاحــی نــاو خۆیــان بکەن چ جــایی دەوروبــەر چــاك بکــەن، لــەبواری مەعنــەویدا ئیفلاســیان کردبوو، سەرچاوەی گیانیان وشك بو بوو، شەریعەتێکی ئاسمانی نــەمابوو بەصافی و بێگەردی، ڕژێمێکی یاساپەروەر لەسەرزەوی نەبوو. ئەمە بــوو حاڵ و وەزعی مرۆڤایەتی و ئایینە ئاسمانییەکان و پیــاوە ئایینیــەکان لــە پێش ڕوانە کردنی حەزرەتی موحەممەددا.

بۆیە فەزڵ ڕەحمەتی خودا داخوازی ئەوە بــوو پێغەمبــەرێك بنــێری بــۆ ڕزگار کردنی ئادەمیزاد لەو سەرلیٚ شێواوی و گومڕاییەی تێیکــەوتبوو، تابینە قاقای نوغرۆ بــو بــوو، حیکمــەتی خــودا وابــوو ئــەو پێغەمبــەرە پەیامەکــەی قورئــانی پــیرۆز بــیٚ، بــۆ ئــەوەی بتوانــیٚ خــاوەن نامــەکان

بتپەرستەكان وا لیّ بكاواز لە بیرو باوەڕی خۆیان بیّنن و باوەش بـەئایینی ئیسلام دا بكەن.

﴿وما تفرق الذيـن أوتـوا الكتـاب الامـن بعـد ماجاءتـهم البينـة﴾ خاوەن نامەكان لەگاورو جولەكە جوداوازییان تیّ نەكـەوت مەگـەر كـاتیّ نەبیّ كەبەڵگەیان بۆ هات و حەق و ڕاستییان بۆ دەركەوت، پەرتەوازەیی و راجیاییان لەبەر ئەوە نەبوو سەریان لیّبشیّویّ و ڕاسـتیان لیّ گـوم ببـیّ، بـەڵكوو كاتـیّ تەفرەقـەیان تیّكـەوت: كـە حـەقیان بـۆ دەركـەوت، پیّغەمبەریّكیان بۆ ڕەوانە كرا: كەموحەممەدە، قورئانیّكی بۆ نـازلّ كـراوە: كـە لەگـەڵ دەقـی نامـەكانی ئـەوان یـەك دەگریّتـەوە، نـاوو نیشـانی پیّغەمبەریش لەنامـەكانی ئـەوان دا دیـاری كـراوە، كـەچی كـاتیّ ئـەو پیّغەمبەرە بەو ناوونیشانە ئاشكرایانەوە هاتەسەریان و بانگـەوازیكردن، هەندیّكیان بڕوایان پیّ كردو هەندیّكیان پەیامەكەیان ڕەت كردەوە.

وەكوو لـە ئایـەتیّكی تـردا دەفـەرمویّ: ﴿ولا تكونـوا كـالذين تفرقـوا واختلفـوا مـن بعـد ماجـاءهم البينـات وأولئـك لهـم عـذاب عظيـم﴾ (آل عمران /١٠٥) ، یان دەفـەرمویّ:﴿ومـا تفرقـوا الأ ء ن بعـد جـاءهم العلـم بغياً بينهم﴾(الشورى/١٤).

فەرمودەیـەكی پیّغەمبـەر ﷺهەیـە بـە چـەند جۆریّـك و لەچـەن زنجیرەیەكـەوە ریوایـەت كـراوە، یـەكیّ لـەو ڕیوایەتانـە ئەوەیـە: دەفەرمویّ: (ان اليهود اختلفوا على احدى و سبعين فرقـة، وان النصـارى اختلفوا على ثنتين وسبعين فرقة، وستفترق هذه الأمة على ثلاث وسـبعين فرقـة، كلها فى النـار الا واحـدة، قـالوا، منـهم يارسـول الله؟ قـال مـا أنـا عليه وأصحابي)[1] .

(١) تەفسیری ئیبنو كەثیر ج ٢٠٥٨/٤ .

سەیرە ئەهلی کیتاب پێش ڕەوانە کردنی پێغەمبەرﷺ هەموویان کۆك بوون لەسەر ئیمان پێهێنانی، کەچی کە ڕەوانە کرا بۆ سەریان تەفرەقەو جودا وازییان تێکەوت.

﴿وما أمروا الاليعبدوا الله مخلصين له الدين حنفاء، ويقيموا الصلاة ويؤتوا الزكاة، وذلك دين القيمة﴾ ئەوانەی دوای ڕەوانە کردنی پێغەمبەری ئیسلام تەفرەقەیان تێکەوت و بوونە گرۆ گرۆ، لەحاڵێك دا ئەوان لە تەورات و ئینجیل دا یان لە قورئان دا فەر مانیان پێ نەکراوە بەعیبادەتکردن بۆ هیچ کەسێك ئیللا بۆ خودانەبێ..

فەرمانیان پێکراوە بەیەکتا پەرستی بەخودا پەرستی ڕاستە قینەو دڵسۆزانە، هاوەڵی بۆ بەڕەوا نەزانن، واز لە هەموو ئایین و بیرو باوەڕێك بهێنن بۆ ئایینی ئیسلام، نوێژەکانیان بەبەردەوامی و بەدڵسۆزی لە کاتی خۆیان دا ئەنجام بدەن، زەکاتی ماڵی خۆیان دەرکەن بۆ ئەوانەی شیاوی زەکات پێدانن. ئەمەی فەرمانیان پێکراوە داخوازی یەکیەتی و تەبایی‌یە، نەك دژایەتی و پەرتەوازەیی.

لەگەڵ دووبارەکردنەوەی ئەو ڕاستییە کە پەیامی حەزرەتی موحەممەدﷺ برییتیە لە ناوەڕۆکی پەیامی پێغەمبەرەکانی پێشوو پەیڕەوو پڕۆگرامی موحەممەد دەق پەیڕەو پڕۆ گرامی ئایینی حەزرەتی ئیراهیمە، ئەو ئیبراهیمەی دورەپەرێز و گۆشە گیر بوو لە هەموو جۆرە بتپەرستییەکانی ڕۆژگاری خۆی و لێبڕاوانە ڕوی کردەی خوداپەرستی و یەکتا پەرستی دڵسۆزانە عیبادەتی خودای دەکرد.

وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: **﴿ثم اوحينا اليك ان اتبع ملة ابراهيم حنيفاً﴾**(النحل/١٢٣) .

ئا ئەو دڵسۆزی کردنە لەعیبادەت داو وازهێنان لە هەموو بیرو باوەڕێك بۆ ئایینی‌ئیسلام و ئەنجامدانی نوێژەکان لە کاتی خۆیان داو

زەکات دەر کردن لەماڵ و سامان ئایینی ڕاستە قینەی ئیسلامە و خودا هەربەو ئایینە ڕازییە.

دوای بەیانکردنی هەڵویستی کافرو موشریکەکان بەرامبەر بانگەوازی حەزرەتی موحەممەدﷺهەڕەشە لەکافرەکان دەکاو وادە بەخوداپەرستان دەدا، دەفەرموێ:

﴿ان الذین کفروا من أهل الکتاب و المشرکین في نار جهنم، خالدین فیها، أولئك هم شر البریة﴾ بێگومان ئەوانەی کافرو بێبڕوا بوون لە ئەهلی کیتاب، پشتیان لە نامە ئاسمانییەکان هەڵکردوە، بانگەوازی پێغەمبەرانیان ڕەتکردۆتەوە، لە خاوەن نامەکان -جولەکەو فەلە- و بتپەرستەکان ئەوانە هەموویان سەرەنجامیان لە ڕۆژی قیامەتدا ئاگری دۆزەخە، تورِ دەدرێنە ناوی و بۆ هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە و لێی دەرناچن، ئەوان خراپترین و بەدبەخترین کۆمەڵی مەخلوقاتن چونکەبە ئەنقەست و لەڕوی حەسوودی و دەرون نە خۆشییەوە شوێن پەیامی پێغەمبەر نەکەوتون.

﴿ان الذین آمنوا وعملوا الصالحات، أولئك هم خیر البریة﴾ بێگومان ئەوانەی بە دڵ ئیمانیان بە خودا هێناوە، بڕوایان بەنامە ئاسمانییەکان و پێغەمبەران و ڕۆژی قیامەت هێناوە، کردەوەی باشیان ئەنجام داوەو بەزو بانیش ئەو بڕوایە دەر دەبڕن. ئەوانە باشترین مەخلووقاتن لە ئیستاو لە داهاتوودا.

ئەبو هورەیرەو کۆمەڵێك لە زانایانی ئیسلام ئەم ئایەتەیان کردەوە بەبەڵگە لەسەر ئەوە: کە موسوڵمانە دڵسۆزکان لای خودا لە فریشتە بەرێزترن، چونکە پەروەردگار دەربارەی موسوڵمانە دڵسۆزەکان دەفەرموێ: ﴿هم خیر البریة﴾ واتە: باشترین مەخلووقاتن.

﴿جزاؤهم عند ربهم جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها أبدا رضي الله عنهم، و رضوا عنه، ذلك لمن خشي ربه﴾ پاداشی ئه‌و موسوڵمانه دڵسۆزانه له‌ ڕۆژی قیامه‌ت دا لای خودا خۆیان له‌ پاداشتی ئیمان و كرده‌وه‌ی باشیان باخ و باخاتی به‌هه‌شته‌تی ڕازاوه‌یه، كه به‌ژێر درختی باخه‌كان داو به‌ژێر باڵه‌خانه‌و خانوه‌كانیان دا جۆگاو جۆبار ده‌كشێن، ئه‌وه‌نده‌ی تر جوانی و ڕازاوه‌یی به‌شوێنی حه‌وانه‌وه‌یان ده‌به‌خشێ. بۆ هه‌تاهه‌تایه تێیان دا ده‌مێننه‌وه و لێیان وه‌ڕزنابن و لێیان ده‌ر ناچن به‌ڵكوو به‌رده‌وام له‌ززه‌ت وه‌رده‌گرن و له‌و خۆشی‌یه‌دا ڕاده‌بورێرن.

ئه‌وانه خودا لێیان ڕازییه، چونكه له‌ژیانی دونیایان دا پابه‌ندی فه‌رمانی خودا بون به‌گوێره‌ی شه‌ریعه‌ت و یاسای ئه‌و هه‌ڵس و كه‌وتیان كردوه، ئه‌وانیش له‌ خودا ڕازین چونكه پاداشی داونه‌وه‌و خۆشی و له‌زه‌تی له ڕاده‌به‌رده‌ری بۆ ده‌سته‌به‌ر كردون. نازو نیعمه‌تێكی پێداون نه‌چاوبینیویه‌تی، نه‌گوێچكه بیستویه‌تی، نه‌به‌سه‌ر دڵی ئاده‌میزادا تێپه‌ڕیوه.

ئه‌م پاداش و ڕه‌زامه‌ندییه بۆ كه‌سێكه‌به‌ته‌واوی له‌خودا بترسێ، وه‌ها به‌ندایه‌تی خودابكاو وابزانێ خودا ده‌بینێ، خۆ ئه‌گه‌ر ئه‌و خودانه‌بینێ ئه‌وه بێگومان خودا ئه‌و ده‌بینێ.

ئایه‌ته كه به‌ئاشكرا هه‌ڕه‌شه‌یه له‌وانه‌ی له‌ غه‌یری خودا ده‌ترسن، هه‌ڕه‌شه‌یه له‌وانه‌ی هاوه‌ڵ بۆ خودا داده‌نێن، هه‌ڵنانی ئاده‌میزادی تێدایه بۆ خوداپه‌رستی و ترسان له‌خودا، هه‌تاوای لێ دێ هه‌موو كرده‌وه‌یه‌كی بۆ خوداو له‌به‌ر خاتری خودا ئه‌نجام ده‌دا. ئاماژه‌ی ئه‌وه‌شی تێدایه كه‌مه‌رجی ئه‌نجامدانی عیباده‌ت وه‌كوو نوێژو ڕۆژو ترسان له‌خودایه، خوداپه‌رستی به بێ ترس و خوشوع له‌خودا كه‌ڵكی نیه!

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الزلزلة)

ئەم سورەتە مەدەنییەو هەشت ئایەتە، بەگوێرەی هەندێ ریوایەتی تر مەککیە، ئوسلوبی سورەتەکەو ناوەڕۆکی سورەتەکە پشتگیری ئەوە دەکەن کە مەککی بێ.

ئەم سورەتە ناوی نراوە سورەتی (الزلزلة) چونکە سەرەتای سورەتەکە بە هەواڵی رودانی ڕاشڵەقاندنی زەوی دەستی پێکردووە، لەسورەتی پێشوودا هەڕەشەی لە کافرەکان کردو وادەی بەخوداپەرستان دا، سزای کافرەکانی بە دۆزەخ دیار کردو پاداشتی خوداپەرستەکانی بەبەهەشت و باخ و باخاتی ڕازاوەی دەست نیشان کرد. ئەمجار لەو سورەتەدا کانی ئەوسزاو پادشاەی دیاری کرد، وەکوو ئەوە بڵێن: گوتراوە: کەی ئەو سزاو پاداشە دەدرێتەوە؟

لەوەڵام دا دەفەرموێ: ﴿اذا زلزلت الارض زلزالها﴾ کافرەکان زۆریان پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ دەکرد، کەی قیامەت ڕادەبێ؟ دەیانگوت: ﴿ایان یوم القیامة؟﴾(القیامة/٦).

یان دەیانگوت: ﴿متی هذا الوعد ان کنتم صادقین؟﴾(الملك/٢٥) .

زۆر پرسیاری تری لەم جۆرە. پەروەردگار لەم سورەتە دانیشانەکانی قیامەتی دیاری کردن، بۆ ئەوەی دڵنیابن: کە زانیاری ئەوە لای خودایە و بەس، جگە لەخودا کەس نازانێ کەی قیامەت ڕادەبێ.



سورەتی (الزلزلة)

بسم الله الرحمن الرحيم

إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ﴿١﴾ وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا
﴿٢﴾ وَقَالَ ٱلْإِنسَٰنُ مَا لَهَا ﴿٣﴾ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ﴿٤﴾
بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا ﴿٥﴾ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا
لِّيُرَوْا۟ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٦﴾ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا
يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾

دەفەرموێ: ﴿اذا زلزلت الارض زلزالها﴾ کاتێك زەوی ڕاتلەقاو وەشەقە تۆڵە کەوت و بەتوندی کەوتە جونبوش و لەرزە، بەجۆرێکی وا: کە هەرچی وابەسەریەوە تێك برۆخێ و تێك بشکێ و هیچ شتێك لە شوێنی خۆی نەمێنێ .

﴿واخرجت الأرض أثقالها﴾ زەوی هەرچی تێیدا بوو لەمردوو گەنج و جەواهیرات دەری هاویشت و خۆی خاڵی کرد.

وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿واذا الأرض مدت والقت ما فيها وتخلت﴾(الأنشقاق/٣-٤)

موسلیم و تیرمیزی لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتیان کردوە دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (تقيئ الأرض افلاذ كبدها أمثال الاسطوان من الذهب و الفضة فيجئ القاتل: فيقول: في هذا قتلت و ويجيئ القاطع

فیقول: في هذا قطعت رحمی، ویجیئ السارق فیقول: في هذا قطعت یدی، ثم یدعونه فلا یأخذون منه شیئا)[1] .

زەوی ناوسکی خۆی دەهێنێتەوە، گەنج و جەواهیراتی ناخۆی فڕی دەداتە دەر لە زێڕو زیو، هەمووی لەو دەشتە دەکەوێ پیاوکوژ دەڵێ: لەپێناو ئەوە دا من ئادەمیزادم کوشت، میراتگری بەشەڕهاتوو دێ دەڵێ: من لەپێناو ئەوەدا صیلەی ڕەحم بڕیوە، دز دێ دەڵێ: من لەسەر ئەوە دەستم بڕاوە، پاشان هەموویان جێی دێڵن و کەس دەست بۆ ئەو زێڕوزیوە نابا

﴿وقال الإنسان: مالها؟﴾ هەموو کەسێك لە دیمەنی زەوی سەرسام دەبێ و دەڵێ: ئەوە زەوی چییەتی؟ بۆ چی وابە شەقەتۆڵە کەوتووەو زێڕو جەواهیراتی ناوخۆی فڕی دەداتە دەرەوە؟

﴿یؤمئذ تحدث اخبارها﴾ لەورۆژەدا: کە ئەو پەڕی تەنگانەو ترس و سام و پشێوی هەموو کون و قوژبنێکی گرتۆتەوەو زەوێ بە شەقاتۆڵە کەوتووە، زەوی هەواڵی خۆی دەگێڕێتەوە، ڕاستی دەڵێ: دەربارەی هەرکردەویەکی لەسەری‌ئەنجام درابێ بەخێرو شەڕیەوە، پەروەردگار وەزوبانی دێنێ و شایەتی لەسەر بەندەکان دەدا.

ئیمام ئەحمەدو تیرمیذی و نەسائی (واللفظ لە) لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەت دەکەن، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە (یومئذ تحدث أخبارها﴾ دوایی فەرمووی: دەزانن هەواڵدانی زەوی چیە؟ هاوەڵان وتیان: خوداو پێغەمبەری خودا دەزانن. ئەمجار پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : (فان اخبارها أن تشهد علی کلّ عبد و أمة بما عمل علی ظهرها أن تقول عمل کذا وکذا یوم کذا وکذا فهذه أخبارها)[2] .

(١) رواه مسلم (١٢)كتاب الزكاة (١٨) باب الترغيب في الصدقة الحديث ١٠١٣/٦٢ورواه الترمزي في (٥٤) كتاب الفتن (٣٦) الحديث (٢٢٠٨).

(٢) رواه الترمذي فی (٣٨)كتاب صفة القيامة والرقائق والورع (٧)باب ماجاء فی العرض الحديث (٢٤٢٩)عن ابی هريرة.

هۆی ئەو هەواڵ و شایەتیدانە لەسەر بەندەکانی لە لایەن زەوییەوە ﴿بأن ربك أوحى لها﴾ بە فەرمان و نیگای خودای تۆیە، پەروەردگار ئیزنی داوە: کەشایەتی بدا.

یان مانای ﴿يومئذ تحدث أخبارها، بأن ربك أوحى لها﴾ لەو ڕۆژەدا زەوی بەزمانی حاڵ سەرگوزشتەی خۆی بۆ ئادەمیزاد دەگێڕێتەوە، هۆی وەشە قەتۆڵە هاتنی خۆی بۆ مەردوم باس دەکا و تێی دەگەیەنێ، کە ئەو جم و جوڵەنا ئاسایی یەی سەرەتای دونیا وێرانبوونە، هۆی وێرانبوونەکەشی ئەوەیە خودای تۆ وای سروش بۆ کردوە: کە وێران ببێ، هۆی وێرانبوونی بۆ ڕەخساندوە، کە نەمانی هێزی کێشندەیە.

﴿يومئذ يصدر الناس اشتاتاً ليروا أعمالهم﴾ لەو ڕۆژە دا: کە دونیا بەتەواوی وێران دەبێ و هەموو دیاردەیەکی بونەوەرتێك دەچێ، ئادەمیزاد لە گۆڕەکانیان ڕادەبن و بەرەو سارای مەحشەری دەکێشێن بۆ حیساب و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان، ڕەنگ و روخسارو حاڵ و وەزعیان جیاجیایە، هەندێکیان دڵنیان و بەرچاو ڕونن، هەندێکیان ترس دایگرتوون، برێکیان ڕەنگی بەهەشتییانیان پێوە دیارە، هەندێکیان ڕەنگی دۆزەخیان لێ نیشتووە.

هەموو ئەو پڕو کۆمەڵە جیا جیایانە بەرەو دەشتی مەحشەر دەبرێن بۆ ئەوەی کردەوە کانی خۆیان ببینن. ئەمە ئەگەر مانای﴿يصدر الناس﴾ ڕۆیشتنی ئادەمیزادەکان بێ بۆ سارای مەحشەر.

ئیبنو کەثیر و هەندێ موفەسرینیتر مانای ﴿يصدر الناس﴾ بەوە دەکەن: کە ئادەمیزادەکان لەسارای مەحشەر دەگەڕێنەوە، واتە: لەو ڕۆژە دامەردومان لەسارای مەحشەر دەگەڕێنەوە بە پەرش و

بــلاوی، کۆمــەڵ کۆمــەڵ و پــێر پــێر، هــەندێکیان بەختــــەوەرن، هـەندێکیان بەدبـەختو چـاوە ڕەشـن، بڕێکیـان فـەرمانیان پـێ کــراوە بچنــە بەهەشــتەوە، هەشـیانە فـەرمانی پـێ کـراوە بچێتـە نــاو دۆزەخ، بـۆ ئـەوەی هـەموو کەسـێك پـاداش و ســزای کــردەوەی لــە خــێرو لە شەڕ وەربگرێتەوە.

جـا ﴿فمــن یعمــل مثقــال ذرة خــیراً یــــره، و مــــن یعمــــل مثقال ذرة شراً یره﴾ هەرکەسێك بە ئەندازەی گەردیلەیەك کــاری باشــی ئەنجام دابێ، بێگومان ڕۆژی قیامەت لەنامەی ئەعمالیدا دەی بینێتەوەو پاداشــی لەســەر وەردەگرێتــەوە، هەرکەســێك بەئــەندازەی گەردیلەیــەك خراپەی ئەنجام دابێ، لــەو ڕۆژەدا لەنامــەی ئــەعمالیدا دەی بینێتــەوە و سزای عادلانەی لەسەر وەردەگرێتەوە.

وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ونضع الموازین القسط لیوم القیامة فلا تظلم نفس شیئاً، وان کان مثقال حبة من خردل اتینا بها وکفی بنا حاسبین﴾(الانبیاء/٤٧).

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (العادیات)

ئەم سورەتە مەککییەو یانزە ئایەتە. ناوی نراوە ســورەتی (العادیـات) چونکە پەروەردگار لەسەرەتای دا سوێندی بە (العادیات)خواردوە.

عـادیات: بەمانای ئــەو ئەسـپانەن: کـە جـەنگاوەران تاویــان دەدەن و بەگورجی لەگۆڕە پانی جەنگ لەگەڵ دوژمندا دێن وە دەچن.



سورەتی (العادیات)

بسم الله الرحمن الرحیم

وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا ﴿١﴾ فَٱلْمُورِيَٰتِ قَدْحًا ﴿٢﴾ فَٱلْمُغِيرَٰتِ صُبْحًا
﴿٣﴾ فَأَثَرْنَ بِهِۦ نَقْعًا ﴿٤﴾ فَوَسَطْنَ بِهِۦ جَمْعًا ﴿٥﴾ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ
لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٌ ﴿٦﴾ وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ ﴿٧﴾ وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ
ٱلْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ﴿٨﴾ أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِى ٱلْقُبُورِ ﴿٩﴾
وَحُصِّلَ مَا فِى ٱلصُّدُورِ ﴿١٠﴾ إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌۢ ﴿١١﴾

دەفەرموێ: ﴿والعاديات ضبحاً﴾ سوێند بەو ئەسپانەی کە جەنگاوەران هەلینگیان دەدەن لەگۆڕەپانی جەنگ دا بە تاو دێن وەدەچن و دەپرمێنن، هانکە هانکییانە ﴿فالموريات قدحاً﴾ سوێند بە ئەو ئەسپانەی کەبلێسەی ئاگرلە ژێر سمیانەوە دەردەچێ کاتێ بە پڕتاو غاردەدەن و ناڵ و بزماری ژێرسمیان لەبەردو شتی ڕەق دەخشێ.

﴿فالمغيرات صبحاً﴾ هەڵمەت بەرن بۆ سەر دوژمن لەبەرەبەیاندا ﴿فأثرن به نقعاً﴾ بەو هەڵمەت و غاردانە لەبەرە بەیان دا تەپ و تۆزیان بەرپاکردووە گۆڕەپانی جەنگیان پڕکردوە لە تەپ و تۆزو..

﴿فوسطن به جمعاً﴾ ئەمجار بە هەڵمەت و پڕتاو خۆیان هەڵداوەتە ناو کۆمەڵی دوژمنەوەو ڕیز و کۆمەڵی دوژمنیان تارو مارو پەرتەوازە کردوە، پەروەردگار سوێندی بە ئەسپ خواردوە، چونکە لەناو پێرۆیان دا چەند ڕەوشت و خۆی تایبەتی تێدان، ناوچەوانی خێرو بەرەکەتی پێوەیە،

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی (الخيل معقود بنواصيها الخير الى يوم القيامة)- رواه احمد والشيخان.

سوێندی بە ئەو ئەسپانە خواردوە: کە ئەوە ڕەوشت و خیصالیان بێ و ئەو کردەوانەیان کردبێ، بەم سوێند پێ خواردنە لە پێش چاوی موسوڵمانان بەرزیان دەکاتەوە و گرنگیان پێ دەدا.

بۆ ئەوەی پەروەردەیان بکەن و گرنگی بدەن بەڕاگرتن و بەخێو کردن و سورا بوونیان، خۆیان بەسواری رابێنن و سوارچاکی و ڕمبازیی فێربن. فێری هەڵمەت بردن و غافلگیری و شەبەیخۆنکردنی دوژمن بن، رابێن لەسەر چوست و چالاکی و گورج و گۆڵی، بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕۆژی تەنگانە داو لەکاتی هێرش هێنانی دوژمنان دا بەر گری لە نیشتمان و ناموسی خۆیان بکەن و بەرپەرچی دوژمنان بدەنەوە، فێری ڕەوشتی بەرزبن بەژیانی زبر ڕابێن.

بەخۆڕایی نیە پەروەردگار لێرەدا سوێندی بە ئەسپ خواردوەو لەسورەتی (ئەنفال)یش فەرمان بەڕاگرتنی دەکاو دەفەموێ: **﴿واعدوا لهم ماستطعتم من قوة ومن رباط الخيل ترهبون به عدو الله وعدوكم﴾ (الأنفال/٦٠)**.

هەڵبەتە ئایینی ئیسلام گرنگی زۆری داوەبەئەسپ ڕاگرتن و بەخێو کردنی و فێر بوونی سوارچاکی و رمبازی کردن و وەرزشکاری، بۆ ئەوەی موسوڵمانان بە پیرو جوان و ژن پیاوو دەوڵەمەندو هەژارو خوێندەوارو نەخوێندەواریانەوە هەموویان تێکڕا چوست و چالاك و لەشساغ و وەرزشکاربن.

داخی بەجەرگم لە کاتێك دا: کە قورئان ئاوا فەرمانمان پێ دەکا بۆ گرنگی دان بە ئەسپ و بەخێو کردن و بەکار هێنانی، لای موسوڵمانان بەگشتی و لای کوردی موسوڵمان بەتایبەتی سوار بوونی ولاخە بەرزەو

بەخێو کردن و ڕاگرتنی بێ بایەخ بووەو چە گرنگییەکی پێ نادرێ، دیمەنی ئەسپی ڕەسەن و سواربوونی، مەگەر لە فیلم وشاشەی تەلەفیزیۆن دا ببینن، ئەویش بەبایەخەوە تێی نافکرین و سەرنجی نادەینێ، کوردی ئێمە ئەوەندەی گرنگی بە کۆتر بازی وسەگ بەخێو کردن دەدەن نیو ئەوەندە بایەخ بە ڕاگرتنی ئەسپ و سواربوونی نادەن، بەڵکوو ئێستا: کەس گرنگی بەسوارچاکی ناداو بیر لەئەسپ بەخێوکردن ناکاتەوە . ئەوانەی سوار چاکیشیان دەزانی لەبیریان چۆتەوە، وەکوو فۆلکۆریش وەبیر خۆیانی ناهێننەوە.

﴿ان الأنسان لربه لكنود﴾ بێگومان ئادەمیزاد بەگشتی بەرامبەر بەنیعمەتە کانی خۆدا سپڵەو کافرە، زۆر ئینکارییان دەکا. لەپاساوی ئەو هەموو نیعمەتانەدا: کە خودا پیٚی بەخشیوە هیچ سوپاسی خودا ناکا، ملکەچی شەرع و یاسای نابێ، بیر لە بونەوەر ناکاتەوە، خودای بیر نایەتەوە،مەگەر کەسانێك نەبێ: کە جیهاد لەگەڵ نەفسی خۆیان دەکەن و دونیاو دین بەرچاو دەگرن، ئیتر رو دەکەنە خوداپەرستی و ئەنجامدانی کاری باش و خۆیان لەتاوان و خراپەکاری دەپارێزن.

﴿وانه علی ذلك لشهيد﴾ ئادەمیزاد بۆ خۆی شایەتە لەسەر کوفرو سپڵەیی خۆی، واتە بەزمانی حاڵ شایەتی لە کۆفری خۆی دەدا، لەقسە و کردەوەکانیشی دابەئاشکرا کوفرو بیدینی پێوە دیارە، زۆربەی زۆری ئادەمیزاد لەگەڵ کەوتە خۆشی‌یەوەو خۆی بەبێ ئاتاج زانی بوغرا دەبێ و پاشە ڕۆژی لە بیر دەچێتەوە، مل لەرابواردن دەنێ، کردەوەکانی نیشانەی بێدینی و سپڵەیینی، وەکوو لەئایەتێکی تردا ئامـاژە بەوە دەکـاو دەفەرموێ: **﴿ماكان للمشركين ان يعمروا مساجد الله شاهدين علی انفسهم بالكفر﴾**(التوبة/١٧).

هەندێ لەموفەسیرین لەوانە (قەتادەو سەفیانی ثەوری) دەڵێن: مانای ئایەتی ﴿وانه علی ذلك لشهید﴾ خودا شایەتە بەسەر سپڵەیی و کوفرو خراپەکاری ئادەمیزادەوە (وانه لحب الخیر لشدید﴾ بێگومان ئادەمیزاد بەهۆی ئەوەوە: کە زۆری ماڵ و سامانی خۆش دەوێ: رژدو چرۆکە، هەڵپە بۆ کۆکردنەوەی دەکاو دڵی نایە لێی‌ببەخشێ، ئاتاجانی لێ بێ‌بەش دەکا.

﴿افلا یعلم اذا بعثر ما فی القبور، وحصل ما فی الصدور، ان ربهم بهم یومئذ لخبیر﴾ ئایا ئەو ئەو ئادەمیزادە بێدین و سپڵەو پێنەزانە نازانێ کاتێك مردوی ناو گۆڕەکان زیندو کرانەوە، ڕازو نیاز و مەبەستی شاراوەی ناو دڵەکان ئاشکرا کرا بێگومان پەروەردگاری ئەو مردوە زیندو کراوانە ئاگاداری حاڵ ووەزعیانە، هیچی لەباوەڕو کرداری ئەوانە لێ گوم نابێ، بەگوێرەی کردوەکانیان سزاو پاداشتیان دەداتەوە، بەئەندازەی گەردیلە یەکیش ستەمیان لی ناکا. جاکە ئادەمیزاد ئەم ڕاستییەی زانی پێویستە: کە ماڵ وسامان بێ ئاگای نەکا لەسوپاسگوزاری پەروەردگار، تاعەت و خوداپەرستییان لە بیر نەچێتەوە.

بسم الله الرحمن الرحیم

سورەتی (القارعة)

ئەم سورەتە مەککییەو یانزە ئایەتە، ناوی نراوە سورەتی (القارعة) چونکە بەو وشەیە دەستی پێ کراوە، قاریعە ناوێکە لەناوەکانی ڕۆژی قیامەت. بەمانا کوتانی دڵەکانە بەتوندی چونکە کارەساتەکانی ڕۆژی قیامەت دڵەکان دەکۆتی و وە ئاگایان دێنێتەوە. دایان دەچڵەکێنێ. هەموو دڵ و دەرونێك لەو ڕۆژە دا دەکەوێتە گورەگوڕو وێڕەوێڕ.

سورەتی (القارعة)

بسم الله الرحمن الرحيم

ٱلْقَارِعَةُ ﴿١﴾ مَا ٱلْقَارِعَةُ ﴿٢﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْقَارِعَةُ
﴿٣﴾ يَوْمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلْفَرَاشِ ٱلْمَبْثُوثِ ﴿٤﴾
وَتَكُونُ ٱلْجِبَالُ كَٱلْعِهْنِ ٱلْمَنفُوشِ ﴿٥﴾ فَأَمَّا
مَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٦﴾ فَهُوَ فِى عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ
﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٨﴾ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ
﴿٩﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا هِيَهْ ﴿١٠﴾ نَارٌ حَامِيَةٌۢ ﴿١١﴾

دەفەرموێ: ﴿القارعة﴾ قاریعە ناوێکە لەناوەکانی ڕۆژی قیامەت وەکو (الحاقە) و (الطامة) و (الغاشية...) هتد. وەجهە تەسمییەی قیامەت بەم ناوە لەم ڕەوەیە هەرچی دڵ هەیە لەو ڕۆژە دا دادەچڵەکێ.

﴿ما القاعة﴾دەبێ ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێك بێ؟ ئاخۆ کارەساتەکانی چۆنبن؟ واتە: ئەوەندە ڕۆژێکی سامناك و پڕ کارەساتە کەس نازانێ چۆنە.

﴿وما أدراك ما القارعة﴾؟ ئەتۆچوزانی ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکە؟ واتە: تانەی بینی نازانی چیە، کەدەشی بینی ئەوەندە سامناکە هەست بەکەمێکی دەکەی.

﴿يوم يكون الناس كالفراش المبثوث﴾ ئەو ڕۆژەی ئادەمیزادەکان لەگۆڕەکانیان دێنە دەرەوە، بەبێ ئامانج و مەبەست دەسوڕێنەوە،

هه‌ریه‌کـه‌یان رولـه لایـه‌ك ده‌کاوبـه‌ره‌و شـوێنێك ده‌ڕوا،ده‌ڵێـی په‌پولـه‌ی بڵاوه‌بوون، یان ده‌ڵێی مێشوله‌و کولله‌ی په‌رش و بڵاون، هه‌ریه‌که‌یان رو له شوێنێك ده‌کاو دیـن و ده‌چـن سـه‌رگردان و سـه‌ر لی ْشـێواو. وه‌کـوو لـه ئایه‌تێکی تردا ده‌فه‌رموێ: ﴿کأنهم جراد منتشر﴾(القمر/٧).

زومه‌خشـه‌ری ده‌فـه‌رموێ: خـودا لـه‌م ئایه‌تـه‌دا، ئاده‌میزاده‌کـانی شوبهاندون به په‌پوله له‌زوری و زه‌بوونی و زه‌لیلی دا له بـڵاو بـون دا بـۆ هه‌موو لایه‌ك وه‌کوو چۆن په‌پوله بۆ لای ئاگرده‌فڕێ..

﴿وتکون الجبال کالعهن المنفوش﴾ کێوه‌کـان وه‌کـوو خـوری کـراوه و به(شه)کراوو شیکراوه‌یان لیْ دیْ به وزه بایه‌ك به‌حه‌وادا بـڵاو ده‌بێتـه‌وه. وه‌کوو له ئایه‌تێکی تردا ده‌فـه‌رموێ: ﴿واذا الجبال سیرت﴾(التکویر/٣) یان ده‌فه‌موێ: ﴿وکانت الجبال کثیباً مهیلا﴾(المزمل/١٤) .

ئه‌مجار دوای رانواندنی ئه‌م دوو دیمه‌نه سامناکانه به‌مه‌به‌ستی ترساندنی ئاده‌میزاد باسـی پـاداش و سـزای یه‌کـه یه‌کـه‌یان ده‌کـا و ده‌فـه‌رموێ: ﴿فـأما مـن ثقلـت موازینـه فـهو في عیشـة راضیـة﴾ جـا هه‌رکه‌سـێك له‌ته‌رازوی ئه‌عمال دا کرده‌وه چاکه کانی زۆر تربن له کرده‌وه خراپـه‌کانی، ئه‌وه ده‌که‌وێته ژیانێکی خۆشی‌وه هاوه لێی ڕازییـه‌و هیـچ ناگوزوریـه‌کی لێی نیه.

﴿وأما من خفت موازینه، فأمه هاویة، وما ادراك ماهیـة، نارحامیـة﴾ که‌سێکیش له‌ته‌رازوی ئه‌عمال دا خراپه‌کانی له چاکـه‌کانی گرانـتربن یـان کرده‌وه‌ی چاکی نه‌بێ، یان شتێکی وای نـه‌بی به‌شـت حیسـاب بـیْ ئـه‌وه شوێنی حه‌وانه‌وه‌ی دۆزه‌خه، که شـوێنێکی به‌هیلاکبـه‌ره، قولـو گـه‌رم و ئاگردانه، ئه‌تۆ چوزانی ئه‌و ئاگره سامناکه‌ی دۆزه‌خ چۆنه؟ ئه‌وه ئاگرێکی زۆر گه‌رم و له ڕاده بـه‌ده‌ر سوتێنه‌ره. بلێسه‌دارو ترسناکه، له هـه‌موو

ئاگرێکی تر گەرم تـــرە. زۆر فـەرموودە دەربـارەی گـەرمی ئـاگری دۆزەخ ریوایەت کراون .

مالیك و بوخاری و موســلیم لـە ئـەبوهوریرەوە وە ریوایـەت دەکـەن، دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی (نار بنی آدم التی توقدون جزء من سبعين جزءا من نار جحيم) هـاوەڵان وتیـان ئـەی پێغەمبـەری خـودا؛ بـۆ ئـەم گەرمێیـەی ئێسـتا بـەس نیـە بـۆ سـزادان؟ پێغەمبـــەرﷺ فـــەرمووی: (انها فضلت عليها بتسعة و تسعين جزءا) بێگومان ئـــاگری دۆزەخ نـەوەدو نۆپلە لە ئاگری دۆزەخ گەرمترە.

ئەحمـەد لـە ئـەبو هورەیـرەوە لـە پێغەمبـەرەوەﷺ ریوایـەت دەکـــا: کە دەفەرموێ: (هذه النار جزء من مئة جزء من جهنم) ئەم ئاگرەی ئێـوە بەشێکە لە سەد بەشی ئاگری دۆزەخ.

هەر ئیمام ئەحمەد لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (ان اهون أهل النـار عذابا: من لـه نعلان، يغلـي منـهما دماغـه) سوکترین ئەهلی دۆزەخ لەڕوی عەزابەوە کەسێکە دوو نـەعلی ئـاگری لـە پێکراون مێشکی دەکوڵێ.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (التكاثر)

ئەم سورەتە مەککییەو هەشت ئایەتە، ناوی نراوە ســورەتی (التكـاثر) چونکـە لەسـەر تایـەوە دەفـەرموێ: ﴿ألهاكم التكـاثر﴾ لـەم ســورەتەدا پەوەردگار هەندێ ڕوداوو دیمـەنی سـامناکی ڕۆژی قیامـەت ڕادەنوێنــێ، پاداشی بەختەوەران و سزای بەدبەختان دیاری دەکا.

سورەتی (التكاثر)

بسم الله الرحمن الرحيم

أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ﴿١﴾ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ﴿٢﴾ كَلَّا سَوْفَ
تَعْلَمُونَ ﴿٣﴾ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٤﴾ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ
عِلْمَ ٱلْيَقِينِ ﴿٥﴾ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴿٦﴾ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا
عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ﴿٧﴾ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٨﴾

دەفـەرموێ: ﴿الهـاكم التكـاثر، حتـى زرتم المقـاربر﴾ شـانازی کـردن بەماڵ و منداڵ و دارودەستەی زۆرتان ئێوەی بێ ئاگا کردلە خودا پەرستی هەڵینان بۆ هەڵپە کردن بۆ کۆکردنەەی ماڵ و سامان و هەبوونی خـێزان و منداڵ و پەیدا کردنی دارودەستە،ئێوەی لە بەندایە تیکردن بۆ خودا غافڵ کرد، هەتا مـردن لـەنکاوی یـە خـەی گرتـن تێکیـ .وە پێچـان و بـەرەو گورستان ڕۆیشتن.

بوخاری و موسلیم و تیرمیزی و نەسائی لە ئەنەسی کـوڕی مالیکـەوە ریوایەت دەکا دەڵـێ: پێغەمبـەرﷺ فـەرمووی (يتبـع الميـت ثـلاث فـيرجع اثنان ويبقى معه واحد، يتبعه اهله و مالـه و عمله، فيرجع أهلـه و مالـه، ويبقى عمله).

زیارەتکردنی گۆڕستان دەرمانێکی کاریگەرە بۆ دڵەڕەقـەکان. چونکـە قیامەت بیر ئادەمیزاد دەخاتەوە، دونیالە پێـش چـاو بـێ بایـەخ دەکـا. لەڕوانگـەی ئـایینی یـەوە زیـارەتکردنی گۆڕسـتان موباحـە بەمـەرجێك

دیدەنی کردنە کە بەگوێرەی شەرع بێ؛ بەم ڕەنگە: کەدەچی بۆ دیدەنی لای سەری گۆڕەکە ڕاوەستێ و سڵاو لەمردوەکە بکا، ئەمجار روبکاتە قیبلەو لە خودا بپاڕێتەوە داوای لێخۆشبون بۆ مردوەکەو بۆ خۆی و موسوڵمانان بکا.

زانایانی ئیسلام کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە: کە زیارەتکردنی گۆڕستان بۆ پیاوان حەلاڵە: بەڵام دەربارەی ئافرەت کەوتوونە راجیایی یەوە: بۆ ئافرەتی گەنج یاساغە، بۆ پیرە ژن و ئافرەتی بە ساڵا چوو موباحە. ئەگەر ئافرەت چ گەنج و چ بە ساڵاچوو بۆ خۆیان بەبێ ئەوەی تێکەڵاوی پیاوی نامەحرەم بن بچن بۆ دیدەنی گۆڕستان قەیناکا. ئەگەر ترسی فیتنەیان بوو لەتێکەڵا و بوونیان بە پیاوان ئەوە دەرچوونی ئافرەت بۆ گۆڕستان حەرامە.

ئیبنو ماجە لە ئیبنو مەسعودەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: **(كنت نهيتكن عن زيارة القبور الا فزوروها القبور فانها تزهد في الدنيا و تذكر الأخرة)**[1].

حاکم لەصەحیحەکەی دا لە ئەنەسەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: **(كنت نهيتكم عن زيارة القبور، الا فزوروها، فانها ترق القلب و تدمع العين و تذكرالآخرة، و لا تقولوا هجرا)**.

ئەم حەدیثانە بەڵگەن لەسەرئەوە: کە هەرکاتێ دیدەنی کردنی ئافرەتان بۆ گۆڕستان فیتنەیێ لێ چاوەڕوان دەکرا، بەم جۆرەشین و شەپۆڕی تێدابوو، یان پیاو و ئافرەت تێکەڵاو دەبوون ئەوە زیارەتەکە حەرامە[2].

﴿**كلا، سوف تعلمون، ثم كلا سوف تعلمون**﴾ وانیە، ئێوە بەهەڵەچون، نەدەبوو ئەوەندە کۆڵ بەدونیاوە هەڵبگرن ئەو هەڵپە

---

(۱) رواه ابن ماجه فی (٦)كتاب الجنائز (٤٧) باب ماجاء فی زيارة القبور (الحديث١٥٧١) .

(٢) تە فسیری طەبەری ج ١٠/١٢٣ (٥٥٣٩) طبعة دار الفكر.

بکه‌ن بۆ ماڵ کۆکردنه‌وه‌و خۆده‌وڵه‌مه‌نکردن و لێ نه‌به‌خشینی، که ئه‌وه سه‌رده‌کێشی بۆ لێك دابڕان و ڕق لێك بوون و دژایه‌تی کردنی یه‌کتری و له‌بیر چوونه‌وه‌ی قیامه‌ت و سه‌ره‌نجام خه‌ساره‌تمه‌ندی دونیاو قیامه‌ت دبن، ئێوه سه‌ره‌نجامی ئه‌و هه‌ڵویست و کرده‌وانه‌تان ڕۆژی قیامه‌ت بۆ ده‌رده‌که‌وێ، پاشان جارێکی تریێتان ده‌ڵێین: وانیه‌و ئێوه به هه‌ڵه چون له‌وه به‌ولاوه ڕۆژی قیامه‌ت ده‌زانن.

﴿كلا لو تعلمون علم اليقين﴾ واز له و حاڵه ته‌بێ ئاگایی‌و خۆغافڵ کردنه بێنن، بێگومان ئه‌گه‌ر ئێوه به‌دڵنیایی بزانن بۆ کوێ ده‌چن و چیتان به‌سه‌ردێ، دونیاتان پاشگوێ ده‌خست و گرنگیتان به‌قیامه‌ت ده‌داو وازتان له‌ماڵ کۆ کردنه‌وه‌و هه‌ڵپه کردن بۆ زۆر کردن و سه‌ریه‌کنانی ده‌هێنا.

﴿لترون الجحيم﴾ بێگومان ئێوه له‌قیامه‌ت ئاگری دۆزه‌خ ده‌بینن سزای به ئێشی ده‌چێژن. ئاگرێکتان چاو پێ ده‌که‌وێ: که هه‌رکاتێ نرکه‌و ناڵه‌یه‌کی لێ دێ هه‌موو فریشته نزیکه‌کانی باره‌گای ئه‌قده‌س و هه‌موو پێغه‌مبه‌ره‌کان به چۆکادێن له ترس و سام و دیمه‌نی ئه‌و دۆزه‌خه: که ناوی خۆی به خۆیه‌وه‌یه‌تی

﴿ثم لترونها عين اليقين﴾ پاشان به‌ته‌ئکید ئێوه دۆزه‌خ به‌چاوی یه‌قین ده‌بینن، هیچ شك و گومانتان تێیدا نابێ، ده‌ی خۆتانی لێبپارێزن، هه‌ڵویستێك مه‌نوێنن و کارێك مه‌که‌ن شیاوی ئه‌و دۆزه‌خه‌بن، به‌ده‌ستی خۆتان خۆتان توشی ئه‌و شوێنه مه‌که‌ن.

﴿ثم لتسألن يومئذ عن النعيم﴾ بێگومان ئێوه له‌وه دوا پرسیارتان لێده‌کرێ ده‌رباره‌ی ئه‌و نازو نیعمه‌ته‌ی له قیامه‌تی بێئاگا کردون پرسیارتان لێده‌کرێ ده‌رباره‌ی هه‌موو نازونیعمه‌تێکی پێتان دراوه وه‌کوو له‌شساغی و ئارامی و خواردن و خواردنه‌وه‌ی خۆش و هه‌موو نازو نیعمه‌تێکی تر.

ئیمامی ڕازی دەفەرموێ: ئەوانەی پرسیاریان لیّدەکرێ کافرەکانن هەندێکی تر دەڵێن: پرسیارەکە ئاڕاستەی موسوڵمانان و کافر دەکرێ و هەموو کەس دەگرێتەوە. بەڵگەیان ئەو فەرمودەیە لە عومەرەوە ریوایەت کراوە: کە پرسیاری لە پێغەمبەر کرد، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا لە چ نازو نیعمەتێك پرسیارمان لی دەکرێ ئەوەتا ئێمە لەماڵ و حاڵی خۆمان دەر کراوین، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: سێبەری خانوو سێبەری درەخت و خێمە: کە لەسەرماو گەرما دەتانپارێزن، ئاوی سارد لەڕۆژی گەرمادا.

لە صەحیحی بوخاری و سونەنی تیرمیزی و نەسائی و ئیبنو ماجە، لە ئیبنو عەباسەوە ریوایەت دەکەن، دەفەرمووی: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (**نعمتان مغبون فیهما کثیر من الناس الصحة و الفراغ**) دوو نیعمەت هەن زۆر بەی ئادەمیزاد تێیان داخەسارەتمەندن، لە شساغی و دەست بەتاڵی، واتە: ئادەمیزاد بەرامبەریان کەمتەرخەمن ، ئەرکی سەرشانی خۆیانیان تێدا بەجێ ناهێنن، ئەوکاتە زێرێنەی لەبەر دەستیان دایەو ئەو لەشساغی‌یەی خودا پێی داون لە تاعەت و خودا پەرستی دا بەکاری ناهێنن، کەواتە زەرەرمەندن.

تیرمیزی لە ئەبوبەرزەوە ریوایە دەکا دەڵێ. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**لاتزول قدما العبد یوم القیامة حتی یسأل عن أربع، عن عمره فیم أفناه و عن شبابه فیم ابلاه و عن ماله من أین أکتسبه و فیم أنفقه، وعن عمله ماذا عمل به**) ڕۆژی قیامەت دوو پێی ئادەمیزاد لە شوێنی خۆی ناجوڵێ هەتا لە چوارشت پرسیاری لیّ نەکرێ. لەتەمەنی لە چی‌دا سەرفی کردوە، لەگەنجی لە چی‌دابەسەری بردوە، لەماڵ و سامانی چۆنی پەیدا کردوەو لەچی داخەرجی کردوە، لەزانیاری خۆی چۆنی کارپیّ کردوە.

لەفەرمودەیەکیتردا بوخاری وتیرمیزی و ئیبنو ماجە لە عوبەیدیلای کوڕموحصین ریوایەتیان کردوە، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (من أصبح منكم آمنا في سربه معافى فى جسده، عنده قوت يومه، فكأنما حيزت له الدنيا بحذافيرها) کەسێك لە ئێوە بەیانی لێ بووەوە لەناو خاوو خێزانی خۆی دا دڵ ئارام بوو، لەشساغ بوو، بژیوی ئەو ڕۆژەی هەبووە ئەوە بابزانی دونیا هەمووی هی ئەوە..

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (العصر)

ئەم سورەتە مەککیەو سێ ئایەتە، ناوی نراوە سورەتی(العصر)چونکە لەسەرتاکەی دا سوێندی بە (العصر)خواردوە. کە برێتیە لەڕۆژگار، واتە: زەمان بەگشتی کەپڕە لەڕوداوی عەجائیب و سەرسوڕ هێنەرو هەموویان نیشانەی دەسەڵات و کاردروستی پەروەردگارن.

سورەتی (العصر)

بسم الله الرحمن الرحيم

وَٱلۡعَصۡرِ ﴿١﴾ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ﴿٣﴾

دەفەرموێ: ﴿والعصر ان الانسان لفی خسر﴾ سوێند بە ڕۆژگار کە بەسەر ئادەمیزاد دا تێپەڕ دەکاو پڕە لە روداوو گۆڕانکاری و هەڵە و گێڕ کردن، گۆڕانی شەو ڕۆژ، هاتنی تاریکی و نەمانی ڕوناکی و

بە پێچەوانەوە، گۆڕانی ڕوداو و هەڵویستێ و حاڵ و ئەوزاعی فەرمانڕەواو دەسەڵاتی پاشاو فەرمانڕەواکان، کە هەموویان نیشانەی هەبوونی خودای تاك و تەنها و خاوەن دەسەڵاتی ڕەهاو بێ سنورن. یان سوێند بەکاتی عەصر کە کاتێکی پیرۆزە.

پەروەردگار سوێندی بەکات خوارد، چونکە کات لەهەموشتێك بەنرختر، بەڵکو ژیان خۆی زنجیرەیەکە لەکات، هەرکەسێك کات بەفیڕۆ بدا خەسارەتمەندە، ئەوەی هەل لەکیسی خۆی نەدا سەرکەوتو و بەختەوەرە، هەرساتە وەختێك لەژیان تێدەپەڕێ گەڕانەوەی نیە، عاقڵ ئەوکەسەیە نەهێڵێ کاتی بەفیڕۆ بڕوا کاری باشی تێدا ئەنجام بداو سود بەخۆیو گەل و وڵاتی بگەیەنێ.

زۆر جار واڕێ دەکەوێ هەوڵدانی تاکە کەسێك یان کۆمەڵێك دەبێتە خێرو بێر بۆ گەل و وڵات و جەماوەرێکی زۆرو بەرفراوان لەسێبەریا دەحەسێەوە، بەپێچەوانەشەوە کەمتەرخەمی لێپرسراوو زانا یەك یان کۆمەڵێك دەبێتە مایەی نەگبەتی و لە دەستدانی خێرو بێرێکی زۆر بۆ گەل و وڵات، دوایی دەریایەك خوێن و ئارەقی بۆ دەڕێژێ تا بەنیوە چڵی دەست دەکەوێتەوە، کوردی واتەنی بەر دێ نەزان بیخاتە گۆمەوە بەسە زانا دەرناهێنرێتەوە.

بەکورتی کات زۆر بەنرخەو بەفیڕۆ دانی تاوانە، هەموو شتێك کەلەکیس چوو قەرەبوو دەکرێتەوە جگە لەکات: کەلەکیس چوو ناگەڕێتەوە لەبەر ئەو گرنگی و بەنر- بەی کاتە: کەخودا سوێندی پێخواردوە وجەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە: کەهەموو ئادەمیزاد بەگشتی لەخەسارەتمەندی و گومڕایی و فەوتان دان، خەریکی هەڵپەی ماڵ کۆکردنەوەو دونیا خواردنن، بەدونیاوە هەڵەوگیر بوون و پشتیان لەقیامەت کردوە .

﴿الا الذین آمنوا وعملوا الصالحات، وتواصوا بالحق و تواصوا بالصبر﴾ مەگەر ئەوانەیان نەبێ: کە خاوەنی بڕوای پتەوو کردەوەی چاکن، وێڕای ئیمانی دامەزراو، کرداری چاکیش دەکەن، ئەوانە خەسارەتمەند نین، چونکە ئەوانە دوونیایان بەکارهێناوە بۆ قیامەت، نەوازیان لەدونیا هێناوە نەپشتیان لەقیامەت کردوە، هەر وەها ئەوانەش کە ئامۆژگاری یەکتر دەکەن: کە بەردەوامن لەسەر حەق و حەقخوازی کەبریتیە لە یەکتاپەرستی و پابەندبوون بەشەریعەتی خوداو دوورە پەرێزی لەهەرشتێك نەی لێ کراوە، بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانیان و خۆپاراستن لە حەرام.

هەروەها ئەوانەش کە هەندێکیان ئامۆژگاری هەندێکی تریان دەکەن، بە بەردەوام بوون لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارانەی خودا لەسەری فەرزکردون و خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە تاوان و سەرپێچی کردنی فەرمانی پەروەردگار، صەبرگرتن لەسەر ئەنجامدانی تاعەت و خوداپەرستی و پشوودرێژی بەرامبەر بەلاو موصیبەت. خۆڕاگری بەرامبەر ئەوانەی بەگژیان دا دەچنەوە لەسەر فەرمان بە چاکەو نەهی لەخراپە.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الهمزة)

ئەم سورەتە مەکییە و نۆ ئایەتە، ناوی نراوە سورەتی (الهمزة) چونکە سەرەتای سورەتەکە بەئایەتی﴿ویل لکل همزة لمزة﴾ دەستی پێ کردوە، (الهمزة) بەوکەسە دەڵێن: پاشملە غەیبەتی ئادەمیزادێك یان کۆمەڵێك بکا، بەقسە یان بەکردەوە یان بەئاماژە تانەیان لێبدا(الهمزة) بەو کەسە دەگوترێ: بەئاماژەکردن بەچاو یان برۆ ڕەخنە لەکەسێکی تر بگرێ.

موقاتیل: دەڵێ: ئەم سورەتە دەربارەی(الولید)ی کوڕی (المغیرە) نازڵ بووە، چونکە زۆری پێغەمبەرﷺ ناخۆش دەویست، بە ئاشکراو بەنهێنی غەیبەتی دەکرد، هەندێکی تر دەڵێن: دەربارەی ئومەیەی کوڕی خەلەف نازڵ بووە، چونکە ئەویش هەڵوێستی(الولید)ی هەبوو..

(السدی) دەڵێت: دەربارەی ئەخنەسی کوڕی شورەیق نازڵ بوە، ئەوە بوو ئەم ملۆزمە سەر رەقەپاشملە غەیبەتی پێغەمبەری دەکرد و بەچاو وبرۆ تانەی لێ دەدا، هەندێکی دەڵێن: دەربارەی کەسانی دیکە نازڵ بووە، دەتوانین بڵێن: دەربارەی هەموو کەسێك نازڵ بووە: کە ئەو رەوشتانەی تێدابن.

سورەتی (الهمزة)

بسم الله الرحمن الرحیم

وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ ﴿١﴾ ٱلَّذِى جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُۥ ﴿٢﴾
يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخْلَدَهُۥ ﴿٣﴾ كَلَّا ۖ لَيُنۢبَذَنَّ فِى ٱلْحُطَمَةِ ﴿٤﴾
وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْحُطَمَةُ ﴿٥﴾ نَارُ ٱللَّهِ ٱلْمُوقَدَةُ ﴿٦﴾ ٱلَّتِى تَطَّلِعُ
عَلَى ٱلْأَفْـِٔدَةِ ﴿٧﴾ إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ ﴿٨﴾ فِى عَمَدٍ مُّمَدَّدَةٍۭ ﴿٩﴾

﴿ویل لكل همزة لمزة﴾ ریسوایی و عەزابی دۆزەخ بۆ هەموو ئەوانەی پاشملە باسی ئادەمیزادانی تر دەکەن بە شێوەیەکی ناشیرین و لەرێز داگرتنیان، یان رووبەرو تانەیان لێ دەدەن، موقاتیل دەفەرموێ: (الهمزة) ئەو کەسەیە پاشملە تانەو تەشەر لەکەسانی دیکە دەدا، (لمزة) ئەو کەسەیە رووبەرو تانەو شەر لە خەڵك دەدا.

﴿الذي جمع مالاً و عددة﴾ ئەو تانەو تەشەردەرەی گاڵتە بەخەڵکی دی دەکاو بەسەریان دا هەڵدەنێتەوەو بەخۆی دەنازێ و شانازی بەوەدەکا: کەماڵ و سامانی کۆکردۆتەوەو دەیژمێرێ و لێکیدەداتەوەو پێکیدەگرێ، پێی وایە: ڕێزو نرخی لەکەسانی دیکە زیاترە چونکە دەوڵەمەندە.

﴿أيحسب أن ماله أخلده﴾ پێی وایە: ئەو ماڵ و سامانەی کۆی کردۆتەوەو سەریەکی ناوە نەمری دەکا و مردنی لێ دوور دەخاتەوە،؟ ئەوەندەی دڵ بەماڵ و سامانەکەی خۆشە هەرگیز بیر لەمردن ناکاتەوە، ﴿كلا﴾ نەخەیر باوانەزانێ، باوازبێنێ لەو بیرو باوەڕو هەڵوێستەی

﴿لينبذن في الحطمة﴾ بەتەئکید ئەو دەم شڕو دڵ پیسە دونیاویستە ماڵ کۆکەرەوەیە توڕ دەدرێتە ناو دۆزەخەوە خۆیو ماڵ و سامانی فڕێ دەدرێتە ناو ئاگرەوە، ئاگرێك هەرچی تێی فڕێ درێ وردوخاش دەبێ و بەسەریەك دا دەترشێ.

﴿وما أدراك ماالحطمة﴾ ئەتۆ چوزانی(حوطەمە)چیە؟ کەی تۆ دەزانی ئەو ئاگرە وردوخاشکەرە چیەو چۆنە؟

﴿نار الله الموقدة﴾ ئەوە ئاگرێکە بەفەرمانی خودا هەڵگیرساوە، هەرگیز کوژانەی نیەو قەت دانامرکێ، شیاوی ئەو خۆ بەزلزان و لوتبەرزانەیە، ئەو ئاگرە ئاگرێکە جوداوازە لەئاگری ئاسایی و هەرچی تێی فڕێ درێ دەیهاڕێ.

﴿التي تطلع على الأفئدة﴾ ئاگرێکی وەهایە هێرش دەباتە سەر دڵەکان، ئەو دڵانە دادەپۆشێ: کە کانگای کوفرو فێزو چروکین، بەزیندویی دڵەکان دەسوتێنێ، بەتایبەتی ناوی دڵەکانی هێنا چونکە شوێنی بیرو باوەڕی فاسیدو نیازی پیس و کانی ڕەوشتی ناشرین و کردەوەی خراپن، هەروەها چونکە ئەندامێکی زۆر ناسك و حەساسە لەجەستەی ئادەمیزاد بەچوکترین ئازار ئێشی زۆری پێ دەگا.

﴿إنها عليهم مؤصدة﴾ ئەو ئاگرە بەسەریان دازاڵەو لەناو خۆی گرتوون، دەرگاکانی دۆزەخیان لەسەر گاڵ دراوە، هیچ پەنجەرەو کون کەلەبەریان لەسەر ناکرێتەوە، بەهیچ جۆرێك دەرەتانی ڕزگاربونیان نیە، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿عليهم نارمؤصدة﴾(البلد/٢٠) یان دەفەرموێ: ﴿كلما أرا دوا ان يخرجوا منها من غم أعيدوا فيها﴾ (الحج/٢٢) .

وێڕای ئەوەش هەموویان شەتەك دەدرێن بەچەند کۆڵەکەیەکی درێژ کراوەوە: لەهەموو لایەکەوە بەو کۆڵەکە ئاگرینانە دەورە دراون .

موقاتیل دەڵێ: ئەو بەدبەختانە دەرگای دۆزەخیان لەسەردا دەخرێن ئەمجار بەکوت و زنجیری ئاسنین دەبەسترێنەوە، نەدەرگایان لێ دەکرێتەوە، نەهەوایان بۆ دێ.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الفيل)

ئەم سورەتە مەککیەو پێنج ئایەتە. ناوی نراوە سورەتی (الفيل)چونکە لەسەرتای سورەتەکەدا باسی چیرۆکی ئەصحابولفیل دەکا.

ڕونکردنەوەیەکی مێژوویی:

هەمیشە مەککە ڕێزو نرخێکی بەرچاوی لای عەرەبەکان هەبوو، چونکە ساڵانە عەرەبەکان لەهەمولایەکەوە بەناوی حەجکردنی کابە زیارەتی مەککەیان دەکرد، ئەوشارە بو بوە قیبلەی عەرەبەکان بەگشتی، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەبەرز کردنەوەی باری ئابوری و ڕامیاری عەرەبە قوڕەیشیەکان بەرێزەوە سەیریان دەکرا، ئەم دیاردە سەرنجی زۆر کەسی ڕاکێشاو کەوتنە بیر کردنەوە بۆ ئەوەی هۆیەك ڕێك بخەن ئەو

خەڵکە لەمەککە بتەکێننەوەو بۆلای خۆیانی کێش بکەن. لەم ڕوانگەوە غەساسینەکان لە وڵاتی (حیرە) خانووێکیان بنیات نا بۆ ئەوەی بیکەنە جێگای حەجکردنو زۆر چاوڕاویشیان بۆ کرد بەڵام کەس گوێی پێنەدان.

لەوڕۆژگارە دا یەمەن لەژێر دەستی حەبەشیەکان دابوو، سەرکردەیەکی حەبەشی: کەناوی(ئەبرەهە) بوو لەلایەن نەجاشی‌یەوە نێر درابوو بۆ فەرمانڕەوایو بەڕێوە بردنی وڵاتی یەمەن، ئەبرەهە هەستی بەگرنگی کەعبە کردو زانی: کەقورەیشیەکان بەهۆی ئەم حەج و کۆبوونەوەی ساڵانە، لەڕوی ئاینی و ئابووری و ڕامیاری...هتد ڕێزو نرخێکی بەرچاو یان دەست دەکەوێ. ئەمەش تەواو ئەبرەهەی تەنگە تاوکرد، بۆیە ویستی ئەم شکۆمەندییە هەمەلایەنە لە قورەیشیە داگیر بکا.

ئەوە بوو کەنیسەیەکی گەورەو سەرەنج ڕاکێشی لەیەمەن بنیات نا، ویستی سەرنجی عەرەبەکان لە کەعبە لابداو ڕویان پێبکاتە کەنیسەی تازەبنیات نراوو وابکا ساڵانە لەجیاتی حەجکردن بۆ کابە، حەجی کەنیسەی یەمەن بکەن، زۆری پڕو پاگەندە بۆ کرد بەڵام بێ سوود بوو، عەرەبەکان بەگشتی و عەرەبەکانی یەمەنیش ڕویان نەکردە کەنیسەکەی ئەبرەهە، وتیان: کەعبە دروستکراوی باوو باپیرانیانەو دەست بەرداری نابن، وەکوو لە هەندێ داستان دا هاتووە یەکێك لە عەرەبەکان بەدزیەوە چووە ناو کەنیسەکەو پیسای تێکرد!

گوێ پێنەدانی عەرەبەکان بەکەنیسەکەی یەمەن و پیسای تێکردنی کابرای عەرەب، کاری کردە سەر دڵ و دەرونی ئەبرەهەو بڕیاری دا سوپایەکی بێ شمار کۆبکاتەوەو بچێتە سەر مەککە و کابە بڕو خێنێ، سوپایەکی گەورەی ڕێك خست و کۆمەڵێ (فیلی)شی خستنە پاڵ سوپاکە، بۆ خۆیشی سواری یەکێ لەفیلەکان بوو بەرەو مەککە سوپای خستە ڕێ، بیستنی ئەم هەواڵە بوو بەکابوسێك و جیهانی عەرەبی داگرت، بەتایبەتی

قوره‌یشیه‌كانی خسته بارو دۆخێكی ناهه‌مواره‌وه، ترسیئه‌وه‌یان لیٚ‌نیشت: كه ئه‌و ڕێزو نرخه‌ی به‌هۆی كابه‌وه هه‌یانه له‌كیسیان بچیٚ (امتیازات) پێشوویان نه‌مێنیٚ!

(ذونفر): كه‌یه‌كێك بوو له‌گه‌وره پیاوانی عه‌ره‌ب، له‌یه‌مه‌ن دا به‌ناو عه‌ره‌به‌كان داگه‌ڕاو ده‌ستی كرد به هاندانیان بۆ به‌ره‌نگار بوونه‌وه‌ی سوپای ئه‌بره‌هه، به‌لاّم چونكه سوپای ئه‌بره‌هه زۆر و بیٚ شمار بوو چییان بۆ له‌گه‌لّ نه‌كرا نه‌فیلی كوڕی حه‌بیبی خوثعه‌می: كه ئه‌میش یه‌كێك بوو له‌پیاو ماقولاّنی عه‌ره‌ب، له‌شكرێكی پێكه‌وه‌نا بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی ئه‌بره‌هه، به‌لاّم ئه‌میش خۆی بۆنه‌گیڕاو له‌شكره‌كه‌ی شكاو بۆ خۆشی به‌دیل گیرا، پاشان بووبه چاو ساغی له‌شكری ئه‌بره‌هه.

سوپای ئه‌بره‌هه هات گه‌یشته(مه‌غمه‌س) له‌نزیك مه‌ككه، مه‌فره‌زه‌یه‌كی نارد ئاژه‌لّی قوره‌یش و تیره‌كانی تریان كۆكرده‌وه‌و هێنایان دووسه‌د حوشتری عه‌بدولموته‌لیب به‌ر ئه‌م چه‌پاو كردنه كه‌وتن. له‌هه‌مان كات دا ئه‌بره‌هه پیاوێكی خۆی نارد بۆلای قوره‌یشیه‌كان تێیان بگه‌یه‌نیٚ: كه بۆ شه‌ڕ نه‌هاتوون، ته‌نها كابه ده‌ڕۆخێنن و ده‌گه‌ڕێنه‌وه، باخۆیان تووشی مه‌ینه‌تی و خوێن ڕێژی نه‌كه‌ن.

پاش ڕاوێژ و لێكۆڵینه‌وه قوره‌یشیه‌كان به‌سه‌رۆكایه‌تی عبدولموته‌لیب هاتنه سه‌ر ئه‌وه كه‌به‌ره‌نگاری ئه‌بره‌هه نه‌بنه‌وه، عه‌بدولموته‌لیب له‌گه‌لّ پیاوه‌كه‌ی ئه‌بره‌هه‌دا ڕۆیی بۆلای ئه‌بره‌هه زۆر ڕێزی له‌عه‌بدولموته‌لیب گرت و وتی: چ داوایه‌كت هه‌یه؟ ئه‌ویش وتی: حوشتره كانم بده‌نه‌وه ئه‌بره‌هه وتی: كه‌چاوم پێت كه‌وت زۆر به‌گه‌وره هاتیه به‌رچاوم. به‌لاّم به‌م داوایه‌ت پێش چاوم كه‌وتی، ئه‌من هاتوم كه‌عبه بڕوخێنم كه‌ره‌مزی شكۆمه‌ندی و جێگه‌ی بیرو باوه‌ڕی خۆتان و باوك و باپیرانتانه، كه‌چی داوای مه‌ره‌خه‌سكردنی چه‌ند حوشترێكم

لیّدەکەی پیّتان بدەمەوە؟ عەبدولموتەلیب وتی: بەڵیّ من خاوەنی حوشترەکانی خۆمم و داوایان دەکەمەوە، کەعبە خاوەنیّکی هەیە دەیپاریّزیّ، ئیتر حوشترەکانیان پیّدانەوەو گەڕانەوە بۆ مەککە، دەنگ و باسیان بۆ دانیشتوانی مەککە گیّڕایەوە، داوایان لیّ کردن شار چۆڵ بکەن و ماڵ و منداڵ و خۆیان لەو ئاگرە بەدووربگرن.

قوڕەیشیەکان ماڵ و منداڵیان لەمەککە دوورخستەوەو خۆیان قایم کرد، ئەبرەهەش هیّرشی خۆی دەس پیّ کردو فیلەکانیان خستە پیّشەوە، بەرەو کەعبە کەوتنە ڕیّ. فیلە گەورەکەیان: کەپیّشەنگیان بوو، مانی گرت و خۆی کوتا بەزەوی دا، هەرچی هەوڵیان لەگەڵ دابیّ سود بوو، ڕویان پیّ لەمەککەوەرگیّڕا کەوتە ڕۆیشتن، ڕویان پیّ لەکەعبە کردەوە مانی گرتەوە، سوپا حەوق بوو پیّشڕەوی بۆنەکرا، بەلاّم هەرسور بوون لەسەر ڕوخانی کەعبەو چاوەڕیّی ئەوەبوون فیلەکە بکەویّتە ڕیّ و واز لەمانگرتنەکەی بیّنیّ.

ئالەم کاتەدا خەشم و قینی خودا کەوتەکار و گیانداریّکی بیّ هیّزو لاوازی بەکارهیّنا بۆ لەناوبردنیان، پۆل پۆل باڵندەی (ئەبابیلە)ی ناردە سەریان و بەردی تیّکەلاّو (لەگلّ و بەرد)یان بەدەنووکەوە بوو پەیتا پەیتا بەردە بارانیان کردن، ئەو سوپا زۆرەی ئەبرەهەیان تارومار کردو وایان لیّکرد وەکوو کای خوراوو گەلاّی داری وشکی کونکونیان لیّ هات، هەموو یان لەناو چون و کەسیان لیّ قوتارنەبوو.ئەبرەهە بۆ خۆی برینداربوو بەپەریّشانی بردیانەوە بۆ یەمەن، بەلاّم جەستەی پیسی بەرەبەرە دەڕزیّ و پارچە پارچە هەڵدەوەریّ، هەتا گەیاندیانە(صەنعا) لەویّ پیّش ئەوەی گیانی دەربچیّ سنگی لەت بوو جەرگ و دڵی هاتنە دەرەوە، بەم پیّیە گیانی دەرچوو.[1]

(١)(سیرة ابن هشام/ ج١/٤٩) .

ئه‌م تێشکان و تێداچونه‌ی سوپای ئه‌بره‌هه کاریگه‌ریه‌کی زۆری هه‌بوو له‌مێژووی عه‌ره‌ب دا، ئه‌وه‌نده‌ی تر قوره‌یشیه‌کان ڕێزیان په‌یدا کرد، وتیان: ئه‌وانه خودایان له‌گه‌ڵه‌و خودا دوژمنه‌کانی له‌ناوبردن، هێنده‌ی تر که‌عبه‌یان له‌لا پیرۆز بوو، په‌روه‌ردگار ویستی به‌م ڕوداوه کابه له‌به‌رچاوی عه‌ره‌به‌کان و دونیا گه‌وره‌بکا، ڕێ خۆش بکا بۆ ناردنی حه‌زره‌تی موحه‌ممه‌د له‌ناویان داو بڵاوکردنه‌وه‌ی ئاینی ئیسلام له‌سه‌ر ده‌ستی ئه‌وان..

ئه‌م ڕوداوه گرنگه هاوزه‌مان بوو له‌گه‌ڵ له‌دایکبونی حه‌زره‌تی موحه‌ممه‌د ساڵی (٥٧٠)ی ز واته: ماوه‌ی نێوان ساڵی فیل و ناردنی نیگا بۆ پێغه‌مبه‌ری ئیسلام چل ساڵ بوو، ئه‌و ده‌مه‌ی حه‌زره‌تی موحه‌ممه‌دﷺ په‌یامی خۆی ڕاگه‌یاند زۆرێك له‌و قوره‌یشیانه له ژیان دابوون: که به‌چاوی خۆیان ڕوداوی(فیل)یان دیبوو، به‌چاوی خۆیان ئه‌وباڵندانه‌یان دیبوون یان به‌ته‌واتوورو شێوه‌یه‌کی به‌ر بڵاو بیستبوویان هه‌ربۆیه که ئه‌م سوره‌ته نازڵ بوو عه‌ره‌به‌کان هیچ له‌وباره‌وه ڕه‌خنه‌یان نه‌بوو خۆ ئه‌گه‌ر تۆز قاڵێك ڕێگه‌یان ببوایه‌و کاتی خۆی ئه‌و باڵندانه‌یان نه‌بینینایه، دونیایان پڕ ده‌کرد له قاڵه قاڵ دژی پێغه‌مبه‌رﷺ و جۆره‌ها ڕه‌دو به‌رهه‌ڵستکاری پێغه‌مبه‌ریان ده‌کردو لێیان ده‌کرده هه‌ڵلاو ده‌یانگوت، باڵنده‌ی چی و به‌ردی (سجیل) چی؟

به‌ڵام له‌م باره‌وه نه‌زۆر و نه‌که‌م قوره‌یشیه‌کان نقه‌یان لی نه‌هاتووه، ئه‌مجار ئه‌م له‌ناو بردنه‌ی سوپای ئه‌بره‌هه‌یه باڵنده بووبی به‌رده‌بارانیان کردبن، یان به‌هۆی میکرۆب و ئاوه‌ڵه‌بووبێ وه‌کوو هه‌ندێ له‌موفه‌سیرنی تازه نووسیویانه، هه‌ر موعیجزه‌یه و خودا شاری‌مه‌ککه‌و که‌عبه‌ی پیرۆزی له ده‌ستی ئه‌و سته‌مکاره پاراست و دوژمنانی ماڵی خۆی ته‌فروتونا کردن ده‌فه‌رموێ:

سورەتی (الفیل)

بسم الله الرحمن الرحيم

أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ ﴿١﴾ أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ
فِي تَضْلِيلٍ ﴿٢﴾ وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ﴿٣﴾ تَرْمِيهِم
بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ ﴿٤﴾ فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ ﴿٥﴾

﴿ألم تر كيف فعل ربك بأصحاب الفيل﴾؟ ئەتۆ نازانی ئەی موحەممەد! بەزانینێکی تەواوو بێ پەردە وەکوو ئەوە بۆ خۆت ئاگاداری ڕوداوەکە بووبێ، خودای تۆ چی‌بە ئەبرەهەو لەشکری زۆرو بێ شماری کرد کە بڕێ فیلیان پێ بوون بۆروخانی کابە. نازانی چۆن تارو ماری کردن و کەعبەی پاراست لەنیازو مەبەستی گڵاوی ئەبرەهەو لە شکرەکەی؟

﴿ألم يجعل كيدهم في تضليل﴾ ئایا پیلان و نەخشەکەیانی هەڵنەوەشاندنەوە؟ واتە: ئەتۆ نازانی: کەخودای تۆ مەکرو پیلانی ئەبرەهەو سوپاکەی بۆ ڕوخانی کابە و چەو ساندنەوەی دانیشتوانی مەککە و دەوروبەری پوچ کردەوەو ئەوەی دەیانەویست بۆ یان نەهاتەجێ، نەیانتوانی بگەنە کەعبەو بیڕوخێنن، بەڵکوو خودا تارومارى کردن و ئاسەواری بڕینەوە.

دەی گەلەکەی تۆ ئەی موحەممەد! کە ئەمە دەزانن ئاگایان لە هەواڵ و بەسەرهاتی ئەبرە هەو لەشکرەکەی هەیە باترسن لەوەی: کە خودا بەسزایەکی هاوچەشن ئەوانیش لەناو بەرێ ئەگەر سەرپێچی فەرمان و جڵەو گیرییەکانی بکەن.

﴿وارسل عليهم طيراً أبابيل، ترميهم بحجارة من سجيل﴾ ئەوەبوو پەروەردگار چەند پۆلە باڵندەیەکی رەشەرەشەی، لەلای دەریاوە رەخساند، کۆمەڵ کۆمەڵ هێرشیان هێنایە سەرسوپای ئەبرەهە، هەریەکێك لەو باڵندانە سێ بەردی هەڵگرتبوو دانەیەك بەدەندوکی و دوودانەشی بە قاچەکانیان، بەچڕی بەردە بارانیان کردن، هەربەردێك کە پێیان دەکەوت یەکسەری لە تەوقی سەریانەوە تاناوسکیان دادەڕزاو دادەوشا!

ئەوبەردانەی باڵندەکان بەردەبارانی سوپای ئەبرە هەیان پێ کرد، قوڕی رەقەڵاتوبوو، بە ئەندازەی نۆك و لەنیسك گەورەتربوون، رێی هەرکەسێك بکەوتنایە جەستەیان دادەڕزاوگیانیان دەدا!!

﴿فجعلهم كعصف مأكول﴾ پەروەردگار وەکوو کای خوراوی لێکردن، وەکوو خۆراکی ئاژەڵ کە هەزمی کردبێ و دەری دابێتەوە .

مامۆستا سەیید دەفەرموێ: ڕیوایاتی جۆراو جۆر هەن دەربارەی دیاری کردنی ئەم پۆل پۆلە باڵندانەو شکڵ و قەبارەیان و قەبارەی ئەو بەردانەی بەکاریان هێناو جۆری بەردەکان و کاریگەرییان، هەروەکوو چۆن هەندێ ڕیوایەت هەن ئەوە دەگەیەنن کە ئاوڵەو خرۆێلکە لەوساڵە دا لەمەککەدا پەیدابوون، ئەوانەی دەیانەوێ چوار چێوەی خارقە و غەیبیات تەسك بکەنەوەو هەموو شتێك لەو جۆرە غەیبیات و خاریقولعادانە بگێڕنەوە بۆ باوو یاسا کەونییەکان کەخودا لەم بونەوەرە، داینـاوە، ئەوانە دەیانەوێ تەفسیری، ڕوداوەکە بەوە بکەن کە نەخۆشی ئاوڵەو خرۆێلکە لەناو سوپای ئەبرەهەدا بڵاو بۆتەوەو ئەو باڵندانەی ئایەتەکە باسیان دەکا بریتی بوون لەو مێش و میشولانەی میکرۆبەکانیان هەڵگرتووە بۆ ناو سوپاکەو بڵاویان کردۆتەوە، هەرشتێك بفڕێ باڵندەیە، مێش بێ یان باڵندەی تر.

ئەمجار مامۆستا سەیید دەڵێ: مامۆستا شێخ موحەممەد عەبدە لەتەفسیری جزمی (عم)ەدا دەڵێ: لەڕۆژی دووەم دا نەخۆشی ئاوڵەو

خڕۆیلکە لەناو سوپای ئەبرەهەدا بڵاو بۆوە، عیکریمە دەڵێ: ئەوە یەکەمجار بوو کە لەوڵاتی عەرەبدا نەخۆشی ئاوڵە سەر هەڵبدا.

یەعقوبی کوڕی عوتبە دەڵێ: بێگومان یەکەمجار کە دیاردەی نەخۆشی ئاوڵەو خڕوێلکە لەوڵاتی عەرەب دا بینرا لەو ساڵەدا بوو، ئەو نەخۆشی و تاعونە کارێکی بەجەستەی ئەوانە کرد: کە نموونەی کەم بێ، ئەوەبو هەرچی ئەو نەخۆشییەی تووش دەبوو جەستەی دادەڕزاو گۆشتی لەشی هەڵدەوەری، ئیتر ترسێك لەناو دڵی سوپاکەی ئەبرەهەدا پەیدا بوو، هیچ چاریان نەما هەڵاتن نەبێ، سوپا هەمووی تووشی ئەو نەخۆشیە بوو ئەبرەهە بۆ خۆی جەستەی داوەشاو پارچە پارچە گۆشتی لەشی کەوتە خوارەوە، هەتا سنگی دوو لەت بوو لە صەنعا مرد!

ئەمە تەفسیرێکە هەموو ڕیوایەتەکان لەسەری کۆکن و بڕواپێکردنی صەحیحە. ئەم سورەتە پیرۆزەش ئەوەی بۆ ڕوونکردینەوە کە ئەو نەخۆشی ئاوڵەو خڕوێلکە لەو بەردە وشکانەوە بڵاو بووەوە کە بەسەر سوپاکەدا بارێندران بەهۆی پۆل پۆلی باڵندەی زۆر کە خودا لەگەڵ ڕەشەبادا دەیان نێرێ.

کەواتە دروستە: کە بڕوامان وابێ ئەو باڵندانە لەجۆری ئەو مێشوو لەو مێش و مەگەزانە بووبن: کە میکرۆبی بڕی نەخۆشی دەگوێزنەوە، ئەو بەردە وردانەش بەردی ژەهراوی بووبن کە (با) هەڵی دەگرێ و دەینووسێنێ بەقاچی ئەو مێش و مەگەزانەوە، جا: کە ڕێی جەستەی ئادەمیزادەکان کەوتبن و چوینە ناو لەشیانەوەو ئەو نەخۆشیە سامناکەیان تێدا پەیدا بووبێ و بەو جۆرە گۆشتی لەشیان هەڵوەریبێ.

بێگومان زۆر لەو باڵندە لاوازانە بەگەورەترین لەشکری خودا دەژمێردرێن بۆ لەناوبردنی ئەوانەی خودا بیەوێ لەناویان بەرێ.

ئه‌م گیانداره بچکۆله‌ی ئێستا پێی ده‌گوترێ: میکرۆب، جۆرێکه له‌و له‌شکرانه‌ی په‌روه‌ردگارو ئه‌وه‌نده زۆرو هه‌مه جۆرن هه‌ر خودا ژماره‌یان ده‌زانێ، ده‌رکه‌وتنی ده‌سه‌لآت و به‌توانایی خودا بۆ له‌ناوبردنی سه‌رپێچیکارو یاخی بووان و ملهوڕان نه‌به‌ستراوه به‌وه ئاخۆ ئه‌و باڵنده به‌قه‌د کێوێ زه‌به‌للاح بێ یان جۆرێك بێ له باڵنده‌ی که‌س نه‌دیوو نه‌اوازه، یان ڕه‌نگ و قه‌باره‌یه‌کی تایبه‌تییان هه‌بێ!

هه‌رچی هێزێکی ناو بوونه‌وه‌ر هه‌یه، هه‌مووی ملکه‌چی ده‌سه‌لآتی خودایه، ئه‌م ملهوڕه‌ی ویستی مالّی خودا بڕوخێنێ، خودا جۆرێکی له‌باڵنده بۆ نارد که میکرۆبی ئاوڵه‌و خڕوێلکه‌ی پێبگه‌یه‌نێت و خۆی و سوپاکه‌ی به‌و ده‌رده به‌رێ: که به‌سه‌ری هێنان و بیانکاته په‌ند بۆ ڕۆژگار، ئه‌مه‌ش نیعمه‌تێکه خودا دانیشتوانی مه‌ککه‌ی پێ به‌هره‌مه‌ند کرد – هه‌رچه‌نده خۆیان بتپه‌رست بوون- به‌لآم خودا پارێزگاری له‌مالّی خۆی کرد، بۆ ئه‌وه‌ی له‌وه‌دوا که‌سێکی بۆ بڕه‌خسێنێ بانگه‌وازی بۆ ئاینی خودا بکاو له‌بت و بتپه‌رستی تێیدا پاکی بکاته‌وه، ئه‌مه به‌لآو سزایه‌کی خودایی بوو به‌سه‌ر ئه‌وانه‌یدا ڕشت: که‌ویستیان به‌ناڕه‌وا مالّی خودا بڕوخێنن .

(ئه‌م جۆره ته‌فسیرکردنه دروسته‌و ڕه‌وایه پشتی پێ ببه‌سترێ له‌شیکردنه‌وه‌ی ئه‌م سوره‌ته‌دا، جگه له‌م ته‌فسیره ته‌فسیری تر به‌ته‌ئویل نه‌بێ وه‌رناگیرێ، هه‌ر له‌دیارده‌ی گه‌وره‌یی‌و به‌توانایی خودایه: ئه‌و که‌سه‌ی به فیل ده‌نازێ که گه‌وره‌ترین گیانله‌به‌ره به بچوکترین گیاندار له‌ناو بچێ: که میکرۆبه؛ ته‌نانه‌ت به‌چاویش نابینرێ، گومانیشی تێدا نیه لای ئاده‌میزادی دانا ئه‌م شێوه له‌ناو بردنه به‌و زینده‌وه‌ره بچوکه زۆر گرنگ ترو سه‌رسوڕهێنه‌رتره).

مامۆستا سەیید ئەو شێوە تەفسیرەی مامۆستا (محەمەد عەبدە)ی پێ پەسەند نیەو دەفەرمووێ: ئێمە وانازانین ئەو دیمەنەی مامۆستا شێخ موحەممەد عەبدە، دەیخاتە ڕوو باشتر دەسەلاتی خودا دەربخا لەو دیمەنەی ریوایەتە جۆراوجۆرەکان دەینوێنن، بۆ دەسەلاتی خودا ئەو باڵندەیەی ئایەتەکە باسی دەکا باڵندەیەکی چولەکە ئاسابێ و سێ بەرد هەڵبگرێ و پۆل پۆل بەچڕی بەردە بارانی سوپای ئەبرەهە بکەن و هەر بەردێك ڕێی سەری یەکێ لەپیاوانی سوپاکە کەوتبێ و جەستەی داوەشاندبێ، لەگەڵ ئەوەدا ئەو باڵندە بریتی بێ لە میکرۆب و نەخۆشی ئاوەڵەو خڕوێلکە بڵاوبکەنەوە چون یەکە، هەردوو جۆرەکە بۆ دەسەلاتی خودا وەکو یەك وان و ڕوودانیان مومکینە.

بێگومان داب و نەریتی خودا لەبوونەوەرەدا هەر ئەوە نیە: کە ئادەمیزاد پێی ڕاهاتوون و دەیزانن، ئەوەی دەرکەوتووە بۆ ئادەمیزاد لەداب و نەریتی خودا لەبونەوەردا بەشێکی زۆر کەمە، خودا بەگوێرەی ئامادەباشی ئادەمیزاد بۆ وەرگرتنی ئەو داب و نەریتە، کەمکەمە بۆیان دەر دەخا، بەئەندازەی ئەزموون و تێگەیشتنی ئادەمیزادەکان بەدرێژایی ژیانیان لایەك لە سوونەتی خۆی لەبوونەوەردا دەر دەخا.

ئەو ڕووداوە خاریقولعادانەی لێرەو لەوێ و دوێنێ و ئەمڕۆ بیندراون و دەبیندرێن، هەموویان سوونەتی خودان و بەویستی ئەو دێنە کایەوە، وەلێ کە بەخاریقولعادەیان دەزانن، هۆیەکەی پێوە ڕاهاتن و ناسین و نەناسینە، ئەگینا بۆ خودا هەموو کارێك ئاسانەو هەموویان بەگوێرەی داب و نەریتی ئەوە.

هەڵهاتنی خۆرو ئاوابوونی کە هەموو ڕۆژێك دەیبینین و پێوەی ڕاهاتووین بەنیسبەت دەسەلاتی ئادەمیزادەوە خاریقولعادەیە لەدایکبوونی هەر منداڵێك کە لەدایك دەبێ خاریقولعادەیەو هەموو ساتە

وەختێك دووبارە دەبێتـــەوە، ئـەو بـارە پێوەگرتـن و وەگـری بوونـەو زۆر دووبارە بوونـــەوەیان وای لەئێمــە کـردووە بــەکارێکی ئاسـاییان بزانـین و بەخاریقولعادەیان لەقەڵەم نەدەین!

بەکورتی مامۆستا سەیید پیێ وایە،ئەو ڕووداوە ڕووداوێکی نائاسایی بووە و ئادەمیزاد پیێ ئاشنا نەبوون، ڕیوایەتــەکان بەپەســەند دەزانــێ و دەربارەیان دوو دڵ نیەو هیـــچ تــەئویلێك ئــەنجام نــادا، بــەگوێرەی دەقــی ڕیوایەتەکان، لەو سەرو بەندەدا: کە ئەبرەهە دەیەوێت هێرش بەرێتە ســەر کابەو بیڕوخێنیێ، پەروەردگار(تەیری ئەبابیلی) ناردەسەریان‌و هەریەکـەیان سێبەردی پیێبووە بەئەندازەیدەنکەنۆك و لەنیسك گەورەترو لەشکرەکەیان بەردەباران کرد، ئەو کارەساتەیان بەسەر لەشکری ئەبرەهە هێنا.

هەرکەسیێ دەیەویێ بەتەواوی بیرو بۆچوونی مامۆستا شـــێخ موحەمـــەد عـــەبدەو ڕەتدانـــەوەی ســـەیید قوتـــب لەســـەری و پاســـاو هێنانـــەوە بـــۆ تەفسـیرکردنەکەی بــەو جـۆرە بزانــێ بـا سـەیری (فـــی ظـــلال القـرآن) (ج٨/٦٦٧- ٦٧٥) بکا.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (قریش)

ئەم سوورەتە مەککییەو چوار ئایەتە، ناوی نـراوە سـورەتی قوڕەیـش، چونکە لەسەرەتای ســورەتەکەدا نیعمــەتی خــۆی بەســەر قوڕەیشــیەکاندا ڕادەنوێنیێ. **پەیوەندی ئەم سورەتە بەسورەتی پێشەوە:**

پەیوەندی ئەم سورەتە بەسورەتی پێشەوە زۆرپتەوە، چونکـــە هـــەردوو سورەتەکە نیعمەتەکانی خودا وەبـــیر دانیشـــتوانی مەککـــە دەهێنێتـــەوە، سورەتی فیل ڕووداوی بەهیلاکبردنی ئەو دووژمنەیان ڕادەنوێنیێ کەهاتبوو

کابە بڕوخێنــێ و بناغــەی شــکۆمەندی و پیاوەتیــان لــەبێخ هەڵکــەنێ.

ئەم سورەتەش نیعمەتێکی تری پــەروەردگاریان وەبیر دێنێتــەوە: کــە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگای بەختەوەرە، ئــەوەیان بــەگوێدا دەدا: کــە خــودا ئولفەت و خۆشەویستی خستۆتە نێوانیانەوەو نیعمەتی ئاسایش و ئارامی بەسەردا ڕشتوون و لەناو مەککەدا ترسیان لەکەس نیە، هــەر وانیعمــەتی دەوڵەمەندی پێداون و جڵەوی بازرگانی وڵاتــی حیجازیــان بەدەســتەوەیە، هاوینان قافڵەیان دەچێ بۆ شــام و زســتان بــۆ یەمــەن، لــەڕێگادا کــەس ڕێگرییان ناکاو سام و هەیبەتێکی تایبەتییان پێ دراوەو، لەو وولاتانــەی بازرگانییان لەگەڵ دەکەن ڕێزو شکۆمەندییان هەیە.

ئەم سوورەتە ئەوەندە بەسوورەتی پێشووەوە پەیوەندی بەهێزە تەنانــەت دەگوترێ: (جارو مەجروری) سەرەتای ســورەتەکە پەیوەســتە بــە کۆتــایی سورەتی پێشووەوە: کە ﴿فجعلهم كعصف مأكول﴾ە.

واتە: خودا لەشکری ئەبرەهەی لەناو برد بۆ ئەوەی قورەیشیەکان لــەناو خۆیاندا بەخۆشی ژیان بەسەر بــەرن، بۆیــە لەموصحــەفی (أبـی) بەیــەك سورەت حیساب کــراون، بــەڵام لەموصحــەفی ئیمــام دا بــەدوو ســورەت نووسراون و لەنێوانیان دا (بسم الله الرحمن الرحيم) نووسراوە.

سورەتی (قریش)

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

لِإِيلَـٰفِ قُرَيْشٍ ﴿١﴾ إِۦلَـٰفِهِمْ رِحْلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيْفِ ﴿٢﴾ فَلْيَعْبُدُوا۟ رَبَّ هَـٰذَا ٱلْبَيْتِ ﴿٣﴾ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ﴿٤﴾

دەفەرمووێ: ﴿لایلاف قریش، ایلافهم رحلة الشتاء و الصیف، فلیعبدوا رب هذا البیت﴾. پەروەردگار لەشکری ئەبرەهەی لەناو برد بۆ ئەوەی قورەیشیەکان لەناو خۆیاندا پێکەوە ئولفەت بگرن و یەکیەتی و تەبایی بکەوێتە ناویانەوە، وەگری ئەو خاك و دەڤەرە بن، هۆگرییان بۆ دەستەبەر ببێ بەهۆی هاتووچۆیان زستان بۆ یەمەن و هاوین بۆ شام، بۆ ئەوەی ڕێزی کەعبە پایەداربێ و ئەوان لەو ڕێزو شکۆمەندییە بەهرەمەند بن.

پەروەردگار نزاو پاڕانەوەکەی حەزرەتی ئیبراهیمی‌ﷺ قبولّ کرد، کاتێ لەبنیاتنانی کابە بووەوە پاکی کردەوە، وتی: ﴿رب اجعل هذا بلداً آمناً وارزق اهله من الثمرات﴾(البقرة/١٢٥).

هەر لەو ڕۆژگارەوە خودا کابەی پیرۆزی لەدەستدرێژی خراپەکاران پاراستووە، ڕزگاری کردووە لەدەسەلاّتی ملهوڕان، هیچ تاغوتێك دەستی خراپەکاری بۆ نابا، هەرکەسێ بێتە ناوی لەترس و بیمی خراپەکاران ئەمین دەبێ، تەنانەت ئەو کاتەش کە دانیشتوانەکەی لەئایینی ئیبراهیم لایان داوە دەستیان کرد بەبتپەرستی،خودا ئەو بەهرەیەی لیّنەستاندنەوە، چونکە خودا بۆخۆی دەیزانی لەدواڕۆژا کەعبە دەبێتە مەڵبەندی خوداپەرستی.

کە ئەبرەهە سوپای پێکەوەنا بۆ روخاندنی کەعبە، خودا ماڵی خۆی پاراست و ئەوەی بەسەر لەشکری ئەبرەهە هێنا کە هێنای، بەهۆی ڕێزی کەعبەوە قورەیشیەکان لەئەمن و ئاسایشی‌دا بوون، بازرگانییان بەردەوام بوو بەزستان قافڵەکانیان بەرەو یەمەن دەچوو و بەهاوین بۆ شام، لەم سەفەرانەدا شتی خۆیان دەبرد بۆ ئەو شوێنانەو دەیانفرۆشت و کالاّی پێویستیان دەکڕی و دەیانهێنایەوە بۆ بازاڕی مەککەو بەم ڕەنگە جڵەوی بازرگانی مەککەیان بەدەستەوە گرتبوو ژیانێکی ئارام و پڕ نازو

نیعمەتیان بەسەر دەبرد، بەڵام خەڵکانی دەوروبەریان هەمیشە لەشەڕو ناخۆشی و تالانکردن و یەکتر فڕاندا بوون، وەکو قورئان دەربارەیان دەفەرمووێ: ﴿او لم یروا إنا جعلنا حرما آمنا و یتخطف الناس من حولهم؟﴾(العنکبوت/٦٧).

بێگومان ڕووداوی فیل و سەرەنجامی لەشکری ئەبرەهە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لەزێدە ڕێزگرتنی کابەو شاری مەککەو قورەیشیەکان لەلایەن کۆمەڵگای عەرەبی بەگشتی، بۆیە قورەیشیەکان بەڕاشکاوی بەناو وڵاتەکان دا دەگەڕان و کەس دەستدرێژی نەدەکردنە سەر، بەڵکو بۆ هەر شوێنێك بچونایە پێشوازییان لیٚ دەکراو ڕێزی تایبەتییان دەگیرا، ئەمەش هەڵینان کە ڕو بکەنە بواری بازرگانی و دوو کەناڵی کاریگەر بدۆزنەوە بۆ تیجارەت کە بریتی بوو لە چوونی کاروانیان بەزستان بۆ یەمەن و هاوین بۆ شام، ئەمەش دەرگای ڕزق و ڕۆزییەکی زۆر و زەبەندەی لیٚ کردبوونەوە.

ڕزق و ڕۆزی زۆرو دڵنیایی لەسەرو ماڵیان، ئائەمەیە ئەو منەتەی خودا بەسەریاندا دەکاو پێیان دەفەرمووێ: لەبەر ئەو ڕێزو شکۆمەندییەی بۆ ئێوەم دەستەبەر کردووە و ئەو ڕزق و ڕۆزییەی بەسەرمدا ڕشتوون ئێوە عیبادەتی خودای ئەم ماڵە پیرۆزە بکەن، بەو کەمدەستی و بیٚ هێزیەتان و لەناو ئەو هەموو شەڕو هەرایەی لەدەوروبەرتان بەرپا دەبیٚو تالان و بڕۆیەی لەناو خێڵەکان دەکریٚ، خودا پاراستنی و لەشکری بیٚ شماری ئەبرەهەی بۆ تارومار کردن و پارێزگاری کابەی پیرۆزی لە ئەستۆ گرتووە بەدڵنیاییەوە لەماڵی خۆتان دانیشتوون.

وێڕای ئەوەی هەرێمەکەتان ناوچەیەکی ڕەقەن و کرێن و بیٚ کشت و کاڵ و بەرو بوومە: کە بەگوێرەی سروشتی وڵاتەکە دەبوایە هەموو کاتیٚ

قات و قڕی پێوە دیار بوایە، بەڵام خودا ڕزق و ڕۆزییەکی بەرفراوانی بەسەردا ڕشتوون و بەتێرو تەسەلی ژیان بەسەر دەبەن.

بەکورتی ئەوەتا خودا دوو نیعمەتی زۆر گەورەی بەسەردا ڕشتوون، نیعمەتی تارومارکردنی سوپای ئەبرەهەو نیعمەتی جێگیربوونتان لە پەنا کابەی پیرۆزو هۆگریتان بەیەکتری تێیدا، ئەگەر هیچ نیعمەتێکی تری خوداتان لەبەرچاو نەبێ، لەپاساوی ئەو دوو نیعمەتەدا عیبادەتی خودا بکەن، کە خاوەنی کابەیەو ڕێزو شکۆمەندی پێداوەو ئێوەش لەپەنایدا حەساونەوە.

ئەمجار هەندێ نیعمەتی تری خۆیان بەیان دەکا: کە بەقوڕەیشییەکانی بەخشیون دەفەرمووی: ﴿الذي أطعمهم من جوع﴾ بەندایەتی بۆ ئەو خودایە بکەن: کە بەهۆی هاتوچۆتان بۆ یەمەن و شام خواردەمەنی پێداون و ڕزق و ڕۆزی بۆ زۆر کردن و قات و قڕیتان بەخۆوە نەبینیوە، لەبرسێتی ڕزگاری کردوون.

﴿وآمنهم من خوف﴾ بە فەزڵ و ئیحسانی خۆی ئارامی و دڵنیایی بۆ ڕەخساندوون،ترسیدەستدرێژیکارو هێرشبەرانتان نیە دڵنیان لەسەلامەتی گیان و ماڵ و سامانتان، کەواتە ئێوە تەنیا ئەوخودایە بناسن و عیبادەت هەر بۆ ئەو بکەن، بت و صەنەم مەکەنە هاوەڵ و هاوبەش، دڵسۆزانە یەکتاپەرستی بکەن و لەناخەوە ملکەچی فەرمان و جڵەوگیرییەکانی بن.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الماعون)

ئەم سوورەتە بەقسەی ئیبنوعەبباس و قەتادە مەددەنییەو حەوت ئایەتە جەماوەری زانایان فەرموویانە: مەککییە واتە: پێش کۆچکردنی

پێغەمبەرﷺ بۆ مەدینە نازڵ بووە (هبة الله) کە موفەسسرێکی‌نابینابووە دەڵێ: نیوەی لەمەککە نازڵ بووە،دەربارەی عاصی‌کوڕی وائیل و نیوەکەی تری لەمەدینە نازڵ بووە دەربارەی عەبدوولڵای کوردی ئوبەی دوڕو.

ناوی نراوە سورتی (الماعون) چونکە لەکۆتایی سورەتەکەدا پەروەردگار سەر زەنشتی ئەوانەی کردووە کە ئامێری پێویست لەدراوسێ و هاوولاتیان قەدەغە دەکەن، وشەی (ماعون) هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە: کە دراوسێ لەدراوسێی دەخوازێ وەکو ئامێری خواردن دروستکردن، ئامێری کشت و کاڵ و ئامێری جل دروون و ئەو جۆرە شتانە.

سورەتی (الماعون)

بسم الله الرحمن الرحيم

أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ﴿١﴾ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى
يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ﴿٢﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ﴿٣﴾
فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ
﴿٥﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ يُرَآءُونَ ﴿٦﴾ وَيَمْنَعُونَ ٱلْمَاعُونَ ﴿٧﴾

دەفەرمووی: ﴿أرأيت الذي يكذب بالدين﴾ ئایا زانیوتەو دەیناسی کێیە ئەو کەسەی ڕۆژی قیامەت بەدرۆ دەزانێ و بڕوای بەحیساب و لێکۆڵینەوە نیە؟ ئەگەر نایزانی با پێت بڵێم:

﴿فذلك الذي يدع اليتيم﴾ ئەوە کەسێکە هەتیو دەر دەکات و پیا هەڵ ئەشاخێ و بەناوی ناشیرین لەگەڵیدا دەدوێ، بەتوڕەیی و قسەی ڕەق

پاڵی پێوە دەنێ، ستەمی لێ دەکاو مافی خۆی ناداتێ، لەمیرات بێ بەشی دەکا.

﴿ولا يحض على طعام المسكين﴾ هانە هانەی خۆیو ماڵ و منداڵی نادات بۆ بەخشینی خۆراك بەهەژارو هەتیوان و یارمەتیدان و بەخێوکردنی هەتیو بەشێوەیەکی جوان.

وەکو لەئایەتێکی تردا دەفەرمووێ: ﴿كلا بل لا تكرمون اليتيم، ولا تحاضون على طعام المسكين﴾(الفجر/١٧-١٨). دیارە کەسێك کەسانی دیکە هەڵنەنێ بۆ بەخشینی ماڵ، هێندە چرۆك بێ دڵی نەیە لەسەر کیسەی خەڵك ماڵ ببەخشرێ، لەکیسەی خۆی هەر نابەخشێ.

﴿فويل للمصلين الذين هم عن صلاتهم ساهون﴾ شیوی (وەیل) کەشیوێکە لەدۆزەخ، یان ڕیسوایی و عەزابی سەخت بۆ ئەو دووڕووانەی بەرواڵەت نوێژ دەکەن و هەر بۆ ئەوەیە لەڕیزی موسوڵمانان حسێب بکرێن و خۆیان بپارێزن، ئەوانەی لەنوێژەکانیان بێ ئاگان و هیچ گرنگی پێ نادەن، ئەگەر نوێژیش دەکەن بەتەمای پاداش نین، لەسزای ڕۆژی قیامەت ناترسن، لەوە ناترسن ئەگەر نوێژ نەکەن خودا سزایان دەدا، ئەگەل رەگەڵ موسوڵمانان بن و کورتە ناموس بیانگرێ بەرواڵەت نوێژەکە دەکەن، ئەگەرنا هەر نایکەن، یان ئەگەر بیشی کەن دوای دەخەن و بەبێ موبالاتی ئەنجامی دەدەن.

وەکو لە ئایەتێکی تردا ئامارە بەم مانایە دەکاو دەفەرمووێ: ﴿وإذا قاموا إلى الصلاة قاموا كسالى، يراؤون الناس﴾(النساء/١٤٢).

ئەمجار ڕەوشتێکی تریان دیاری دەکاو دەفەرمووێ: ﴿الذين هم يراؤون﴾ ئەو دوو ڕووانە، کە گرنگی نادەن بەنوێژەکانیان و ئەگەر ئەنجامیشیان دەن بەبێ موبالاتی دەیانکەن.

هیچ دڵی نادەنێ، مەبەستیانە خەڵك بیانبینێ: کەوا نوێژ دەکەن، یـان هەر کارێکی باش دەکەن دەیانەوێ خەڵك پێیان بزانـێ: کـە ئـەو کارانـە دەکەن و پێیاندا هەڵبڵێن، بەپیاوی چاك و مرۆڤ دۆست ناویان بەرن.

ئیمام ئەحمەد لەعەبدوولڵای کـوڕی عومـەرەوە ڕیوایـەت دەکـا دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی (**من سمع الناس بعملـه، سمّع الله بـه سامع خلقـه، وحقره وصغره**) کەسێك هەوڵ بدا کەسـانی دیکـە بـەکردەوە باشـەکانی بزانن، بۆیە کاری باش بکـا تـا لـەپێش چـاوی خـەڵك بـەباش بزانـرێ و مەدحی بکەن خودا ڕیسوای دەکاو لەپێش چاوی خەڵك بێ ڕێزی دەکا.

﴿**ويمنعون الماعون**﴾ ئەوانـە حاجـات لەدراوسـێ مـەنع دەکـەن، هیـچ پیاوەتێکیـان لەدەسـت هـەڵناوەرێ (مـاعون) بـەو شـتانە دەگوتـرێ: کە خێزانەکان لـەنا خۆیـان دا لەیـەکتری دەخـوازن، هـەر کۆمەڵگایـەك بەگوێرەی داب و نەرێتی خۆیان و بەگوێرەی ڕۆژگار بۆ پێداویسـتی کـاتی هەندێ شت لەیەکتری دەخوازن و دوایی بۆیـان دەگێڕنـەوە، جـا ئـەو دوو ڕووانە نە بەجوانی خودا پەرستی دەکەن، نە چاکە لەگەڵ خەڵکدا دەکـەن، تەنانەت ئامێری ناو ماڵیان بەئەمانەت و بۆ کاتێکی دیـاریکراو نادەنـە دراوسێکانیان، ئیتر ئەوە خێرو خێراتی تر هەر ناکەن!

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الکوثر)

ئەم سوورەتە بەڕای جەماوەری زانایانی ئیسلام مەککییەو سێ ئایەتە، حەسەن و عیکریمەو قەتادە دەڵێن: مەدەنییە، ئیبنو کەسیریش ئەم ڕایـەی بەلاوە پەسەندە.

ناوی نراوه سورەتی (کەوثەر) چونکە لە سەرەتای سورەتەکەدا پەروەردگار خیطاب ئاڕاستەی پێغەمبەر ﷺ دەکا و دەفەرمووێ: ﴿إنا أعطيناك الكوثر﴾.

دەربارەی گەورەیی ئەم سورەتە ئیمام ئەحمەد لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەت دەکا: کە دەفەرمووێ: پێغەمبەر ﷺ جۆرە وەنەوزێکی بەسەردا هات و پاشان سەری بەرز کردەوە زەردەخەنەیەکی هاتێ، جایان هاوەڵان عەرزیان کرد ئەو پێکەنینە چی بوو؟ یان بۆ خۆی فەرمووی: دەزانن بۆچی زەردەخەنەم هاتێ؟

پاشان فەرمووی: پێش ئێستا سورەتێکم بۆ سەر نازڵ بووە ئیتر دەستی کرد بەخوێندنی ((بسم اللهِ الرحمنِ الرحيم) ، إنا أعطيناك الكوثر..﴾ تا کۆتایی سورەتەکە، ئەمجار فەرمووی: دەزانن: کەوثەر چییە؟ هاوەڵان عەرزیان کرد خوداو پێغەمبەری خودا دەزانن. فەرمووی: کەوثەر چۆمێکە لەبەهەشتدا خودا پیێ بەخشیوم، خێرو بێرێکی زۆری لەسەرە، ڕۆژی قیامەت ئوممەتەکەم دێنە سەری، پیاڵەو پەرداخەکانی بەئەندازەی ئەستێرەکانە، هەندێ کەسیان لیێ وەلا دەنرێ و هەڵدەهاوێردرێن منیش دەڵێم: ئەی خودایە! ئەوانە لە ئوممەتی منن، دەگوترێ: ئەتۆ نازانی دوای تۆ چییان کردووە و چییان داهێناوە.

ئیمامی موسلیم و ئەبو داود و نەسائی لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە هەمان فەرموودەیان ڕیوایەت کردووە بەبڕی جیاوازی لەوشەدا.

ئیبنو ئەبی حاتەم لە (السدی)یەوە ڕیوایەت دەکا دەڵێ: لەناو قورەیشدا وا باو بوو: ئەگەر یەکێك کوڕی بمردایە دەیانگوت ئەوە فلانکەس دوا بڕاوو وەجاخکوێر بوو، جا کە پێغەمبەر ﷺ کوڕەکەی (القاسم) مرد (العاصی) کوڕی وائیل وتی: ئەوە (محمد) دوابڕاو بوو، ئیتر ئەم سورەتە نازڵ بوو، پێغەمبەر ﷺ هەر کەکوڕێکی بمردایە

قورەیشیەکان دەیانگوت: ئەوە موحەممەد وەجاخی بڕایەوە، ئیتر هەرکاتێ بۆ خۆشی مرد دوا بڕاو دەبێ.

ئەوان نەمانی کوڕیان بۆ پێغەمبەر ﷺ بەنەنگی دەزانی، هەژاری و بێ دەسەڵاتی موسوڵمانەکانیشیان بە نەنگی دادەنا، گاڵتەیان پێ دەکردن و دەیانگوت ئەگەر ئایینەکەیان ڕاست بوایە دەبوایە بەهێزو دەوڵەمەند بوونایە، لەڕوانگەی مادییەوە دەیانڕوانییە پێغەمبەرو موسوڵمانەکان، موسوڵمانەکانیش تازە موسوڵمان بوو بوون و هەر تەنگانەیەکیان بهاتایە پێش دڵتەنگ دەبوون و نائومێدی و ڕەشبینی ڕووی تێ دەکردن، ئیتر پەروەردگار ئەم سورەتەی نازڵ کرد بۆ دڵدانەوەی موسوڵمانەکان و زیاتر دڵنیا بوونی پێغەمبەر بەپەیامەکەی و ئاماژەی کرد بۆ ئەوە: کە پێغەمبەر ﷺ بەهێزو سەرکەوتووە، شوێنکەوتوانی بالآدەست دەبن، مردنی کوڕەکانی پێغەمبەر (القاسم) لە مەککەو (ئیبراهیم) لەمەدینە لەڕێزی پێغەمبەر کەم ناکاتەوەو دووژمنەکانی دوابڕاوو وەجاخ کوێرن و ناوو شورەتیان دەبڕێتەوە.

سورەتی (الكوثر)

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّآ أَعْطَيْنَٰكَ ٱلْكَوْثَرَ ﴿١﴾ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ﴿٢﴾ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ﴿٣﴾

دەفەرمووێ: ﴿إنا أعطيناك الكوثر﴾ ئێمە ئەی موحەممەد، خێرو فەرێکی زۆرمان پێ بەخشیوی و لەبڕانەوە نایە بڕێ لەو خێرو فەرە حەوزی کەوثەرە، خودا کردوویەتی بەنیشانەی شکۆمەندی و ڕێزلێنانی

پێغه‌مبه‌رو ئوممه‌ته‌كه‌ی، ئه‌مه‌ش ڕه‌تدانه‌وه‌ی موشریكه‌كانی مه‌ككه‌یه كه‌دژایه‌تی پێغه‌مه‌ریان ده‌كردو به‌چاوی سوك لێیان ده‌ڕوانیٚ و پێیان وابوو به‌دبه‌خت و چاره ڕه‌شه‌..

به‌شێكی تر له‌و خێره زۆرو بیٚ سنووره پێغه‌مبه‌رێتی و ئیسلامه‌تییه‌، كه پله‌و پایه‌یه‌كی ئێجگار گه‌وره‌و سه‌رمایه‌یه‌كی زۆرو نه‌بڕاوه‌یه بۆ دوونیا و قیامه‌ت.

ده‌بیٚ چ پله‌و پایه‌یه‌ك بگاته پله‌و پایه‌ی پێغه‌مبه‌رێتی: كه هه‌میشه له‌گه‌لٚ خودای بونه‌وه‌ردا په‌یوه‌ندی هه‌یه؟ چی له‌وه گه‌وره‌تره به‌نده‌یه‌ك له‌سه‌ر زه‌وی و خودا له‌عاله‌می بالاٚوه به‌فرستاده‌ی خۆیدا په‌یامی بۆ بنێریٚ و ئه‌ركی هیدایه‌تدانی مه‌ردومی بخاته ئه‌ستۆ؟

چی له‌وه گه‌وره‌تره هه‌میشه له‌شایه‌توماندا به‌بیٚ ناوی پێغه‌مبه‌ر ناوی خودا نه‌بریٚ، هه‌تا دوابه‌دوای ناوی خودا ناوی پێغه‌ر نه‌هێنریٚ شایه‌ت و مانه‌كه ته‌واو نه‌بیٚ.؟

ده‌بیٚ چ ڕێزو ناوو شۆره‌تێك له‌وه گه‌وره‌تر بیٚ: كه ڕۆژانه له‌هه‌موو سات و چركه‌یه‌كی ئه‌م جیهانه‌دا به‌هه‌زاران ملیۆن جار ناوی پێغه‌مبه‌ر ﷺ به‌گوێی گیتی‌دا بدریٚ و شایه‌تی بدریٚ كه فروستاده‌ی خودایه‌و ڕه‌هبه‌ری ئاده‌میزادو جندوكه‌یه، له‌ڕاستی‌دا ئه‌م خێرو فه‌ڕه‌ی به‌پێغه‌مبه‌ر به‌خشراوه نه به‌زمان ده‌گوتریٚو نه‌به‌قه‌لّه‌م ده‌نووسریٚ، بۆیه په‌روه‌ردگار به‌ڕه‌هایی باسی كردوو سنووورداری نه‌كرد، هه‌تا ئاماژه‌ی بیٚ بۆ ئه‌وه: كه بڕانه‌وه‌ی‌نیه، كه‌وابیٚ له‌پاساوی ئه‌م به‌هره‌و خێرو فه‌ڕه بیٚ سنووره‌ی خودا پی‌ی به‌خشیوی .

﴿فصل لربك وانحر﴾ به‌رده‌وامبه له‌سه‌رئه‌نجامدانی نوێژه فه‌رزه‌كان و سوننه‌ته‌كان، به دلّسۆزی بۆ په‌روه‌ردگاریان ئه‌نجام بده، بۆ ڕوالّه‌ت و ڕییا مه‌یانكه، به‌رده‌وامبه له‌سه‌ر یه‌كتاپه‌رستی، قوربانی هه‌ر بۆ خودا سه‌ر

ببڕە، هەر ناوی خودای لەسەر بڵێ: قوربانی و نوێژ بەشێکن لە عیبادەت، عیبادەت هەر دەبێ بۆ خودا ئەنجام بدرێ.

وەکو لەئایەتێکی تردا دەفەرمووێ: ﴿قل: ان صلاتی و نسکی ومحیاي ومماتی لله رب العالمین، لا شریك لـه و بذلك امرت و انا اول المسلمین﴾(الأنعام/١٦٢-١٦٣).

ئەمەش بە پێچەوانەی کرداری موشریکەکانە: کە نوێژیان بۆ بت و صەنەم دەکرد، قوربانیان بۆ بتەکانیان سەر دەبڕی. دوو ڕووەکانیش بەرواڵەت عیبادەت دەکەن و مەبەستیان غەیری خوایە.

ئەمجار موفەسسرین ڕا جیاییان هەیە لەوەدا ئایا مەبەست بە: ﴿فصل لربك وانحر﴾ چیە:

١- قەتادەو عەطاو عیکریمە دەفەرموون: مەبەست نوێژی جەژن و سەربڕینی قوربانییە.

٢- ئیبنو جەریر لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دوای ئەوە هەندێ ڕای هێناون دەڵێ ڕای پەسەند ئەوەیە: مەبەست هەموو نوێژێك و هەموو ئاژەڵ سەربڕینێك بێ، واتە: هەموو نوێژێك بۆ خودا ئەنجام بدەو مەبەستت بەندایەتی کردنی ئەوبێ.

هەر ئاژەڵێك سەردەبڕی مەبەستت ڕەزامەندی خودابێ و تەنها ناوی خودای لەسەر بێنە، سوپاسی خودا بکە لەسەر ئەو هەموو نیعمەتانەی پێی بەخشیوی.

﴿إن شانئك هو الابتر﴾ بێگومان ئەو کەسەی ڕق و کینەی لەتۆیە ئەی موحەممەد! ڕقی لە پەیام و بەرنامەی تۆیە، ئەوە دوابڕاوو وەجاخکوێرو بێ خێرو بێرە، ئەو بێ ڕێزو ناوو شۆرەتە نەك تۆ!!



بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الكافرون)

ئەم سوورەتە مەككیەو شەش ئایەتە. ناوی نراوە سورەتی (الكـافرون) چونكـە پـەروەردگار فـەرمانی بـە پێغەمبـەر ﷺ كـردووە: كـە خیطـاب ئاراستەی كافرەكان بكا: كە عیبادەتی ئەو خودا درۆزنانەی ئـەوان ناكـاو بت و صەنەم ناپەرستیٚ، پێشی دەگوتریٚ: سورەتی (المنـابذة) و سـوورەتی (الاخلاص) و سوورەتی (المشقشقة).

ئەم سورەتە مەككییە لەڕاستیدا سورەتی جودابوونەوەو دەست لەیـەك بەردانـە لـەنێو پێغەمبـەرو موشـریكەكاندا. پێغەمبـەر ﷺ بەئاشـكرا ڕایدەگەیەنیٚ: كە تەنها عیبادەت بۆ خودا دەكاو بەهیچ شـێوەیەك بـت و صەنـەم ناپەرسـتیٚ، موشـریكەكان بیٚهیـوا دەكـا لـەوەی پێغەمبـەرﷺ عیبادەت بۆ بت و صەنەمەكان بكا.

[illegible] ن دوای ئـەوەی قورەیشـیەكان پێشـنیاریان بـۆ پێغەمبەر كرد كەساڵێك ئەو عیبادەتی بتەكانیان بكاو ئـەوانیش سـاڵێك عبادەتی خودا بكەن، ئەم سورەتە نازڵ بوو قورەیشییەكانی هیوابڕاو كردو دڵنیای كردن: كە بەهیچ جۆرێك ئەو ئاواتە پیس و بۆگەنەیان نایەنەدی..

دەربـارەی سـەبەب نـزولی ئـەم سـورەتە ڕیوایـاتی جۆراوجـۆر هــەن هەموویان ئەوە دەگەیـەنن: كـە قورەیشـییەكان داوایـان لەپێغەمبـەر ﷺ كردووە: كە ساڵێك ئەو بتپەرستی بكاو ئەوانیش ساڵێك خـودا بپەرسـتن، ئیتر ئەم سورەتە نازڵ بووە.

وەكو ئاشكرایەو قورئان ئامـاژەی پـیٚ كـردووە عـەرەبـەكان ئینكـاری هەبوونی خودایان نەدەكرد، وەلیٚ دانیـان بـەتاك و تەنـهایی ئـەو زاتــەدا

نەدەنا، وەکو پێویست خودایان نەدەناسی و وەکـو پێویست عیبادەتیـان نەدەکرد، ئەوەبوو بت و صەنەمیان دەکردە هاوەڵی خوداو پەرستشیان بـۆ دەکردن بۆ ئەوەی لەخودایان نزیك بکەنەوە..

وەکـو لـە سـورەتی (الزمـر)دا ئامـاژە بـەوە دەکـاو لەسـەر زمـانی قورەیشـیەکان دەفـەرمووێ: ﴿**ما نعبدهم الا ليقربونا إلى الله زلفى**﴾ لەلایەکی ترەوە ئەوان بڕوایان وابوو: کە بەدیهێنـەری ئاسمانـەکان و زەوی خودایەو هەر ئەو بەدیهێناون، هەر ئەو بوونەوەر هەڵدەسـوڕێنێ و خـۆرو مانگ و ئەسـتێرەکانی رامکـردوون، وەکـو لەسـورەتی (العنکبـوت)دا ئاماژە بـەوە دەکـاو دەفـەرمویێ: ﴿**ولئن سألتهم من خلق السموات و الأرض و سخر الشمس و القمر ليقولن الله**﴾ یان ﴿**ولئن سألتهم من نزل من السماء ماءً فأحيا به الأرض بعد موتها ليقولن الله**﴾.

لەسوێند خواردیشیاندا نـاوی خودایـان دەهێنـاو دەیـانگوت: (والله)، (بالله)، (تالله). لەپاڕانەوەدا دەیانگوت: (اللهم).

بەڵام وێڕای ئەم بیرو باوەڕەیان هاوەڵیان بۆ خـودا دادەنـا، بتپەرسـتی باڵی ڕەشی کێشابوو بەسەر وولاتیاندا، دڵ و دەروونیان قفڵ بوو بوو، بیرو بۆچوونیان هەموو شێواوو گومڕایی بوو!

لەکشتوکاڵیان دا لەئاژەڵ و بەرووبوومیاندا بەشـێکیان بـۆ بتـەکانیان تەرخان دەکردو هەندێکیشی بۆ خودا، دوایی چەند فرت و فێڵیـان ئـەنجام دەدان بۆ ئەوەی لەو بەشەی بۆ خودایـان دادەنـا بیدزنـەوە بیخەنـە سـەر بەشی بتەکانیان.

عەرەبەکان خۆیان بەشوێنکەوتووی حـەزرەتی ئیـبراهیم(عليه السلام) دەزانـی و پێیان وابوو ئەوان لەسەر هیدایەتن و لەئەهلی کیتاب زیاتر لەسەر حەقن، جولەکە پێیان وابوو عوزەیر کوڕی خودایە، فەلەکانیش عیسایان بـەکوڕی خودا دەزانی. هەندێ لە عەرەبەکانیش فریشتەیان دەپەرست و بڕێکیشیان

جندۆکە پەرست بوون، وایان دەزانی ڕێبازی ئەوان پەسەندترە، چونکە بەخەیاڵی خۆیان بیرو باوەڕی ئەوە: کە فریشتەو جندۆکە منداڵی خودابن زۆر وێچووترە لەوەی: کە عوزەیرو عیسا کوڕی خودابن!

کە حەزرەتی موحەممەدﷺ بانگەوازی خۆی ڕاگەیاند، وتیان: ئێمە لەسەر ئایینی حەزرەتی ئیبراهیمین و چ پێویستیمان بەوە نیە شوێن موحەممەد بکەوین، لەهەمان کات دا هەوڵیان دەدا لەگەڵ پێغەمبەردا ڕێك بکەون و ڕێبازێکی مام ناوەندی بگرنەبەر، بۆیە پێشنیاری ئەوەیان بۆ پێغەمبەر ﷺ کرد: کە ئەو سوژدە بۆ بتەکانیان بەرێ و ئەوانیش سوژدە بۆ خودا بەرن: هەروەها پێغەمبەر بەخراپە باسی خوداکانی ئەوان نەکاو ڕەخنەیان لیٚ نەگرێ ئەمانیش ڕێگە لەپێغەمبەر نەگرن لەبلاوکردنەوەی پەیامەکەی.

ئیتر بۆیە کالاٚ کردنەوەی ئەم پێشنیارەی قورەیشیەکان و ڕێگە گرتن لەو هەوڵ و تەقەلاٚدانەی کافرەکان جودا کردنەوەی کوفرو ئیمان و یەکتاپەرستی و بتپەرستی ئەم سورەتە بەو شێوە جەزمیو حەسمە نازڵ بوو، بەربەستێکی تۆکمەی لەنێوان پێغەمبەرو قورەیشیەکاندا دانا.

سورەتی (الکافرون)

بسم الله الرحمن الرحيم

قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ﴿٢﴾
وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٣﴾ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ﴿٤﴾
وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٥﴾ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ ﴿٦﴾

فەرمووی: ﴿قل یا أیها الكافرون لا أعبد ما تعبدون﴾ ئەی موحەممەد بەكافرەكانی قورەیش بڵێ: ئەی بێ بڕوایینە، ئەی هاوبەش دانەران بۆ خودا، من هەرگیزاو هەرگیز عیبادەتی ئەو بت و صەنەمانە ناكەم: كە ئێوە دەیانپەرستن، بەهیچ شێوەیەك بەندایەتی ئەو خودا درۆزنانە ناكەم!

ئایەتەكە تایبەت نیە بەكافرەكانی قورەیشەوە بەڵكو هەموو كافرێكی سەر زەوی دەگرێتەوە.. ئامـاژەی ئەوەشـی تێدایـە: كـە ئـەوە فـەرمانی خودایـەو موسـاوەمەی تێـدا نـاكرێ، خـودا فـەرمانی پـێ كـردووە و هەڵوەشانەوەی نیەو ناكرێ تەنفیز نەكرێ!

﴿ولا أنتم عابدون ما أعبد﴾ ئێوەش تا بەردەام بن لەسەر شیرك و بێ بڕوایی خۆتـان، پەرستشـی ئـەو خودایـە ناكـەن: كـە مـن دەیپەرستم. پەرستراوی من جوداوازە لەپەرستراوی ئێوە، ئەمن خودای تاك و تەنـها و خاوەن صیفاتی خودایەتی دەپەرستم، هەموو صیفاتی كەمال و جـەمالی بەرەهایی تێدان، خودا درۆزنەكانی ئێوە بەردوداری بـێ گیـانن، هیچیـان لەدەست نایە.

﴿ولا انـا عـابد مـا عبـدتم، ولا أنتـم عـابدون ما أعبـد﴾ ئـەمن ئەو خوداپەرستییە ناكەم: كە ئێوە دەیكـەن، چونكـە خوداپەرستی مـن یەكتاپەرستییە، كەسی تـر ناكـەم بـەهاوەڵ و هاوشـانی خـودا، ئێـوەش ئەو خوداپەرستییە ناكەن كە مـن دەیكـەم، چونكـە خوداپەرسـتی ئێـوە هاوبەشـی پەیداكردنـە، چـەند بـت و صەنـەمێكتان دانـاوە كردووتـانن بەهاوشانی خودا.

بەهیچ جۆرێك من و ئێوە یـەكتر ناگرینـەوە، خـاڵی هاوبـەشمان نیـە، كـەوابێ ﴿لكـم دینكـم ولي دیـن﴾ ئـایینی خۆتـان بـۆ خۆتانـەو هیـچ پەیوەندییەكی بەمنەوە نیەو نابێ. ئایینی خۆم بۆ خۆم و هیچ پەیوەست بەئایینی ئێوەوە نیە، وامەزانن كە ئایینەكەتان حەقەو من بڕوام پێیەتی!!

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (النصر)

ئەم سوورەتە مەدەنییەو سێ ئایەتــە، نــاوی نــراوە ســورەتی (النصــر) چونکە بەرِستەی ﴿إذا جاء نصر الله﴾ دەستی پێکراوە، بەئاشکرا ئامــاژە بۆ فەتحی مەککە دەکاو مەبەستی سەرکەوتنی پێغەمبــەرو موســوڵمانانە بەســەر قورەیشــییە موشــریکەکان دا، مــژدەی بــڵاو بوونــەوەی ئــایینی ئیسلامی پیرۆزی تێدایە، لەهەموو کون و قوژبنی نیوە دوورگەی عەرەبی و راماڵینی تاریکی کوفرو ستەمە تێیدا، لەهەمان کــاتدا هــەواڵی نزیــك بوونەوەی لەدونیا دەرچوونی پێغەمبەریش دەگەیەنێ، فەرمانی پێ دەکــا بەتەسبیح و تەقدیسی خوداو داوای لێ خۆش بوون.

کاتی نازڵبوونی ئەم سوورەتە راجیایی زانایانی ئیسلامی تێدایە:

١- هەندێك پێیان وایە رِزگارکردنی مەککە ساڵی هەشتەمی کۆچی بووە ئــەم ســورەتە ســاڵی دەیــەمی کۆچــی نــازڵ بــووە، پێغەمبــــەر ﷺ دوای نازڵبوونی ئەم سورەتە حەفتا رِۆژ ژیــاوە، لــەمانگی رەبیعــول ئەوەلی ساڵی دەیەمی کۆچــیدا وەفــاتی کــردووە، بۆیــە لەهــەندێك رِیوایەتدا هاتووە ئەم سورەتە ناوی ســـورەتی (التودیــع)ە، ســورەتی خودا حافیزی.

٢- کۆمەڵێکی تر پێیان وایە: ئەم سورەتە لەپێش رِزگارکردنی مەککــەدا نازڵ بووە، خودا وادەی بەپێغەمبەر داوە: کە بەسەر قورەیشــیەکاندا باڵادەســـتی دەکــاو شــاری مەککــە دەکەوێتــە ژێــر رکێفــی پێغەمبەرەوەو، موژدەیەکەو پێش وەخت پێی دراوە.

نموونەی ئەم ئایەتە ئایەتی:﴿إن الذي فرض عليك القرآن لرادّك الى معاد﴾

(القصص/٨٥) . لەلایەکی ترەوە وشەی ﴿إذا﴾ لە سوورەتەکەدا داخوازی ئەوەیە سەرکەوتن و ڕزگارکردنە کە لەداهاتوودا بێ نەك ڕابوردبێ. بەگوێرەی ئەم ڕایە هەواڵدان لەڕزگارکردنیمەککە هەواڵی نهێنییەو خودا بەپێغەمبەریخۆی ڕاگەیاندووەو جۆرێکە لەموعجیزە.

بەڵام بەگوێرەی ڕیوایەتەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەرﷺ ڕای یەکەم پەسەندە، عەبدوڵڵا دەفەرمووێ: ئەم سوورەتە لەمینا لەحەجیماڵئاواییدا نازڵبووە، پاشان ئایەتی ﴿اليوم اكملت لكم دينكم واتممت عليكم نعمتي﴾(المائدة/٣). نازڵ بووە، پێغەمبەر دوای نازڵبوونی ئەم ئایەتە هەشتا ڕۆژ ژیاوە، پاشان ئایەتی (الكلالة)ی کۆتایی سورەتی (النساء) نازڵ بووە، پێغەمبەرﷺ دوای نازڵبوونی پەنجا ڕۆژ ژیاوە، ئەنجار ئایەتی ﴿لقد جاءكم رسول من انفسكم﴾(التوبة/١٨٢). نازڵ بوو، پاش ئەوە سی و پێنج ڕۆژ ژیاوە، ئەنجار ئایەتی ﴿واتقوا يوماً ترجعون فيه إلى الله﴾(البقره/٢٨١). نازڵ بوو، دوای نازڵبوونی ئەم ئایەتە پێغەمبەر ﷺ بیست و یەك ڕۆژ ژیاوە، موقاتیل دەڵێ:حەوت ڕۆژ ژیاوە.

ئیمام ئەحمەدو بەیهەقی و نەسائی لەئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەت دەکەن دەڵێ: کە سورەتی ﴿إذا جاء نصر الله..﴾ نازڵ بوو پێغەمبەرﷺفەرمووی: هەواڵی مەرگی خۆم ڕادەگەیەنم، ئا لەم ساڵەدا دەمرم!

سورەتی (النصر)

بسم الله الرحمن الرحيم

إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ﴿١﴾ وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ
يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا ﴿٢﴾ فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ
وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ﴿٣﴾

دەفەرمووی: ﴿إذا جاء نصر الله والفتح﴾ ئـەی موحەممـەد: هـەرکاتێ بەسەر دووژمنە قورەیشییەکانت دا زاڵ بووی و یارمەتیدانی خـودات بـۆ دەستەبەر بوو، شاری مەککەت بۆ ڕزگار کراو باڵادەست بووی.

﴿ورأيت الناس يدخلون في دين الله أفواجـاً﴾ ئـادەمیزادی بەرەگـەز عەرەب و ناعەربت بینین پۆل پـۆل دەهاتنـە ژێـر خێوەتـی ئیسـلامەوەو موسوڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاند، ئەوە ﴿فسبح بحمد ربك واستغفره انـه كان تواباً﴾ لەپاساوی ئەو نیعمەتە گەورەیەدا ئەتۆ شوکرو سوپاسـی‌خودا بکـە، نوێژەکـانت بـەرێك و پێکـی ئـەنجام بـدە، بەردەوامبـــە لەســـەر یەکتاپەرستی و هـــەر شـتێك بـۆ خـودا نەشـێ پـاڵی مـەدەو لیێ دوور بخەرەوە، حەمدو سەناو تەسبیحی خودا بکە، داوای لێخۆشبوونی لیێبکە، بۆ ئەوەی ئومەتەکەت چاوت لیێ بکاو داوای لیێ خۆشبوونی خـودا بکـەن، هەروەها داوای چاوپۆشی لەتاوانی موسـوڵمانانیش بکـە، چونکـە خـودا بەزۆری لەتاوان و هەڵەی تۆبەکاران خۆش دەبیێ!

هەموو نیعمەتێکی خودا شیاوی ئەوەیـە سـوپاس و حـەمدی خـودای لەسەر بکریێ، یەکێك لە نیعمەتە گـەورەکانی خـودا بەسـەر پێغەمبـەرو موسـوڵماناندا باڵادەسـتبوونی پێغەمبـــەرە بەســـەر دووژمنـــەکانی‌دا، ڕزگارکردنی مەککەیە، قیبلەی موسوڵمانان مەڵبەندی‌کابەی پیرۆزە.

وێڕای ئەم نیعمەتە گەورەو پیرۆزە، خودا نیعمـەتێکی تـری گـەورەی بەپێغەمبەر بەخشی، ئەویش بریتی بوو لـە موسـوڵمانبوونی عەرەبـەکان پـۆل پـۆل و کۆمـەڵ و کۆمـەڵ بڵاوبوونـەوەی ئـایینی ئیسـلام بـەناو نیوەدورگەی عەرەبدا، بۆیە لەکۆتایی سورەتەکەدا پەروەردگار فەرمان بـە پێغەمبەرو موسـوڵمانان دەکـا: کـە زۆر سوپاسـی خـودا بکـەن و داوای لیێخۆشـبوونی لیێ بکـەن، هەرچـەندە فەرمانەکـە ڕاسـتەوخۆ ئاڕاسـتەی پێغەمبەر کـراوە، وەلیێ لـەکاتێك دا ئـەو لەگـەڵ ئـەوەدا مەعصوومـەو

بـــەدەقی قورئـــان خـــودا لەهـــەموو تـــاوانێکی خـــۆش بـــووە ئەگەر هەیبێ، فەرمان بەو بکرێ بۆ تۆبەکردن دیـــارە ئوممەتەکـــەی زیـــاتر پێویستە تۆبەو ئیستیغفار بکەن.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (المسد)

ئەم سوورەتە مەککییەو پێنج ئایەتە، نـــاوی نـراوە سـورەتی (المسـد) چونکە لەکۆتایی سورەتەکەدا دەفەرمووێ: ﴿في جيدها حبل مـن مسـد﴾ ناوەڕۆکی ئەم سوورەتە بریتیە لـەدیاریکردنی سـەرەنجامی ئـەبو لەهـەب (عبد العزى بن عبد المطلب) مامی پێغەمبـــەرﷺ هـەروەها سـەرەنجامی ژنەکەشی(أم جميل) کەناوی(ئەروا)ی کچی(حەرب)ەخوشکی ئەبوسـەفیانە ئەم ژن و مێردە زۆریـان ئەزیـەتی پێغەمبـەر ﷺ داوە، زۆریـان دژایـەتی کردوو گەلێك هەوڵیان دا کەسانی دیکە مەنع بکەن لە ئیمانهێنان..

لەصـەحیحی موسـلیم و بوخـاریدا هـاتووە، لـە ئیبنو عەبباسـەوە ڕیوایەتیان کردووە: دەفەرموێ: کـە ئایـەتی ﴿وأنـذر عشيرتك الأقربين﴾ (الشعراء/٢١٤) نازڵ بوو پێغەمبەر ﷺ چووە سەر کێوی صەفاو بـەدەنگی بەرز فەرمووی:(یا صباحاه!) و هاواری کرد،خەڵکەکە وتیان: ئەو هـات و هاوارە چییە؟ وتیان ئەوە موحەممەدە، ئیتر قورەیش لیێ کۆبوونەوە.

ئەمجار فەرمووی: ئەی خێڵی فلان، ئەی هۆزی فیسار، ئـەی بنەماڵـەی فلان، ئەی نەوەی (عبد مناف) ئەی نەوەی (عبد المطلب)، هـەموو گـوێ قوڵاخبوون جا خۆ دەڵێ چی؟ فەرمووی: ئایا ئەگەر من پێتان بڵێم: ئـەوە دووژمن بەهێزی تەیارەوە والەپشت ئەو کێوەوە خـۆی ئامـادەکردووە بـۆ هێرشکردن بۆ سەرتان، ئایا بڕوام پێ دەکەن؟

هه‌موویان وتیان: تا ئێستا درۆمان لیٚ نه‌بینوی، پێغه‌مبه‌رﷺ فه‌رمووی: ﴿فاني نذيرلكم بين يدي عذاب شديد﴾ ئه‌بوله‌هه‌ب وتی: ده‌ك داوه‌شێی ئه‌وه‌بۆ ئه‌مه ئێمه‌ت کۆکرده‌وه؟ ئیترسوره‌تی ﴿تبت يدا أبي لهب..﴾ نازلٚ بوو.

سوره‌تی (المسد)

بسم الله الرحمن الرحيم

تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ﴿١﴾ مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ﴿٢﴾ سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ ﴿٣﴾ وَٱمۡرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ ﴿٤﴾ فِي جِيدِهَا حَبۡلٞ مِّن مَّسَدِۭ ﴿٥﴾

ده‌فه‌رمووی: ﴿تبت يدا أبي لهب وتب﴾ ده‌ك له‌ناو بچێ دوو ده‌ستی ئه‌بو له‌هه‌ب و بڕزن، واته: به‌هیلاك بچیٚ و بفه‌وتیٚ ئه‌بو له‌هه‌ب، خۆ فه‌وتاو له‌ناو چوو، خه‌ساره‌تمه‌ندی دوونیاو قیامه‌ت بوو، له‌هه‌ردوو دوونیادا به‌دبه‌خت و چاره‌ڕه‌ش بوو.

﴿ما أغنى عنه ماله وما كسب﴾ مالٚ و سامان و ناوو شۆره‌ت، ڕۆژی قیامه‌ت فریای نه‌که‌وت له‌عه‌زابی خودا نه‌یپاراست، فه‌وتانی مسۆگه‌ر بوو بۆیه به‌(کرداری رابردو) ته‌عبیری لیٚ دایه‌وه، ئه‌وه‌بوو له‌دوای جه‌نگی به‌در به‌چه‌ند رۆژێك ده‌ردێکی پیسی تووش بوو به‌گه‌رۆڵی مرد!

ئه‌بو له‌هه‌ب هێنده‌ی رق له‌پێغه‌مبه‌ر بوو، پێش ئه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌رﷺ سروشی بۆ بیٚ، ئه‌بو له‌هه‌ب دوو کچی پێغه‌مبه‌رﷺ که (رقیه)و (ام کلثوم) بوون بۆ دوو کوڕی خۆی خواستبوونی‌و بوکی بوون.

که پێغەمبەرﷺ بانگـــەوازی ئیسـلامی ئاشـکرا کـرد، ئـەبو لەهـەب زەختی لەکوڕەکانی کرد: که کچەکانی پێغەمبەر تەڵاق بدەن، بـۆ ئـەوەی پێغەمبەرﷺ پێی دڵتەنگ بێ و پتر زەختی بکەوێتە سەر!

﴿سيصلى ناراً ذات لهب﴾ لەقیامـــەتدا ئـەبو لەهـەب دەچێتـە نـاو ئاگری بڵێسەدارو هەڵگیساو.

﴿وأمرأته حمالة الحطب﴾ ژنەکەشی که ناوی (أم جمیــل)ە لەگـەڵ ئـەبو لەهەبدا دەچێتە ناو دۆزەخـــەوە، ە لـەواقیع دا هـەڵگری چـاوگی فیتنـــەو ئاشوبە، فیتنەو دو زوبانێکە هەمیشە لەهەوڵ و تەقەڵادایە بۆ ئاشـــوب نانەوە لەنێوان پێغەمبەرو مەردومدا.

یان ﴿حمالة الحطب﴾ ئاماژە بۆ ئەوە دەکا: کــە دڕك و چقڵــی لــەکۆڵی خۆی دەداو بەشەو دەچوو لەسەر ڕێگای پێغەمبەر ﷺ بڵاوی دەکردەوە.

﴿في جيدها حبل من مسد﴾ گوریســـێکی ئەسـتوری بـادراو لەپوشــی خورما وا لەملیاو هەمیشە کۆڵەداری فیتنـــەیی و ئاشوبی بەکۆڵەوەیـەو دێ و دەچێ بۆ نانەوەی ئاژاوەو خۆشکردنی ئاگری فیتنەیی.

یان چۆن لەدونیادا ئەو ژنە هەڵژگ و دڕك و چقڵ هـــەڵدەگرێ و دەچــێ لەسەر ڕێگای پێغەمبەر بڵاویان دەکاتەوە بۆ ئـەوەی لـەقاچی پێغەمبــەر رابچن، یان کۆڵەداری لەکۆڵ داوە بۆ هەڵگیرسانی ئاگری فیتنـــەیی، ڕۆژی قیامــەت زنجـیری ئـاگرینی لــەمل دەکـرێ و بــەو جــۆرە ســـزا دەدرێ، چونکەهەموو تاوانبارێك ڕۆژی قیامەت بەشتێك سزا دەدرێن: که لەگـــەڵ تاوانەکەیاندا بگونجێ لەجۆری تاوانەکەیان بێ.

مانایەکی تریش هــەڵدەگرێ، ئــەویش ئەوەیــە: دەفــەرموێ: ئــەو ژنــە بەدبەختە زۆر خــۆی مــاندوو دەکـا بــۆ ئاشــوب نانــەوەو دوو زووبــانی و هەڵگیرسانی ئاگری فیتنەیی، بەم شێوەیەی دەڵێی گوریسێکی ئەستووری

بادراوی ناشـیرینی لەملدایـەو کۆڵێـك هـەلیژگ و چقڵـی لـەکۆڵی خـۆی شەتەك داوە بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری فیتنەیی، ئەمجار دیمـەنی ئـەو کـۆڵ هەڵگرە گوریس لەملە چەند ناشیرینە بەتایبـەتی ئەگـەر ئـافرەتبێ ئـەو ژنەی (ئەبو لەهەب)یـش لـەدووزمانی فیتنـە نانـەوەدا ئـەوەندە دیمـەنی ناشیرین و قێزەونە.

زانایانی ئیسلام فەرموویانە ئـەم سـورەتە موعجیزەیـەکی گەورەیـەو نیشانەی ڕاستی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدە. چونکە لەوکاتـەوە ئەم سورەتە نازڵ بوو هـەواڵی لەبەدبـەختی ئـەبو لەهـەب و ژنەکـەیداو ئەوەی ڕاگەیاند: کە ئەوان ئیمان ناهێنن، هیچ کـامێ لـەم ژن و مـێردە، یان هەردووکیان نە بەئاشکراو نەبە نـهێنی ئیمانیـان نـەهێناو بـەکافری سەریان نایەوە، قسەکەی قورئان ڕاست دەرچوو تەعبیر بوو لەواقیع.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الإخلاص)

ئـەم سـورەتە مەککییـەو چـوار ئایەتـە، زۆر نـاوی لێ نـراون: بەناوبانگتریان (سورة الإخلاص)ە هەروەها پێی دەگوترێ: (سورة التفريد) یـان (سـورة التجريـد) یـان (سـورة التوحيـد) یـان (سـورة النجـاة) یـان (سورة الولاية) یان (سورة الأساس).

ئەم سورەتە کورتە هاوسەنگی سـێیەکی قورئانـە، وەکـو لەڕیوایـەتی صەحیحدا هـاتووە، ئیمـامی بوخـاری لەئـەبو سـەعدەوە فەرموودەیـەك ڕیوایەت دەکا، دەڵێ: پیاوێك گوێی لە پیاوێك دەبێ ﴿قل هو الله أحـد﴾ دەخوێنێ‌و دووبارەی دەکاتەوە،کە ڕۆژ دەبێتەوە دێتەخزمەت پێغەمبەرﷺ باسی ئەوەی بۆ دەکا: کە گوێی لێ بـووە کابرایـەك شـەو ئـەم سـورەتەی

خوێندوەو دووبارەو سێ بارەی کردۆتەوە، کابرا بەشتێکی کەمی دەزانی، پێغەمبەرﷺ فەرمووی:(والذي نفس بيده، انها لتعدل ثلث القرآن) سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەو سورەتە هاوتای سێیەکی قورئانە!

ئەمەش جێگای سەر سوڕمان نیە سورەتێکی وا بچکۆلە هاوتای سێیەکی قورئان بێ. چونکە بێگومان ئەو یەکتاپەرستیەی تێیدا فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ کراوە ڕایگەیەنێ، ئەویەکتایی یەی (قل هو الله احد﴾ ئاماژەی پێ دەکا، یەکتایی یە لە بیرو باوەڕدا، تەفسیرە بۆ بوونەوەر، قانون و یاسایە بۆ ژیان، کەواتە ئەم سورەتە پانترین هێڵی سەرەکی دەربارەی حەقیقەتی ئیسلام ڕا دەنوێنێ.

ئەوە دەچەسپێنێ: کە هیچ خودایەك حەق نیە زاتی خودانە بێ، کەس هاوشانی نیە و کەسی لەوێنەی نیە. هیچ حەقیقەتێك نیە جگە لە حەقیقەتی خودا، هیچ بونێك نیە جگە لە بوونی حەقیقی خودا، هەموو هەبوویەکی تر هەبوونەکەی لە هەبوونی خوداوە وەردەگرێ هەر ئەو بکەری حەقیقی یەو ئەو بەڕێوە بەر و بەدیهێنەری بوونەوەرە هەموو و جۆدێك، هەموو بکەرێك لە زاتی پاکی خوداوە سەرچاوە دەگرێ و هێزو توانا لەو وەر دەگرێ. هەر ئەو شیاوی پەرستن و روتێکردن و هانا بۆ بردنە لە خۆشی و ناخۆشی دا بە ئاشکراو نهێنی.

سورەتی (الإخلاص)

بسم الله الرحمن الرحيم

قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴿١﴾ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ﴿٢﴾ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ﴿٤﴾

﴿قل: هو الله أحد﴾ ئەی موحەممەد؛ بەو کەسانە بڵێ، کە پرسیارت لێدەکەن خودای تۆ چۆنەو چیە؟ بڵێ: خەبەری ڕاست و واقیع ئەوەیە ئەو خودایەی کە (واجب الوجود)ە،بوونی پێویستە و نەبوونی نابێ، ناوی (الله) یەو تاك و تەنهایە لە زات و سیفاتی دا، کەس هاوەڵی نیە و بێ نموونە و هاوشانە، واتە: ئەو خودایەی ئێوە دیناسن و دان بەوە دا دەنێن، کەبەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییەو ئێوەشی بەدیهێناوە یەکەو تاك و تەنهایە لەخودایەتی دا. کەس هاوشانی نیە لە خودایەتی دا، لەهەموو رویەکەوە تاك و تەنهایە !!

﴿الله الصمد﴾ هەر ئەڵلا داوای لێ دەکرێ بۆ دابینکردنی پێویستی، بۆ هەموو کارێك داوا لەو دەکرێ، چونکە هەر ئەو دەتوانێ بەهانای ئاتاجانەوە بێ، واتە ﴿الله﴾ ئەو خودایەیە هەمو دروستکراوێك پەنای بۆ دەبا، کەس بێئەو ناتوانێ ببێ و بژی، هەموو کەس موحتاجی ئەوە، ئەویش هیچ پێویستی بەئەوان نیە، بوونی مەخلووقات لەخودایەتی ئەو زیاد ناکا نەبوونیشیان لەخودایەتیئەو کەم ناکا.

ئیبنو عەبباس لەمانای ﴿الصمد﴾دا دەفەرمووی: واتە: ئەو کەسەی هەموو مەخلوقات داوای لێ دەکەن بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستیەکانیان، گەورەیە کە لەو ئەو پەڕی گەورەییدایە، ڕێزدارێکە ڕێزی بێ سنوورە، شکۆمەندێکە لەنیهایەتی شکۆمەندیدایە، لەرەوشتی حیلم وعیلمدا فەردی موتڵەقە، خودایە کە هەرچی صیفەتی کەمال و جەمال و جەلال هەیە هەیەتی، لەهەموو عەیب خەوشێك پاك و مونەززەهە.

﴿لم يلد و لم يولد﴾ منداڵی لێ نەبووە، لەکەسیش نەبووە، نە منداڵی هەیە نە باوك و دایکی هەیە، چونکە زاتێکە لەکەس ناچێ، قەدیمەو سەرەتای بوونی نیە، کاتێك نەبووە ئەو نەبووبێ، قەبارەو مادە نیە،

لەهیچ شتێك ناکاو کەس لەو ناکا، بەمـەش رەدی ئەوانـەی دایـەوە: کـە دەڵێـن: فریشـتە کچـی خـودان، هـەروەها رەتدانـەوەی بـیرو بـاوەڕی جولەکەکانە: کە دەیانگوت: عوزیر کوڕی خودایە، یان مەسیحیەکان: کـە دەڵێن: عیسا کوڕی خودایـە، بـەڵکو رەدی هـەموو بـیرو بـاوەڕە پـوچ و بەتاڵەکانی دایەوە

﴿ولم يكن له كفواً أحد﴾ کەس نیە هاوشانی ئەوبێ، نە لەحەقیقـەتی بوونی‌دا، نە لەحەقیقەتی فەرمان و کردەوەی‌دا، خودایەکـە بـەبێ ئـیزن و مەشیئەتی ئەو هیچ کارێك ئەنجام نادرێ، هەر ئەو گەورەیـەو گـەورەی‌تر نین، هەر ئەو خودایەو ئادەمیزادو جندوکەو فریشـتە هـەموویان بـەندەی ئەون، حەقیقەتی خودا پایەدارو ئـەزەلی و ئەبەدییـە، هـەر بـووەو هـەر دەبێ، گۆڕانی بەسەردا نایە، خودایەکە تاك و تەنـهاو بـێ هـاوەڵ و بـێ منداڵ و بێ خێزان و بێ هاوسەر!!

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الفلق)

ئەم سوورەتە پێنج ئایەتە بەلای (الحسن)و عەطاو عیکریمـەو جابـیرەوە مەککییە، جەماوەری زانایـانیش هـەر پێیـان وایـە، ئیبنـو عـەبباس و قەتادەو کۆمەڵێکی تر دەفەرموون مەدەنییە، ناوی نراوە سورەتی (الفلق) چونکە سەرەتاکەی بە ئایەتی ﴿قل أعوذ برب الفلق﴾ دەستی پێ کراوە، فەلەق: لەتبوون و لێ جیابوونەوەی شتێکە لەشتێك، دانەوێڵە: کـە لـەژێر خاکدا شەق دەبێ، بـادام و فسـتەق کـە دەم دەکەنـەوە، ئـاو کـە لـەکێو هەڵدەقوڵێ، باران کە لەهەور دێتە خوار، منداڵ کە لەدایك دەبێ.. هتـد. وشەی (فلق) دەیانگرێتەوە.

سورەتەکە خۆ پەناگرتنی بەخودا لەخۆ گرتووە لەشەڕو نەگبەتی مەخلووقات، بەتایبەت بەڵاو موصیبەتی ناو تاریکایی شەو، فرت و فێڵی جادوگەرو فیتنە جۆیان و دڵ پیس و حەسودو چاوپیسەکان، فەرمان دەکا بەوەی ئادەمیزاد پەنا بگرن بەخودا لەو نەخۆشییە دەرونیانەی زیان دەگەیەنن.

داوای پارێزگاری لەخودا بکەن لەو گیانلەبەرە ژەهراوییانەی زیان دەگەیەنن، پەنا بگرن بەخودا لەشەڕی تاریکی: کە بوونەوەر دادەپۆشێ بەتایبەتی لە بیابان و کێوو کەژدا، چونکە زۆرجار کارەساتی جۆراو جۆری تێدا دێنە دی.

بوخاری خاوەنانی سونەن لەباسی داواکردنی شیفا بەم سێ سورەتە (الإخلاص) و (المعوذتین) لەخاتو عائیشەوە ڕیوایەت دەکەن دەفەرمووێ: پێغەمبەر ﷺ هەموو شەوێ کە دەچووە سەر جێگا بۆ نووستن، هەردوو دەستی دەکردنەوەو دەپاڕایەوە، پاشان فووی لەناو دەستەکانی دەکردو ﴿قل هو الله أحد﴾ و ﴿قل أعوذ برب الفلق﴾ و ﴿قل أعوذ برب الناس﴾ ی دەخوێندو ئەمجار بەهەردوو دەستی سێ جار دەم و چاوی سەرو شان و مل و سنگی خۆی مەسح دەکرد، ئەمجار ڕادەکشا!

سورەتی (الفلق)

بسم الله الرحمن الرحيم

قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ﴿١﴾ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴿٢﴾ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴿٣﴾ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّـٰثَـٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ ﴿٤﴾ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴿٥﴾

﴿قل أعوذ برب الفلق، من شر ما خلق﴾ ئەی پێغەمبەر: بڵێ من پەنا دەگرم بەو خودایەی پەردەی نەبوونی لەت کردو بوونەوەری لێ دەرهێنا، یان پەنا دەگرم بەخودای بەیانی، کە بەو نوورو ڕوناکبییە ئارامی دەخاتەوەو ترس و خۆفی تاریکی لا دەبا، یان پەنا دەگرم بەخودایەك بەدیهێنەری هەموو بوونەوەرە، پەنا دەگرم بەزاتی پاکی لەشەڕو نەگبەتی هەرچی دروست کردووە، بەهەموو جۆرێك و هەموو کاتێك پەنا دەگرم لەشەڕی مەخلووقاتی خودا، چونکە مەخلووقات لەکاتی بەیەك گەیشتن و لێك نزیکبوونەوەدا هەندێ جار زیان بەیەکتر دەگەیەنن، هەر وەکو چۆن لەحاڵاتی تردا خێرو بێریان بۆ یەکتر هەیە.

پەنا گرتن بەخودا لێرەدا بۆ ئەوەیە شەڕ لابەرێ و خێر بێنی، شەڕ لاداو خێر دەستەبەر بکا، حاڵ و وەزعەکان وابگۆڕێ خێریان تێدابێ و لەشەڕ دوور بن.

﴿ومن شر غاسق إذا وقب﴾ پەنابگرە لەشەڕو نەگبەتی شەو کە بەتاریکی خۆی بەسەر بوونەوەردا دەکشێ و مەردووم دادەپۆشێ بەرەنگێك، کە ڕزگار بوونی لێ ناکرێ و دەبێتە مایەی ترس و بیمێکی زۆر، چونکە کاتێك شەو ڕوی زەوی دادەپۆشێ لەگەڵ خۆیدا ترس دێنێ، لەماڵ دابێ ترسی ئەوەت هەیە دووژمنت فرسەتت لێ بێنێ و زیانت پێ بگەیەنێ، ئەگەر لەڕێگاوباناى ترسی ڕێ گومکردنت هەیە، ترسی هەڵەنگوتن و هەڵدێران و پێوەدانی مارو دووپشك و پەلاماردانی چەتەو پیاوی ڕێگرت هەیە، هەروا خەیاڵ و بیرۆکەی ترسناك کە لەهەموو لایەکەوە لێت کۆ دەبنەوە، ختوکەی شەیتان و وەسوەسەی شەیاتینی و شەهوەت و ئارەزۆو گەلێ شتیتر کە بەهۆی تاریکی شەوەوە پەیدا دەبن.

﴿ومن شر النفاثات في العقد﴾ پەنا بگرە لـــەزیانی ئـەو دوو ڕوو دوو زمانانەی بەردەوام خەریکی تێکدانی نێوان باوك و فەرزەندو ژن و مـــێردو خـزم و کـەس و کـارو برادەرانـن، دڵیـان لەیـەکتر کرمـێ دەکـەن، فێـڵ لەهەست و شعوری ئەم و ئـەو دەکـەن و لەخشـتەیان دەبـەن؟ بەرواڵـەت جادوبازی دەکەن، گرێ لە داوە دەزوو دەسەسڕ دەدەن و فوی پێدادەکـەن و لاسایی ساحیرەکان دەکەنەوەو پەیڕەوی داب و نەریتی ئەوان دەکەن.

لەڕاستیدا سیحر سروشتی شتەکان ناگۆڕێ و حەقیقەتێکی تر بۆ ئـەو شتە دروست ناکـا، بـەڵام هەسـتەکان وا لێ دەکـا گەردنکـەچی ویسـتی ساحیرەکە بن، چاو بەسـتەکی لەسـیحر لێکـراو دەکـرێ و ڕاسـتییەکانی لێدەگۆڕیـن و حاڵەتـە بینراوەکـەی لێدەبێتـە حەقیقـەت و ڕاسـتی و تەسلیمیان دەبێ.

تەنانەت حەزرەتی موسا ﷺ وێڕای پلـەی پێغەمبەرایـەتی کـە مـارە درۆزنەکانی ساحیرەکانی بینی خەیاڵی بۆ ئەوە چوو کـە مـاری ڕاسـتین و لەدڵی خۆیدا ترسی لێ پەیدا بوو!

وەکو قورئان ئاماژەی بۆ دەکاو دەفـەرمووی: ﴿قَالُوا يَامُوسَى إِمَّا أَنْ تُلْقِيَ وَإِمَّا أَنْ نَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَى * قَالَ بَلْ أَلْقُوا فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِنْ سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى ۞ فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِ خِيفَةً مُوسَى ۞قُلْنَا لاَ تَخَفْ إِنَّكَ أَنْتَ الأَعْلَى۞ وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوا إِنَّمَا صَنَعُوا كَيْدُ سَاحِرٍ وَلاَ يُفْلِحُ السَّاحِرُ حَيْثُ أَتَى﴾ (طه/٦٥-٦٩).

بێگومان گوریس و گۆچانەکانیان نـەبوو بوونـە مـاری ڕاسـتی، وەلێ حاڵەتێکیان دروست کرد تەماشاکەران و موساش لەگـەڵیان وایـان زانـی ماری زیندوون و ئەو جم و جوڵەیان حەقیقەتە، بەجۆرێك حەزرەتی موسـا ترسی لێ پەیدا بوو، ئیتر خودا پشتگیری کردوو نەیهێشت ئـەو حاڵەتـەی

بەردەوام بێ، پاشان ڕاستی دەرکەوت کاتێك عەصای موسا بوو بەماری ڕاستەقینەو مارە درۆزنەکانی ئەوانی هەڵلوشین.

بەڵێ ئەوەیە سروشتی سیحرو پشت بەکارامایی و دەست سوکی و چاوبەستەکی دەبەستێ و فێڵ لەبینەران دەکرێ، پێویستە ئاوا لەسیحر حاڵی بین و بەو جۆرە بڕوامان پێی هەبێ..

چەند ڕیوایەتێك هەن دەربارەی ئەوە: گوایە لەبیدی کوڕی (الاعصم)ی جولەکە سیحری لەپێغەمبەر کردبێ، ڕیوایەتەکە موسلیم و بوخاریش لەعائیشەوە ڕیوایەتیان کردووە[1] .

بەڵام ئەو ڕیوایەتانە لەگەڵ پلەو پایەی پێغەمبەریێتی حەزرەتی موحەممەدا ڕێك ناکەون، چونکە پێغەمبەر ﷺ هەموو وتەو کردەوەیەکی تەشریعەو دەبێ پەیڕەو بکرێ، دەی ئەگەر پێغەمبەر سیحری لێ کرابێ و بڕێ جار شتێکی نەکردبێ وای زانیبێ کردوویەتی و بەپێچەوانەشەوە، چۆن وتەو کردەوەی ئەم حاڵەی بەکەڵکی ئەوە دێن ببنە تەشریع!

لەلایەکی ترەوە: کە موشریکەکان دەیانگوت پێغەمبەر سیحری لێکراوەو (مسحور)ە قورئان بەتوندی ئەم بۆچوونەی قورەیشییەکانی ڕەتکردەوە، بۆیە دەبێ ئەو ڕیوایەتانە بەدوور لەواقیع بزانین و هەوڵ بدەین تەئویل و پێچ‌وپەنایان بۆ بدۆزینەوە،(حدیث آحاد)یش لەبواری عەقیدەدا پشتی پێ نابەسترێ، ئەو ڕیوایەتانە هیچیان نەگەیشتوونە پلەی تەواتور. ئەمجار ئەگەر سورەتەکە مەککی بێ وەکوو جەماوەری زانایان ئاماژەیان پێکردووە، ئەوە ئەوەندەی تر بناغەی ڕیوایەتەکان بن هەڵۆڵ دەبێ.

---

(١) سەیری بوخاری (٥٩) کتاب بدء الخلق (١١) باب صفة أبليس وجنوده (الحديث ٣٢٦٨) بکە هەروەها سەیری صەحیحی موسلیم (٣٩) کتاب السلام (١٧)باب السحر الحديث ٣١٨٩/٤٣ بکە .

﴿ومن شر حاسد إذا حسد﴾ پەنا بگرە لەشەڕی هەموو حەسوودێك کە حەسوودی بەمەردومان دەبا ئاواتەخوازی ئەوەیە نازو نیعمەتێك کەخودا بەخشیویەتی بەکەسانی دیکە لەدەستیان دەرچێ و نەمێنێ.

حەسوود کەسێکە حەسوودی بەکەسانی دیکە دەباو ئاواتەخوازی ئەوەیە ئەو نازو نیعمەتەی هەیانە لەکیسیان بچێ، جا بکەوێتە دەست حەسوودەکە خۆی، یان نا! ئەمە رەوشتێکی ناشیرین و قێزلێکراوە، پێویستە موسوڵمان خۆی لێ بپارێزێ، هەوڵ بدا لەدڵ و دەروونی خۆیدا نەیان هێڵێ.

غیبطة: بریتیە لەوە ئاواتەخوازبی ئەو نازو نیعمەتەی کەسانی دیکە هەیانە تۆش هەتبێ، بەبێ ئەوەی لەکیس ئەوان بچێ، ئەمە دروستە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (المؤمن یغبط والمنافق یحسد) موسوڵمان غیبطەی هەیە پێی خۆشە خودا وەکو خاوەن نیعمەتەکان نیعمەتی پێبدا، دووڕوو حەسوود پێی خۆشە خودا نیعمەتەکانی لەکەسانی دی وەربگرێتەوە، دڵی بەوە تەنگ دەبێ کە دەبینی کەسانی دی لەخۆشیدان.

زانایان دەفەرموون حەسوود هەتا حەسوودییەکەی بەکردەوە یان بەقسە دەر نەخا زیانی نابێ، بەم جۆرە حەسودیەکەی وای لێ بکا بەکردەوە زیان بەو کەسە بگەیەنێ کە نیعمەتەکەی هەیە.

هەندێکی تر لەزانایان فەرموویانە سیحرو چاوەزارو حەسوودی بەبێ ئیزنی خودا زیان ناگەیەنن، چونکە قورئان دەفەرمووی: ﴿وماهم بضارّین به من احد إلا بإذن الله﴾(البقرة/١٠٢) .

وەلێ لەڕووی شەرعەوە پێویستە خۆپارێزیان لێ بکەین، چونکە حەزرەتی عومەرو هاوەڵان هەرچەندە بڕوایان وابوو کە هیچ شتێك بەبێ ئیزنی خودا نابێ، وەلێ بەروالەت لەتاعونی عەمواسدا قورمتینەیان داناو خۆپارێزییان لێ کرد.

هەروەها چونکە پێغەمبەرﷺ فەرمانی کرد کە خۆپـارێزی لـەچاوپیس بکرێ، هەروەها لەترسی گول بەراکردن هەڵیی.

زۆربەی زۆری زانایانی ئیسلام پێیان وایـە: دروسـتە پشـت بـەدووعاو پاڕانەوە ببەسترێ بۆ نەخۆش، چونکە پێغەمبەرﷺ ئازاری هەبوو حەزرەتی جوبرائیل ئەم دووعایەی بەسەردا خوێند فەرمووی: (بسم الله ارقيك، من كل شئ يؤذي من شر حاسد و عين و الله يشفيك)(١).

ئیبو عەبباس دەفەرمووی: پێغەمبەر ﷺ فێری دەکردین: کـە لـەکاتی ئێش و ئازاری جەستەمانداو لەکاتی لـەرزو تـادا ئـەم دووعایـە بخوێنـین (أعوذ بالله العظيم من شر كل عرق نعار ومن شر حر النار).

هەر پێغەمبەر لەفەرموودەیەکی‌تری‌دا دەفەرمووی: هەرکەسێك چـووە لای نەخۆش، ئەم دووعایە حەوت‌جار بخوێنێ و بڵێ:(أسأل الله العظيم رب العرش العظيم ان يشفيك) بەمەرجی نەخۆشی مردنی نەبێ شیفای دێ.

عوسمانی کوڕی ئەبولعاصی ثەقەفی دەڵێ: چومە خزمەت پێغەمبەرﷺ ئازارێکم هەبوو خەریك بوو تێك بچم پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی: دەسـتی ڕاستت لەسەر شوێنی ئازارەکە دابنێ و حەوت جـار بڵـێ: بسم الله أعوذ بعزة الله وقدرته من شر ما اجد) منیش وام کرد. ئینر خودا شیفای دام.

ئیمـام عـەلی دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ کـە دەچـوو بـۆلای نەخۆشـێك ئـەم دووعایـەی دەفـەرموو: (اذهب البأس رب الناس، إشف انت الشافي، لا شافي الا انت).

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: پێغەمبـەر ﷺ دووعـای بەسـەر حەسـەن و حوسـەیندا دەخوێنـدو دەیفـەرموو (أعيذكما بكلمات الله التامة، من كل شيطان وهامة، ومن كل عين لامة).

هەروەها ڕیوایەتـکراوە هـەرکاتێ پێغەمبەر ﷺ بچوبایە بۆ شوێنـێك،

---

(١) رواه الإمام أحمد في مسنده الحديث (٢٢٨٢٤ ج٨) لەحەدیثی کوڕی صامتین .

دەیفەرموو: ئەی زەوییەکە خودای من و خودای تۆ (الله)یە پەنا دەگرم بەخودا لەشەڕی خۆت و شەڕی ئەو شتانەی تێتدایە، لەشەڕی ئەوەی لێت دەردەچێ، لەشەڕی ئەو شتانەی بەسەرتدا دێن و دەڕۆن، پەنا دەگرم لەشێرو دڕندەو مارو دووپشك، لەشەڕی دانیشتوانی ئەم هەرێمە..[1] .

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الناس)

ئەم سوورەتە شەش ئایەتە، بەلای زۆربەی زانایانەوە مەککییەو بەلای هەندێکی ترەوە مەدەنییە، وەکو سورەتی (فەلەق).

ئەم سوورەتە دوا سوورەتە لە تەرتیبی قورئاندا، یەکەم سورەتیشی سورەتی فاتیحایە، سورەتی فاتیحە بەپیتی(ب)دەست پێ دەکاو سورەتی (الناس)یش بە پیتی (س) کۆتایی‌دێ، ئەم دوو پیتە بخەرە پەنایەکەوە وشەی (بس) پێك دێنن وێدەچی ئاماژەبێ بۆ ئەو ڕاستیە: کە ناو دوتوێی ئەم قورئانەی سەرەتای (ب)ی و کۆتایی (س)ە کیفایەتە بۆ بەرنامەی ژیان و هەرکەسێ‌پابەندی بێ بەسیەتی و حەوێجەی بەهیچی‌تر نیە.

سورەتی (الناس)

بسم الله الرحمن الرحيم

قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴿٢﴾ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ﴿٣﴾ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ﴿٤﴾ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ﴿٥﴾

(١) هەرکەسێ بیەوێ زیاتر لەم بارەیەوە قسول بێتەوە با بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی وەك تەفسیر طبەری ج١٠/ ١٨٥-١٩١ تەفسیری رازی ج٣٢/١٨٩-١٩٠ .

دەفەرمووی: ﴿قل أعوذ برب الناس﴾ ئەی موحەممەد بڵێ: پەنا دەگـرم بەپەروەردگاری ئادەمیزاد، بەچاودێرو بەخێوکەریان .

﴿ملك الناس﴾ بەخاوەن و پاشای ئادەمیزاد ئـەو کەسـەی دەسـەڵاتی تەواوو رەهای هەیە، ﴿اله الناس﴾ بەپەرستراوی ئادەمیزادە، کە هەر ئـەو شیاوی بەندایەتی بۆ کردن و پەرستنە، هەر ئەو پەروەرگاری ئادەمیزادە، پاشـای ئـادەمیزادە، خـوداو پەرسـتراوی ئـادەمیزادە هـەموو بوونـەوەر دروستکراوی ئەوە، ملکی ئەوە، بەندەی ئەوە، بڵێ: من پەنا دەگـرم بـەو خوایەی خاوەنی ئەو صیفەت و ڕەوشتانەیە.

﴿من شر الوسواس الخناس﴾ لەشەڕو زیانی شەیتانی ختوکەدەر، ئـەو شەیتانەی سەرەتاتکە لەئادەمیزاد دەکا، دێتـە پێشـەوەو دەچێتـە دواوە، خۆ لەئادەمیزاد نزیك دەکاتەوە بۆ ئەوەی تاوانی پێ ئەنجام بدا، کە نـاوی خودای هێنا دەکشێتەوە بۆ دواوە. ئیبنـو عـەبباس دەفـەرموێ شـەیتان لەسەر دڵی ئادەمیزاد مۆتەکەی داوە، هەرکە ئادەمیزادەکـە غـافڵ بـوو خودای لەبیرچووە، ختوکەی دڵی دەداو لەخشتەی دەبـا، کـەناوی خـودای هێنا دەکشێتە دواوە.

ئادەمیزادیڕفتـار شـەیتانیش هـەمان هـەڵس و کـەوتی هەیـە، بـۆ نموونە ئەگەر فیتنەو دو زمانێك بیەوێ لای یەکێك مەبەستی پیسی خۆی ئـەنجام بـدا، ئەگـەر ئـەم بابایـە بـڕوای پـێ نـەکردو دایـەوە بـەدەمیاو تەریقی کـردەوە، خـێرا ئەوکەسـە پەشـیمان دەبێتـەوەو قسـەکەی خـۆی سەحب دەکاتەوەو دەکەوێتە گۆڕینی قسەکانیو دەیەوێ پاشەکشـە بکـا. خـۆ ئەگـەر گوێـی بـۆ کلۆرکـردو بـە قسـەی فیتنـە ئامێزەکـانی هەڵپـەڕی ئـەوە درێـژە بـە بوختـان و دوزمانییەکـەی دەدا و شـوڵی لێ هەڵدەکێشێ.

پێویستە ئادەمیزاد بەرامبەر (خەنناس) چ شەیتان بێ یان ئادەمیزادی ڕفتار شەیتان بێ، مەردانە بەرامبەر یان بوەستێ، چونکە شەیتان کاتێك دەتوانێ کاریگەری خراپی خۆی بەرامبەر ئادەمیزاد بنوێنێ، ئەگەر ئەو ئادەمیزادە لەخودا غافڵ بێ، خۆی نەخستبێتە ژێر حیمایەی پەروەردگار، هەروەها بەنیسبەت دوزمان و بوختانکەرانەوە، ئەگەر تۆزێك پیاوانە هەڵوێست بنوێنێو بەگژیان دا بچێتەوە زوو پەشیمان دەبنەوە، هەوڵ دەدەن قسەکانیان قوت بدەنەوە.

بێگومان خودا شەیتانی باڵا دەست کردووە بەسەر ئادەمیزاددا - مەگەر کەسێك نەبێ کەخودا پاراستبیەتی- ئەمەش بۆتاقیکردنەوەو لەبۆتەدانە، لەفەرموودەی صەحیح دا هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هیچ کەسێ نیە لەئێوە ئیللا شەیتانێکی بۆ دیاری کراوە، هاوەڵان وتیان: ئەتۆش ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: بەڵێ منیش، وەلێ ئەوەندە هەیە خودا منی بەسەر ئەودا زاڵ کردووە، موسڵمان بووە، هەر بۆ کاری چاك هەڵم دەنێ.

لەصەحیحی موسلیم و بوخاریدا فەرموودەیەك ریوایەت کراوە، لە ئەنەسەوە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ (اعتکاف)ی گرتبوو (صفیە)ی خێزانی سەردانی کردبوو، چونکە کاتەکە شەو بوو پێغەمبەر ﷺ لەگەڵی هاتبووە دەرەوە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتەوە ماڵ ، لەوکاتەدا دووپیاو لەئەنصارەکان پێغەمبەریان بینی ئیتر خێرا بەپەلە ویستیان تێپەڕن، پێغەمبەر ﷺ بانگی کردن، فەرمووی: لەسەرخۆ وەرن، بزانن ئەو ئافرەتەی لەگەڵم دایە (صفیە)ی کچی (حیی) خێزانمە.

دوو پیاوەکە وتیان: (سبحان الله) ئەی پێغەمبەری خودا کێ خەیاڵی خراپ لەتۆ دەکا؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: شەیتان وەکوو خوێن بەناو جەستەی ئادەمیزاد دەگەڕێ ترسام شتێك چووبێتە دڵتانەوە.

کەواتــە پێویســـتە پــەنا بگریـــن بــەخودا لـــەزیانی بوختانکـــەرو دوزوبان و شەیتان ﴿الذي يوسوس في صـدور النـاس﴾ ئـەوەی خـەیاڵ و وەسوەسـەی خـراپ دەخاتـە نـاو دڵـی ئـادەمیزادەوە هانـە هانـەی دەدا بـۆ ئـەنجامدانی کـاری خـراپ یـان نـەکردنی کـاری بـاش، یـان دوو زمانی و بوختان دەکا بـۆ ئـەوەی دڵـی دوو کـەس یـان دوو کۆمـەڵ لەیەکتر کرمێ بکا.

﴿من الجنة و الناس﴾ ئەو وەسواسکەرە یان شەیتانی جندۆکەیـە، یـان شـەیتانی ئـادەمیزادە، خـەیاڵ و خەتـەرە دەخەنـە دڵ و دەروونـی ئـادەمیزادەوە، دڵـی بێئاگـاو خـاڵی پـڕ دەکـەن لـەڕق و کینـە، دوو زمانی و بوختانی جۆراوجۆر هەڵدەبەستن، ئادەمیزادی فیتنـەو دوو زمـان خـۆی دەکاتـە دڵسـۆزو دەسـت دەکـا بەهەڵڕشـتنی درۆو دەلەسـە، دڵی کابرای بێ ئاگا پڕ دەکـا. دەبـێ ڕۆژانـە لـەم سـەر زەوییـەدا چـەند ڕاپۆرتـی درۆو دەلەسـە لەشـەیاتینی ئـادەمیزادەوە بنووسـرێ دژی بێ خەتایان؟!.

دەبێ چەند کەس بەڵکوو چەند خێزان و بنەمـاڵـەو هـۆزو عەشیرەت و گەل و نەتەوە ببنە قوچی قوربـانی قسـەی بـێ بناغـەو ڕاپۆرتـی بـەدرۆ هەڵبەستراوی ئادەمیزادی ڕەفتار شەیتانی؟

چەند ژن و مێرد لێك جیا ببنەوە و لانـەی خێزانیـان لێ تێـك بچـێ؟ چەند دۆست و برادەر ببنە دووژمن و براکوشتەی یەکتری؟ چەند دراوسێو هاوەڵ دڵیان لەیەکتر کرمێ ببێ ؟!

خودایـە بـەدورمان کـەی لەبـەڵا و ناخۆشـی دونیـا و قیامـەت ، بمانپـارێزی لـە دەسـتی دوژمنـان، لـە بوختـانی بوختانکـەران لـە قەڵـەمی لـەرزۆك ، و زمـانی پیسـی ڕاپسۆرت نوسـان، لـە نیـازی

پیسی ئادەمیزادانی رەفتار شەیاتینیو دوورپوو و هەلپەرست و دلّپیـــس و سپلّەو پێنەزان.

خودایــە بەکــەرەم و رەحمــەتی خـۆت بـۆ خـاتری نـاوە جوانـــەکانت لەتاوانەکانم خۆشبەو قەلّــەمی عــەفویان پێدا بێنــە لــەگوناهی بـاوك و دایکـم خۆشــبە، روحـم بەمامۆسـتاکانم بکــە، ئـــەرك و مـــاندوبوون و شــەونخو:نیم بــۆ نووسـینی ئـــەم تەفســـیرە پـــیرۆزە بکـــەرە توێشـــوی قیامەتم و پێناسەی رزگاری و سەرفــرازیم (یاربّ العــالمین) .

٢٠٠٣/٤/٩

مەلا محمود أحمد

کۆتایی

بەیارمەتی خودا لەنووسین و پاکنووسی ئەم تەفسیرە پیرۆزە بوومەوە و پاکنووسی جزمی کۆتاییم کرد، لەسەردەم و رۆژگارێکی گرنگ و پڕکارەساتی سەیرو سەمەرەو دڵتەزێن لەڕویەکەوەو دڵخۆشکەر لەچەند رویەکەوە. روداوەکان پەیوەندییان هەبوو بەگۆڕانکاریی لەعێراق دا و روخانی دەسەڵاتی حیزبی بەعسی عەفلەقی فاشی و ریشەکێشکردنیدام و دەزگاکانی رژێمی (صدام حسین) ی فیرعەون رەفتاری خۆسەپێنەری دژ بەئیسلام و موسوڵمانان و گەلی عێراق بەگشتی .

لێبوونەوەم لەم تەفسیرە پیرۆزە هاوکات بوو لەگەڵ روخاندنی دەسەڵاتی (صدام حسین) ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەی کە زیاد لە(٣٥) سیو پێنج ساڵ وەکوو مۆتەکە سواری سەرشان و ملی گەلی عێراق بوو بوو ، بەئاگرو ئاسن بەردەوام خەریکی قەلاچۆکردنی کۆمەلانی عێراق بوو بەهەموو چین و توێژەکانیەوە. چەند دەزگای سەرکوتکەری دامەزراند بوون بۆ کوشتن و بڕین و ئەشکەنجەدانی رۆڵەکانی عێراق، سێدارە و فەلاقەو زیندانی تاریكو ژێرزەمینی سامناك و دادگایی کردنی رۆتینیو ئیعلامی درۆو دەلەسە و چاوڕاو رۆژ دوای رۆژ لەپەرەسەندن دا بوون !!

یاساوڵوجەللادی بێویژدان و دڕندە ئاسای بەردابوونە هاولاتیان و دۆزەخێکی بۆ داخستبوون تەڕو وشکی پێکەوە دەسوتاند !

لەراستیدا رژێمی (صدام حسین) رژێمێك بوو چەندێك باسی دڕندەیی بکرێو چەندێکی لەسەر بنووسرێ و بگوترێ قەترە بەدەریایە و پوشکە بژاردنە لەکایە و هەرگیز لەبن نایە .

رژێمێك بوو دڵی بە فرمێسك و خوێن دەگەشایەوە، بە ئاهونالەی بێنەوایان بزەی دەهاتێ حەزیلەخوێن رشتن وولات وێرانکردنو تۆقاندنبوو!

لەشەڕێك تەواو نەدەبوو پیلانی بۆ شەڕێکی‌تر دادەڕشت! ئەوەتا لەماوەی تەمەنی (٣٥) ساڵەی ئەم رژێمەدا چوار جەنگی کاولکاریی و شوم روبەڕوی گەلی عێراق بوەوە . دەریایەك خوێن و فرمێسکی لی‌کەوتەوە .

شەڕی ساڵی (١٩٧٤)ی ز لەگەڵ شۆڕشی ئەیلولی پیرۆزدا کە بەهەموو جۆرە چەکێك لەگەلی کوردی بێ کەسیدا.ماوەی دوانزە مانگ عەمبارەکانی چەك و تەقەمەنی خۆی لەگەلی بێدیفاعی کورددا بەتاقی کردەوە !

ئەمجار کە هەر زانی کورد چۆك داناداو تۆپ و تەیارە کاری تێناکا پیلانی نێو دەوڵەتی لە شۆڕشی کورد کردو پەیمانی شومی جەزائیری مۆرکرد، سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی پیرۆز و بارزانی نەمر (رێبەری کوردان) لەبەر بەرژەوەندی گەل و نەتەوە ناچار بوو بەکۆتا هاتنی شۆڕش لەو بارودۆخەدا رابگەیەنێ‌و بۆ ماوەیەك شۆڕش بڵاوە پێبکا .

خۆ ئەگەر سەرکردایەتی کورد لەو کاتەدا بڵاوەکردنی شۆڕشی رانەگەیاندایە، کارەسات بەسەر گەلی کورد دا دەهات و ئەو کاتە، زۆربەی رۆڵەکانی ئەنفال دەکران ! بەڵێ سەرکردایەتی کورد وای بەباش زانی بەشێوەیەکی کاتی شۆڕش رابگرێ، راگرتنەکەش لەبەرژەوەندی گەلی کورد بوو ، پەیمانی جەزائیری لەجێدا پوچاندەوە ! ساڵێکی پێنەچوو شۆڕش دامەزرایەوە بەڵام کاریگەری ئەوتۆی لەسەر رژێم دروست نەکرد، بارودۆخە نێو دەوڵەتییەکەش لەبەرژەوەندیی شۆڕشەکەی نەبوو ، بەڵام هەر هیوایەك بوو بۆ کورد دڵی پێخۆش دەکرا .

ساڵ تێوەرسوڕانەوە رۆژگاری ئابی (١٩٨٠)ی ز بەگەرمیی بەڕێ کرا . لەو گەرمایەدا (صەدام) شەڕی بەناحەق دروستکراوی عێراق ئێرانی هەڵگیرساندو پەیماننامەی جەزائیری ونجڕ ونجڕ کرد، ئیتر ئەمجار زیاتر

سەردەمی نەدامەتیو نەگبەتی گەلی عێراق بەگشتی دەستی پێکرد؛ هەشت ساڵی رەبەق لاوانی عێراق و ئێران بوونە سوتەمەنی جەنگی ماڵوێرانکەری دروستکراوی (صدام حسین)و بەملیۆن و زیاتریش کوژراوو بریندار و شەل و سەقەت و دیلی لیکەوتەوە .

شان بەشانی ئەو شەڕە دژوارو درێژ خایەنە شۆڕشی کوردیش تێوەگلاو بارودۆخی بۆ رەخسا،،،،، !! بەتایبەتی کە لەساڵی (١٩٧٧)ی ز رژێم دەستیکرد بەوێران کردن و راگواستنی گوندە سەر سنوریەکانی نێوان عێراق ئێران و بەقولایی سی کیلۆمەتر کوردستانی بەهەشت ئاسای کردە ناوچەی یاساغ و سوتەمەڕۆ، کانیاوەکانی تەقاندنەوەو گوند و مزگەوت و قسن و نزرگەی پیاوچاکانی کوردستانی بەسەریەك دا ترشاندن و رەز و باخی وەرزێرانی ئاگر تێبەردا !

دانیشتوانی ئەوگوندوشارو جێیانە لەچەند ئۆردوگایەکی زۆرە ملێدا گرد کردەوەو وردە وردە بەگوێرەی نەخشەو پیلانی دارێژراوو تۆکمە کەوتە وێزەی گەلی کوردو دام و دەزگا جۆراو جۆرەکانی خۆی هاندان بۆ روخاندنی ئەخلاق و رەوشتی رەسەنی کوردایەتیو پەرەپێدانی سیاسەتی تەعریب و تەبعیث !!

زۆڵە کوردی کردنە چلکاوخۆرو کەوتە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو روخاندنی ورە لەناخی جەماوەردا . دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی وەگەڕخستن و زیندانی سامناکی رابەستن و سێدارەی هەڵخستن، هەرکەسێ بیگوتایە (لەل) کاتێکی بەخۆ دەزانی وا لە چوار دیواری زیندانێکی سامناك دایە .

تا شەڕ لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێرانیدا گەرم بوایە مەینەتی گەلی کورد پتر دەبوو زیاتر تەنگی پێهەڵدەچنرا و پەتی قەنارە لەملی نزیك تر دەبووەوە، هەتا شۆڕشگێڕانی کورد و هێزی پێشمەرگە زیاتر پەرەیان

بەشەڕی سیاسیو پارتیزانی خۆیان بدایە ، رژێمی بەعس زیاتر سوور دەبوو لەسەر خاپوور کردنی کوردستان و راگواستنی گوندو شارۆچکەکان بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکان و بەرفراوانکردنی ناوچە یاساغکراوەکان تاسالّی (١٩٨٨)ز دا گەیشتەچلە پۆپەو قەلاچۆکردنی گەلی کوردو خاپورکردنی ولاتی بەهەشت ئاسای کوردستان لەکیمیابارانی هەڵەبجەو چەند ناوچەیەکیتردا و وێرانکردنی(٤٥٠٠) گوندو شارۆچکەدا رەنگی دایەوە .

ئەنفالکردنی هەشت هەزار بارزانیو (١٨٢٠٠٠) سەدو هەشتاو دوو هەزار کوردیتری بێدیفاع و بێتاوانی کردە سەرباری تاوانە زۆرو هەمەجۆرو فاشیستەکانی !!

سالّی (١٩٨٨)ی ز ، عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بەندیخانەیەکی پڕ ئازارو ئەشکەنجە بوو ، دەریایەك بوو لەخوێن و فرمێسك و جگە لەپێدا هەڵدانی دیکتاتۆرو (قادسیە) پیرۆزەکەی هیچ دەنگێکیتر نەدەبیسترا !!

رۆژی (١٩٨٨/٨/٨)ی زبەرەسمی شەڕی عێراق ئێران راگیرا ، عێراق خۆی بەسەرکەوتوو دەزانی (هەرچەند واش نەبوو!) ئیتر دەزگا سەکوتکەرەکانی رژێم ئەوەندەیتر دەستیان بەتالّ بوو بۆ چەوساندنەوەی کورد و خاپورکردنی کوردستان و توندکردنی پەتی قەنارە لەملی رۆڵەکانیو کپ کردنی دەنگی ئازادیی .

کار گەیشتە ئەوە خەڵکی کوردستان بەجیددی بیریان لەوە دەکردەوە کەی رژێم دەست دەکا بە ڕاگواستنی شاری سلێمانی و دهۆك و شارەکانیتر بۆ خواروی عێراق ، بەلکو بۆ ولاتانی عەرەبیتر و هێنانی عەرەب لەدەرەوەی عێراق و خواروی عێراق بۆ نیشتەجێ کردنیان لە کوردستان !

تەنانەت لەکۆنگرەیەکی عەرەبیدا لەولاتی مەغریب (صدام) روبەڕوی سەرانی عەرەب گوتبووی مـن کێشـەی کوردەکـانم هەیـە؛ چـوار ملیـۆن کـوردم هەیـە دەمـەوێ دابەشـیان بکـەم بەسـەر ولاتـە عەرەبییـەکاندا و لەشوێنی ئەوان عەرەبم بدەنێ نیشـتەجێیان دەکـەم لـە (شمال الوطن) دا چونکە من بڕوام بەکورد نیە !

بەڵێ بەراوەستانی جەنگی عێراق ئێران رژێمی بەعسی فاشی یـەکچاو بوەوە بۆ قەلاچۆکردنی شۆڕشـی کـوردو ویسـتی ئاسـەواریی پێشـمەرگە لـەهیچ کـون و قوژبنێکـی کوردسـتان دا نـەهێڵێ ، بۆیـە هێرشـێکی پاکتاوسازی کردە سەر دەڤەری خواکورك، هێزی پێشمەرگەی کوردسـتان کە لەو ناوچەیە کۆبوبونەوە ، دوای بەرگریەکی قارەمانانەی کـەم وێنـە ناچار بوون بەرەو ئـێران پاشەکشـە بکـەن ، ئیـتر بەتـەواوی کوردسـتان لە پێشمەرگە چۆڵ بوو ، رێگا بۆ حکومەتی بەعس ئاچۆغ بوو بـەئارەزوی خۆی پەل بهاوێ، کێوەکانی کوردستانی کردنـە سـەنگەرو رەبیـە ، هـێزە سەربازیەکانی لەنگەری تێدا گرت و ولاتی بەهەشت ئاسـای کوردسـتانی کردە دۆزەخ و بەهەموو جۆرێك ئیرهابی تێدا پەیڕەو ەکرد .

رەبـبی مـوی لێ بێ زوبـانی پەنجـەکانی هـەڵوەرێ
هەر کەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

بەلام کوردی گوتەنی ئـەوەی لای بـەندە خەیاڵـە لای خـودا بەتاڵـە ، ئەوە بوو (صدام حسـین) لـەبوغرایی خـۆی لـەرۆژی (١٩٩٠/٨/٢)ی ز دا هەڵەیەکی مێژوییی گەورەی کرد و بەدەستی خۆی گۆڕی بـۆ رژێـم و دام و دەزگاکانی هەڵکەند ، ئەوە بوو لەو رۆژەدا پەلاماری دەوڵەتی کوێتی داو کۆنترۆڵی کردو کردی بە پارێزگای ژمارە نۆزدەی عـێراق . دەسـتی کـرد بەکوشتن و بڕینی دانیشتوانی ئەو ولاتەو تالان و بـڕۆ کردنـی سـەروەت و سامانی . هەر لەگەڵ دەنگوباسـی داگـیرکردنی کوێـت لـە ئاژانسـەکانی

دەنگ و باس دا بلاوكرايەوە دەنگى نارەزايى لەهەموو جيهاندا دژى (صدام حسين) بەرزبوەو دونياى لىٚراپەرى و داوايان لىٚكرد چى زووە ئەو ولاتە جىٚبێلێ و كێشەكانى نێوان عێراق و كوێت لەرێگاى دان و سانەوە چارەسەر بكرێت .

بەلام (صدام) سوٚزى گاى هار بوو گوێى بەكەس نەدەدا و سوور بوو لەسەر داگيركردنى كوێت و تەحەدداى جيهانى كرد . ئەمەريكاو بەريتانياو فەرەنسا بەهاوكاريى بيست و حەوت دەولەتىتر و بەسەرۆكايەتى ئەمەريكا هێزيان لىٚكۆكردەوە ، شەوى (١٧/ ١/ ١٩٩١)ىز دەست كرا بەبۆردومان كردنى شوێنە ستراجيەكانى ناو عێراق ، لەماوەيەكى كەم و كورتدا لە پەل و پۆيان خست هيچ دەستى بۆ نەكرايەوە .

هەرئەوەندەى بۆ كرا ئەو فرۆكانەى مابوونى و لەبۆردومان رزگاريان بوو بوو هەلێفراندن بەرەوە ئێران و تائێستاش نەگەرێندراونەتەوە ، ژمارەى ئەو فرۆكانە (١٢٠) سەدو بيست فرۆكە بوون .

بەلێ هێرشى هاوپەيمانان دەستى پێكردو پاش بۆردومانێكى چرو پرو لەپەل و پۆ خەرو گشتگيرێ ئەمجار هێرشى زەمينى دەستىپێكردو دەستكرا بەديل كردنى هێزى سەربازى عێراق لەناو كوێت داو رامالينىو راونانى سەربازانى بۆ ناو خاكى عێراق ، ئەم تێشكانە ئابرووبەرە واى كرد راپەرين لەخوارووى عێراق دژى رژێمى (صدام حسين) دەستىپێكرد و لە ماوەيەكى كورت دا سەرانسەر شارەكانى باشور كۆنترۆل كران .

لەرۆژى (٥/ ٣/١٩٩١)ىز لەكوردستانيش راپەرين دەستى پێكرد و لەماوەيەكى كورت و قياسىدا كوردستان لەبەعس پاككرايەوە ، ئەوەبوو رۆژى(١٩٩١/٣/٢٠)ىز زۆربەى زۆرى شارەكانى كوردستانى عێراق

بەكەركوكى خۆشەويستيشەوە رزگـاركرا ، هێنـدەى نـەمابوو بەتـەواويى هەموو عێراق رزگار بكرێ و دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەكانى (صدام حسين) سەرنگون بكرێن .

بەڵام بەداخەوە لەوكاتەدا كە رژێمى (صدام حسين) لەگيانەڵاودا بـوو ، بەرژەوەنديى رۆژئاوا وا داخواز بوو كـە (صـدام حسـين) ببوژێندرێتـەوە ، گڵۆپى سەوزى بـۆ هـەڵكراو رێگـەى پێـدرا راپـەرين سـەركوت بكـرێ ، هاوپەيمانان وازيان لىٚهێناو چيدى هەڵمـەتى هـەوايى و زەمينيـان لـەدژ ئەنجام نەدا ، ئەمەش كارەساتێك بوو بۆ گەلى عێراق .....

بەڵێ وازهێنانى هاوپەيمانان لەهێرش كردن بـۆ سـەر دام و دەزگاكـانى (صدام حسين) كارەسات رویدا رۆژێكى رەش بـەربينگى گـەلى عـێراقى گرت . چونكە لەگەڵ هێرشى هاوپەيمانان راوەستا رژێم كەوتەخۆو هێرشى خوێناوى دەسـت پێكـرد بـەرەو باشـوورو بـاكور فرۆكـەى هەليكۆبتـەرو دەبابـەو رۆكێـت و هـێزى تۆپخانـە و هێزەكـانى گـاردى كۆمـاريى لەدانيشتوانى بێچەك و پەنا وەكار خست .

بەدەيان هەزار لە شارەكانى حيللـە و نەجـەف و كەربـەلا و بـەصرە و عـەمارە و شارو شارۆچكەكانى جنوب كوشت و بڕ كرد ، دەيان هەزاريشى لىٚڕاپێچى بەندينخانەو زيندانە سامناكەكانى كرد و خستنيە بـەر زەبـرى ئازارو ئەشكەنجەو بەو پەڕى دڕندەيىيەوە راپەڕينى جنوبى سەركوت كرد ، ئەمجار شاڵاوى بەرەو باكور هێنا ، گـەلى كـورد بـەتێكڕا لەسەرانسـەرى كوردسـتان دا لەترسـى چـەكى كۆكـوژى رژێمـى (صـدام حسـين) و قەڵاچۆكردنى بەسەڵتە زەلامى دەسـتىكرد بـەكۆڕەو بـەرەو سـنوورەكانى ئێران و توركيا، كۆڕەوەكە هێندە گشتىو سـەرنج راكێـش بـوو ويژدانـى جيهانى خۆرئاواى هـەژاند، دەنگـى نـاڕەزايى دژى قـەڵاچۆكردنى كـورد لەهەموو لايەكەوە بەرز بووە.

حکومەتی فەرەنسا داوای ناوچەی ئارامی کرد بۆ گەلی کورد ، ئەمەریکاو بەریتانیاو وڵاتە خۆرئاواییەکانی‌تر پشتگیریان لی‌کردو ئەمەریکاو بەریتانیا بڕیاریان دا گەلی کوردو شیعەکانی جنوب لەدەستی رژێمی (صدام حسین) بپارێزن ، ناوچەی ئارامیان لەباکورو باشور داناو چەند قاعیدەیەکی عەسکەریان کردە چاودێر بەسەر هێزەکانی (صدام)ەوە نەیانهێشت چی‌تر درێژە بەتاوانەکانی بدا ، ئابلۆقەی ئابوریان خستەسەر و کڕینی ئامێری سەربازییان لی‌یاساغ کردو لەگەڵیا کەوتنە ململانێی سیاسی‌و ئابورییەوە ، زیاد لە دوانزە ساڵ هێنایان‌وبردیان و جۆرەها پێشنیارو داواکاریان ئاڕاستەی (صدام حسین) کرد و هەردەمە بیانویەکی دەهێنایەوە دەیویست خۆی لەو تەنگژە گورچکبڕە رزگار بکا.

ساڵی (٢٠٠٣)ی ز خۆرئاوا بەتایبەتی ئەمەریکا و ئینگلیز گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە جگە لەبەکارهێنانی هێز هیچ شتێکی‌تر چاری (صدام حسین) ناکا ، بۆیە لەمانگی ئازاری دووهەزارو سیٚدا ئەمەریکاو بەریتانیا سەرۆکایەتی هێزی هاوپەیمانانیان کردو لە(٢٠٠٣/٣/٢٠)ی‌ز دا هێرشی ئاسمانی و دەریایی و زەمینی یان کردە سەر عێراق و بەتوندی لێیان دا ، لەماوەی کەمتر لەمانگێك دا دوا شاری عێراق کە شاری تکریت بوو دەستی بەسەر گیراو هەمو شارو شارۆچکەکانی عیراق کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی هێزی هاوپەیمانانەوە ، (صدام) و دارو دەستەکەی لەبەر چاو هونبون و هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنیان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە تائەمڕۆ کە (٢٠٠٣/٤/١٠) یە بەردەوامە . بزانین ئاکام بەچی دەگا ؟؟

مەلا محمود أحمد
٢٠٠٣/٤/١٠

پێڕستی بابەتەکان



  